

ئەدیبان

ئەحمەد ئال حەمدان

بابیل

خۆشەویستی
هاوشێوەی مردنێکی لەسەرخۆیە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
ساکار حسێن

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

منتدى إقرأ الثقافي

لە بەڕێوەبەرایەتیی
گشتیی کتێبخانە گشتییەکان،
ژمارەی سپاردنی (١١٨٠) ساڵی
(٢٠٢١) پێ دراوە، ئەم کتێبە لە
بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبانە،
مافی لەچاپدان و کۆپیکردن و بڵاوکردنەوەی
بە هەموو شێوەیەک، پارێزراوە بۆ ناوەندی
ڕۆشنبیریی ئەدیبان.

ئەبابیل

خۆشەویستی
هاوشێوەی مردنێکی لەسەرخۆیە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ساکار حسێن

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی پژشنیریی ئەدیبان

بەرپرسیاری گشتی: نارام مەلا محەمەد

ناسنامەی کتێب

ناونیشان: ئەبابیل

نووسەر: ئەحمەد نال حەمدان

بابەت: ئەدەبیاتی عەرەبی – سەدەی ٢١م

ژانر: پۆمان

وەرگێڕانی: ساکار حەسەن

پێداچوونەوە: عیسا عوسمان

دیزاینی بەرگ و دەق: نارام مەلا محەمەد

پەخشانگە: ناوەندی پژشنیریی ئەدیبان

نۆرەی چاپ: چاپی دووەم

07731974646 - 07501571818

bookadiban@gmail.com

ناونیشان: نووسینگەی سەرەکی: سلێمانی، شەقامی ئیبراهیم پاشا، فولکەی گۆزەکان سەرووی ئامادەیی سلێمانیی کچان، نزیک ناوەندی پۆژهەلاتی کوپان

وەک ڕووتکردنەوەیەک لەسەر ئەم زنجیرە ڕۆمانە کە هی نوسەر ئەحمەد ئال حەمدانە زۆربەی ناوەکان بە زمانی عەرەبی دانراونەتەوە بۆ نموونە: عاصف، بەحر، طاغین. لەبەرئەوەی ناکرێت ناوەکان بە کوردی بکرێن و دابنرێنەوە، ئەم ڕۆمانە تێکەڵەیەکە لە ڕووتکردنەوەی بابەتی جادوو کە زۆربەی بابەت و ناوەکان لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە هەروەها لەگەڵ ناوی شەیتانەکان و جۆرەکانیان، بەڵام خودی ڕۆمانەکە ترسناک نیە و لە پەیوەندی خۆشەویستی نێوان جنۆکە و مرۆڤێکەوە سەرچاوە دەگرێت.

بەشێکی زۆری ڕۆمانەکە لە بوونەوەری خەیاڵی پێکهاتووە وەکو عنقاء یاخود قنطور، لە بەشەکانی تری زنجیرەکەدا کە جەساسە و جومانا و سجیلە بوونەوەری خەیاڵی تر دێتە نێو ڕۆمانەکەوە وەک: هۆزی خوێن و هۆزی گورگ، کە یەکێکیان کەڵبەی ژەهراوی هەیە و ئەوی تریش دەگۆڕێن بۆ گورگ، ئەمانە و چەندەها بابەتی تریش لە زنجیرەکەدا بەدی دەکرێن بەڵام تاقەت پروکێن نییە بەڵکو هەر ڕووداوێک کە ڕوودەدات زیاتر خوێنەر بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت بۆ ڕووداوی دواتر.

١

منداڵێکی ئاسایی نەبوو وەکوو منداڵەکانی تر، چونکە بە گریانەوە نەهاتبووە دونیاوە، بەڵکوو بە بێدەنگی هاتە دونیاوە، تەنیا لە چواردەورەکەی خۆی دەڕوانی، وەک ئەوەی هەسارەیەکی نوێی دۆزیبێتەوە، جیاواز لەو هەسارە تەنگ و تاریکەی کە لێوەی هاتبووە دەر.

لەو کاتەدا منداڵەکە هێشتا لەنێوان دەستەکانی مامانەکەدا بوو، چاوی بە دایکی کەوت کە لەسەر پشت لە زەوییەکەدا ڕاکشابوو، کۆتا ئارەقەکانی دەڕشت و جەستەی لەنێو خوێندا گەوزابوو، وەک ماسییەکی بچکۆلە کە لەنێو حەوزەکەیدا دەریان هێنابێت. دایکی بە زۆر خۆی ڕاست کردەوە و پاڵی دا بە دیوارە قوڕینەکەوە، بەتانییەکەی دایەوە بەسەر مەمکە پڕ لە شیرەکانیدا، پاشان دەستی بەرز کردەوە و گوتی:

- با ببینم، ماریا ئایا تەندروستی باشە؟

ماریا وەڵامی دایەوە:

- ئەو باشە.

پاشان خستییە نێو دەستەکانی دایکییەوە و بە چپەوە گوتی: تەماشای چاوەکانی بکە، زۆر لە چاوەکانی تۆ دەچێت خاتوو جومانا، کاتێک لەنێوان دەستەکانی دایکیدا بوو، پەنجە بچووکەکانی دەهێنا بە قژی دایکیدا و تاڵێک لە قژی ڕاکێشا، بەڵام ئەو منداڵە هێزەکەی بەراورد بە تەمەنە بچووکەی زۆرتر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرنجی چاوەکانی دەدا وەک ئەوەی سەرەتا و کۆتایان تێدا ببینێت.

دوای ماوەیەکی کەم گوتی:

- پێت چۆنە بیبەمە ژوورەکەی تر، بەڵکوو تۆش کەمێک پشوو بدەیت؟ هەر لەو کاتەدا منداڵەکە دایە پڕمەی گریان، وەک ئەوەی ناڕەزایی دەربببڕێت.

جومانا بە سادەییەوە گوتی:

- لێی گەڕێ، کێشە نییە، من هەست بە ماندوویەتی ناکەم.

- ئایا بەڕێز بەحر نایەت بۆ هەواڵپرسینی خۆت و منداڵەکە؟!

جومانا ڕێگەی بە تەواوکردنی پرسیاری داهاتووی نەدا، هەر لەبەر ئەوەش پێی گوت.

- هەر کاتێکی گونجاو بدۆزێتەوە، بێگومان دێت و سەردانی دەکات.

- ئایا بیرت لە ناوەکەی کردۆتەوە، ناوی دەنێیت چی؟

لە ڕاستیدا پێشتر جومانا بڕیاری ئەوەی دابوو کە بەبێ هاوسەرەکەی ناوی منداڵەکە نەنێت؛ لەبەر ئەو هۆیەش نازناوی منداڵەکەی بەکار دەهێنا، هەتا باوکی دەگەڕایەوە و ناوێکیان بۆ دەستنیشان دەکرد... نەیدەویست بەبێ مێردەکەی ئەو بڕیارە بدات؛ لەو کاتەدا ماریا وەک ئەوەی بڵێیت دەیتوانی تەواوی ئەو شتانەی لە میشکی ئەو خاتوونەدا دەخوولێنەوە بخوێنێتەوە، وەها قسەی دەکرد.

- ئایا بیر لەوە دەکەیتەوە کە ناونانەکەی دوا بخەیت هەتاکوو هاوسەرەکەت دەگەڕێتەوە و خۆی ناوی دەنێت؟

بە گرژ و مۆنییەوە و بە جۆرێک کە نەیەوێت وەڵامی پرسیارەکە بە تەواوی بداتەوە گوتی:

- ڕەنگە!

- ئای خودایە، خۆت دەزانیت چەندان مانگ تێپەڕیوە بەسەر ڕۆیشتنی بەڕێز بەحردا، کەسیش نازانێت کەی دەگەڕێتەوە...

ڕاستەوخۆ جومانا بە ڕێزەوە قسەکەی پێ بڕی:

- ئەمشەو زۆر ماندوو بوویت لەگەڵمدا ماریا، ئێستاش کاتەکە درەنگی کردووە، دەتوانیت بگەڕێتەوە ماڵەوە و پشوویەک وەربگریت، سبەی پارەکەت بۆ دەنێرم.

دەیزانی قسەی دواتری ئەوەیە کە دەمێنێتەوە تاکوو هاوکاری بکات، بەڵام ڕاستەخۆ جومانا پێی گوت:

-خەمت نەبێت، ئەگەر پێویستم بە هەر شتێک بوو، ئەوا دەنێرم بە دواتدا.

کەرەستەکانی منداڵبوونەکەی کۆکردەوە، پاشان خستنییە نێو جانتایەکی قوماشەوە و توندی کرد و دای بە شانیدا، پاشان ڕووی کردەوە جومانا و لێی پرسی:

- دەتەوێت هیچ شتێکت بۆ بکەم بەر لەوەی بڕۆم؟

جومانا دەستی بە سەری منداڵەکەیدا دەهێنا و گوتی:

- دەمەوێت چراکانم بۆ بکوژێنیتەوە، وەک دەزانیت دەبێت بەر لە نوستن ڕووناکییەکان بکوژێنینەوە!

ماریا گوتی:

- ڕاست دەکەیت.

پاشان چوو ئەو کارە ڕاپەڕێنێت کە جومانا پێی سپارد.

زۆری نەبرد، ماریا چراکانی کوژاندەوە کە هەڵواسرابوون بە دیواری ماڵەکەوە، ماڵەکەش تاریک بوو، بێدەنگی باڵی کێشا بەسەر ئەو ژوورەدا کە جومانا و منداڵەکەی لێ بوون، لە کۆتاییدا هیچ

کارێک نەمایەوە ماریا ئەنجامی بدات. بەرەو لای دەرگاکە چوو ئامادەبوو بۆ ڕۆیشتن، بەڵام هەر لەو کاتەدا کە دەرگاکەی کردەوە، ڕاستەوخۆ جانتا قوماشەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە کە بە شانییەوە ڕای گرتبوو، چاوەکانی ئەبڵەق بوون بەو شتە چاوەڕوان نەکراوە... لەودیو دەرگاکەوە شتێک هەبوو کە چاوەڕێی نەدەکرد ببینێت هەرگیز.

٢

تەماشای کرد لە بەرانبەریدا ئەو جنۆکەیە پاوەستاوە، کە تەواوی دێی جەساسە بە باڵندە سوورەکە بانگی دەکەن، کە لە پاستیدا ناوی تاج بوو، هەمووان لە لادێکەدا لێی دەترسان و هەوڵیان دەدا لێی دوور بکەونەوە و هەرگیز تووڕەی نەکەن، سەرەڕای ئەوەی بەتەمەندا چووبوو، بەڵام هێشتا بە جوانی مابووەوە، خراپییەکەی ئەوە بوو کە زۆر فیتنە بوو، بە پادەیەک کاتێک کە گەنجتر بوو؛ قژێکی ڕەشی قەترانی هەبوو کە هەندێک تاڵی سپی تێدا بوو، دەموچاوی سپی بوو، پێستی پاکێشرابوو هەر وەکوو ماسولکەی ئەسپ، ڕووخساری هێمن و لەسەرخۆ بوو، هەر لە خۆڕئاوابوون دەچوو.

تاج باڵندەیەکی دەگمەنی هەبوو کە ڕەنگی سوور بوو، هەندێک لە پەڕەکانی پرتەقاڵی بوون، یەکێک بوو لە جۆرەکانی باڵندەی «عینقا»[1]

---

[1]- عینقاء یاخود فینێکس یاخوود قەفنەس لە زمانی فارسیدا، یەکێکە لەو باڵندە ئەفسانەیانەی کە لە زنجیرەی سندیبات یاخود چیرۆکی هەزار و یەک شەو دا باسکراوە، ناوەکەی لە مەلە دڕێژەکەیەوە هاتووە، بەجوانی و بەهێزی ناسراوە، یەکێکە بەو باڵندانەی خۆی خۆی دەسوتێنێت و لە خۆڵەمێشەکەی باڵندەیەکی نوێی عینقاء لە دایک دەبێت، لە زۆربەی هۆنراوە و کتێبە ڕۆژئاواییەکاندا باسکراوە، بە هەمان شێوەی لە ئەدەبیاتی یۆنانی کۆندا بەشێوەی جیاواز باسی لێوەکراوە، شاعیر هیرۆدۆس ئەفسانەیەکی تایبەت بەم باڵندەیەی هەیە کە باسی ئەوە دەکات هەر ٥٠٠ سال جارێک ئەم باڵندەیە یەک هێلکە دادەنێت، دواتر دەبێت بۆ پەرستگای خۆر کە لە وڵاتی میسرە، بە هەمانشێوە لە سەدەی چوارەمدا کلاودیانوس زۆر ئەفسانەی تری دەربارەی نوسیوە.

(باڵندەیەکی خەیاڵییە) ناوی ئیکلیل بوو. ئەو کاتەی هێشتا لەنێو هێلکەکەیدا بوو، لە دایکی دزی بوو. هەر لەبەر ئەوە لەو کاتەوە بە باشی توانیبووی پەروەردەی بکات و بیکاتە خزمەتکاری خۆی. لەبەر ئەمەش بوو وەکوو سێبەر بە دوای تاج دەکەوت، بۆ هەر کوێ چووبا بە دواییدا دەچوو، دوای ماوەیەک خەڵکی دێی جەساسە بە تەواوی ناوە ڕاستەقینەکەیان لەبیر کرد، بۆیە بە ناوی باڵندەکەوە بانگیان دەکرد. ماریا بە ترسەوە گوتی:

- چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟

- فێربە تێکەڵی کاری خەڵکی مەبە ماریا، بیرت بێت کەمێک لەمەوبەر هێندەی نەمابوو دەرت بکات، چونکە پرسیاری مێردەکەیت کرد.

هیچ سەرسام نەبوو بەوەی کە خاوەنی باڵندە سوورەکە بەو بابەتەی زانیبوو، لەبەر ئەوەی شتێکی ئاسای بوو کە ئەو جنۆکەیە بە نهێنییەکانی پشتی دەرگاکە بزانێت.

ماریا هەوڵی دا بەرگری لە خۆی بکات:

- خاتوو جومانا دەری نەکردم، بەڵکوو پێی گوتم بڕۆم، لەبەر ئەوەی هەستی بە ماندووبوون کردبوو.

باڵندە سوورەکە بە گاڵتەجاڕییەوە گوتی:

- بەڵێ، بێگومان وایە، بێگومان لەبەر زۆربڵێیەکەت کە تەواو نابێت.

چەنوچونی زیاتری لەگەڵدا نەکرد:

- مممم... ڕاست دەکەیت، من زۆربڵێییەکەم تەواو نابێت!

ماریا بە شڵەژانەوە وای گوت و هەوڵیدا ترسەکەی لەبیر بکات، جانتا قوماشەکەی لەسەر زەویەکە هەڵگرتەوە.

جنۆکەکە بانگی باڵندەکەی سەرشانی کرد:

- ئیکلیل.

ئیکلیل باڵەکانی دەجووڵاند و زیقەزیقی دەکرد و گوتی:

- خەمت نەبێت، زۆرمان پێناچێت، تەنیا هاتووین ئەوەی دەمانەوێت بیبەین، دواتر دەڕۆین.

**

لەو جێیەی کە جنۆکەکە لێی وەستابوو، هەتاکوو لای جومانا کە لەگەڵ منداڵەکەیدا دانیشتبوون لە ژوورەکەیاندا، چراکان کوژابوونەوە. بەڵام جنۆکەکە لەگەڵ هەڵهێنانی هەر هەنگاوێکیدا، چراکانی بە شێوازێکی سەیر هەڵدەکرد.

تاکوو بە تەواوی هەموو چراکان داگیرسان و ماڵەکە سەرلەنوێ ڕووناک بۆیەوە.

دەرگای ژوورەکەی کردەوە و تەماشای منداڵەکەی کرد و گوتی:

- پێدەچێت تەندروستی زۆر باش بێت جومانا!

جومانا بە دەنگێکی پڕ لە شڵەژاوییەوە، بە تووڕەبوونەوە گوتی:

- هیچ پێم خۆش نییە کە هاتوویت بۆ ئێرە.

باڵندە سوورەکە بە سارد‌ییەوە وەڵامی دایەوە:

- دەی نابێت دڵنیا ببمەوە لە تەندروستیت لە ڕۆژێکی وەکوو ئەمڕۆدا؟

-نامەوێت خەمی منت بێت، پاشان بە شڵەژانەوە گوتی:

- چەندین جار ئاگادارم کردیتەوە کە نزیکی من نەکەویتەوە!

-تاج: هەی گەمژە، کەی لەوە تێدەگەیت کە من ئازارت نادەم!؟

- بەڵام هاتنت بۆ ئێرە دەبێتە هۆی ئازاردانم، تۆ نازانیت مێردەکەم چەندە نیگەران دەبێت ئەگەر بێت و بە ڕاستییەکە بزانێت!

بە تووڕەییەوە پرسی:

-هاوسەرەکەت لە کوێیە؟ چەند مانگێکی زۆر تێپەڕبووە بەسەر ونبوونیدا!

جومانا بە بێئومێدییەوە سەری داخست و گوتی:

- لە هەر ساتێکدا بێت دەگاتە ئێرە!

- ئەی چی دەبێت ئەگەر بە ڕاستییەکە بزانێت، تۆ نالێیت کە ئەو خۆشی دەوێیت؟

- بەڵێ خۆشی دەوێم، بەڵام نامەوێت دوای ئەو هەموو ساڵەی کە لەگەڵیدا بەسەرم بردووە بە ڕاستییەکە بزانێت. مەبەستم ئەوەیە ئێمە... مەبەستم تۆ!

- نازانم چی دەڵێت.

پاشان هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی، قسەکەی تەواو کرد:

- دەزانیت بە تەواوی مەبەستم چییە!

- بۆچی شەرم دەکەیت؟! کەس شەرم لەوە ناکات کە ئەوە بڵێیت تۆ بۆ ئەو...

جومانا قسەکەی پێ بڕی:

- بۆچی هۆکاری هاتنەکەتم پێ نالێیت بەم شەوە؟!

- لەبەر ئەو، جنۆکە پیرەکە وای گوت و پەنجە درێژەکەی بە ئاراستەی منداڵە نوستووەکە درێژ کرد، پاشان گوتی:

- دەتوانم تەماشایەکی بکەم، یاخود لەوەش زێگریم لێ دەکەیت دووبارە؟

وەک ئەوەی بزانێت باڵندە سوورەکە ناڕوات هەتاکوو ئازاری منداڵەکە نەدات و هۆکاری هاتنەکەشی هەر ئەوەیە، دەستی بەرزکردەوە و منداڵەکەی ئاراستە کرد و گوتی:

- باشە.

پاشان گوتی:

- بەڵام بەپەلە!

منداڵەکەی هەڵگرت و کەمێک بزەی کرد، پاشان گوتی:

-ئایا کە گەورە بوو پێی دەڵێیت کە ئەو لەوانی تر جیاوازە و ئەو...

جومانا هاواری کرد بەسەریدا بەر لەوەی قسەکەی تەواو بکات:

- بەسە ئیتر.

باڵندە سوورەکە درکی کرد کە جومانا زۆر تووڕەبووە و دەیەوێت بابەتەکە بگۆڕێت:

- ئایا دەتوانم هیوای ژیانێکی بەختەوەری بۆ بخوازم؟!

ئەوە یەکێک بوو لە دابونەریتەکانی گوندی جەساسە کە دایکەکە هاوڕێیەکی نزیکی خۆی هەڵدەبژارد و داوای لێ دەکرد کە هیوای ژیانێکی خۆشی بۆ بخوازیت. پێیان وابوو ئەم نەریتە دەبێتە هۆی خۆشگوزەرانی بۆ منداڵەکە، پێیان وابوو خۆشگوزەرانیی منداڵەکە بە نییەتی دڵی ئەو کەسەوە بەستراوەتەوە.

- دواتر دەڕۆیت؟!

- بەڵێ، دەڕۆم.

باڵندە سوورەکە منداڵەکەی بەرز کردەوە تا ئاستی دەمی، پاشان چپاندی بە گوێیدا، پێدەچوو کە هیوای ژیانێکی کامەرانی بۆ بخوازێت، بەڵام لە ڕاستیدا کەس نەیدەزانی ئەو جنۆکە پیرە چی پێ دەڵێت، خودای گەورە نەبێت...

دوای تەواوبوونی، گوێی نوساند بە سنگییەوە و گوێبیستی لێدانەکانی دڵی بوو...

لە ڕاستدا ئەوە یەکێک نەبوو لە دابونەریتەکان، هەر لەبەر ئەوەش جومانا هەستی بە گومانێکی سەیر کرد.

- چی دەکەیت؟

بە شڵەژانەوە وەڵامی دایەوە:

- ششش، کەمێک بێدەنگ بە!

دوای ماوەیەک باڵندە سوورەکە پێکەنی، هەناسەیەکی هەڵمژی وەک ئەوەی ئەو شتەی بۆی هاتبوو، هاتبێتە دی، دوای گەڕانەوەی بۆ دایکی، ڕۆیشت بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات، هەر لەو کاتەدا منداڵەکە هەستا و چاوەکانی کردەوە، دایکەکە تەماشای چاوانی کرد، چاوی چەپی ڕەنگەکەی گۆڕابوو بە سوورێکی سەیر...

"دوای ده سالّ"

٣

منداڵەکە کراسێکی درێژی لە بەردا بوو کە دەگەیشتە سەر لاقەکانی، هەروەها چرایەکی هەڵگراوی بە دەستەوە بوو بە نێو حەوشەی ماڵەکەدا دەهات و دەچوو، وەک خووی هەموو شەوێکی پێش نوستن؛ لەبەر ئەوەی دەبوو دڵنیا ببێتەوە کە هەموو دەرگا و پەنجەرەکانی ماڵەکە داخراون و هەروەها چراکانیش بکوژێنێتەوە؛ هەر لەو کاتەدا گوێبیستی دەنگێک بوو لە دەرگاکەوە.

کاتەکەی زۆر درەنگ بوو، شەوەکەشی زۆر سارد بوو منداڵەکە تەواوی تەمەنی هەرگیز میوانی لەناکاوی تووش نەبووبوو... هەر لەبەر ئەوەش چراکەی لە لایەکەوە دانا و یەکێک لە پێڵاوەکانی داکەند و لە جێی خۆیەوە خۆی داگرت، پاشان بە دوودڵییەوە بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت. گوێبیست و بیسەری چەند هەنگاوێک بوو کە سێبەرێکی سەیر لە دەرگاکە نزیک دەبۆیەوە:

- دز!

**

لەگەڵ ئەوەی جێیەکە تاریک بوو، بەڵام ڕووناکی مانگەکە یارمەتیدەر بوو لەوەی کە ڕووخساری کەسەکە بناسێتەوە کە بە دز ناوزەندی کرد، بازی هەڵدایە ئەمدیو لەسەر دیوارەکەوە: پیاوێکی باڵابەرز بوو جلی ڕەشی لە بەردا بوو، ملپێچێکی خوریی لە ملدا بوو،

ڕووخسارێکی تیژی هەبوو، هەر وەکوو هەڵۆ وابوو: لووتێکی ڕێک، چاوی گەورە، برۆی پان و گەورە، سمێڵکی پڕ و ڕیشێکی تەنک.

منداڵەکە بۆ ماوەی پێنج خولەک بە بێدەنگی لە پیاوەکە ورد دەبۆیەوە و خۆی مەڵاس دابوو تاکوو هێرشی بکاتە سەر، بەڵام دزەکە پێکەنی.

-چۆنی ئەی بچکۆلە؟!

دواتر تاکە پێڵاوەکەی بۆ پیاوەکە هەڵدا و پاشان ڕایکرد... لەو کاتەدا:

- چی دەکەیت!

- جومانا لە ڕووی وەستایەوە.

- بوەستە ئەوە باوکتە!

خۆی چەمانەوە و باوەشی کرد بە کوڕەکەیدا و هەوڵیدا باوەڕی پێ بهێنێت کە ئەو پیاوە باوکییەتی و دز نییە، هەر وەکوو ئەوەی کە بیری لێ کردبۆیەوە، لەو کاتەدا دوای ماوەیەکی زۆر لە گفتوگۆ هەستی بە شەرم نەدەکرد و پۆزشی نەدەهێنایەوە لە بەرانبەر ئەو ڕەفتارەی کە نواندوویەتی و تەنیا گوتی:

- نەمزانی.

جومانا قسەی زۆر هەڵگرتبوو بە مێردەکەی بڵێت، بەڵام لەو کاتەدا مێردەکەی گەڕایەوە، هەموو قسەکان لەنێو سنگیدا مردبوون، لە کاتێکدا بە خۆشەویستییەوە هەموویانی ئامادە کردبوو.

هیواخواز بوو لەو کاتەدا بتوانێت بەرەو ڕووی ڕابکات و لە ئامێزی بگرێت و پێی بڵێت کە چەندە بیری کردووە، چەندە هیواخواز بووە بە سەلامەتی بگەڕێتەوە لای، چەند درێژەی کێشا چاوەڕوانییەکەی، هەموو شەو تەماشای مانگی دەکرد و هیوادار بوو

هاوسەرەکەشی لە لایەکەی تـرەوە تەماشـای بکـات، چەنـدان شـەو لەگەڵ ئەستێرە کلکدارەکان و نەیزەکەکانـدا قسـەی دەکـرد، هەمـوو جارێک دەردەدڵی بۆ ئەستێرەکان دەکرد، ئەستێرە بە ئەستێرە. ئەوانە ئەو شتانە بوون کە ئەو عاشقیان بووبوو. خۆشەویستی و دڵی خۆی بۆ دەکردنەوە.

کاتێکی زۆر تێپەڕ نەبووبوو بەسەر ئەوەی کە کەسێکی نەناسراو لە دەرگـا بـدات و خەونەکەی کۆتـایی پـێ بهێنێـت. بەحـر بەرەو سەرچاوەی دەنگەکە چوو، پاشان چاوەکانی پڕ بوون لە دووودڵی کە چاوی گرژ کرد لە ترساندا.

- پێدەچێت هاوڕێکەم ئەیوب بێت.

جومانا چووە یەکێک لە ژوورەکانەوە پاشان گوتی:

- ئایا شتێکتان بۆ ئامادە بکەم بیخۆن؟

بەحر گوتی:

- نا، ئەیوب زۆر لێرە نامێنێتەوە.

منـدااڵەکەی لە پشـتی دایکیـیەوە سـەری سـووڕمابوو بەوەی کە دایکی ئەو قسەیەی کرد.

- لێرە بمێنەوە، سڵاوێک لە هاوڕێکەم بکە بچکۆلە.

تەماشای دایکی کردەوە بەبێ ئەوەی هیچ قسـەیەک بکات، پاشان گوتی:

- بە قسەی بکە.

جومانـا قسـەکەی دووبـارە کـردەوە و ئەمجـارە تەماشـای نێـو چاوی منداڵەکەی کرد، گوتی:

- گوێ لە قسەی باوکت بگرە.

- بەڵام من نازانم ئەوە کێیە تاکوو بە گوێی بکەم دایکە!

- پێم گوتیت ئەوە باوکتە!

بەحر گوتی:

- لێی گەڕێ جومانا، ئەو منداڵە ڕاست دەکات، هێشتا نامناسێت.

- ئەگەر واشبێت، دەبێت بە گوێت بکات.

دواتر دەستی خستە سەر شانی کوڕەکەی و گوتی:

- لێرە دەمێنیتەوە و سڵاو لە هاوڕێکەی باوکت دەکەیت، باشە!

چپاندی و گوتی:

– تەنیا لەبەر تۆ وا دەکەم!

لەو کاتەدا بەحر دەرگاکەی کردەوە، پیاوەکی کەتە دەرکەوت کە لە چاوی منداڵەکەوە وەکوو دێوێک وابوو، بەڵام باوەڕی بە خۆی هێنابوو کە ئەمە هاوڕێی باوکیەتی، لەبەر ئەوەش شتێکی سەیر بوو کە لەنێو مرۆڤەکاندا هەبێت: ڕەشپێست بوو، ڕیش و سمێڵی هەبوو، بە هەمان شێوەش قژێکی درێژی هەبوو، بە تەواوی شێوەی لە شێوەی جەنگاوەر دەچوو کە دەچێت بۆ جەنگ، بەرزییەکەی نزیکەی شەش پێ دەبوو، سنگی هێندە پان بوو کە جێی سیانزە تیر دەبۆیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا شمشێرێکی لە کەمەری بەستبوو.

ئەیوب هاتە ژوورەوە، بەڵام کە تێبینی منداڵەکەی کرد کەمێک ئارام بۆیەوە و پێکەنی، منداڵێکی سپیپێستی بینی، بە هەیەجانەوە پرسیاری کرد:

- ئەوە کوڕی تۆیە؟!

- بەڵێ.

بەحر سەری لەقاند:

- ئەوە کوڕەکەمە.

ئەیوب دەستە گەورەکەی درێژ کرد بە ئاراستەی کوڕەکە تاکوو سڵاوی لێ بکات، منداڵەکە هەستی کرد دەستی کەوتە نیو بیرەوە... لەو کاتەدا تەوقەکردنیان تەواو بوو، دایکی گەڕایەوە، درکی بەوە کرد کە لە بیرەکە نەکەوتۆتە خوارەوە.

منداڵەکە گەڕایەوە ئەو ژوورەی کە دایکی لێبوو، لەبەر ئەوەی کەشوهەوای دەرەوە بە تەواوی سەلامەت بوو، هیچ شتێک نەبوو لەو کاتەدا جێگەی باس بێت، بەحر ڕووی کردە هاوڕێکەی و لێی پرسی:

- چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟

- تۆ دەبێت وەلامی ئەم پرسیارەم بدەیتەوە بەحر، ئەیوب پێی گوت و پاشان کەمێک دەنگی نزم کردەوە.

- ئایا دەزانیت کە بەڵێنە خوێنییەکەت شکاندووە بە هاتنە لەناکاوەکەت؟ ئایا دەزانیت نابفیل چی لە خۆت و خێزانەکەت دەکات ئەگەر بێت و بەوە بزانێت؟

بەحر بە دڵتەنگییەوە وەلامی دایەوە:

- ماوەی دە ساڵ تێپەڕ بووە هاوسەرەکەم نەدیووە، تەنانەت کوڕەکەشم، دڵنیام لەمە زیاتر هیچ شتێک نییە بۆ ڕێگەگرتنم!!
- تۆ خۆتت خستە نێو ئەم کێشەیەوە، هەر لە سەرەتاوە هەمووان ئاموژگارییان کردیت کە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەم ژنەدا نەکەیت، تا ئەویش نەکەوێتە نێو کێشەکانتەوە، بەڵام تۆ گوێ لە کەس ناگریت!

- ئایا خۆتت خستۆتە مەترسییەوە کە دوای من کەوتوویت؟ باشترە زوو بە زوو ئەم ماڵە جێ بهێڵیت!

- بۆ هیچ جێیەک ناچم، لێرە دەمێنمەوە.

لەژێر لێوەوە گوتی:

- بەسە واز لەم کەللەڕەقییە بهێنە بەحر، پاشان دڵخۆش دەبیت ئەگەر نابفیل بێت و هاوسەر و کوڕەکەت بکوژێت، دوای ئەوەی دەزانێت کە سەردانت کردوون؟

جومانا لەودیو دەرگای ژوورەکەوە وەستابوو، گوێی شل کردبوو بۆ قسەکانیان کە لەنێوان هاوسەرەکەی و هاوڕێی هاوسەرەکەیدا بوو، بەڵام لە هیچکام لە قسەکانیان تێنەگەیشت، لەبەر ئەوەی تەنیا ورتەیان دەهات و هیچی تر.

گوێی بۆیان شل کردبوو بەڵکوو لە کۆتاییدا شتێک حاڵی ببێت... جگە لە کوڕەکەشی کە پەرێشان بووبوو بە بوونی کەسی نامۆ لە ماڵەکەدا، بۆیە لە کۆتاییدا بڕیاری دا بچێتە دەرەوەی ژوورەکە.

- هێی ئێوە دەزانن کە هەراسانمان دەکەن؟

هەردوو پیاوەکە لە جێی خۆیاندا بێدەنگ بوون.

- ئێوە هەراسانمان دەکەن!

ئەیوب بێدەنگ بوو دواتر داوای لێبوردنی کرد و هەستایەوە:

- مەبەستم ئەوە نەبوو بێزارتان بکەم بەم کاتە لەناکاوە، بەرەو دەرگاکە چوو، لەو کاتەدا بەحر بەدواییدا ڕۆیشت و داوای لێبوردنی کرد:

- ببووڕە دەبوو هەر لە سەرەتاوە نەتخەمە نێو ئەم بارودۆخەوە.

ئەیوب پێی گوت:

- هاوڕێ گیان پێویست بە داوای لێبوردن ناکات.

پاشان گوتی:

- دەمزانی ژیانم دەخەمە مەترسییەوە، هەر لەبەر ئەوەش بوو لە سەرەتاوە بڕیارمدا کە لە پشتت بوەستم.

ئەیوب قوفڵی دەرگاکەی کردەوە، بەڵام بەر لەوەی بەرەو دەرەوەی ماڵەکە بچێت ڕووی کردە منداڵەکە و بە بزەیەکەوە گوتی.

- ئەی مێرووی بێزارکەری بچووک!

**

شەوەکەی شەوێکی سارد و تاریک بوو، تەنیا ڕووناکیی مانگ بە دەرەوە بـوو کە ئەو بەشـەی زەویـی ڕووناک کردبـۆیەوە، بەحـر دەیویسـت بچێـتە ژووری نوسـتنەکەی لەگەڵ هاوسـەرەکەیدا بەبـێ منداڵەکەی، بەڵام منداڵەکە لەسەر ڕێی وەستا:

- بڕۆ بۆ ژوورەکەی تر، من و دایکم بە تەنیا دەخەوین!

بـۆیە لەو کـاتەدا بەحـر هەوڵـی دا سـەرانە بـدات بەو پاسـەوانە کەللەڕەقە:

- کەڕێکت بۆ دەکڕم وەکوو هەموو منداڵەکانی تر ئەگەر بهێڵیت بچمە ژوورەوە، منداڵەکە قسەی نەکرد...

- جلی جوانت بۆ دەکڕم ئەگەر دوور بکەویتەوە!

دووبارە منداڵەکە بێدەنگ بوو.

- وێنەت دەکێشم ئەگەر بە قسەم بکەیت!

- بە ڕاست دەزانیت وێنە بکێشیت؟

- دایکت پێی نەگوتوویت کە دەزانم بە باشی وێنە بکێشم؟!

منـداڵەکە حەز و خولیـایەکی شـێتانەی بـۆ وێنەکێشـان هەبـوو، لە زۆربەی کاتەکانـدا فڵـچە و بـۆیەی بەکـار دەهێنـا، جومانـا پشـتگیریی دەکرد هەرچەندە وێنەکانیشی باش نەبوو، بەڵام زۆر دڵخۆش بـوو، لەبەر ئەوەی بەهرەیەکی تێدایە کە باوکی بیر دەخاتەوە.

- ها چیت گوت؟ ئایا تۆش هاوڕایت؟

ئەوەی لەبیر کرد کە دەبێت بەرانبەرەکەی بدات:

- بە پەرۆشییەوە گوتی: بەڵێ، بەڵێ دەمەوێت وێنەم بکێشیتەوە.

- وا دەکەم، بەڵام دەبێت سەرەتا ڕێگەم بدەیت بچمە ژوورەوە!

- ئۆو نا.

دووبارە گوتییەوە، بەزدەوام بوو لە کەللەڕەقییەکەی

- هەرگیز ناچیتە ژوورەوە بۆ ئەوێ!

بەحر سەرنجی چاوە قاوەییەکانی کوڕەکەی دەدا کە چەندە لە چاوی هاوسەرەکەی دەچوو، هەوڵی دەدا ئەوە لە چاوەکانیدا بخوێنێتەوە کە چۆن بچێتە ژوورەوە، هەروەها ئامادە بوو چاوەڕێ بکات ئەگەر پێویست بکات تاک بچێتە ژوورەوە، بەڵام جومانا پەردەی ژوورەکەی پێوە دا و سەری لەقاند بەوەی کە تێی بگەیەنێت لەمە زیاتر خۆی ماندوو نەکات؛ منداڵەکە کەسێکی نەناسراوی بینیوە، بۆیە ڕێگە نادات کە لەسەر جێگەکەی دایکی بخەوێت.

**

لە بەیانیدا؛ منداڵەکە بە قوڵی خەوتبوو، دایکی بە ئاسپایی لە جێگەکەی هاتە دەرەوە، بە بێدەنگیی لە ژوورەکە چوویە دەرەوە. دوای ئەوەی دڵنیا بۆیەوە لەوەی منداڵەکەی تێبینی هەنگاوەکانی ناکات، بەرەو ژووری مێردەکەی ڕۆیشت لەسەر نووکە پێ... نەیدەزانی ئایا هەستاوە لە خەو یاخود هێشتا نوستووە؛ هەر لەبەر ئەوەبوو لە پەنجەرەکەوە تەماشای کرد. بەهۆی تەپوتۆزی سەر پەنجەرەکەوە زیاتر وێنەدانەوەی خۆی دەبینی، بەڵام دواتر کە وردبۆیەوە بینی مێردەکەی ئامادەیە بۆ دووبارە ڕۆیشتن.

سەرەتا مێردەکەی نەیبینی، بەڵام دوای ئەوەی جلەکانی لەبەرکردەوە چاویان بە چاوی یەک کەوت، ڕاستەوخۆ فرمێسک لە چاوەکانی کەوتە خوارەوە لەگەڵ ئەوەی ماوەی نێوانیان دەرگا و پەنجەرەیەک بوو، بەڵام گوێی لە دەنگی فرمێسکەکانی بوو کە دەکەوتنە سەر زەوییەکە.

دەرگاکەی کردەوە و بەرەو لای ڕۆیشت، مێردەکەی لەنێو دەرگاکەدا وەستا و چاوە قاوەییەکانی دەبریسکانەوە، لەگەڵ ئەوەی دەگریا، تەنیا ئەم چەند وشەیەی پێ گوت.

– لەگەڵماندا بمێنەرەوە، بە ڕۆیشتنت ئاسوودەیی ئێمە تێکدەچێت.

وشەکانی لەسەر چاوانی نوسرابوو.

- دەزانیت جوانترین ئافرەت کە تا ئیستاکە من دیبێتم کێیە؟

بە ئیرەییپێبردنێکەوە گوتی:

- ئەی یەکەم ئافرەت کێیە؟

بە زەردەخەنەوە گوتی:

- تۆیت.

کەمێک بێدەنگ بوو، دواتر گوتی:

- بەڵام ئەو کاتەی کە پێدەکەنیت!

ڕاستەوخۆ پێکەنی و گریان لە چاوەکانی نەما.

- زۆر بیرم کردوویت.

بەحر بە هەنسکەکەیدا هەستی پێ دەکرد.

- منیش بیرم کردوویت.

دواتر هەناسەیەکی قوواڵی هەڵمژی

- هێشتا بۆنی یاسەمینت لێ دێت!

- من بێستانی یاسەمینم، ئەوەی کە بەدواتدا دێت بۆ هەر جێیەک بڕۆیت وەکوو دیلی جەنگ، بیرتە؟

دووبارە ئەویش زەردەخەنەی کرد:

- من هەمیشە بیرم دەبێت.

بۆنی گوڵە یاسەمین لە جلەکانی دەهات بە شێوەیەکی سەیر، تەنانەت ئەگەر بەحر لە دوورترین جێگەی سەر زەویش بووایە بۆنی دەکرد، لەو کاتانەشی کە دەگەڕایەوە دەیگوت:

- لە نەبوونیتدا بۆنەکەت پێم دەگات جومانا.

دوای ئەوەی تەماشای چاوەکانی کرد، بە پێکەنینەوە وەکوو منداڵ:

- تۆ بێستانی یاسەمینیت کە بەدوامەوەیە وەکوو دیلی جەنگ بۆ هەر جێیەک بڕۆم.

دوای ئەوەی هەردووکیان وەستابوون لەنێو مەیدانی مالّەکەدا جومانا توند باوەشی بە جلە ڕەشەکانی هاوسەرەکەیدا کرد وەکوو یەکەم ساتی کە منداڵەکە تاڵە قژەکەی ڕادەکێشا و بیری ڕۆژانی ڕابردووی دەکرد.

جومانا بە جۆرێک کاریگەریی خستبووە سەر بەحر، کە هەر لە یەکەم ساتەوە بینی نەیدەتوانی هاوسەنگی خۆی ڕابگرێت لە بەرانبەریدا: چاوە قاوەییە گەورەکانی کە لە بندووق دەچوون، لووتە ڕێکەکەی، ڕووخسارە سپییەکەی کە خاڵی ڕەشی وردی پێوە بوو، بە هەمان شێوە چەند خاڵێک بە لاملیەوە بوون. جەستەیەکی ڕێکی هەبوو، سنگێکی ڕێک وەکوو شەمامە وەهابوو، قژێکی ڕەنگ سووری درێژ کە دەگەیشتە سەر شانەکانی، وەک ئەوە بوو ئافرەتێک بێت لە ئاسمانەوە کەوتبێتە خوارەوە.

جومانە لە بەرانبەر مێردەکەیدا نوشتایەوە، بەحر زیاتر لێی نزیک بۆیەوە تاکوو دەیتوانی لە گلێنەی چاویدا خۆی ببینێتەوە، هەناسەیان تێکەڵ بووبوو هەتاکوو یەکێکیان هەناسەی ئەوەی تریانی هەڵدەمژی ماچی کرد.

- هێی تۆ!

منداڵەکە هاواری کرد لە دوایەوە:

- لێی دووربکەوە!

دواتر تاکێک لە پێڵاوەکانی هەڵگرت و بەرەو ڕووی باوکی ڕۆیشت کە بەرەو دەرگاکە دەچوو، ئەوەیش کۆتا چاوپێکەوتنەکانی نێوانیان بوو، دواتر پێکەنی و ئەو وشانەی لە چاویدا دەخوێندەوە کە گوتی:

- لە جێهێشتنت ناترسم، لە کاتێکدا ئەم دڕندەیەت لەگەڵدا بێت.

٤

دوای ماوەیەکی زۆر لە نەبوونی بەحر و لە یەکێک لە ئێوارە کش و ماتەکاندا، یەکێک لە دەرگا دارینەکەی ماڵەکەیدا، هەرچەندە ژن و منداڵەکە لە ژوورەکەی دواوە دانیشتبوون، بەڵام گوێبیستی دەنگی دەرگاکە بوون...

- چیتە؟

بە سەرسوڕمانەوە پرسیاری کرد و گوتی:

- کەسێک لە دەرگا دەدات.

دوای ئەوەی چوو تاکوو دەرگاکە بکاتەوە، ئافرەتێکی گەنجی لە بەردەمدا بوو کە پێدەچوو بە نزیکەیی لە تەمەنی دایکیدا بێت، پەرداخێک ئاوی بە دەستەوە بوو لەگەڵ ژەمێک خواردندا، ئاڵوگۆڕکردنی خواردن یەکێک بوو لە نەریتەکانی دێی جەساسە، بۆیە بارودۆخێکی ئاسایی بوو کە منداڵێک دەرگاکە بکاتەوە و خواردنەکە وەربگرێت و ببیباتە ناندینەکە، بەبێ ئەوەی بزانێت کێیە نێردەکە...

جامە ئاوەکە و ژەمە خواردنەکەی لێ وەرگرت:

- سوپاس.

پاشان ویستی دەرگاکە دابخات.

- بوەستە.

ئافرەتە گەنجەکە گوتی:

- دەمەوێت لەگەڵ دایکتدا قسە بکەم.

لەو کاتەدا جومانا هات، ژنەکە پێی گوت کە ئایا دێت لەگەڵیاندا لە ماڵی یەکێک کۆ دەبنەوە هەموو ئافرەتانی لادێکە.

کە ئەو داوایەی لێ کرد، ئافرەتەکە وەڵامی دایەوە:

- کۆبونەوەیەکی مانگانەیە.

پاشان گوتی:

- زۆر بیرمان کردووی، ماوەیەکی زۆر تێپەڕبووە نەماندیویت و لەگەڵماندا کۆ نەبوویتەوە.

لە ڕاستیدا بە هەمان شێوە جوماناش بیری هاوڕێکانی کردبوو، هەستی دەکرد پێویستی بەوە هەیە ئەویش کەمێک کات بەسەر ببات. بەڵام لە هەمان کاتدا دەیزانی کە کوڕەکەی بە تەنیا ئۆقرە ناگرێت لە ماڵەوە... دەمی کردەوە داوای لێبوردن بکات کە ناتوانێت ئامادە ببێت، بەڵام ڕاستەوخۆ کوڕەکە هاتە وەڵامدانەوە:

- دایکیشم دێت!

- بە ڕاست!

کچەکە بە سەرسامییەوە گوتی:

- ئایا سبەی ئامادە دەبیت جومانا؟

دایکی بە جۆشەوە سەیری منداڵەکەی کرد و دەنگی نزم کردەوە بۆ دڵنیابوونەوە:

- ئایا بە تەنیا لە ماڵەوە دەمێنیتەوە ئەگەر من بچم بۆ ئەو سەردانییە؟

- نەخێر، منیش لەگەڵتدا دێم.

لەبەر ئەوەی دەترسا ماندووی بکات بۆیە گوتی:

- باشە لەگەڵ خۆمدا دەتبەم، بەڵام بە مەرجێک ماندووم نەکەیت، ڕێککەوتین؟

- ڕێککەوتین!

بەو جۆرە جومانا ئافرەتەکەی دڵنیا کردەوە کە سبەی ئامادە دەبێت، نەیدەزانی لەوێ چی چاوەڕێی خۆی و کوڕەکەی دەکات.

**

بەیانی ڕۆژی دواتر.

کۆبوونەوەکە ئافرەتی زۆری لێ بوو، جمەی دەهات و کۆمەڵێک باس و خواسی تێدا بوو کە تەواو نەدەبوو، منداڵەکە لە پاڵ دایکیدا لەنێو ژنەکاندا دانیشت.

یەکێک لە ژنەکان گوتی:

- جومانا بۆچی کوڕەکەت ناچێت لەگەڵ کوڕەکانی تردا یاری بکات؟

ڕووی کردە کوڕەکەی و پێی گوت:

- کوڕەکەم بچۆ لەگەڵ منداڵەکانی تردا یاری بکە.

- نامەوێت.

کوڕەکە چپاندی بە گوێیدا:

- دەمەوێت لە پاڵ تۆدا بمێنمەوە.

لەبەر ئەوەی منداڵەکە سوورببوو لەسەر نەڕۆیشتن، بۆیە گوتی منداڵەکەم کێشەی تەندروستیی هەیە، لەبەر ئەوە ناتوانێت لەگەڵ

منداڵەکانی تردا یاری بکات، ئافرەتەکان جۆرە زمانێکی تایبەتیان بەکار دەهێنا کە وایان دەزانی زمانێکی نهێنییە، بەڵام لە ڕاستیدا منداڵەکە هەموو وشەکانی لە میشکیدا بار کردبوو.

هەر لەو کاتەدا خاتوونەکان سەرقاڵی مشتومڕ و قسەکردن بوون، ئەوەی کە چاوەڕوان نەدەکرا ڕوویدا. باڵندە سوورەکە لەپڕێکدا خۆی کردە نێو دانیشتنەکە بەبێ ئەوەی کەس بانگی کردبێت یاخود ئاگادار کرابێتەوە، تەنانەت بەبێ لە دەرگادانیش خۆی کرد بە ژووردا:

- دەبینم ئافرەتی زۆری جەساسە کۆبوونەتەوە.

وای گوت و هاتە ژوورەوە. لەبەر ئەوەی هەمووان لێی دەترسان کەس نوقتی نەکرد و نەیگوت کە پێی ناخۆشە ئەو لەوێ ئامادەیە، بەڵام جومانا دەیزانی کە لەبەر ئەو هاتووە بۆ ئەوێ بۆیە گوتی:

- دەچمەوە ماڵەوە.

وای گوت و هەستایە سەرپێ تاکوو بڕوات، بەڵام دوای چەند هەوڵێک لە لایەن هاوڕێکانییەوە نەیاندەویست بڕوات. باڵندە سوورەکە گوتی:

- لێی گەڕێن با منداڵە گەمژەکەی ببات و بڕواتەوە بۆ کاولبووەکەی.

بەبێ ئەوەی جومانا هیچ بڵێت دەستی منداڵەکەی گرت و ڕۆیشت بەرەو لای دەرگاکە، بەڵام نەیتوانی دەرگاکە بکاتەوە بە هیچ جۆرێک، وەک ئەوەی دەستێکی تر دەرگاکەی بە تووندی گرتبێت و ڕێگەی لێ بگرێت کە بیکاتەوە... هەرچەندە ئەوە دیاردەیەکی سەیر بوو لە لادێکەدا، بەڵام جومانا هۆکارەکەی دەزانی:

- دەرگاکە بەر بدەن.

جومانا بە تووڕەییەوە گوتی:

- من فەرمانتان پێدەدەم هەر ئێستا واز لە دەرگاکە بهێنن!

- لەگەڵ کێدا قسە دەکەیت؟ کەسی لێ نییە.

منداڵەکە بە هەموو ساویلکەیەتییەکییەوە ئەو پرسیارەی لە دایکی کرد، چونکە پێی وابوو لەگەڵ هەوادا قسە دەکات.

جومانا دەیزانی لەگەڵ کێدا قسە دەکات و ئەو شتانەش بەهۆی باڵندە سوورەکەوە دەرگاکەیان لە جووڵە خستووە، بۆیە نەیدەویست قسەی لەگەڵدا بکات و سەرنجی کوڕەکەی بۆ زانینی نهێنییەکان ڕابکشێت، بە تووڕەییەوە بەرەو جێی دانیشتنەکە چوو، گوتی:

- بەدوامدا وەرە!

بەڵام لەو کاتەدا سەرنجی باڵندە سوورەکەی بۆ خۆی ڕاکێشا بە گەڕانەوەی بۆ نێو مەجلیسەکە، بۆیە بە گاڵتەجاڕییەوە گوتی:

- پێدەچێت کەسێک ڕای خۆی گۆڕیبێت!

- خۆت دەزانیت لەبەر چی گەڕامەوە.

بە تووڕەییەوە گوتی:

- دەرگاکە داخرابوو!

- ئەی بۆ نەتکردەوە؟!

وای گوت و بە دەنگی بەرز دایە قاقای پێکەنین وەک ئەوەی گاڵتەیەکی خۆشی لەگەڵدا کرابێت، بەڵام ئەو تاکە کەس بوو لەو مەجلیسەدا کە پێدەکەنی، هەر بۆیە بە تووڕەییەوە فەرمانی بە ئافرەتەکانی تریش کرد:

- بۆچی لەگەڵمدا پێناکەنن؟!

هەموان لە ترساندا پێکەنین، تەنانەت زۆربەیان زیادەڕەویشیان تێدا دەکرد. باڵندە سوورەکە تەماشای منداڵەکەی کرد و بە مەکرێکەوە گوتی:

- بۆ ناچیت لەگەڵ منداڵەکانی تردا یاری بکەیت بچکۆلە؟!

جومانا منداڵەکەی لە پشتییەوە شاردەوە و گوتی:

- کێشەی تۆ نییە!

- ڕێگە بدە منداڵەکەت وەڵام بداتەوە، چییە زمانیت بڕیوە؟

پاشان جنۆکە پیرەکە چاوی بڕییە نێو چاوی:

- بۆچی واز لە دایکت ناهێنیت و بچیت لەگەڵ منداڵەکانی تردا یاری بکەیت؟

بە شەرمەوە جلەکەی دایکی توند گرتبوو گوتی:

- دەمەوێت لەگەڵ دایکمدا بمێنمەوە.

باڵندە سوورەکە بە شێوازێکی ناشرین ڕووی کردە دایکی و گوتی:

- دەبێت کوڕەکەت لەگەڵ کوڕەکانی تردا تێکەڵ ببێت جومانا، ئەگەر نا کە گەورە بوو ژنانی دەردەچێت.

جومانا زۆر ئازاری پێ گەیشت بەو قسەیە، هەستی دەکرد دەبێت بە جۆرێک لە جۆرەکان پاریزگاری لە کوڕەکەی بکات، بەڵام نەیدەزانی دەبێت چی وەڵام بداتەوە، منداڵەکەش هەستی بە دڵتەنگی دەکرد لەبەر ئەوەی دایکی خستۆتە بارودۆخێکەوە کە ئەو ئافرەتە وەها بە دایکی بڵێت، بۆیە تاکێک لە پێڵاوەکانی داکەند و...

**

- هێی تۆ بەو جۆرە قسەی لەگەڵدا مەکە.

منداڵەکە بەو شێوازە هاواری کرد بە ڕووی جنۆکەکەدا، هەوڵیدا هێرشی بۆ ببات بە تاکە پێڵاوەکەی، بەڵام دایکی و ژنەکانی تر گرتیان و دووریان خستەوە نەکا باڵندە سوورەکە ئازاری پێ بگەیەنێت، بەڵام هێشتا منداڵەکە بەهێزتر بوو، لە دەستی ژنەکان و جومانا قوتار بوو و بەرەو ڕووی پیرێژنەکە ڕۆیشت:

جومانا هاواری کرد:

- تکایە وا مەکە!

منداڵەکە بە دوو هەنگاو بەر لەوەی بگاتە ژنەپیرەکە وەستا:

منداڵەکە بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە بۆ دواوە گوتی:

- نابێت هیچ کەس ئازارت بدات.

باڵندە سوورەکە پێکەنی و تەماشای منداڵەکەی دەکرد، کە ئەوەش دڵنیابوونەوە بوو لەوەی کە دەیویست هەستی پێ بکات، چاوی چەپی گۆڕا بۆ ڕەنگی سوور لە کاتی تووڕەبوونەکەیدا، لەو کاتەدا ئاوڕی دایەوە بۆ دایکی، هەستی دەکرد تەماشای شتێکی ترسناک دەکات. هەستێکی سەیری هەبوو دەیویست خۆێنی لێ ببینێت، هەر لەو کاتەدا دوای مشتومڕێکی قوول لەگەڵ ئەو درندەیەی کە لە ناخیدایە کەوتە جەنگ، نەیدەیویست دایکی لەوە خراپتر بکات.

هەناسەیەکی قوولّی هەڵمژی و ڕەنگی چاوی گەڕایەوە بۆ ڕەنگی ئاسایی خۆی، تاکەپێڵاوەکەی دانایەوە لەسەر زەوییەکە و پاشان ڕووی کردەوە دایکی و گوتی:

- تەنها لەبەر تۆ!

بەڵام لە ڕاســـتیدا هەمـــوو ئەوەی ڕوویـــدا لە لایەن بانگـــەوازخوازەکەوە پلان بۆ داڕێژراو بوو، هەموو ئەوانەی لەبەر ئەوە کرد شتێک تاقی بکاتەوە لە منداڵەکەدا، بە ژنەکانی تری گوت:

- پێشتر پێم گوتیت جومانا ئەم منداڵە هەڵ...

- نامەوێت گوێبیستی ئەم قسە بێمانایانە بم!

جومانا بێدەنگی کرد بەر لەوەی ڕستەکەی تەواو بکات، دواتر دەستی کوڕەکەی گرت و بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت، هەوڵیدا دووبارە دەرگاکە بکاتەوە، بەڵام هێشتا دەرگاکە داخرابوو لە لایەن کۆمەڵێک دەستی نەبینراوەوە، بەڵام ئەم جارە بە تەواوی دەیویست بڕواتە دەرەوە بە هەر شێوازێک بێت، بۆیە بەبێ ئەوەی بیر لە ئەنجامەکەی بکاتەوە گوتی:

- من جومانای کچی پادشا جەباری ئیمپراتۆر، فەرمانتان پێ دەدەم کە هەر ئێستا دوور بکەونەوە و ڕێگەمان پێ بدەن بچینە دەرەوە!

هەر کە وای گوت ڕاستەوخۆ دەرگاکە کرایەوە لە خۆیەوە، کوڕەکەی گوێی لەو قسەیە بوو کە دایکی بە هەواکەی گوت:

- لێبوردنمان قبوڵ بکە...

دوای ئەوەی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە جومانا تەماشای کوڕەکەی کرد، ڕوون بوو کە پرسیاری زۆر لە میشکیدا دەخوولێنەوە، بەڵام جومانا دەیزانی چۆن ڕەفتار لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا بکات، بۆیە دانیشت و منداڵەکەی لە لای خۆیدا دانا لە بەردەمیدا و دەستی خستە سەر شانی کوڕەکەی تاکوو قسەکانی زیاتر کاریگەرییان هەبێت لەسەری، دواتر پێی گوت:

- هەموو ئەو شتانەی کە بینیت و بیستت لە بیریان دەکەیت.

- بەڵام دەمەوێت بزانم پاشا جەبار کێیە، تۆ گوتت کە...

جومانا قسەکەی پێ بڕی:

- دەزانم پرسیاری زۆر لە مێشکتدا گەڵاڵە بووە، بەڵام دەمەوێت هەمووی لەبیر بکەیت باشە؟

- تاکوو پێم نەڵێیت پاشا جەبار کێبوو کە وتت کچی ئەویت، هەروەها ئەو دەنگەی لە هەوادا کە وەڵامی دایتەوە و پێی گوتیت لێبوردنمان قبوول بکە، دەمەوێت باسی ئەو ئافرەتەشم بۆ بکەیت کە بەو جۆرە سووکایەتی پێ کردیت، بۆچی نەتهێشت من لێی بدەم، دەمەوێت بزانم ئەو دەرگایە بۆ داخرابوو بەڵام...

دووبارە قسەکەی پێ بڕی بەوەی چاوی بڕییە نێو چاوی:

- ئەی ئەگەر پێت بڵێم لەبەر من لەبیری بکە؟!

سەخت بوو هەموو ئەو پرسیارانە لەبیر بکات کە لە مێشکیدا دروست بوون، بەهۆی ئەو هەموو سەیرکردنە سەیرانەی کە باڵندە سوورەکە بۆ ئەو و بۆ دایکی هەیبوون: تەماشا کردنەکەی زۆر قووڵ بوو، بە جۆرێک پڕ بوو لە خۆشەویستی کە نەیدەتوانی ڕەتی بکاتەوە بۆیە گوتی:

- تەنها لەبەر تۆ...

**

جومانا دەیزانی گرنگیی ئەو چیرۆکە چەندە بۆی، هەر بۆیە بۆ ماوەی چەندان ساڵ چیرۆکی بۆ کوڕەکەی دەگێڕایەوە بەر لەوەی

بخەوێت، ماچی دەکرد و لە کۆتاییدا هەمیشە یەک پرسەی بۆ دووبارە دەکردەوە:

لە تەواوی تەمەنتدا هەمیشە بیرت بێت، خودای گەورە وەلامی نزاکەر دەداتەوە هەر کاتێک نزا بکات.

ئەو پرستەیە لە میشکیدا دەخوولایەوە، بە تەواوی ژیانی لە بیری نەدەکرد، لە کۆتاییدا پێی گوت ڕێککەوتین؟ بەلام لەگەڵ تاریکیی ژوورەکەدا چاوەکانی دادەخست و هەموو کاتێک ئەو پرستەیەی لە میشکی ئەو منداڵەدا دووبارە دەکردەوە کە مانایەکی قوولی بۆی هەبوو:

- ئایا خودای گەورە وەلامی هەموو نزایەک دەداتەوە؟

- بەڵێ هەموو نزایەک!

٥

سەردەمانێکی کۆن لە مەملەکەتی ئەبابیل، لە کاتێکدا کە نەزانی و تاریکی کۆتایی نەدەهات، بۆیە شتێکی سەیر بوو ئەگەر کەسێک لە خەڵکەکە بگاتە زانست و زانیاری، تاکە زانستی ئەوان هەر ئەوە بوو کە فێری کوشتن و بڕین ببن لەگەڵ لێخوڕینی بەلەم، ئەسپسواری، نیشانەگرتن و شمشێربازی. بازرگانیش هەر بە شتوازێکی تەقلیدی بوو، لەگەڵ کۆیلایەتی و کەنیزەک و هەندێک بازرگانی تری بچووک وەک: فرۆشتنی بابەتی خوری، قوماش، کوپە و گۆزەی سەرەتایی کە بە دەست دروست کرابوون و خۆیان پێوە سەرقاڵ دەکرد...

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جومانا دەیویست کوڕەکەی فێری نووسین و خوێندنەوە بکات، تەنیا بەوەشەوە نەوەستا، بەڵکوو دەیویست بینێرێت بۆ لای باپیرە نوفل کە پیاوێکی بەسالاچوو بوو، شارەزای یەکێک لە ئایینە کۆنە ئاسمانییەکان بوو، تاکە کەسی زانستخواز بوو لە دێی جەساسە... منداڵەکەش بابەتەکەی بە جۆرێکی تر دەبینی:

- فێری نووسین و خوێندەوەت کردووم هێندە بەس نییە!

جومانا لووتی کوڕەکەی بە گاڵتە ئامێزییەوە ڕاکێشا و گوتی:

- بەڵێ، زۆر باشیت لە نووسین و خوێندنەوەدا، بەڵام زۆر زانستی تر هەن کە دەبێت فێری ببیت، دڵنیابە چێژی لێ دەبینیت لە لای باپیرە نوفل...

شتێکی سەیر و ناوازە هەبوو لە قسەکردنەکەی جومانادا وای کردبوو کوڕەکەی تەماشای نێو چاوی بکات کاتێک قسە دەکات لەگەڵیدا، تەواوی کاتەکە بە زەردەخەنەوە تەماشای دەکرد و

سەرنجی بە تەواوی لەسەر چاوی بوو، هەستی دەکرد ئەوە گرنگترین شتی جیهانە... قسەکەی تەواو کرد:

- تەواوی ژیانت بە منداڵی نامێنیتەوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان گەورە دەبیت و پێویستە ئەقڵت بەکاری بهێنیت لەم جیهانەدا.

پاشان دەستی لەسەر سەری دانا و بە خۆشەویستییەوە پێی گوت:

- مێشکت بە کەڵکت نایەت ئەگەر بێت و بەکاری نەهێنیت و پڕی نەکەیت لە زانست و زانیاری، باشە؟!

- ئەگەر بچم بۆ لای باپیرە نوفل دێیت لەگەڵمدا؟

- تۆ چیتر گەورەبوویت ئیستا پێویستت بە هاتنی من نییە.

وەڵامی دایەوە:

- بەڵام هێشتا من چواردە ساڵم.

پاشان بە پرسیارەوە گوتی:

- ئایا سبەی دێیت لەگەڵمدا بۆ لای باپیرە نۆفل یان نا؟

- بە تەنها دەچیت و من لێرە چاوەڕێت دەکەم تاکوو دەگەڕێیتەوە، دواتر باسی هەموو ئەو شتانەم بۆ دەکەیت کە لەوێ فێری دەبیت باشە؟

- نا ڕێنەکەوتین.

بە لاساریيەوە گوتی:

- بۆ هیچ جێیەک ناچم ئەگەر تۆم لەگەڵدا نەبیت!

- دەی ئەگەر بڵێم لەبەر من؟

- هەموو کارێک لەبەر تۆ دەکەم، بەڵام تکایە داوای ئەوەم لێ مەکە.

پاشان بێدەنگ بوو، لەو کاتەدا گوێی لە دەنگی تەپەی پێ بوو کە نزیک بۆیەوە لە دەرگاکە.

دایکی پرسی:

- کێیە ئەوە؟

منداڵەکە وەڵامی دایەوە و هەستا:

- تۆ لێرە بمێنەوە.

پاشان تاکێک لە پێڵاوەکانی هەڵگرت و بەرەو لای دەرگاکە چوو.

- ئەوە بەحرە دایکە!

**

وەکوو بوکەکانی ماریۆنیت کە چۆن خاوەنەکەی لە پشتی پەردە دەیانشارێتەوە و لە ڕێگەی پەتێکەوە دەیانجووڵێنێت، جومانا بەرەو ڕووی هاوسەرەکەی ڕۆیشت... جەستەی ئارەقەی کردبۆیەوە بەهۆی تیشکی خۆرەوە، کەشەکە زۆر گەرم بوو، ئەم جارە جیاواز لە جارەکانی تر کە سەردانی دەکرد. ژێر چاوەکانی چرچ بووبوون، لە ماندوویەتیدا ڕەنگیان مۆر بووبوونەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا. بەحر بەرەو ڕووی کوڕەکەی ڕۆیشت و گوتی:

- زۆر گەورە بوویت!

بە تووڕەییەوە گوتی:

- چوار سال تێپەڕ بووە، بێگومان گەورە دەبم.

لێیان نزیک بۆیەوە هەوڵیدا باوەشیان پێدا بکات، بەڵام کوڕەکەی وەستاندی.

- بوەستە، لێمان نزیک مەبەرەوە!

دایکی بیری خستەوە کە دەبێت ڕێزی باوکی بگرێت، بەڵام بەر لەوەی قسە بکات گوتی:

- ئەوە باوکی من نییە، چونکە ماوەیەکی زۆر دەبێت بەجێی هێشتووین!

بەحر هیچ پۆزشێکی بۆ ئەو قسەیە نەهێنایەوە، بەڵکوو بە خۆبەدەستەوەدانەوە گوتی:

- باشە کەواتە دوور دەبم.

پاشان گوتی:

- ئەگەر ئەوەت پێ خۆشە باشە.

منداڵەکە پرسی:

- بۆچی هاتوویت؟

جومانا لەمە زیاتر خۆی پێ نەگیرا و گوتی:

- بێدەنگ بە کوڕە.

- هاتووم تاکوو وێنەت بکێشم وەک پۆزش هێنانەوە، ڕۆژی دواتر دەڕۆم بەڵێن بێت.

- تکایە لەگەڵماندا بمێنەرەوە، دووبارە بەحر مەڕۆ!

تەماشای کرد و پێکەنی، هەوڵیدا هەموو دڵتەنگییەکی لێ بشارێتەوە، نەیدەزانی هۆکاری ونبوونی ئەو هەموو ماوەیە چییە، بۆیە زەردەخەنەکەی ساخته کرد.

- ناتوانم بمێنمەوە!

بە دەنگی پڕ لە گریانەوە جومانا گوتی:

- بەسە نەبوونیت!

- زۆر کارم هەیە دەبێت ئەنجامیان بدەم.

دەبوو بەحر چاوەکانی دابخات لە کاتی درۆکردندا، بۆ ئەوەی هاوسەرەکەی ئەوەی لە ناخیدا هەیە نەیخوێنێتەوە، لەبیری کردبوو کە ژنان دەتوانن زۆر بە باشی لە زمانی چاو تێبگەن و ئەوە بخوێننەوە کە لە چاوەکاندا هەن، بۆیە جومانا گوتی:

- ڕاستییەکەی بڵێ، ڕەنگە بتوانین یارمەتیت بدەین.

کوڕەکەی ڕاستەوخۆ هەڵیدایە بابەتەکە:

- وازی لێ بهێنە، کە دەیەوێت بڕوات با بڕوات.

بە زۆر بێدەنگ بوو، بەڵام جومانا دەیتوانی داوای لێبوردن لە چاوەکانیدا ببینێت.

- کە ڕاستییەکە دەزانن لە هەموو شتێکم دەبوورن.

کاغەزێکی لەژێر جلەکانییەوە دەرهێنا لەگەڵ پارچەیەک خەڵووزی ڕەشدا:

- لە پاڵ دایکتدا بوەستە بچکۆلە.

پاشان بە هاوسەرەکەی گوت:

- پێبکەنە با وێنەکە جوان دەربچێت.

بەحر دەستی کرد بە کێشانی چەند هێڵێک و دوای ئەوەی لە هێڵە یەکەمینەکان تەواو بوو، دەستی کرد بە کێشانی چەند هێڵێکی ورد لە پرچیان و پاشان هەندێک شتی تری بۆ وێنەکە زیاد کرد، دواتریش سێبەری بۆ کرد، کە تەواو بوو بە دەستی هەندێک لە هێڵە نەویستراوەکانی سڕییەوە... لە ڕاستیدا بەحر پێویستی بەوە نەبوو تەماشای ژن و کوڕەکەی بکات تاکوو وێنەیان بکێشێت، چونکە وێنەیان لە یادگەیدا مابۆیەوە، بەڵام دەیویست ئەو هەلە بقۆزێتەوە تاکوو کاتی زیاتر لە لەگەڵ خێزانەکەیدا بەسەر ببات بە ئەنجامدانی ئەو کارە...

کە تەواو بوو وێنەکەی دا بە کوڕەکەی کە لە پاڵ دایکیدا دانیشتبوو و تەماشای دەکرد بە ساردییەوە، بەڵام کوڕەکە سەرسام بووبوو بە وێنەکە، هەستی دەکرد تەماشای وێنەی دایک و کوڕێکی ڕاستی دەکات وەها ڕۆحی کردبوو بە بەری وێنەکەدا. پێکەنی، لەو کاتەدا هەستی بەوە دەکرد کە زۆربەی وردەکاریی دەموچاوی لە دایکییەوە بۆی ماوەتەوە...

بەحر پرسی:

- ڕات چییە لەسەر وێنەکە؟

بە لەخۆباییبوونەوە کوڕەکە گوتی:

- دەتوانم لەوە باشتر بکێشمەوە...

باوکەکە دەستی لەنێو قژی وەردا و گوتی:

- بێگومان لەوە دڵنیام...

ئەو شەوە بەحر هەوڵی نەدا لە ژووری ژنەکەی نزیک ببێتەوە، لەبەر ئەوەی دڵنیابوو کە کوڕەکەی ڕێگەی نادات بچێتە ژوورەوە، هەر لەبەر ئەوەش بوو گوتی:

- به دایکت بڵێ سەرینێکم بداتێ بیخەمە ژێر سەرم بچکۆلە.

جومانا هێشتا چاوی نەچووبووە خەو گوێی لە قسەی مێردەکەی بوو، بە خێرایی سەرینێکی پاکی سپیی دا بە کوڕەکەی و گوتی:

- ئەو سەرینە بدە بە باوکت.

بەحر سەرینەکەی نووساند بە لووتییەوە، بۆنی یاسەمینی لێ دەهات پاشان خەوی لێکەوت، بەو جۆرە کەوتە نێو خەونێک کە لە دونیای واقیعدا نەیدەتوانی بەدی بهێنێت...

**

لە بەیانیی ڕۆژی دواتردا، بەحر لە ژوورەکەی چووە دەرەوە، وەک بڵێی ئەوەی لە خەونەکەیدا دیویەتی ڕاستی بێت...

لەو کاتەدا منداڵەکە لە پاڵ دایکیدا دانیشتبوو، وێنەکەی بە دەستییەوە گرتبوو و بە دەستەکەی تری هەوڵی دەدا لەوە باشتر بیکێشێتەوە بۆ ئەوەی داخ بکات بە دڵی باوکیدا... بەحر لێی نزیک بۆیەوە تا وێنەی کوڕەکەی ببینێت، بەڵام زیاتر خەندەئامێز بوو وەک لەوەی بەداخ بێت:

- ڕاستت گوت کە لە من باشتر دەتوانی وێنە بکێشیت!

وای گوت و پاشان کاغەزەکەی لە دەستی کوڕەکەی سەند و خستییە گیرفانی.

- لەمڕۆ بە دواوە ئەگەر بیرم کردن ئەوا تەماشای ئەم وێنەیە دەکەم.

- ئەی من چی بکەم ئەگەر بیرم کردیت؟

هیچی نەگوت و بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت، ئاوڕی دایەوە وەک ئەوەی بیەوێت کارێک ئەنجام بدات و پەشیمان ببێتەوە لەبەر ئەنجامەکانی، دواتر گوتی:

- خۆشم دەوێیت جومانا!

دەرگاکەی کردەوە و زەردەخەنەیەکی کرد، تەماشای ڕێگای لادێیەکەی دەکرد، هەستی دەکرد قسەکەی دڵی بۆژاندۆتەوە، بەرەو لای جومانا گەڕایەوە، چاوەکانی لە هەموو کات زیاتر ژیانەوەیان تێدا دەبینرا، دووبارە قسەیەکی تری کرد:

- گۆرانیم بۆ بڵێ جومانا، خەیاڵم دەنێرم تاکوو سەمات بۆ بکات!

ماچی دەستی کرد و بە هەوادا فووی لێ کرد و بۆی نارد، دووبارە زەردەخەنەی کرد و ڕۆیشت بۆ جاری دووەم.

منداڵەکەش لەگەڵ هەواکەدا شەڕی بوو، وای دادەنا بەوە ماچە هەواییەکە تێک دەدات و ناگات بە دایکی. بەڵام جومانا سەری داخستبوو تەماشای زەویەکەی دەکرد لە شەرماندا لەبەر ئەوەی هەستی بە گەرمیی لێوانی دەکرد دوای ناردنی ئەو ماچە...

**

پاش ئەوەی تاریکیی باڵی کێشا بەسەر ماڵەکەدا و کاتی نوستن هات، منداڵەکە هەر وەکوو جاران بە کراسەکەیەوە کە دەگەیشتە خوار ئەژنۆکانی، چرایەکی بە دەستەوە بوو بەنێو حەوشەکەدا کون بە کون دەگەڕا تاکوو دڵنیا ببێتەوە لەوەی کە تەواوی پەنجەرە و دەرگاکان داخراون و هەموو چراکانی تری دەکوژاندەوە کە بە

دیوارەکەوە بوون، لە کۆتاییدا گەڕایەوە بۆ لای دایکی و خۆی خزاندە نێو جێگەکەیەوە و گوتی:

- چیرۆکی ئەمشەومان چییە؟

ئەو شـەوە جومانـا مێشـکی سـەرقاڵ بـوو، بـۆیە لە بـارودۆخێکی باشدا نەبوو تاکوو قسە بکات، لە هەمـان کاتدا دەیزانی کە کـوڕەکەی ناخەوێت هەتاکوو چیرۆکێکی بۆ نەگێڕێتەوە، بۆیە گوتی:

- لە سەردەمانێکی کۆن... زۆر کۆن... سوپایەکی گەورە هەبوو لە مـرۆڤ و جنەکـان و باڵنـدە و بـا. هەر هەمووێـان بەدوای پیاوێکـدا دەڕۆیشتن کە ناوی پێغەمبەر سولەیمان بوو. بیر بکەرەوە ئەو سـوپا گەورەیە لەژێـر دەسـەڵاتی یەک پیـاودا بەڕێـوە بچێـت. منـداڵەکە بە پەرۆشییەوە گوتی:

- سولەیمان؟

جومانا گوتی:

- دەبوو ئەو سوپا زل و زەبەلاحە لە دۆڵێکی گەورە بپەڕنەوە کە نـاوی دۆڵـی مێرووله بـوو، بـۆیە مێـروولەیەک لە مێروولەکـان نـاوی جەرسا بوو...

- جەرسا؟

- بەڵێ، جەرسا.

دایکی دووبارەی کردەوە پاشان گوتی:

- جەرسـا بە دەنگـی سـوپاکە بە ئاگـا هـاتەوە و بە مێروولەکـانی تری گوت:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوۡاْ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمۡلِ قَالَتۡ نَمۡلَةٞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمۡلُ ٱدۡخُلُواْ مَسَٰكِنَكُمۡ لَا يَحۡطِمَنَّكُمۡ سُلَيۡمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ١٨ ﴾ النمل: ١٨

که پێغەمبەر سولەیمان ﷺ گوێی لەو قسەیەی مێروولەکە بوو پێکەنی و....

- بەڵام دایکە...

قسەکەی پێ بڕی بە سەرسوڕمانەوە:

- چۆن پێغەمبەر سولەیمان توانی گوێبیستی دەنگی نزمی ئەو مێروولە بچکۆلانەیە بێت؟

- با.

وەڵامی دایەوە:

- بایەکە دەنگەکەی دا بە گوێیدا...

- با؟

- بەڵێ، یەکێک بوو لە سەربازەکانی پێغەمبەر!

وەڵامی دایەوە بە سەرسوڕمانەوە:

- با!!

- لەو کاتەدا کە پێغەمبەر سولەیمان گوێی لە قسەی مێروولەکە بوو پێکەنی و سوپاسی خودای کرد لەبەر ئەو بەخششە گەورەیەی کە پێی داوە، فەرمانی بە سوپاکەی کرد بوەستن... تەواوی سوپاکە وەستان... تاکوو تەواوی مێروولەکان چوونە نێو ماڵەکانی خۆیان...

لەبەر ئەوەی دەیویست بە خێرایی کۆتایی بە چیرۆکەکە بهێنێت کەمێک بێدەنگ بوو، بەر لەوەی ڕستەی کۆتایی بڵێت، کوڕەکەی بەوە تیدەگەیشت کە کۆتایی چیرۆکەکەیە و کاتی خەوە.

- هەموو تەمەنت ئەمەت لە بیر بێت کوڕەکەم، خودای گەورە وەڵامی...

قسەکەی بە دایکی بڕی:

- ئەمە هەموو شتێک بوو؟ چیرۆکی ئەمشەو کۆتایی هات؟

- دەبێت بنوێت، کاتەکەی زۆر درەنگی کردووە!

- بەڵام دەمەوێت بزانم دواتر چی ڕوویدا؟

- سبەی پێت دەڵێم...

- بەڵام...

قسەکەی پێ بڕی بەر لەوەی تەواوی بکات:

- دەبێت ئێستا بنوێت تاکوو سبەی چیرۆکەکەت بۆ تەواو بکەم...

لە کۆتاییدا خۆی بە دەستەوە دا و خۆی خزاندە نێو جیگاکەی... لەو کاتەدا دایکی پێی گوت هەمیشە لەبیرت بێت کوڕەکەم خودای گەورە وەڵامی هەموو نزایەک دەداتەوە، دواتر گوتی:

- ڕێککەوتین؟

ڕاستە کوڕەکە ڕازی نەبوو بەو ماوە کورتەی چیرۆکەکە و کۆتاییە خێراکەی، لەبەر ئەوەی ڕستەی کۆتایی دایکی لە یادگەیدا مابۆیەوە، چاوەکانی داخست و خێرا لە مێشکیدا ئەو قسەیەی دەهێنا و دەبرد، هەوڵی دەدا لێی تێبگات:

- چ داوایەک دایکە؟

- هەر داوایەک بێت.

- ڕێککەوتین.

ئەو شەوە جومانا نەیدەتوانی چاوی بچێتە خەو، تەواویی شەوەکە مێشکی سەرقاڵ بوو، بیری لە بارودۆخەکە دەکردەوە، لە ڕاستیدا هاوسەرەکەی شتێکی لێ دەشاردەوە. ئەو ڕۆژە هەستی دەکرد کە مێردەکەی لە شتێکەوە تێوەگلاوە، لە چاوەکانیدا بە ڕوونی دەیتوانی هەست بەو ترسە بکات...

بەڵام نەیدەزانی چی بکات، وەکوو منداڵێکی بچووک کە لە دەستی دایکی بەر بووە لەنێو قەرەباڵغییەکی زۆردا... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیزانی دەبێت چارەسەری هەموو ئەمانە بکات.

لە پاڵ کۆڕەکەی هەستایەوە، پاشان دەرگاکەی کردەوە، بە بێدەنگی تەماشای سەر و خوارێ ڕێگەی کرد، دوای ئەوەی دڵنیابۆیەوە کەسی لێ نییە، ڕۆیشت بەرەو ئاراستەی ڕۆژهەڵات، بەرەو ئەو شوێنەی کە هەرگیز نەدەبوو بیری لێ بکاتەوە بۆی بڕوات.

٦

ئەو شـەوە مانـگ دیـار نەبـوو، بەڵکـوو بە شـێوەیەکی سـامناک ئەسـتێرەکان ئاسـمانیان تەنیبـوو، ئەو لادێـیەش کە تێیـدا هەمـوو گوندنشـینەکان بەو درەنگـانی شـەوە نوسـتبوون، لەوە دەچـوو هـیچ مرۆڤێکی تێدا نەمابێت...

بەرەو ئاراسـتەی ڕۆژهەڵات بـۆ دارسـتانەکە ڕۆیشـت، کە پێشـتر هەر مرۆڤێـک چـووبێتە نـاوی بە زینـدوویی نەهـاتبووە دەرەوە، (دارسـتانی تاریـک) چـونکە ئەو دارسـتانە بە تەواوی درەختـی چـڕی بەرز گرتبـووی، لە ناوەڕاستەکەیدا قەڵایەکـی بەردینـی دوو قـاتی لێ بوو، خێزانێکی پادشای جنی لێ بوو، ناوی خێزانی ئیمپراتۆر بوو.

چـووە نێـو دارسـتانەکەوە، وەک ئەوە وابـوو بەنێـو ئەشـکەوتێکی دوورودرێـژدا تێـپەڕ ببێـت کە هـیچ ئەو مەترسـیانەی بە لاوە گرنـگ نەبوو کە دێنە ڕێی یاخود ڕەنگە لە ژوورەوە ڕووبدەن، بە هەنگـاوی جێگیر دەڕۆیشت لەنێو تـاریکییەکەدا، شـنەبایەکەش هەندێک لە گەڵای درەختەکانی دەلەقاند.

**

هەر کە لە قەڵا بەردینـەکە نزیـک بـۆیەوە کە دوو نهـۆم دەبـوو، گوێی لە دەنگێک بوو وەک نەڕەی شێرێکی تـووڕە وەهـابوو، سـەری بەرز کردەوە بە ئاراسـتەی دەنگەکە، باڵندەیەکی گەورەی بینی کە لە

بەشی سەرەوەی قەڵاکە دانیشتبوو بە تووڕەییەوە تەماشای دەکرد، وەک ئەوەی بڵێیت ئاگاداری بکاتەوە لەوەی کە نەکا نزیک ببێتەوە لەو جێیە...

بەڵام لەبەر ئەوەی دەیویست قسە لەگەڵ خاوەنی قەڵاکەدا بکات بە هەر نرخێک بێت بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن بەبێ ئەوەی ئاگاداری خۆی بێت... ئەو باڵندەیەش تەماشای هەنگاوەکانی دەکرد، تاکوو لە کۆتا جاردا فڕی و وێستی هێرش بکاتە سەری؛ کەسێک هاواری کرد لەنێو قەڵاکەوە:

- ئیکلیل.

یەکێک هاواری کرد، لە ناو قەڵاکەوە:

- بگەڕێوە جێی خۆت.

بەر لەوەی باڵندەکە بە چڕنووکە تیژەکانی هێرش بکاتە سەر جومانا، بە باڵە گەورەکانی چەند مەترێکی زۆر بەرز بۆیەوە و گەڕایەوە جێگەکەی خۆی... دواتر لەبەر ئەوەی کەس دەرنەکەوت، جومانا بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

- تۆ لە کوێیت؟

لەو کاتەدا جومانا وەڵام درایەوە بە دەنگێک، تەنانەت مێرووی شەوانیش لێی دەترسا چەند هەنگاوێک لە دەرگای قەڵاکە نزیک بۆیەوە، بە دەنگێکی پڕ لە تکا و پاڕانەوەوە گوتی:

- دەمەوێت قسەت لەگەڵدا بکەم!

دەرگاکەی کردەوە، باڵندە سوورەکە بە دوودڵییەوە گوتی:

- ئەو بارودۆخە ترسناکە چییە کە تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟

جومانا بە شەرمەوە گوتی:

- ئایا دڵخۆش نیت بە هاتنم؟

باڵندە سوورەکە پێکەنی و بە سۆزەوە گوتی:

- دەزانیت کە دایکت هەمیشە دڵخۆشە بە هاتنت هەی گەمژە...

ئەو شتەی کە جومانا هەوڵی دەدا لە هەمووانی بشارێتەوە ئەوە بوو کە باڵندە سوورەکە دایکی بوو، هۆکاری ئەوەشی کە شاردبۆیەوە ئەوە بوو دەترسا ئەگەر بێت و بەحر ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕاستییەکە بزانێت، بەجێی بهێڵێت بەوەی کە ئەو جنۆکەیە...

وازی لە ڕابردووی هێنابوو کە یەکێک بوو لە خێزانی ئیمپراتۆر، لەبەر هاوسەرگیریکردنەکەی، ئێستاش ئامادە نەبوو هیچ شتێک ببێتە هۆکاری ئەوەی مێردەکەی لە دەست بدات، بە پارانەوەوە گوتی:

- دڵم لەمە زیاتر بەرگەی هیچ ناگرێت!

- پێم وابێت باسی بەحر دەکەیت.

سەری لەقاند و لەو کاتەدا باڵندە سوورەکە نیشتەوە لەسەر زەوییەکە:

- نەفرەت لە پیاوان.

دواتر گوتی:

- دەزانیت؟ دەبێت وەکوو مێیەی جاڵجاڵۆکە ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەین، لەبەر ئەوەی دوای ئەوەی پێویستییان لەگەڵیاندا تەواو دەبێت مێیەکان نێرەکان دەکوژن!

قسەکەی دایکی فەرامۆش کرد و گوتی:

- پێویستم پێتە تاج، تکایە ڕزگارم بکە لەم دوودڵییە.

باڵندە سوورەکە گوتی:

- ماوەیەکی زۆر تێپەڕ بووە کەس بە ناوە ڕاستەقینەکەم بانگی نەکردووم.

دواتر هەنگاوێک چووە پێشێ و گوتی:

- وەرە ژوورە، پێم بڵێ چیت بەسەر هاتووە...

- ناتوانم بێم، لەبەر ئەوەی کاتم زۆر نییە، کوڕەکەم لە هەر ساتێکدا بێت بە ئاگا دێتەوە، شتەکان باش نابن ئەگەر بە ئاگا بێتەوە و منی لا نەبم!

تاج پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەی کرد:

- ئەو گەمژە بچووکەی کە ویستی هێرشم بکاتە سەر؟

- داوای لێبوردنت لێ دەکەم لە جیاتی ئەو منداڵە.

- ئێستا چواردە ساڵە کەچی هێشتا بە منداڵ بانگی دەکەیت.

- بڕیارم دابوو جگە لە باوکی کەسی تر ناوی نەنێت.

- لانی کەم ناوێکی کاتی بۆ دابنێ، پێت چۆنە ناوێکی کۆنی وەک ئەوەی براکەتی لێ بنێنین؟

- مرۆڤەکان بەو ناوانە ناو نانرێن.

-باشە ڕات چۆنە بە....

قسەکەی پێ بڕی:

- نەهاتووم بۆ ئێرە تاکوو لەسەر بابەتی ناو قسە بکەیت.

- تۆ ڕاست دەکەیت... باشە دەتەوێت چیت بۆ بکەم؟

- بۆ منداڵەکە؟

- خـۆت و منـدالّەکەش بە نەفـرەت بـن جومانـا، مـن مەبەسـتم مێردەکەتە... ئەوەی کە چی لە تۆ کردووە و دەتەوێت من چیت بۆ بکەم؟

- هیچی لـێ نەکردووم، تەنیـا بـابەتەکە ئەوەیە کە دڵـم ئاسـوودە نییە!

تاج دووبارە بە پێکەنینێکی گاڵتەجارانە پێکەنی:

- ئەمە بەسـەر ئافرەتـدا دێـت ئەو کـاتەی کە پیاوێـک نیشـتەجێی دڵیان دەبێت.

دواتر گوتی:

- بەڵام ئێستا بۆچی؟

- مەبەستت چییە؟

- زۆر چاوەڕێت کردووە، ئێستا دڵت بۆ نائاسوودەیە؟

- ئەو ڕۆژە کە بەحر بۆ سەردانکردنمان هات...

قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

- بەحر بۆ سەردانکردنتان هات؟

- بەڵێ، بەڵام شتێکی گوت کە لێی تێنەگەیشتم، هەر لەبەر ئەوەش هاتووم بۆ لات، پاشان سەری داخست.

- سەرت بەرز بکەرەوە، پێم بڵێ کە چی پێ گوتیت؟

جومانا سەری هەڵبڕی و پاشان لێوی دەستی کرد بە جوولە.

- پێی گوتین: ئەو کاتەی ڕاستییەکان دەزانن لە هەموو شتێکی من خۆش دەبن.

- ئێستا دەتەوێت من چیت بۆ بکەم؟

- دەمەوێت ڕاستییەکەم پێ بڵێیت!

دوای دوودڵییەکی کورت، تاج گوتی:

- شتێکیم بۆ بهێنە کە بۆنی بەحری لێ بێت!

- شتێک کە بۆنی ئەوی لێ بێت، وەکوو چی؟

- نازانم.. هەر شتێک بێت، بۆ نموونە پارچە جلێکی کۆنی.

جومانا ماوەیەکی زۆر لەوەوپێش تەواوی جلەکانی هاوسەرەکەی شۆردبوو، هەر بۆیە هیچ شتێکی نەمابوو کە بۆنی ئەوی لێ بێت.

- پێم وابێت هیچ شتێک شک نابەم.

- بیر بکەرەوە، بەبێ ئەوەی شتێکمان دەست بکەوێت ناتوانین بیدۆزینەوە.

شتێکی بیرکەوتەوە:

- ئەو شەوە لەسەر سەرینەکەم خەوت، دەتوانم ئەوەت بۆ بهێنم ئەگەر بگونجێت.

- ئەوە کاریکی باشە... لانی کەم دەتوانین بەکاری بهێنین!

- دوا ناکەوم.

پاشان ئامادەبوو بۆ گەڕانەوە و گوتی:

- سەرینەکەت بۆ دێنم و بە خێرایی دەگەڕێمەوە.

بەر لەوەی بڕوات تاج وەستاندی:

- لە بەرانبەردا چیم پێشکەش دەکەیت؟ خۆت دەزانیت هەموو ئەم کارانە بەبێ بەرانبەر ئەنجام نادرێن!

جومانا بەرەو ڕووی چوو، گوتی:

- چیت دەوێت؟

تاج بە بێدەنگی مایەوە وەک ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە بەرانبەری ئەو داواکارییەی کە دەیەوێت چییە، پاشان گوتی:

- داوا بکە!

- دەمەوێت چیتر بە تاج یاخود باڵندە سوورەکە بانگم نەکەیت.

- ئەی چۆن بانگت بکەم؟

بە شەرمەوە گوتی:

- دایکە.

پاشان گوتی:

- ئەوە بەرانبەرەکەیەتی...

پێکەنی وەک ئەوەی شتێک لەنێو ناخیدا جووڵابێت بەرانبەر بە داواکەی تاج و بیری لێ دەکردەوە.

- سەرینەکەت بۆ دێنم و دەگەڕێمەوە دایکە!

تاج هەستی بە شتێک دەکرد کە وشە وەسفی نەدەکرد لە دوای گوێگرتنی لەو وشەیە، وەک ئەوەی بڵێیت لە خەوێک ڕاپەڕیبێت کە ماوەیەکی زۆرە وێستوویەتی بێتە دی، بەڵام جومانا مەرجێکی بۆ دانا:

- بەڵام تەنیا ئەو کاتانە پێت دەڵێم کە هەر بەتەنهابین، ڕێککەوتن؟

- منیش هەمیشە وا دەکەم...

دەیویست بگەڕێتەوە ماڵەوە تاکوو سەرینەکە بهێنێت کە هاوسەرەکەی دوێنێ شەو لەسەری خەوتووە، بەڵام دایکی پێشنیاری

ئەوەی بۆ کرد که به شتێکی تر بڕوات، چونکه ئەگەر به پێ بڕوات ئەوە کاتێکی زیاتری پێ دەچێت:

- با ئەسپەکەم بتگەیەنێت بۆ ماڵەوە...

- نا شتێکی باش نابێت کەسێک چاوی پێم بکەوێت لە لادێکە و لەنێو گالیسەکەکەی تۆدا بم!

- خەمت نەبێت کەس چاوی پێت ناکەوێت.

پاشان وتی:

- سابح.

جومانا گوێبیستی دەنگی گالیسکە بوو کە نزیک دەبۆیەوە، ئەسپێکی سپی گەورە بوو، تاج دەرگاکەی بۆ کردەوە و دەستی گرت تاکوو کچەکەی بچێتە ژوورەوە، پاشان چپاندی بە گوێی ئەسپەکەدا:

- با کەس نەتبینێت!

**

قاچی لەسەر قاچ دانا و ئەویش لەسەر کورسییە ئاسوودەبەخشەکە دانیشتبوو، لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد، بەنێو دارستانی درەختە بەرزە تاریکەکاندا دەڕۆیشت بە خێرایی... هەموو یادەوەرییەکانی ڕۆژانی ڕابردووی دەهاتەوە خەیاڵ کە بەر لە هاوسەرگیریکردنی بە بەحر هەیبوون لە دارستانەکەدا.

- جومانا لە تەواوی ژیانمدا هەموو ئەو کارە قێزەونانەم کردووە کە بەسە بۆ ئەوەی دەرگای دۆزەخم بە ڕوودا بکەنەوە، بەڵام هەرگیز ئەوەم بە بیردا نەهاتووە هێندە خراپەکار بم کە شوو بکەم!

جومانا به گاڵتەجارییەوە گوتی:

- دەی کەواتە بـۆچی دەتەوێـت هاوسـەرگیری بـکەم، لە کاتێکـدا هاوسەرگیری بە خراپ و شەڕ دەزانیت؟

-لەبەر ئەوەی خۆشم دەوێیت.

پاشان گوتی:

- من بە هەموو شتێک ڕازیم بمخە نێو دۆزەخەکەت!

لە ڕۆژی دواتردا و ئەو کاتەی کە ڕووناکییەکان کاریان دەکرد، خێزانی ئیمپراتۆر وایان دەزانی کە هۆکارێکی لەناکاو هەیە وا لەناو دارستانەکەدا کۆبوونەتەوە و قسەی لەسەر بکەن، ئەوەبوو دەبوو باسی ئەو بابەتە بکەن کە کچە جنۆکەکەیان کە لە خێزانی پادشایە، دەیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ مرۆڤدا بکات، ئەوەش یەکەمین حاڵەت بوو کە دوای ماوەیەکی زۆر لەنێو دارستانە تاریکەکەدا ڕوویدابوو...

ئەو ڕۆژە جەبـــار و هەمـــوو گەورە پیـــاوانی ئیمپراتۆرەکـــان کۆبوونەوە لە دەوری بەردە ڕەشەکە، کە شێوەی لە مێزێکی گەورە دەچوو بۆ کۆبوونەوە گرنگەکان بەکاریان دەهێنا... هەموویان چاویان بڕیبووە جومانا کە بە تەنیا لە بەرانبەریان دانیشتبوو، وەک ئەوە بوو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت...

جەبار لێی پرسی:

- دەزانیت هاوسەرگیریکردنت بەو، لە قوڕ دروست کراوە...

- ناوی هەیە باوکە.

قسەکەی بە باوکی بڕی:

- ناوی بەحرە بەحر! .

هەموو ئەوەی لەنێو کۆبوونەوەکەدا باسیان لەسەر دەکرد ئەوە بوو چۆن دەکرێت جومانا بوێری ئەوەی کردبێت کە قسە بە یەکێک لە خۆی گەورەتر ببڕێت، کە ئەویش باوکییەتی.

جەبار گوتی:

- بێدەنگی بەڕێزان، زەرمەی لە مێزەکە هەستاند بە دەستە گەورەکانی، پاشان هەمووان بێدەنگ بوون.

- دەزانی کە هاوسەرگیریکردنت لەگەڵ بەحردا بێبەشت دەکات لە هێزە تایبەتییەکەت کە ئاگرە، چاوە سوورەکەشت بۆ هەمیشە دەکوژێتەوە و ناتوانیت جارێکی تر هەڵی بکەیتەوە و تۆ...

- منیش پیر دەبم وەکوو مرۆڤەکان.

-بەڵێ.

قسەکەی باوکی تەواو کرد و گوتی:

- دەزانم باوکە!

- دەزانیت بە هەمان شێوە ئەو بڕیارە منداڵەکانت لە هێزی ئاگر بێبەش دەکات؟

- نامەوێت بەدەستی بهێنن.

پاشان گوتی:

ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان منداڵم ببێت ئەوا هەموو هێزێکی خۆم دەخەمە گەڕ تاکوو ڕاستییەکەی لێ بشارمەوە و هەرگیز هێزەکەی بەکار نەهێنێت!

دوای ئەوەی گەورە پیاوان گوێبیستی ئەوە بوون کە جومانا نایەوێت منداڵەکانی هێزی ئاگریان هەبێت و ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان منداڵێکی ببێت و هێزی ئاگری هەڵگرتبێت، ئەوا ڕاستییەکەی لی

دەشاریتەوە... جەبار دووبارە زرمەی لە بەردەکە هەستاند بە دەستە گەورەکانی.

- بێدەنگی بەڕێزان.

پاشان تەماشای کچەکەی دەکرد بە فزولییەتەوە و گوتی:

- با لەوە تێبگەین بۆچی نایەویت منداڵەکانی ئەو هێزەیان هەبێت؟

هەمووان بێدەنگ بوون و چاوەڕێی قسەکەی بوون:

- بەوەی یەکێک لە منداڵەکانم ئەو هێزەیان هەبێت ئەوا گومان لە لای مێردەکەم دروست دەکات، بەو جۆرە بۆ بارودۆخی من خراپ دەبێت.

جەبار بە پێکەنینەوە گوتی:

- ئەمە مانای وایە تۆ نهێنییەکەت لە بەحر دەشاریتەوە و پێی ناڵێیت کە جنۆکەیت.

- ئەو ڕقی لە جنە.

پاشان گوتی:

- دەترسم ئەگەر بە ڕاستییەکە بزانێت وەدەرم بنێت.

پاشان تاج قسەکەی پێ بڕی:

- ئەی گەمژە، دەزانیت مێردە قوڕینەکەت ئەو کوڕە...

هاواری کرد:

- بەحر دایکە! ناوێکی هەیە، ناوی بەحرە!

- بە نەفرەت بێت جومانا.

تاج لێی تووڕە بوو، گوتی:

- دەزانیت هاوسەرگیریکردنت لەگەڵ ئەودا واتای ئەوەیە دەستبەرداری خێزانی شاهانە دەبیت؟

جومانا گوتی:

- ئەمە یاسایەکی زۆر باشە.

- ئەو کاتە من و بەحر خێزانی تایبەت بە خۆمان دەبێت.

- ئایا باوکت دەزانێت بەحر کێیە؟

وەک ئەوەی لەسەر شاخێکی گەورەوە هەڵبدەنە خوارەوە گوتی:

- تەماشای چاوەکانی بکە و پێی بڵێ!

جەبار پەشۆکا و تەماشای چاوی کچەکەی کرد و پرسیی:

- ئایا شتێک هەیە کە من نەیزانم؟

نەیدەویست شتەکە بشارێتەوە هەر بۆیە ترسەوە گوتی:

- بەڵێ، بەحر پێشتر لەگەڵ جاسومدا کاری دەکرد!

چاوی زەق بۆیەوە، تەواوی گەورەکان کەوتنە وتی وتی بەو قسەیە، تاج قسەکەی تەواو کرد کە کچەکەی بە نیوەی کردبووی:

- بەڵکوو یەکێک بوو لە سەرکردە گەورەکانی جاسوم!

جومانا دەستی کرد بە بەرگری لێکردنی:

- پێی گوتم کە ئەو پەشیمانە لەوە دایکە، بەڵێنیشی پێداوم کە نەچێتەوە بە لایاندا و کاریان لەگەڵدا نەکات.

پاشان بە سەرسەختییەوە گوتی:

- من متمانەم پێیەتی و هاوسەرگیری لەگەڵدا دەکەم!

- باوەڕ بە بەڵێنەکانی پیاو مەکە!

ڕووی کردە جەباری هاوسەری و گوتی:

- دەی شتێک بڵێ، کچەکەت لەم بەڵا گەورەیە دەربهێنە.

بە داخێکەوە گوتی: .

- بەس نییە کوڕەکەمان لەدەست دا، ئێستاش نازانین چی لێهاتووە؟

جەبار بە جۆرێک ناڕەزایی دەردەبڕی وەک ئەوەی کە نەیەوێت تاج لەنێو گفتوگۆیەکە بێت:

- بەسە! ڕاستەوخۆ تەماشای چاوەکانی کرد.

- ئایا ڕێگە بە کچەکەت دەدەیت کە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو مرۆڤەدا بکات بەبێ ئەوەی چەقۆیەک بجووڵێنیت؟

جومانا خۆی خستە نێو بابەتەکە:

- دایکە پێم گوتیت کە ناوی هەیە!

- بێدەنگ بە تۆ!

هاواری کرد بە ڕوویدا وەک ماڕێک کە پارێزگاری لە هێلکەکەی بکات، پاشان تەقییەوە:

- ئایا پێت وایە من و باوکت دەستەوەستان تەماشا دەکەین تۆش لە بەرزییەوە خۆت فڕێ بدەیتە خوارەوە؟

جەبار زرمەی لە مێزەکە هەستاند بە جۆرێک بیکات بە دوو کەرتەوە، تاج بێدەنگ بوو، هەمووان چاوەڕێی قسەی ئەو بوون، هەناسەیان لە خۆیان بڕیبوو، لەبەر ئەوەی لە کۆتاییدا ئەو بڕیارەی ئەو دەیدا هەمووان جێبەجێیان دەکرد و گەڕانەوەی نەبوو:

- هەموومـان رێـز لەو بڕیـارە دەگـرین کە جومانـا دەیـدات بە جۆرێک کە زیان بە هیچکام لە ئەندامانی خێزانەکەمان نەگەیەنێت.

پاشان گوتی:

- بـا هاوسـەرگیری لەگەڵ ئەو کەسـەدا بکـات کە خـۆی دەیەوێت بەو جۆرەی کە ئەو پێی ئاسوودەیە و پێی وایە بۆی گونجاوە، بەڵام لە ئەمـڕۆ بەدواوە بەپێـی یاسـاکانی خێـزانەکە چیتـر یەکێـک نیـیە لە ئێمە... چـونکە وازی لە بـوونی خـۆی هێنـا وەکـوو یەکێک لە خێزانـی ئیمپراتۆر، بەهۆی هاوسەرگیریکردنی لەگەڵ ئەو مرۆڤەدا!

تاج هەوڵیدا پاشگەزی بکاتەوە لە بڕیارەکەی:

- ئەو چاکە و خراپەی خۆی...

- بێدەگ بە هەی نەفرەتی.

قسـەکەی پێ بڕی و بە ڕقەوە تەماشـای دەکرد، ئەویش سـەری داخست بە خەمەوە و پاشان ون بوو..

جەبار لە جێی خۆی هەستا و گوتی:

- ئێمە دەڕۆین لەم دارستانە، چیتـر خێزانـی ئیمپراتـۆر لە نزیکی مرۆڤ نازیەتەوە، ئەوەی لە دەستمان داوە بەسە، دەچین بۆ جێیەکی تر، لە جێیەکی تـر خۆمـان دەشـارینەوە، لێرەدا کۆبوونەوەکە کۆتـای پێهات!

لە ڕۆژی دواییـدا تەواوی ئەنـدامانی ئیمپراتـۆر بەدوای جەبـاردا ڕۆیشـتن جـگە لە تـاج نەبێـت کە بڕیـاری دا لە نزیکـی کـچەکەی بمێنێتەوە.. لەگەڵ ئەوەی جومانا دانی پێدا نەدەنـ و نەیدەزانی کە لە داهاتوودا پێویستی پێ دەبێت، بەڵام دایک هەرگیز لە منداڵەکانی خۆی تووڕە نابێت هەرچەندی بارودۆخەکە سەخت بێت:

- بۆ من بەسە لە هەمان هەوا هەڵبمژم کە تۆ هەڵی دەمژیت...

جومانـا له کۆتاییـدا گەیشـتەوە مـاڵەوە، بە ئاگـادارییەوە چـووە ژوورەوە تا کوڕەکەی هەڵنەستێنێت و ئاشکرا نەبێت، ئەو سـەرینەی مێردەکەی لەسـەری نوستبوو هەڵی گرت و پاشان لەنێو گالیسکەکەی دانیشـت و سـابح ڕۆیشـت بەرەو قەڵاکە... لە ڕێگـادا هەوڵـی دەدا مێشکی خۆی پاک بکاتەوە لەو یادەوەرەیانە، تاکوو لە بەردەم دایکیدا خۆڕاگر دەربکەوێت.

کە گەیشتنە قەڵاکە، دایکی بینی لە هەمان شوێندا چاوەڕێی دەکرد، جومانا لە گالیسەکەکە دابەزی:

- بگرە.

سەرینەکەی پێدا و گوتی:

- هێشتا بۆنی ئەوی لێدێت.

- ئەوە کارێکی باشە، تاج پێی گوت سبەی ئێوارە سەردانت دەکەم و هەواڵت بۆ دەهێنم!

- تەنیـا یەک کێشـە هەیە دایـکە، باسـی دووداڵیـیەکەی دەکـرد، منداڵەکە ڕێگەت پێ نـادات بیێتە ژوورەوە، ڕێگە بە کەس نـادات بێتە ژوورەوە، بێگومان لە هۆکاری هاتنی تۆش دەپرسێت!

- خەمت نەبێت خۆم دەزانم چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەم...

***

لە ئیوارەی ڕۆژی دواییدا

منداڵەکە لە پاڵ دایکیدا دانیشتبوو سەرقاڵی وێنەکێشان بوو بە خەڵووزەکە، هەوڵی دەدا پەرە بە تواناکانی بدات، دایکیشی هەر لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد، وەک ئەوەی چاوەڕێی هاتنی کەسێک بکات، منداڵەکە لێی پرسی:

- هەموو شتێک باشە؟

نەیدەتوانی وەڵامی بداتەوە.

- ئایا چاوەڕێی هاتنی کەسێک دەکەیت؟

وەڵامی نەدایەوە بۆیە بە تووڕەییەوە پرسی:

- دایکە چیتە؟

بە شڵەژانەوە ڕووی کردەوە کوڕەکەی، چاوی لەسەر دەرگاکە بوو:

- هیچ نییە بچکۆلەکەم، خۆت نیگەران مەکە...

لەو کاتەدا کەسێک لە دەرگای دا و ئەویش هەستایە سەرپێ و وازی لە وێنەکێشان هێنا.

پاڵی بە دایکییەوە نا:

- پیاوانی مال دەبێت دەرگا بکەنەوە

**

لەو کاتەدا دەرگاکەی کردەوە، ژنێکی پیری بینی کە سەرینێکی سپی گرتبوو بە دەستییەوە، لەسەر سەریشی باڵندەیەکی ڕەنگ

سووری باڵ گەورە هەبوو. خێرا بیری کەوتەوە ئەو ئافرەتە بوو کە هێرشی کردە سەر دایکی ئەو ڕۆژە، گوتی:

- دایکت لەوێیە عفریتە جوانەکە؟

دەیویست دەرگاکە بە ڕوویدا دابخات، بەڵام نەیتوانی لەبەر ئەوەی دەرگاکە لە جێی خۆیدا بەستبووی..

تاج لێی نزیک بۆیەوە هەندێک وشەی بە ڕوویدا گوت، کە تەواو بوو گوتی:

- ئایا دایکت لە ماڵەوەیە عفریتە جوانەکە؟

- بەڵێ.

پاشان دەستی بۆ ژوورەوە ڕاکێشا:

- لەوێ دانیشتووە...

لەگەڵ ئەوەی ڕێگایەکی باش بوو، بەڵام نەیدەتوانی پەلەکانی بجووڵێنێت، هەستی دەکرد دونیا لە چواردەوری دەخوولێتەوە.

- کورێکی بێزارکەرت هەیە.

چووە ژوورەوە.

- ببوورە بەوەی ئەنجامم دا.

جومانا لە پەنجەرەکەوە تەماشای کوڕەکەی کرد بینی لە جێی خۆیدا وشک بووە.

- ئەی خودایە چیت بەسەر هێناوە؟

- هیچ نییە، جادوویەکی بچووکە، بە بێدەنگی دەیهێڵێتەوە تاکوو ئێمە گفتوگۆیەکەمان تەواو دەکەین.

- لێت دەپاڕێمەوە دایکە تکایە هیچی خراپی لێ مەکە.

- دەزانی؟ زۆر تۆم بیر دێنێتەوە، کە لە تەمەنی ئەودا بووین زۆر بیزارکەر بووین.

پاشان گوتی کە هیچ خەمت نەبێت، دەیگەڕێنمەوە بارودۆخی پێشووی خۆی بەر لەوەی بڕۆم.

سەرینەکەی دایەوە بە کچەکەی.

- بگرە زۆر سوودمان لێ بینی.

پاشان گوتی:

- بەبێ ئەوە نەماندەتوانی بیدۆزینەوە.

- ئەی گەیشتیت بە چی؟

تاج بە ساردییەوە وەڵامی دایەوە، دانیشتبوو.

- بەحر گەڕاوەتەوە، کار لەگەڵ جاسومدا دەکات، ژیانی تۆ و کوڕەکەشت لە مەترسیدایە.

پاشان گوتی:

- هاوسەرەکەت ئێستا لە کوخێدا دەژی لە لادێی جادووگەرەکان لەگەڵ ئافرەتێکی رەشپێستدا کە ناوی ئایارە، قژی وەکوو کوڕان دەبڕێت لەگەڵ ئەوەی لاوازە، بەڵام لەشولارێکی جوانی هەیە.

٧

بەحر لە ڕابردوودا یەکێک بوو لە سەرکردە گەورەکانی دەزگای جاسوم، کە کاریان تاوانکاری بوو لە تەواوی شار و لادێکانی ئەبابیلدا، جگە لەوەی کە وڵاتەکەیان بەڕێوە دەبرد، جگە لەوەی هەوڵی زۆریان دابوو، هەر لەبەر ئەوەش فەرمانی دەستگیرکردنی لەسەر بوو، هەر کەسێک حەشاری بدات یاخود ئاگاداری بێت... بەڵام دوای ئەوەی جومانای بینی کەوتە خۆشەویستییەوە، هەموو شتێک گۆڕا و بە تەواوی وازی لە کارکردن لەگەڵیاندا هێنا، بەڵێنیشی پێدا کە جارێکی تر نەگەڕێتەوە سەر کارەکەی لەگەڵیاندا... دڵی تووشی خورپە بوو کە گوێبیستی ئەو هەواڵە بوو:

- ئایا تۆ دڵنیایت لەوە؟

- ئەو هەواڵەم پێ نەدەدایت ئەگەر دڵنیا نەبوومایە!

- بەڵام ئەو بەڵێنی پێدابووم کە کاریان لەگەڵدا نەکات!

- پێشتر پێم گوتیت کە هەرگیز باوەڕ بە بەڵێنەکانی پیاو مەکە!

جومانا بێدەنگ بوو، دواتر پرسی:

- دەی دەبێت چی بکەم؟

تاج پێی گوت:

- دەبێت خۆت کۆ بکەیتەوە و لەگەڵ منداو بژیت لە قەڵاکەدا، لەوێ لەنێو دارستانەکەدا من و ئیکلیلی لێین، بۆیە بێخەم بە، کەس ناتوانێت لە تۆ و کوڕەکەشت نزیک ببێتەوە.

دوای ئەوەی جومانا پرسی دەبێت چی بکەم، مەبەستی ئەوەبوو چی لە هاوسەرەکەی بکات، چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات، مەبەستی ئەو شتە نەبوو کە تاج گوتی، بۆیە گوتی:

- لێرە دەمێنمەوە تاکوو هاوسەرەکەم دەگەڕێتەوە و قسەی لەگەڵ دەکەم دەربارەی...

- خۆشەویستی بۆ ئافرەت وەکوو جەنگە لە ژیانیدا، ئافرەت بە سروشت کەللەڕەقە، هەرگیز لە جەنگەکەی پاشەکشە ناکات، تەنانەت ئەگەر دڵنیاش بێت دەیدۆڕێنێت.

ئەوەش یەکێک بوو لە باوترین هاوکێشەکانی خۆشەویستی کە تاج لێی تێنەدەگەیشت، بۆیە بە تووڕەییەوە گوتی:

- خۆشت و هاوسەرەکەشت بە نەفرەت بن جومانا، ئەو دڵەشی کە پێت دەڵێت هاوسەرەکەت لەگەڵ ڕێکخراوی جاسومە، خۆت و کوڕەکەت لە مەترسیدان، تۆش دەڵێیت چاوەڕێی دەکەیت تاکوو دەگەڕێتەوە؟ گەر من لە جێی تۆ بوومایە ڕام دەکردا!

- بۆیە وا دەڵێیت چونکە تا ئێستا دڵت بە کەسەوە وابەستە نەبووە!

- ئایا ئەوەندە گەمژە دەردەکەوم تاکوو دڵم وابەستەی کەس ببێت؟

قسەکەی دایکی فەرامۆش کرد و گوتی:

- تەنیا پێم بڵێ لە کوێ بەحرم دەست بکەوێت؟

- پێت نالێم...

- بۆچی؟

بە ناڕەزاییەوە گوتی:

- دوێنێ لەبەر ئەوە هاتبوویت! لەبەر ئەوەی دەمریت ئەگەر بەو ڕاستییە بزانیت.

لەگەڵ ئەوەی قسەکانی تاج پڕ مەترسیی بوون، هێشتا بیری لای ئەوە بوو کە هاوسەرەکەی گەڕاوەتەوە کار لەگەڵ ڕێکخراوەکەدا دەکات، بەڵکوو شتێکی تر لە مێشکیدا دەخوولایەوە، ئەویش ئەو ئافرەتە بوو کە ناوی ئایار بوو لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دەژیا لە مالێکدا و ئەو کارانەی کە ئەنجامیان دەدا لە پشتی دەرگا داخراوەکانەوە لە نیوەشەودا... گڕی ئیرەیی ناخی دەستی بە کار کردبوو، بۆیە هەستی بە گەمژەیەتیی خۆی دەکرد:

- باسی ئەو کەسەم بۆ بکە کە لەگەڵ هاوسەرەکەمدا دەژی.

تاج بەسەریا تەقییەوە:

- هەی گەمژە ئێستا کاتی ئیرەییبردنە؟

دەیزانی دایکی لەسەر هەقە، بەڵام دڵی بەوە ئاوی نەدەخواردەوە، بەڵکوو هەر بە ڕاستی زۆر ئیرەیی دەبرد، وەک ئەوەی ئاوە لیمۆیان کردبێت بەسەر بریندێکی خوێنبەربووەدا. لەگەڵ ئەوەشدا دەیویست مێشکی خۆی ڕابگرێت لە بیرکردنەوە لە بابەتەکە...

هەستێکی ناوەکیی هەبوو کە پێی دەگوت بێگومان هاوسەرەکەیان ناچار کردووە بگەڕێتەوە نێو ڕێکخراوی جاسوم، لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا هەست نەبوو، بەڵکوو بە تەواوی باوەڕی پێ دەکرد، گوتی:

- دەمەوێت دیدارێکم لەگەڵ باوکمدا بۆ ڕێک بخەیت!

- بۆچی دەتەوێت چاوت پێی بکەوێت؟

- دەمەوێت شتێکی لێ داوا بکەم، تکایە دیدارێکم بۆ ڕێک بخە.

- دەزانیت ئەوەی کە بتوانێت ئەو کارە بکات وەزیر خەیزەرانە...

- لە کوێ دەتوانم بگەم بەو خەیزەرانە و قسەی لەگەڵدا بکەم؟

تاج ناڕەزایی بە داواکارییەکەی دەربڕی و گوتی:

- ڕاست پێم بڵێ، دەتەوێت چی بە باوکت بڵێیت؟

- دەمەوێت لەگەڵ جاسومدا بجەنگێت، ئەوە تاکە ڕێگەیە بتوانم بەحر بگەڕێنمەوە.

- قایل نابن.

قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

- تۆ چیتر یەکێک نیت لە خێزانی شاهانە تاکوو هاوکاریت بکەن، خۆت دەزانیت ئەم بارودۆخانە لە ڕابردوودا ڕوویاندا لەنێوان جاسوم و ئیمپراتۆردا، بۆیە ئامادە نین هەمان ئەزموون دووبارە بکەنەوە جارێکی تر...

سەرکەوتوو بوو لە ترساندنی کچەکەی، بۆیە بێدەنگ بوو، هیچی نەگوت:

- هیچ گرنگ نییە کە بێن بۆ قەڵاکە، ئەتوانم لێرە بمێنمەوە و پارێزگاریتان لێ بکەم ئەگەر بتەوێت...

- نا... بەحر لە هەر کاتێکدا بێت دەگەڕێتەوە و پێی خۆش نابێت ئەگەر بتبینێت لێرە.

- نامبینێت، دەڕۆم لە هەر کاتێکدا لە دەرگاکە بێتە ژوورەوە.

- ئەی منداڵەکە، چی پێ بڵێم ئەگەر پرسیاری تۆی کرد؟

- من دایکتم جومانا، بە هەمان شێوە نەنکی ئەویشم...

- ئەو نازانێت، نامەوێت بزانێت کە تۆ نەنکی ئەویت.

جومانا وای گوت پاشان دەستی لەسەر دەمی دانا، تەماشای دایکی کرد بە پەشیمانییەوە وەک ئەوەی هەڵەیەکی گەورەی ئەنجام دابێت.

- مەبەستم ئەوەیە دەمەوێت کە بڵێم...

- هیچ مەڵێ.

قسەکەی پێ بڕی.

- هەڵە لە قسەکەم تێمەگە، تەنیا نامەوێت بزانێت کە تۆ...

- جنۆکەم.

تاج وای گوت و هەناسەیەکی هەڵکێشا بە ئازارەوە:

- وانەیەکی باشم وەرگرت، تەواو پێویست ناکات هەمان هەڵە دووبارە بکەمەوە کە دووبارە یەکمان بینییەوە...

- تکایە دایکە لێم زوێر مەبە.

قسەکەی فەرامۆش کرد، لەبەر ئەوەی ئەوە کۆتا هەل بوو کە یارمەتی کچەکەی تێدا بدات.

- منداڵەکەت ببە و ڕاکە..

بیرۆکەیەکی باش نەبوو بە لای ئەوەوە، لەبەر ئەوەی بە ڕاکردن کێشەکانی چارەسەر نەدەکرد، لە هەمان کاتدا دەیزانی هەرچەندە زیاتر لێی دوور بکەوێتەوە، لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شتەی کە لە دڵیدا نیشتەجێ بووە، بە بێهیواییەوە گوتی:

- کارەکە هێندە ئاسان نین دایکە.

لە کۆتاییدا تاج خۆیدا بە دەستەوە، لەبەر ئەوەی دەیزانی سوودی نییە زۆر لە کچەکەی بکات. بەرەو دەرگا دارینەکە ڕۆیشت تاکوو

بەجێی بهێڵێت، بەڵام بەر لەوەی بڕوات وەستا لە بەردەم منداڵەکەدا کە لە جێی خۆیدا بەستبووی وەکوو پەیکەر و گوتی:

- زۆر جـوانە جومانـا، لەگەڵ ئەوەی کـوڕە، بەڵام زۆر لە تـۆ دەچێت.

- چی پێ بڵێم دوای ئەوەی کە بە ئاگا دێتەوە:

- خەمت نەبێت بە ئاسانی هەموو شتێکی بیر نایەتەوە.

فوویەکی کرد بە نەوەکەیدا و گوتی:

- دڵنیایت کە ناتەوێت ڕاستییەکەی پێ بڵێیت؟

- ئەو باسەمان داخست دایکە.

- ئەو شایەنی ئەوە نییە کە بەوە بزانێت جیاوازە کچەکەم!

- ئەو کوڕی بەحرە دایکە، واتە نەوەی قوڕە لەبیرت کردووە؟

تاج پێکەنی و گوتی:

- پێدەچێت هەندێک هەڵە هەبێت لە مێشکی ئەوانەدا کە دەکەونە داوی خۆشەویستییەوە.

- مەبەستت چییە؟

- تـۆ وزەکەت لەدەسـت دا و ڕووناکیی چـاوت کـوژایەوە دوای ئەوەی هاوسەرگیریت لەگەڵ بەحردا کرد.

پاشان دەستی خستە سەر دڵی نەوەکەی و گوتی:

- بەڵام ئەم منداڵە هەیەتی.

- چۆن بەوەت زانی؟

بە گومانەوە پرسی!

- لەبەر ئەوەی گوێم لە ترپەی دڵی گرت ئەو کاتەی بۆ یەکەمین جار لە باوەشم کرد.

لێرەدا جومانا تێگەیشت ئەو کاتە دایکی بۆچی هاتووە، تەنیا بۆ ئەوە بووە بزانێت ئایە نەوەکەی ئەو هێزەی تێدایە یاخود نا. بۆیە هیوای ژیانێکی بەختەوەری ڕاستەقینەی بۆ خواست و لەو کاتەدا جادوویەکی بۆ خوێند، بۆی دەرکەوت کە ئەو منداڵە لە ناخیدا ئاگر و قوڕ هەیە!

بە تووڕەییەوە گوتی لەبەر ئەوەی تووشی ناپاکی بۆتەوە:

- ئێستا تێگەیشتم ئەو ڕۆژە بۆچی هاتبوویت.

تاج هەوڵی نەدا کە بەرگری لە خۆی بکات بۆیە بە دانپێدانانەوە گوتی:

- ئەو منداڵە دەتوانێت زۆر بەهێز ببێت جومانا، ئەگەر ڕێگەم بدەیت دەتوانم هێزە ئاگرینەکەی لە ناودا بە شیوەیەکی هەمیشەیی دابگیرسێنم، بەر لەوەی قۆناغی هەرزەکاری تەواو بکات، چونکە دوای ئەو کاتە کارەکە ئەستەم دەبێت!

جومانا دەستی بەرز کردەوە بە ڕووی دەرگاکەدا و گوتی:

- لێرە بڕۆ.

دایکی هەوڵیدا دڵتەنگ دەرنەکەوێت، لەبەر ئەوەی کچەکەی لە منداڵەکەی دەری دەکات، بۆیە بە لووتبەرزییەوە گوتی، بەڵام لە ناخەوە شکابوو:

- چۆنت دەوێت با وابێت.

دەستی خستە سەر سەری منداڵەکە و هەندێک شتی بە دەنگی نزم خوێند و پاشان ڕۆیشت:

– پێویستی به هەندێک کات دەبێت تاکوو کاریگەریی جادووەکەی لەسەر لا بچێت.

دوای کەمێک چاوەکانی کرانەوە و هەستی بە خۆێنی لاشەی دەکرد کە لەنێو دەمارەکانیدا دەجوولێت پاشان هەستی بۆ شتەکانی دەوروبەری بۆ دروست بوو.

– تۆ باشیت.

دایکی پێی گوت:

– دەتەوێت بتبەم بۆ لای حەکیمی لادێکە؟

هیچی نەگوت بەڵکوو بەرەو ڕووی دەرگاکە ڕایکرد، کردییەوە بەڵام کەسی نەدیت، بۆیە گوتی:

– ئافرەتێک لێرەدا وەستابوو...

– نەخێر، کەس لە دەرەوە نییە، قسەکەی پێ بڕی.

– بەڵام بینیم ئافرەتێک بوو باڵندەیەکی سووری گەورەی بەسەرەوە بوو.

– ئەوانە هەمووی خەیاڵن، کەسی لێ نییە!

دڵنیابوو لەوەی کە دایکی درۆی لەگەڵ ناکات، بەڵکوو چاوی درۆی کردووە:

– تۆ ڕاست دەکەیت، کەس لەوێ نەبوو، بەڵکوو تەنیا لە خەیاڵێک بوو.

دەتوانم شتێکت لێ داوا بکەم بچکۆلەکەم؟

– هەر شتێک لەبەر تۆ بێت!

– باوکت.

- چییەتی؟

- بیدۆزەرەوە. تەنانەت ئەگەر لەژێر زەویش بێت بیخە سەر زەوی.

منداڵەکە ڕاستەوخۆ ڕۆیشت، هەموو کون و کەلەبەری لادێکە گەڕا، بە پەرۆشەوە بوو، زۆر دوورکەوتەوە تاکوو گەیشتە جێیەک بە تەواوی ماڵەکانی لێوە دیار نەبوو، خۆی لە بەرانبەر دارستانێکی گەورەدا بینییەوە کە لە دوورەوە شتێک ڕایدەکێشا بچێتە ناوی، بەڵام دوو هەنگاو زیاتر نەچوویە پێشەوە و گوێی لە دەنگی ئافرەتێک بوو پێی گوت بە ئاگادارکردنەوەوە:

- نەچیتە ئەوێ کوڕەکە.

- تۆ کێیت؟

- من ناوم تارایە، تۆ کوڕی جومانایت وایە؟

- چۆن بەوەت زانی!

- زۆر لە دایکت دەچیت.

- دایکم دەناسیت؟

- من و شازادە جومانا هاوڕێ بووین.

- دایکم شازادە بووە؟

وەڵامی نەدایەوە، بیرەنگییەکە باڵی کێشا و پاشان منداڵەکە کەوتە گومانەوە لە دەنگەکە و لەو زانیارییانەی کە پێیدا، وەک ئەوەی بڵێیت لەگەڵ یەکێک لە درەختە بەرزەکاندا قسەی کردبێت، پاشان دەنگەکە دووبارە گەڕایەوە.

- چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟

- دەگەڕام بەدوای بەحردا، گەیشتمە ئێرە.

- دایکت داوای لێکردیت بگەڕێیت بەدواییدا؟

- بەڵێ، داوای لێ کردم.

-بگەڕێوە و پێی بڵێ هەرگیز بەدوای هاوسەرەکەیدا نەگەڕێت.

لێرە و لەو کاتەدا، دەنگێک لە دواوە هات و گوتی ئەوە چی دەکەیت لێرە مێرووی بچووک؟ دڵخۆش بوو بە بینینی ئەیوب، بە جۆرێک بەبێ ئاگای خۆی هەڵبەزییەوە لە خۆشیاندا تاکوو لە ئامێزی بگرێت.

- ئایا لەگەڵ کەسێکدا قسەت دەکرد؟

- قسەم لەگەڵ تارادا دەکرد، دەستی بۆ دارستانەکە ڕاکێشا.

- ئەم دارستانە چۆڵ کراوە، کەسی تێدا ناژیت.

- بەڵام من دڵنیام کە گوێبیستی دەنگ بووم.

ئەیوب پێی گوت کە ئەم ناوچەیە ناوی دارستانی تاریکییە و چۆڵ کراوە لە ماوەیەکی زۆر پێش ئێستاوە، کەس بە سەلامەتی لێی دەرنەچووە و کەسیش نازانێت چی لە ناوێدایە. لەو کاتەدا کە منداڵەکە پرسیاری ئەوەی کرد بۆچی ئەو دارستانە بەو ناوەناوەراوە.

- لەبەر ئەوەی تەواوی کاتەکە تاریکە، تەنانەت ڕووناکی خۆرپشی پێ ناگات، درەختەکانی بەرز و چڕن، پاشان داوای لێ کرد کە بڕوات لێرە: بەڵام نەیزانی چی ئەوی هێناوەتە دەرەوە لەماڵ.

قسەکەی دایکی بیر هاتەوە و گوتی:

- بۆ گەڕان بەدوای بەحردا.

پاشان وتی:

- دەزانیت لە کوێ بیدۆزمەوە؟

– نەخێر، نەخێر، نەخێر، من شوێنی باوکت نازانم، ماوەیەکی زۆر دەبێت نەمدیوە...

لەبەر ئەوەی زۆر وشەی نەفیکردنی بەکارهێنا، مانای ئەوە بوو کە درۆ دەکات.

– تۆ ڕاستییەکە ناڵییت، ئێستا پێم بڵێ لە کوێ بیدۆزمەوە!

– گوتم کە نازانم.

دووبارە بە شێوەی هەڕەشەئامێز گوتی:

– دایکت پێی نەگوتیت کە درۆزنەکان دەچنە کوێ ئەو کاتەی دەمرن؟

ئەیوب کەمێک بێدەنگ بوو دواتر بیری منداڵی کەوتەوە کە وەکوو کەلوپەل لە بازاڕی کەنیزەک و کۆیلەکاندا کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرا... جگە لەوە هیچی تری دەربارەی خێزان نەدەزانی، جگە لە ڕابردووە تاڵەکەی:

– نا پێی نەگوتووم.

– دەبوو پێی بگوتبایتایە، درۆزنەکان دەچنە دۆزەخەوە ئەیوب، بۆ دۆزەخ، تێدەگەیت؟

ئەیوب پێکەنی، تەماشای تووڕەبوونی منداڵەکەی دەکرد.

– پرسیارەکەم دووبارە دەکەمەوە، دەمەوێت ڕاستگۆ بیت لەگەڵمدا ئەمجارە، تێگەیشتیت؟

ئەیوب سەری لەقاند بە مانای ڕازیبوون، بەڵام ڕووخساری ناڕازی بوو:

– بۆ ناڵێیت ڕێککەوتین؟

– ڕێککەوتین، ڕێککەوتین.

پرسیارەکەی دووبارە کردەوە:

- دەزانیت لە کوێ بەحر بدۆزمەوە؟

ئەیوب سوور دەیزانی چەندە مەترسییەکی گەورەیە ئەگەر شوێنی باوکی پێ بڵێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەتوانی ڕاستییەکە بشارێتەوە، چونکە منداڵەکە ڕاستەوخۆ کاریگەریی خستبووە سەر میشکی تاکوو ڕاستییەکەی پێ بڵێت و گوتی:

- دوام بکەوە دەتبەم بۆ جێگەکەی...

**

دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆریان بڕی بە پێ، لە کۆتاییدا ئەیوب وەستا لە یەکێک لە شوێنە بەرزەکاندا کە تێیدا درەختەکان هەمووی شکابوون و جێیەکە سەوز بوو، بە پەنجە گەورەکانی دەستی بۆ خانووە بچووکەکە ڕاکێشا، کە لە نزیکی یەکێک لە دەریاچەکان بوو.

- لەوێ دەیدۆزیتەوە.

پاشان گوتی:

- بەڵام بەر لەوەی بڕۆیتە ئەوێ دەبێت لە هەندیک شت ئاگادارت بکەمەوە.

- لە چی؟

- ئەو ئافرەتەی کە دەرگاکەت لێ دەکاتەوە.

- ئەوەی دەرگاکە دەکاتەوە؟

- ناوی ئایارە.

پاشان گوتی:

- داوای لێ بکه کاتی گەڕانەوەی بەحرت پێ بڵێت، بەڵام ئاگادار بە، پێی نەڵێیت کە ئەو باوکتە، تێگەیشتیت؟

- دەی چی پێ بڵێم؟

- نازانم... هەر شتێک بێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە پێی مەڵێ کە ئەو باوکی تۆیە.

پاشان گوتی:

- دەبێت وەڵامی هیچ پرسیارێکی تری نەدەیتەوە کە لێت دەکات.

- بۆچی؟

- بەسە واز لەم هەموو پرسیارە بهێنە، ئەوە ئەنجام بدە کە پێم گوتیت!

منداڵەکە بەرەو ماڵەکە چوو کە ئەیوب پشانی دابوو، ماڵێکی بچووک بوو لە قوڕ و دار دروست کرابوو، لە دوورەوە بێدەنگ دیار بوو، پێنەدەچوو کەسی تێدا بژی، بۆیە ئاوڕی دایەوە بۆ لای ئەیوب و گوتی:

- تۆ دڵنیایت لەوەی کە بەحر لێرەدا دەژی؟

بەڵام ئەیوب لە جێی خۆی نەمابوو، ون بووبوو:

- ئەیوب تۆ لە کوێیت؟

لەو کاتەدا وەڵامی دەست نەکەوت، بۆ کوێ چوو؟

- دەنگت نزم بکەرەوە بێزارکەر.

ئەیوب پێی گوت، خۆی لە پشتی درەختەکانەوە شاردبۆیەوە.

- لێرە دەبم تا ئەو کاتەی لە دەرگاکە دەدەیت و دەیکەنەوە و باوکت دەدۆزیتەوە...

- بۆ خۆت دەشاریتەوە؟

ئەیوب دەیویست هۆکارەکان ڕوون بکاتەوە. بەڵام دەیزانی منداڵەکە لەو شتانە تێناگات:

- لە دەرگاکە بدە، لە بیرت نەچێت ئەو شتانەی ئاگادارم کردیتەوە لێی!

- چ شتێک؟

دووبارەی کردەوە:

- پێی مەڵێ کە بەحر باوکتە، وەڵامی هیچ پرسیارێکی تری مەدەرەوە...

لە دەرگای ماڵەکەی دا چەند جارێک، بەڵام وەڵام نەدرایەوە، بۆیە بڕیاری دا بکشێتەوە. بەڵام لەو کاتەدا گوێی لە دەنگی تەپەی پێ بوو کە لە دەرگاکە نزیک دەبۆیەوە. ئافرەتێکی ڕەشپێستی ناسک دەرگاکەی کردەوە، کە کراسێکی کورتی لە بەردا بوو بە جۆرێک زۆربەی شوێنە هەستبزوێنەکانی دەرکەوتبوو.

- ئایا بەحر لێرە دەژی؟

سەرنجی چاوی لە ژوورەوە بوو:

- بەڵێ، بەڵام ئێستا لێرە نییە.

پاشان گوتی:

تۆ کێیت؟

منداڵەکە دەیویست درۆ بکات بەڵام نەیدەتوانی:

- بەحر... ئەوە... باوکمە.

ئایار ڕوخساری گۆڕا.

- تۆ کوڕی ئەو دووپشکە جنەیت؟

منـداڵەکە هـیچ لەو قسـانە تێنەگەیشـت کە گـوتی منـداڵی ئەو دووپشکە جنەیت، بۆیە قسەکەی فەرامۆش کرد و گوتی:

- دەمەوێت قسە لەگەڵ بەحردا بکەم دەربارەی شتێکی گرنگ، ئایا ئەو لێرەیە؟

- ئێستا لێرە نییە.

پاشان بۆ ئەوەی قسەکەی بگۆڕێ گوتی:

- بەڵام دەتوانم پێی بڵێم چیت دەوێت کە هاتەوە.

ئەمەش یەکێک بوو لە فێڵەکانی:

- پێی بڵێ دایکم دەیەوێت جارێکی تر چاوی پێی بکەوێت...

بـرۆی بەرز کـردەوە و وەک ئەوەی نەیبیـنیەکـی گەورەی زانیبێت گوتی:

- ئایا لە ڕابردوودا باوکت هاتووە سەردانتان بکات ؟

- بەڵێ، دوو جار سەردانی کردووین.

تووشی شۆک بوو کە زانی بەحر سەردانی خێزانەکەی کردووە و گوتی:

- دەی چۆن زانیت لێرە دەژی، ئایا کەسێک پێی گوتوویت؟

- ئەیوب پێی گوتم!

- ئەیوب پێی گوتوویت؟

پاشان به سەرسامییەوە پرسی:

- لە کوێیە؟

دەستی بۆ درەختەکە ڕاکێشا کە خۆی لە پشتەوە شاردبووەوە...

کە زانی ئەیوب لە پشتی درەختەکە خۆی شاردۆتەوە، چووە ژوورەوە شتێکی خوارد کە لەنێو دەستیدا بوو، بەڵام منداڵەکە نەیزانی چییە، چونکە شتەکە لە پەڕۆیەکدا پێچرابوو، لە پشتییەوە شاردبۆیەوە..سەرنجی درەختەکەی دەدا بەڵام هیچی نەدیت، دواتر لای کردەوە بە لایەکەی تردا کەسی نەدی:

- کەس لەوێ نییە، تۆ درۆ دەکەیت؟

- من درۆ ناکەم..

ئایار ون بوو لە جێی خۆی بەهۆی کاریگەری ئەو جادووەوە کە کردی، بەڵام هەر زوو بە زوو دەرکەوتەوە و لە کوڕەکە نزیک بۆیەوە، ئارەقەی ڕەش بە دەموچاویدا دەهاتە خوارەوە بەهۆی تووڕەییە زۆرەکەیەوە. خەنجەرێکی تیژی دەرهێنا لەسەر ملی داینا و بە دەستەکەی تری یەخەی منداڵەکەی گرتبوو:

- دەتکوژم ئەگەر ناوی ئەو کەسەم پێ نەڵێیت کە تۆی هێناوە بۆ ئەم ماڵە.

- من درۆ ناکەم، ئەیوب بوو!

خەنجەرەکەی توند کرد لەسەر قورگی (درۆ مەکە) دووبارەی کردەوە، پاشان زمانە درێژەکەی دەرهێنا بەو جۆرە تامی قسەکانی دەکرد بەوەی کە دەیزانی درۆ دەکات منداڵەکە یاخود نا، منداڵەکە ڕوومەتی سڕی بە دەستی و بە ترسەوە گوتی:

- باوەڕم پێ بکە.

منداڵەکە لە دەستی فرتەی کرد، بەر لەوەی بێتەوە ماڵەوە و دەرگاکەی بەسەردا دابخات گوتی:

- باشترە جارێکی تر نەتبینمەوە.

دوای ئەوەی چووە ناندینەکەی، دەرگای پلیکانەیەکی بچووکی کردەوە، لە ناوێدا دوو قوتووی بچووکی هەبوو کە وێنەی کەللەسەری پێوە بوو، لە خوارەوە نوسرابوو ژەهر، دەری هێنا و کردییە نێو پەرداخێک ئاوەوە کە ڕەنگی پەرداخەکە قاوەیی بوو، لەگەڵ قاپێک لە خواردن بە ڕەنگی سپی...

**

ئەیوب هەڵەیەکی زۆر زۆر گەورەی کرد بەوەی خانووەکەی پیشانی منداڵەکە دا، بەڵام لەبەر ئەوەی لەژێر کاریگەریی شتێکدا بوو نەیدەتوانی درۆ بکات و ڕاستییەکە بشارێتەوە. ئەوەش وای کرد هەست بە ترسێکی زۆر بکات، لەبەر ئەوەی ئایا دوای ئەوەی بەوە بزانێت، ئەوا بەوەش دەزانێت کە بەحر چووە بۆ سەردانی خێزانەکەی و جومانا دەیەوێت ڕاستییەکە بزانێت.

دوای ئەوەی ئەیوب منداڵەکەی گەیاندەوە ماڵەوە، بە ئاگادارییەوە تێبینیی پەرداخێک ئاوی قاوەیی و قاپێک خواردنی سپی کرد:

- ئەوە هی کێیە ئەو قاپە خواردنە؟

بە گومانەوە پرسیاری کرد.

منداڵەکە لەبەر ئەوەی هەموو ڕۆژ قاپی خواردنی لە دراوسێکان وەردەگرت وتی: پێدەچێت یەکێک لە دراوسێکانی دایکم بەجێیان هێشتبێت، وەکوو هەمیشە خواردنی لێیە، پاشان ئەیوب سەری لەقاند

و دوورکەوتەوە، لەبەر ئەوەی باوەڕی وانەبوو بەو زووییە ئایار حووکمی لە سێدارەدان جێبەجێ بکات!

منداڵەکە بە قاچی دەرگاکەی کردەوە، بەرەو ناندینەکە دەچوو، قاپەکەشی بە دەستەوە بوو، لەوێدا داینا پاشان چووە لای دایکی تاکوو هەواڵەکەی پێ ڕابگەیەنێت و هەموو شتەکانی بۆ بگێڕێتەوە کە لەو خوولەکەی لە ماڵ دەرچووە تاکوو ئەو خوولەکەی گەڕاوەتەوە هەمووی بۆ باس بکات، بەڵام تەنیا ئەوەی لە بیر کرد کە لەنێوان خۆی و تارادا ڕوویدابوو...

جومانا هەستی بە ئیرەییەکی زۆر دەکرد، لە هەموو کاتێکی تر زیاتر دڵنیا بۆیەوە لەوەی کە ئەو ئافرەتەی لەگەڵ مێردەکەیدا دەژی، ناوی ئایارە. بۆیە لێی پرسی:

- باسی ئەو ئافرەتەم بۆ بکە.

- تەواوی کاتەکە تووڕە بوو!

- دەمەوێت بزانم من جوانترم یاخود ئەو؟

- تۆ، لەبەر ئەوەی تووڕە نابیت وەکوو ئەو.

- من باسی ئەوە ناکەم، پێم بڵێ من جوانترم یاخود ئەو.

- تۆ، لەبەر ئەوەی دەرگاکەم بە ڕوودا داناخەیت.

لێرەدا یەخەی کوڕەکەی گرت و هەڵی دایە دەرەوە، زلەیەکی لە کوڕەکەی دا و خوێن لە دەمی هاتە دەرەوە.

- بۆچی وەها لە من دەکەیت؟

وەڵامی نەدایەوە، وەک ئەوەی ئایار کردی دەرگای ماڵەکەی داخست:

- ئێستا من و ئەو یەکسانین.

جومانا لەودیوی دەرگاکەوە گوتی، پاشان پرسی:

- من جوانترم یاخود ئەو ئافرەتە؟

دەنگی گریانی دەهات و گوتی:

- لێت تووڕە بووم و وەکوو ئەو دەرگاکەم بە ڕووتدا داخست، هەر وەک ئەوەی ئایار کردی، ئێستا پێم بڵێ من جوانترم یاخود ئەو؟

- من خۆشم ناوێیت.

ئەوە ئەو وشەیە بوو کە کوڕەکەی گوتی، وەک ئەوەی دایکی بە ئاگا بێنێتەوە. دایکی مەبەستی ئەوە نەبوو، دەرگاکەی کردەوە و سەری بردە دەرەوە:

- گوتت چی؟

- بۆچی وام لێدەکەیت، من ڕقم لێتە.

پاشان ڕایکرد بەبێ ئەوەی ئاوڕی لێ بداتەوە.

- تکایە مەڕۆ.

دەرگاکەی کردەوە، بەڵام لە دواوە دەنگی کەسێک هات.

- کەسێک گوتی:

- جومانا!

جومانا دڵی داکەوت بەو دەنگە، چونکە لە دەنگی مار دەچوو. بۆ دواوە کشایەوە و هەستی دەکرد کە شتێکی ترسناک هەیە، لەو کاتەدا گوتی:

- تۆ؟

- شتێکی ترسناک هەیە هاتووم پێت بڵێم.

٨

جومانـا پێـی وابـوو کـوڕەکەی هەرچەنـدە لێـی زوێـر بیـت، هەر دەگەڕێتەوە لای بەر لە خۆرئاوا بوون. بەڵام خۆر ئاوا بووبوو، زیاد لە پێنج کاتژمێر دەبوو نەگەڕابۆیەوە، بۆیە هەستی بە نیگەرانیی زۆر دەکرد، هەستی دەکرد بەرە بەرە کوێر دەبێت. ئایا بابەتەکە ئەوەندەی دەهێنـا کـوڕەکەی دەربکـات بەو جـۆرە؟ وەڵامـی ئەو پرسـیارانەی لا نەبـوو کە لە مێشکیدا دەخـولانەوە، تەنیـا یەک شتی دەزانـی، ئەویش ئەوە بوو کە هەستی بە ئیرەیی دەکرد...

لەو کاتەدا کە دەگریا و هەستی بە پەشیمانی دەکرد ئاگادار نەبوو، کە دەرگاکە کرایەوە. زانی کەسێک هاتە ژوورەوە دەستی خستە سەر قژە ڕەساسییە نەرمەکەی:

- مەگری.

سەری بەرز کردەوە بە پەشیمانییەوە:

- ببوورە مەبەستم ئەوە نەبوو کە...

دەمی داخست، فرمێسک و گریان و دڵتەنگی لە ناخیدا بوو.

- تۆ لە ئەو جوانتریت.

منداڵەکە پێی گوت:

- تۆ جوانترین دایکی دونیایت.

- چی بکەم تاکوو لێم خۆش بیت؟

به پێکەنینەوە گوتی: چیرۆک، دەستی بۆ دایکی درێژ کرد تاکوو هەستێتەوە سەرپێ:

- ڕێککەوتین؟

- ڕێککەوتین، دەستی کوڕەکەی گرت هەستایەوە.

بەڵام بەر لەوەی بچێت بۆ ژووری نوستنەکەی، کوڕەکە وەستا لە جێی خۆیدا و گوتی:

- شتێکی تر هەیە دەمەوێت دایکە.

- هەر شتێک لەبەر تۆ بێت.

- دەمەوێت لە بیری بکەیت.

پاشان بە دەنگێکی جیددییەوە گوتی:

- مەبەستم بەحرە.

دانیشت لەسەر ئەژنۆ و گوتی:

- باوکت لە مەترسیدایە و پێویستی بە یارمەتیدانی ئێمەیە.

- چ مەترسییەک؟

- نازانم.

بە دوودڵییەوە گوتی.

لەگەڵ ئەوەی باوکی خۆشدەویست، بەڵام نەیدەویست هیوای شەڕی بۆ بخوازێت.

- با بڕۆین بۆ لای و بزانین کێشەی چییە.

- کات درەنگی کردووە. ئەمشەو دەنووین و سبەی دەچینە لای، ڕێککەوتین؟

- ڕێککەوتین.

جومانا لەو کاتەدا هەستی بە لاوازی دەکرد، زیاد لە هەموو کاتێکی تر، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک ڕووداوی پەرت لە میشکیدا دەهاتن و دەچوون، نەیدەزانی چی ڕوو دەدات، ئایا دەتوانێت بەردەوام بێت یاخود نهێنییەکان زیاتر لەنێو ناخیدا حەشار دەدات، هەستی دەکرد لەنێو گەردونێکی تاریکدایە کە هیچ ڕووناکییەک و نیشانەیەکی ڕێگای ڕاستی تێدا نییە، تەماشای کوڕەکەی کرد و گوتی:

- کەمێک ئاوم بۆ بهێنە و منیش چیرۆکێکت بۆ دەگێڕمەوە.

چووە ناندینەکە و ئەو پەرداخەی هەڵگرت کە ئایاری جادووگەر پڕی کردبوو لە ژەهر و پاشان هاتەوە، نەیدەزانی ئەوە کۆتا پەرداخە ئاوی ئەوە.

**

دوای ئەوەی ئاوەکەی دا بە دایکی، بە سادەیی لێی پرسی:

- کەمێکی تریشت بۆ بهێنم؟

دەمی بە دەستی سڕی و گوتی:

- نا ئەوەندە بەسە.

دواتر کاتی خەوتن نزیک بۆیەوە و گوتی:

- ئایا ئامادەیت بۆ ئەوەی گوێبیستی چیرۆکێک بیت.

- نا، تاکوو دەچم تەواوی چراکان دەکوژێنمەوە و دەرگا و پەنجەرەکان بە تەواوی دادەدەخەم.

بەڵام لەو کاتەدا جومانا هەستی بە سەرسوڕان دەکرد، بۆیە بە منداڵەکەی گوت:

- زوو بگەڕێرەوە.

لەو کـاتەدا کە گەڕایەوە دیتـی کە دایکـی دەسـتی بە سـکییەوە گرتووە، ئازاری زۆرە، بۆیە گوتی.

- چیتە ئایا هەست بە ماندوویەتی دەکەیت؟

لەبەر ئەوەی نەیدەویست کوڕەکەی نیگەرانی ببێت، بۆیە دەسـتی لە سکی دوورخستەوە، دانیشت و پاڵی دایەوە بە دیوارە قوڕینەکەوە کە ئەو کاتەی تازە لەدایک بووبوو بە هەمان شێوە کردبوویە باوەش، زەردەخەنەیەکی درۆینەی لەسەر زاری دروست کرد و گوتی:

- خەمـت نەبێت مـن باشـم، تـۆ ئامادەیـت چیـرۆکەکەت بـۆ بـاس بکەم؟

لە پاڵ دایکیدا پاڵکەوت و بە پەرۆشییەوە گوتی:

- زۆر بەپەرۆش و ئامادەم.

جومانـا دەسـتی کـرد بە چیـرۆکەکەی... دەگێـڕنەوە سـەردەمانێکی زۆر کۆن... کـۆن منداڵێک هەبـوو لەگەڵ دایکیدا، دایکی زۆری خـۆش دەویست، هەردووکیان لە کوخێکی دووردا دەژیان، ڕۆژێکیان دایکەکە لە لای کـوڕەکەی ڕۆیشـت، نەێنییەکـی گەورەی بـۆ بەجـێ هێشـت کە زۆر زۆر مەترسیدار بوو...

- بۆچی دایکەکە منداڵەکەی بەجێ هێشت؟

- لە لای هاوڕێکەی نەێنییەکی گەورەی بۆ بەجێهێشت.

- بەرە بەرە کاریگەریی ژەهرەکە دەردەکەوت.

- تۆ دەزانیت، دەستی خستە نێوچەوانی دایکی، تات لێهاتووە.

دەستی لەسەر نێوچەوانی لابرد:

- گوێی پێ مەدە... سـەیری چـاوم بکە بـا چیـرۆکەکەت بـۆ تەواو بکەم.

تەماشای چاوی دەکرد:

مـاوەیەکی زۆر لەمەوپـێش، زۆر زۆر کـۆن... منـداڵێکی بچـووک هەبوو. بێدەنگ بوو.

- تەواوی کە، بۆ بێدەنگ بوویت؟

به هێواشی هەوڵی دەدا وردەکاریی چیرۆکەکەی بیر بێتەوە:

- منداڵێکی بچووک هەبوو.. دایکی خۆشدەویست، زۆر زۆر... لە کوخێکی زۆر دووردا دەژیان، دواتر ڕۆژێک هات و دایکەکە ڕۆیشت.

دووڵ بوو لە قسەکەی وەک ئەوەی ئەو بڕگەیەی لەبیر کردبێت، جومانا سەری لەقاند:

- دایکەکە ڕۆیشت لە لای کوڕە بچووکەکەی، ئەی دواتر؟

- ئا، بەڵێ بیرم هاتەوە... دایکەکە ڕۆیشت لای کوڕە بچووکەکەی، لای هاوڕێکەی نەێنییەکی زۆر زۆر ترسناکی بەجێهێشت.

دڵی داخورپا بۆیە گوتی:

- هەرگیز ئەم چیرۆکە لەبیر مەکە، باشە بچکۆلەکەم؟

بە ترسەوە گوتی:

- لەبیری ناکەم.

دواتر لەبەر ئەوەی جومانا ڕستەی کۆتایی نەگوت کە منداڵەکە تێبگات ئەوە کۆتایی چیرۆکەکەیە، بۆیە گوتی:

- کاتی خەوتنە.

- چیرۆکەکە کۆتایی هات؟

- نەخێر، تەواو نەبووە.

- کەواتە بەردەوام بە.

- ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆت ئەو چیرۆکە تەواو دەکەیت...

منداڵەکە لەو قسانە تێنەدەگەیشت، بەڵام بە دووڵییەوە گوتی:

- خۆت لەمە زیاتر ماندوو مەکە، ئێستا بنوو!

ڕاست بوو ناوسکی ئازاری هەبوو، هەستی دەکرد چەقۆی تیژ دەچەقێت بە دیواری گەدەیدا، بەڵام خۆی بە باشی پیشان دەدا، لەبەر ئەوەی کوڕەکەی نەزانێت پاڵی دابۆوە بە دیوارە قوڕینەکەوە:

- ئایا بەحرت خۆش دەوێت دایکە؟

پرسیارەکەی سەیر بوو!

- نەخێر، نەخێر خۆشم ناوێت!

به دوودڵییەوە گوتی، پاشان خۆی خزاندە نێو جێگەکەی، ڕۆیشت تاکوو سەرینەکە بخاتە ژێر سەرییەوە، بەڵام بەبێ مەبەست، سەرینە سپییەکەی هێنا کە بۆنی باوکی لێ دەهات، خستییە ژێر سەری دایکییەوە، لووتی پێدا چەقاندبوو، بۆنی دەکرد، بۆنی هاوسەرەکەی لێ دەهات، وەک بڵێیت خەیاڵی ئەوەی دەکرد لە ئامێزی هاوسەرەکەیدا بێت.

- ئەوە هاتیت بەحر، زۆر بیرم دەکردی، ئێستا منداڵەکە پرسیاری ئەوەی لێ دەکردم ئایا خۆشم دەوێیت یاخود نا، منیش پێم گوت: "نەخێر"، لە کاتێکدا مەبەستم بەڵێ بووە، هەزار جار بەڵێ.

**

دوای ئەوەی لە خەونەکەی بە ئاگا هاتەوە، بینی دایکی هێشتا لەنێو جێگاکەیەتی، نەیویست بە ئاگای بهێنێتەوە، بۆیە بڕیاری دا بە هێواشی هەستێت، نزیک دەبۆیەوە لە خۆرئاوا بوون، بەڵام جومانا هێشتا لەنێو جێگاکەیدا بوو:

-دایکە؟

دوای ئەوەی وەڵامی نەدایەوە کە بانگی کرد، تەماشای ڕووخساری دایکی کرد شتێکی سەیری تێدا بەدی کرد، ڕەنگی شین هەڵگەڕابوو، بە هەمان شێوە سەرنجی دا کەف لە دەمی دایکی هاتبۆیە دەرەوە، دوای ئەوە سەری نوساند بە سنگی دایکییەوە، گوێی لە دەنگی دڵی دایکی نەبوو... هەستی بە ترس کرد و گوتی:

- دەچم حەکیمەکە دەهێنم!

٩

ئەو شەوە باران بە لێزمە دەبارى، وەک ئەوەی کەسێک دەرگای تەواوی ئاسمانی بە یەک جار کردبێتەوە، جەستەی منداڵەکە لە بەر بارانەکە بە تەواوی تەڕ بووبوو، لەو ماوەیەدا لەنێو خەڵکدا ئەوە بڵاو بووبۆیەوە کە دێو لە شەوانی باراندا دێتە دەرەوە و نێچیرەکەی ڕاو دەکات، بەڵام منداڵەکە هێشتا خۆی نەشاردەوە، بەڵکوو بە هەموو هێزێکی ڕای دەکرد تاکوو بگاتە لای حەکیمەکە.

لەو کاتە کە ڕایدەکرد، دەنگی هەورەگرمە دەهات، لەبەر ئەوە لە دڵەوە زۆر دەترسا و چاوی توند داخست لە ترساندا، بەڵام نەوەستا لە ڕاکردن لەژێر بارانەکەدا، دواتر نەیدەتوانی ببینێت، بۆیە قاچی لە بەردێک هەڵکەوت لەسەر زەویەکە، کە هەستایەوە هەستی بە لاوازیی جەستەی دەکرد، لەبەر سەرما و برسییەتی و بارانەکە بۆ ساتێک لە هۆش خۆی چوو...

دوای ماوەیەکەی کورت:

هەستایەوە لە هۆشچوونەکەی، دەترسا لەبەر دەنگی ئەو هەورەگرمەیەی کە بە شێوەیەکی ترسناک دەهات. پیویستی بە هەندێک کات بوو تاکوو بیری بکەوێتەوە بۆچی هاتووە، خۆی لە دەرەوی ماڵەکەیان دۆزیەوە، هەموو لەشی لە قوڕدا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا باران بە لێزمە بە سەریدا دەباری:

- حەکیم!

بیری کەوتەوە.

دوای ماوەیەکی زۆر لە هەوڵدان، هەستایەوە سەرپێ و دوو هەنگاو نەڕۆیشت و گوێی لە دەنگی تەپەی پێ بوو کە لێی نزیک دەبووەوە، هاواری کرد و پرسی:

- کێ لەوێیە؟

باران هێشتا بە لێزمە دەباری و وەک ئەوەی بیەوێت وانەیەک بە خەڵکەکە بدات کە لەبیری نەکەن، ئەو شەوە لەبەر ئەوەی زۆر تاریک بوو، تەواوی ڕووناکی و چراکان کوژابوونەوە، زستانێکی سارد و ترسناک بوو، پرسیارەکەی دووبارە کردەوە:

- کێ لەوێیە؟

ئەمجارەش کەس وەڵامی نەدایەوە، بەڵام دەنگی تەپەی پێ دەهات و سێبەرەکەش زیاتر نزیک دەبۆیەوە. دواتر دووبارە هەورەگرمەیەک ئاسمانی گرتەوە، چوار گورگ هاتنە بەردەمی، یەکێکیان هەنگاوێک هاتە پێشەوە.

- ئەم مرۆڤە منداڵە گۆشتی زۆر پێوە نییە هاوڕێیان.

یەکێک لە گورگەکان بە هاوڕێکانی تری گوت:

- بەڵام لە هیچ باشترە، ئەی وانییە؟

یەکێک لە گورگەکان قسەی گەورەکەی پشتڕاست کردەوە:

- بۆ نا.

ئەوەی سەیر بوو کە ئەو منداڵە دەیتوانی لە زمانی ئەو ئاژەڵە ترسناکە تێبگات، دێڕ بە دێڕ، خۆشی باوەڕی بەوە نەدەکرد، هەستی دەکرد ئەوە تەنیا ئەندێشەیەکە و هیچی تر.

لەگەڵ ئەوەشدا منداڵەکە دەیزانی کە دەبێتە ژەمی داهاتوویان. هەستی بە ترس نەدەکرد، بەڵکوو هەستی بە تووڕەیی دەکرد.

به جۆرێک تووڕه بوو کاتی نەبوو بۆ مردن، هەستی دەکرد دەبێتە ناپاکی بۆ دایکی ئەگەر ئێستا بمرێت بەر لەوەی یارمەتییەکەی پێ بگەیەنێت، دەبوو حەکیمەکە بگەیەنێت بە دایکی بە هەر نرخێک بێت، تاکێک لە نەعلەکانی داکەند و سەری بەرز کردەوە، لەو کاتەدا ڕەنگی چاوی گۆڕا بۆ ڕەنگی سوور، پاشان بازی هەڵدا بە هەوادا بەرەو گورگەکە، لە دواییدا گورگە گەورەکەش بازیدا لە لایەکەی تر‌ەوە، هەردووکیان لە هەوادا بەر یەکتر کەوتن و شتێک ڕوویدا کە چاو وێنای نەدەکرد.

***

بەر لەوەی ئەو دووانە بە هەوادا باز بدەن، تیرێک لە لایەکەوە هات لەنێوان دڵۆپەکانی بارانا و زرمەی لە گورگە گەورەکە هەستاند، بۆیە ڕاستەوخۆ یەکێکیان گوتی:

- بە نەفرەت بیت، ڕاکەن هاوڕێیان.

یەکێک لە گورگەکان وای گوت و ئەوانی تریش بە دوای ئەوەدا ڕایان کرد کە ملی بریندار بووبوو، وتیان:

- خۆتان ڕزگار بکەن.

منداڵەکە لە جێی خۆی وەستابوو، سەرسام بوو بەوەی کە لەژێر بارانەکەدا ڕوویدابوو، کەسێک لێی نزیک بۆیەوە کە شتێکی دریژی پێ بوو، کە بەرزییەکەی نزیکەی شەش پێ دەبوو.

- چەندە بوێریت هەی مێروە بچووکە بیزارکەرەکە!

منداڵەکە ڕاچڵەکی گوتی:

- ئەیوب! چۆنت زانی کە لێرەم؟

ئەیوب تەواوی کاتەکە پاسەوانی ماڵەکەیانی دەکرد، لەوە دەترسا کە رێکخراوی جاسوم هێرش بکاتە سەر ماڵەکە. لەو کاتەدا ئەوەی بینی کە منداڵەکە لە ماڵەکە هاتووەتە دەرەوە و چ گەمژەیەتییەکی ئەنجام داوە.

- ئاسمان پێی گوتم کە تۆ لێرەیت.

پاشان گوتی:

- بەڵام پێی نەگوتم کە بەنیازیت بۆ کوێ بچیت لە شەوێکی ترسناکی وەکوو ئەمشەودا؟

- دایکم نەخۆشە، بۆ وەرگرتنی یارمەتی هاتووم.

بە گرنگییەوە پرسیاری کرد و دەترسا:

- چی ڕوویداوە؟

- کاتی ڕوونکردنەوەم نییە، بەڵام دەمەوێت یارمەتی لە حەکیمەکە وەربگرم.

**

لە سووچێکی ڕێگەکەدا ماڵێکی بچووک هەبوو، بە سەختی بەرگری لە بارانەکە دەکرد... لەو کاتەدا ئەیوب دەستی بۆ ماڵەکە ڕاکێشا و گوتی:

- ئەوە ماڵەکەیەتی.

ڕۆیشت و لە دەرگاکەی دا، بە جۆرێک هێندەی نەمابوو بیشکێنێت:

- ئیفلیج بیت باشە، ئەوە کێیە بەم جۆرە لە دەرگا دەدات؟

دەنگەکە لە ژوورەوە دەهات.

- ئایا ئەمە مالی حەکیمە؟

کەسێک دەرگاکەی کردەوە، پیاوێکی بالابەرز بوو، تەمەنی لە کۆتایی چلەکاندا بوو، جلێکی لە بەردا بوو تا کۆتایی قاچی، قامیشێکی شەکری بە دەستەوە بوو قاوەیی بووبوویەوە وەک ئەوەی ئاو نەبێ بیشوات. بە هەمان شێوە ڕیش و سمێڵێکی درێژی هەبوو.

- بەڵێ، ئەمە مالی حەکیمە.

- تۆ حەکیمەکەیت وایە؟

- نا ژنەکەیم!

پاشان گوتی:

- ئایا دەتەوێت کاتم بەفیڕۆ بدەیت لەبەر ئەمە؟

لەو کاتەدا کراسێکی درێژی ڕەنگ سەوزی لە بەردا بوو، پەرتووکێکی بە دەستی چەپەوە گرتبوو کە تێیدا ناوی ئەلتەرجومانی لەسەر نوسرابوو، لە دەستی ڕاستیشی چرایەکی بە دەستەوە بوو، گوتی:

چراکەی لە دەموچاوی کوڕەکە نزیک کردەوە و پرسی:

- تۆ کێیت؟ منداڵێکی وەک تۆ چی دەکات لێرە بەم کاتە ناوەختە؟

- دەمەوێت بتبەم چاوت بە دایکم بکەوێت، نەخۆشە!

- وەرە ژوورەوە تاوەکوو کەمێک کەشەکە هێور دەبێتەوە، دواتر دەچین بۆ لای.

پاشان گوتی:

ئەم ڕۆژانە ئاسمان دایکەکان دەبات، ئەمە چ دایکێکە لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا تۆی ناردۆتە دەرەوە؟

- بەو جۆرە باسی دایکم مەکە.

حەکیمەکە دەیزانی ئازاری منداڵەکەی داوە بە قسەکانی، گوتی:

- ببووورە مەبەستم ئەوە نەبوو، وەرە ژوورەوە تاکوو کەمێک بارانەکە خۆش دەکاتەوە.

- ئەو ڕێگام نادات.

وەک ئەوەی داوای لێبوردن بکات و گوتی:

- هاتووم بۆ ئێرە، ئەو خەوتووە.

پاشان بۆ ئەوەی ڕازی بکات بە ڕۆیشتن، بارودۆخەکەی دایکی بۆ باس کرد و باسی ئەوەی کرد کە چاوی شین بووەتەوە و گۆڕاوە، دوای ئەوەی کە تەواو بوو حەکیمەکە لەوە دڵنیا بووەوە کە دایکی ئەم منداڵە نەخۆش نیە، بەڵکوو مردووە... بۆیە پەرتووکەکەی هەڵگرت و گوتی:

- باشە با برۆین، بمبەرە لای.

**

هەردووکیان دەڕۆیشتن بەرەو ماڵەکە، لەو کاتەدا حەکیمەکە گوتی:

- ئای ئاسمان، نەمدەزانی لەنێو لادێکەماندا گۆرێلا دەژی!

ئەیوب بە ناڕازییەوە گوتی:

- من گۆرێلا نیم!

حەکیمەکە گوتی:

- ئەوە قسەش دەکات!

پاشان منداڵەکە پەلی ڕاکێشا بەرەو ماڵەکە و گوتی:

- ئەوە ئەیوبە، یارمەتیدام تاکوو گەیشتمە ماڵەکەتان.

- ناویشی ئەیوبە؟

ئەیوب بە تووڕەییەوە گوتی:

- من گۆرێلا نیم.

حەکیمەکە نزیک بۆیەوە، دەیویست دڵنیا ببێتەوە:

- تەنانەت لە نزیکیشەوە لە ئەو دەچیت.

- زمانت زۆر درێژە ها جەنابی حەکیم!

- دەتەوێت شتەکانی تر ببینیت؟

ئەیوب لێی نزیک بۆیەوە و گوتی:

- ئەگەر منـداڵەکە پێویسـتی پێـت نەبـوایە، بێگومـان وانەیەکـم دادەدایت لەبیرت نەکردایە.

حەکیمەکە وەڵامی دایەوە:

- ئەگەر گۆرێلا نەبوویتایە کە شتێکی سـەیرە، ئەوا منیش پیامـدا دەکێشایت!

منداڵەکە کەوتە نێوانیانەوە:

- خێراکەن دایکم نەخۆشە!

١٠

لە یەکێک لە ڕۆژەکانی هەیینیدا، لە نیوەی شەودا، لەو کاتەدا کە لە دەرەوە باران بە لێزمە دەباری، حەکیمەکە بە داخ و پەژارەوە وەک ئەوەی بڵێیت منداڵەکە چاوەڕێی قەدەری خۆی بکات، پێی گوت:

- مردووە!

منداڵەکە نەیدەزانی واتای مردن چییە، بۆیە بە سادەیی وەڵامی دایەوە:

- مردووە؟

- دایکت لە دوێنێوە ژیانی لە دەستداوە بچکۆلە...

لەبەر ئەوەی دایکی زۆر خۆشدەویست تەنانەت لە خەونە ناخۆشەکانیشیدا بە خەیاڵیدا نەدەهات کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دایکی لەدەست بدات، هەر بۆیە قسەی حەکیمەکەی بۆ هەزم نەدەکرا، بەڵام پێی وابوو دایکی تووشی نەخۆشییەک بووە کە ناوی مردنە، لە ژوورەکە چوویە دەرەوە و کە هاتەوە لەنێو دەستیدا هەندێک پارەی ئاسنینی پێبوو، گوتی:

- بگرە.

دەستی بەرەو ڕووی حەکیمەکە گرتبوو:

- ئەوە هەموو ئەو پارەیەیە کە هەمانە.

حەکیمەکە بە سەرسامییەوە پرسی:

- دەتەوێت چی لەم هەموو پارەیە بکەم؟

- چاکی بکەرەوە.

بە پاپانەوەوە گوتی:

- لە مردن چاکی بکەرەوە.

**

حەکیمەکە هەستی دەکرد نەدەبوو هەر لە سەرەتاوە هاتبا لەگەڵ ئەو منداڵەدا، بیری لەوە دەکردەوە بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام لەو کاتەدا شتێکی زۆر ترسناکی بۆ دەرکەوت.

- باوکت لە کوێیە؟ ئایا پیاوی ماڵتان لە ماڵ نییە؟

- ئەیوب بۆ لای دەتبات.

- ئایا بە تەنیا ڕێگەم دەدەیت لەگەڵ ئەم کەسە ترسناکەدا بڕۆم؟

هاواری کرد بە ڕوویدا:

- ناتوانم ماڵەوە جێ بهێڵم، ڕەنگە دایکم بە ئاگا بێتەوە. پێویستی بە هاوکاریی من دەبێت، بەڵام دایکی بە ئاگا نەهاتەوە، دەیویست بە شێوەیەکی زانستی بۆی ڕوون بکاتەوە کە مردن واتە تەواوبوونی ژیان، بەڵام منداڵەکە لەو خەونە بە ئاگا نەدەهات...

**

ئەیوب نەیدەزانی چی ڕوویداوە، تا ئەو کاتە کە دەرگاکە کرایەوە و بەرەو ڕووی حەکیمەکە چوو:

- ئایا هەموو شتێک باشە؟ جومانا بارودۆخی باشە؟

- ئەو خانمە نەخۆش نەبوو لە سەرەتاوە، بەڵکوو مردبوو.

- بەڵام ئەو پێی گوتم کە....

قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

- ئەو مندااڵە هیچ شتێک نازانێت.

ئەو گەمژەیە پێی وایە دڵی دایکی بۆ ماوەیەک لە لێدان کەوتووە تاکوو پشوو بدات، دووبارە لێ دەداتەوە لە هەر ساتێکدا بێت.

بەو قسەکردنەی وای کرد ئەیوب دەنگ بەرز بکاتەوە:

- دەبێت ئێستا چی بکەین کەواتە؟

- دەبێـــت خێـــرا بینێـــژن، بەڵام بەرلەوە دەمەوێـــت چـــاوم بە هاوسەرەکەی بکەوێت.

هەستی بە ترس کرد، بۆیە بە گومانەوە لە حەکیمەکەی پرسی:

- دەتەوێت چاوت بە بەحر بکەوێت؟

حەکیم سەری لەقاند و درێژەی بە قسەکەی دا:

- شتێکی گرنگ هەیە دەبێت هاوسەرەکەی لێ ئاگادار بکرێتەوە.

بە گومانەوە پرسی:

- شتێک، وەکوو چی؟

- ناتوانم پێت بڵێم، لەبەر ئەوەی وەک دەزانیت ئەوە لە ڕەوشتی کاری ئێمەدا نییە.

- تێگەیشتم.

ئەیوب گوتی:

- باشە کەواتە دەتبەم بۆ لای.

- دووبارە ئەم ڕێگەی بەر بارانە دەبڕینەوە؟

-بەڵێ، بەڵام بەر لە هەڵهاتنی خۆر نایگەینێ.

پاشان حەکیمەکە گوتی:

- لەم کاتەدا لە ڕەوشتی خۆم پاشەکشە دەکەم، لەو نهێنییە ئاگادارت دەکەمەوە، بەڵام دواتر بە هاوسەرەکەی بڵێ!

حەکیمەکە گوتی لە ڕێگەی ئەنجامی ئەو پشکنینانەوە کە کردوویەتی بۆ جەستەی جومانا بۆی دەرکەوتووە کە مردنەکەی ئاسایی نەبووە، بەڵکوو ژەهرخوارد کراوە... ئەوەشی لەوە خراپترە ئەوەیە کە بە ئەنقەست ژەهرخوارد کراوە نەوەک خۆی خواردبێتی یاخود بە ڕێکەوت بووبێت:

لە کۆتاییدا گوتی:

- ئێمە لە بەردەم کوشتنی بە ئەنقەست وەستاوین.

لەو کاتەدا ئەیوب زانی کە ڕێکخراوی جاسوم بە هەر ڕێگەیەک بێت توانیویانە بگەن بە جومانا و بیکوژن، دوای ئەوەی کە زانیویانە بەحر سەردانی خێزانەکەی کردووە و هاوسەرەکەی هەوڵی داوە بە ڕاستییەکە بزانێت.

حەکیم بیرکردنەوەکانی ئەیوبی بڕی:

- شتێکی تریش هەیە جگە لەوە.

- چییە؟

- جومانا.

- ئێ چییە؟

- مرۆڤ نییە.

**

هێشتا منداڵەکە لە پاڵ دایکیدا دانیشتبوو، چاوەڕێی ئەوەبوو دایکی باش ببێتەوە، لەو کاتەدا گوێی لە لێدانی دەرگا بوو، ڕۆیشت بەرەو لای دەرگاکە. بینی باوکی بێدەنگ وەستاوە لەنێو دەرگاکەدا، لە پاڵیشیدا ئەیوب وەستاوە، لەو کاتەدا زانی کە شتێکی خراپ ڕوویداوە، وەکوو هەمیشە ڕێگەی لە باوکی گرت بچێتە ژوورەوە، بەڵام بەحر بە زەبرێکەوە کێشای بە سەریدا تاکوو لە هۆش خۆی برد. لەو کاتەدا کە بەحر چووە ژوورەوە بینی هاوسەرەکەی ڕەنگی لە ڕوو نەماوە، حەکیمەکە لە بارەی ژەهرەکە ئاگاداری کردەوە:

بانگی هاوڕێکەی کرد:

- وەرە ئەیوب.

ئەیوب هەوڵی دا تەماشای جەستەی جومانا نەکات، وەک ئەوەی نەیەوێت ئەو یادەوەرییە لە مشێکیدا خەزن بکات، هاوڕێکەی زیاتر لێی نزیک بۆیەوە و گوتی:

- خۆشەویستی شتێکی گەورەیە لە ژیانی هەر یەکەماندا، بزانە لەدەستدانەکەت زۆر گەورەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئێستا لە خەمەکانت کەم بۆتەوە.

پاشان گوتی:

- ڕەنگە وشەکانم بە لاتەوە قورس بن لە سەرەتاوە، بەڵام لەگەڵ کاتدا دەزانیت کە قسەکانم چەندە بەسوود بوون بۆت.

- ڕەنگە لەبەر ئەوە وا بڵێیت چونکە ئەزموونی خۆشەویستیت نەکردووە لە دونیادا، هیچ شتێک لەوە سەختتر نییە کە دڵمان هەڵی گرتووە، هێشتا بیری لێ دەکەینەوە، زۆربەی کات بیری لێ دەکەینەوە، تەنانەت ئەو کاتەشی مردووی ناو گۆڕیشین.

پاشان جەستەی هاوسەرەکەی داپۆشی و گوتی:

- با ئافرەتەکان بیشۆن و داوا لە پیاوانی لادێکە بکە بێنێژن.

ئەیوب گوتی:

- ئایا لە کاتی ناشتنەکەدا تۆش لەگەڵیاندا نابیت؟

بەحر کراسەکەی گرت و گوتی:

- نەخێر، بەڵکوو حسابێکمان لەگەڵ نابفیلدا هەیە.

- ئایا بیر لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەکەیتەوە؟

- ئەی هیچ هەڵبژاردەیەکی ترمان هەیە؟

- بەڵام دەزانیت ڕووبەڕووبوونەوەی خۆکوشتنە!

- بەحر، هێشتا کاتت هەیە بکشێیتەوە!

- پێم گوتیت کە پیاوە ڕەش پێستەکە هەرگیز لە هاوڕێکەی دوور ناکەوێتەوە.

- بۆچی ترس لە قسەکانتدا دەبینم؟

- ناترسم، بەڵام دەزانم بیر لە چی دەکەیتەوە؟

- دەڕۆین بۆ ڕۆژئاوا، بۆ زنجیرە چیاکان تاکوو داوای هاوکاری بکەین.

بە پەرۆشییەوە پرسی:

- مەبەستت هۆزەکانی ئەشاوسە؟

- شـازادەکەیان قەرزاری مـنە، ئەو تـاکە کەسـە کە دەتوانێـت لەگەڵماندا بوەستێت.

بەو جـۆرە بەحـر و هـاوڕێکەی بەرەو ئەو جێـیە چـوون، بەرەو سنووری زنجیرە چیاکان کە لە پشتییەوە ئەستێرەی خۆری ئەبابیل هەبوو. ڕۆیشتن تاکوو داوای هاوکاری بکەن لە هۆزەکانی ئەشاوس، تـاکوو لەگەڵیانـدا لە شـەڕی داهـاتوودا بەشـداربن، بەبـێ ئەوەی هیچکامیـان پێشـبینی ئەو ڕووداوانە بـکەن کە لە ڕێگـادا تووشـیان دەبێت.

**

دوای ئەوەی منداڵەکە کاریگەریی زەبری لێدانەکەی سەری لاچوو، چاوەکانی کـردەوە، خـۆی لە حەوشـەی مـاڵەکەدا بینیـیەوە، یەکەمـین شـت ئەنجـامی دا ئەوەبـوو ڕابکـاتە ئەو ژوورەی کە دایکـی لـێ خەوتبوو، دوای ئەوەی دایکی نەدۆزیـیەوە وای زانی چاک بووەتەوە لە جێگاکەی هەستاوە:

- دایکە...

دووبارە بانگی کردەوە:

- دایکە؟

دایکـی نەدۆزیـیەوە، هەسـتی کـرد هەڵە بـووە لەوەی کە بـانگی کـردووە و پێـدەچێت کە دایکـی بـاش نەبێـت و بـارودۆخەکە لەوە گەورەتـر بێت کە ئەم چـاوەڕێی دەکـرد، بەڵام بە تەواوی نەیـدەزانی کێشەکە چییە. دەرگای ماڵەکەی کردەوە تاکوو لە دەرەوە بە دواییدا

بگەڕێت، بەڵام دووبارە گوندی جەساسە کەسی تێدا نەبوو، لەو کاتەدا کەسێکی بینی لە خەڵکی گوندەکە، کە ناوی باڵندە سوورەکە بوو، بە پێی پەتی بە دڵتەنگەییەوە بەرەو لای هات...

- خەم مەخۆ، من لەگەڵتم، باوەشی بۆ کردەوە.

بەرەو ڕووی چوو، بەڵام نەک لەبەر ئەوەی لە ئامێزی بکات، بەڵکوو لەبەر ئەوەی بە تاکە پێڵاوەکەی لێی بدات. بەر لەوەی بگاتە لای هەستی بە هێزێکی ئاسنین کرد کە لە دواوە گرتی و بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان. باڵندە سوورەکە بەرزی کردەوە و فڕی بەرەو گۆڕستانی لادێی جەساسە، کە گەیشتە ئەوێ هەڵی دایە خوارەوە، بەڵام منداڵەکە ئازاری پێ نەگەیشت، ڕاستەوخۆ هەستایەوە تاکوو پێڵاوەکەی هەڵبدات بۆ باڵندەکە، بەڵام نەیکرد... نەک لەبەر ئەوەی باڵندەکە ون بوو، بەڵکوو لەبەر ئەوەی منداڵەکە شتێکی تری بینی کە پێشتر چاوی پێی نەکەوتبوو.

ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان وەستابوون، کە هەموویان لە پاڵ یەکەوە بوون لەسەر شانەکانیان تەختەیەکیان پێبوو، لە جێی خەو دەچوو. جەستەیەکی نەجوولاوی لەسەر بوو، کە بە پەڕۆی ڕەش پێچرابوو، بۆنی یاسەمینی لێ دەهات:

- دایکە!

بەرەو دارمەیتەکە ڕایکرد.

- دایکە!

بە دەنگی نزمەوە گوتی، وەک ئەوەی بیەوێت کەسێکی نوستوو خەبەر بکاتەوە.

- بۆ جاری سێیەم گوتی دایکە و دەستی کرد گریان.

بۆنی یاسەمینەکە گومانی بۆ نەهێشتبۆیەوە کە ئەوەی ئەو پیاوانە هەڵیان گرتووە بەسەر شانیانەوە، جگە لە جەستەی جومانای دایکی هیچ شتێکی تر نییە، بۆ ساتێک وای دەزانی کە ئەوان لێی دەدزن، بۆیە بەرەو لایان ڕایکرد و پەلاماری دان، بەڵام نەیتوانی سەرکەوتوو ببێت، چونکە جەستەی پیاوەکان بەهێز بوو. هەوڵی دا بە ڕێگەیەکی تر ڕیگەیان لێ بگرێت، دووبارە تاکێک لە پێڵاوەکانی داکەند و گرتییە یەکێ لە پیاوەکان. ڕاستەوخۆ ڕێگەی خۆی دۆزیەوە، بە تاکە پێڵاوەکەی لە پیاوەکانی دەدا، دوای نیو کاتژمێر لە هەوڵەکانی پێنج لە پیاوەکان گرتبوویان و ئەوانەی تریش سەرقاڵی ناشتنەکە بوون.

لەو کاتەدا کە ئەو چاودێریی پیاوەکانی دەکرد کە دایکیان دەکردە نێو گۆڕەکەوە، شتێکی سەیر لە دەوروبەرەکەی ڕوویدا، لەو کاتەدا دەنگی ژاوەژاوەکە نەما، وەک ئەوەی بڵێیت دەنگی دایکی بە هەورێک پێی بگات و پێی بڵێت: مەگری بچکۆلەکەم، ئێستا دەڕۆم بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ئاسمان یەک دەبینینەوە، باشە؟

دواتر دەنگەکە نەما و دووبارە دەنگی ژاوەژاوەکە هاتەوە بە گوێیەکانیدا. بە بێهیواییەوە چاودێریی دەکردن کە خۆڵیان دەکرد بە سەر دایکیدا، هەستی دەکرد بە زیندوویی دایکی دەنێژن. خۆڵ بەرچاوی گرتبوو، بەڵام چاوەکانی تەواوی کاتەکە کرابوونەوە، نەیتروکاندن بۆ یەک چرکەش...

لەو کاتەدا جومانا بە تەواوی لەژێر خۆڵدا بوو، بەڵام پێنج پیاوەکە لەبەر ئەوەی نەیاندەویست منداڵەکە چیتر بێزاریان بکات، دەست و قاچیان بەردا، بەڵام لە جێی خۆی نەجوولا، بەڵکوو هاواری کرد بەرەو ڕووی گۆڕەکە:

- نا، ڕێنەکەوتین!

شۆکێکی قورس بوو، دڵتەنگ و تەنیا بوو لە بەردەم ئەو خۆرە سووتێنەردا، شتەکان ڕاستەوخۆ ڕووياندا... جومانا ڕۆیشت و نەگەڕایەوە، ئیستا بێچارەبوو، لەو ساتەدا هەزار ساڵ گەورەتر بوو لە تەمەنی، هەموو منداڵان بەو جۆرەن، بە جارێک هەزار ساڵ گەورە دەبن ئەو کاتەی دایکیان لەدەست دەدەن...

١١

تەواوی پیاوانی لادێکە گۆڕستانەکەیان بەجێ هێشت و هەموویان گەڕانەوە دوای تەواوبوونی کارەکەیان، کەسیان تێبینیی منداڵەکەیان نەکرد کە بەبێ هۆشی کەوتبوو لە زەوییەکەدا، دوای ئەو لەدەستدانە گەورەیەی. بە تەنیا کەوتبوو لەسەر زەویەکە، دوای ئەوەی هەستایەوە.

**

تاج سواری گالیسکە دارینەکەی بوو، لەو کاتەدا کە نەوەکەی لە باوەشیدا نوستبوو:

بە سابحی گوت:

- بمانبە بۆ قەڵاکە.

ئەسپە سپییەکە بە دەنگی بەرز حیلاندی، پاشان بەرەو ئەوێ بەڕێ کەوت و تۆز و خۆڵی لە دوای خۆیەوە جێهێشت.

- بۆ ماوەیەک گرنگی بەم کوڕە دەدەین ئیکلیل.

تاج بە باڵندەکەی گوت کە لە نزیکی گالیسکەکەوە دەڕۆیشت:

- گرنگی پێ دەدەین تاکوو بەهێز دەبێت. ناتوانێت بەردەوام بێت لە ژیان ئەگەر ئێمە یارمەتی نەدەین!

ئیکلیل ڕاستەوخۆ بە خێرایی فڕی دوای قسەکەی تاج:

- دەمزانی وا دەڵێیت.

بەو جۆرە ڕۆیشتن بۆ قەڵاکە بۆ نەۆمی دووەم لە ژوورەکەی، جلەکانی داکەند تاکوو بە تەواوی ڕووت بۆیەوە. دەستی خستە ژێر سەری و تەماشای دەکرد، زۆر ڕووخساری لە هی دایکی دەچوو.

دوای ئەوەی تەواوی وردەکارییەکانی تەماشا کرد، قسەی لەگەڵ ئیکلیلدا کرد کە لەنێوان پەنجەرەکەدا وەستابوو:

- ئەگەر ئەو کرمەی نێوان ڕانی نەبووایە، بێگومان بووین لەوەی کە کچە.

ئیکلیل گوتی:

- زۆر لە دایکی دەچێت خانمەکەم.

ئەو گفتوگۆیە دروست بوو، تاج بە دەنگێکی خەمبارانەوە گوتی:

- گەمژە گوێی لە ئامۆژگارییەکانم نەگرت.

پاشان بە بێهیواییەوە گوتی:

- دەمزانی ئەمە ڕوو دەدات ئەگەر ڕاستییەکە بشارێتەوە.

ئیکلیل نەیدەزانی چی لە مێشکی خاتوونەکە دەخوولێتەوە، لەو کاتەدا نەیدەزانی هەنگاوی داهاتوو چییە کە پلانی بۆ دادەنێت، ئایا بیر لە تۆڵەکردنەوە دەکاتەوە لە بکوژەکانی کچەکەی، یاخود پلانێکی تری هەیە.

- بیر لە چی دەکەیتەوە خانمەکەم؟

تاج هەناسەیەکی قوولّی هەڵکێشا وەک ئەوەی خۆشی نەزانێت ئاخۆ پلانی چی دادەنێت:

- سەرەتا هەندێک لە دەرمانی لەبیرچوونەوە بەکار دەهێنم، دەبێت ئەم منداڵە ئەو شتانەی بیر بچێتەوە بە شیوەیەکی کاتیش بێت.

ئیکلیل گوتی:

- بڕیارەکە سەختە.

دەیزانی منداڵەکە پێویستی بەو لەبیرچوونەوەیە هەبوو، بە تایبەت دوای ئەوەی ئەم ماوەیە ڕوو دەدات.

- زۆر باش دەبێت ئەگەر پشتگیریم بکەیت لەم بڕیارەدا.

- ڕازی نەدەبووم ئەگەر بۆ هەتاهەتایە یادگەیت بسڕیایەتەوە...

ئیکلیل هەستی دەکرد بێجگە لەوە هەندێک شتی تر هەیە کە تاج دەیشارێتەوە، بەڵام نەیدەزانی چی بڵێت. تەواوی ژیانی لەگەڵ تاجدا

بەسەر بردبوو، بەو رەنگە پرتەقاڵییەی لە تەواوی دروست بوونییەوە، تا ئەو کاتەی گەورە بووە، بۆیە بە ڕوونی دەیزانی شتێک دەشارێتەوە، لە ڕووخساریدا دەرکەوتبوو.

- هەست دەکەم دەتەوێت شتێکم پێ بڵێیت خانمەکەم.

تاج هەناسەیەکی قوواڵی هەڵمژی:

- وەکوو دەزانیت، ئەم کوڕە بە مەترسی دەورە دراوە.

بە ڕەوشتەوە قسەکەی پێ بڕی:

- دەیپارێزین، هەمیشە لە پشتی دەبین.

- بە شێوەیدا تێمەکەوە، بێگومان ئێستا وا دەردەکەوێت داماوە، بەڵام کە گەورە بوو پێت باش نابێت بۆ هەمیشە لەگەڵماندا بمێنێتەوە.

- بیر لە چی دەکەیتەوە خانمەکەم؟

- بیر لە خۆڵەمێشی عینقا دەکەمەوە.

بە پەژارەوە گوتی:

- دەمەوێت زۆر بەهێز ببێت.

ئیکلیل دەیزانی کە هەندێک کات وای پێ باشترە بێدەنگ بمێنێتەوە و حەز بە هاتوهاوار ناکات، تەنانەت ئەگەر سوپرایزی گەورەشی لەگەڵدا ڕووبدات، بە جۆرێک بێکاردانەوە بوو، گوتی:

- ئایا گوتت خۆڵەمێشی عینقا بهێنم؟

- دەمەوێت ئاگرەکەی ناخی دابگیرسێنم.

- بەڵام ڕەنگە لە ناخیدا وزەی ئاگر بوونی نەبێت تاکوو بیجووڵێنیت.

- یەکەمین جار کە دڵی لێیدا گوێم لێی بوو، ئەو کاتەی لە ئامێزم گرت.

- بۆچی کەمێک چاوەڕێی ناکەیت تاکوو بارودۆخی باش دەبێتەوە؟

- ناتوانم ئیکلیل، ئەترسم قۆناغی هەرزەکاری تێپەڕ بکات، ئەوکات مەحاڵە بتواین ئەو کارە ئەنجام بدەین.

به شلەژانەوە گوتی:

- دەبێت سوپاسی خودا بکەین، ڕاستە گەیشتۆتە تەمەنی چواردە ساڵ، بەڵام هێشتا نەبووەتە هەرزەکار.

- بەڵام هۆشی لەدەست داوە، ڕەنگە ئەگەر ئاگرەکەی دابگرسێنین جەستەی وەڵامدانەوەی نەبێت.

- ئەو کاتە دڵتەنگ نابم ئەگەر بەهێز نەبێت.

دەیزانی بیرۆکەی داگیرساندنی ئاگری ناخی منداڵەکە هەرگیز ئاسان نابێت، دەیزانی ئەو کاتە چەندە ترسناکە، ئەوە کارێکی ترسناک و هەستیار بوو، پێویستی بە قوربانییەکی گەورە هەبوو، سەرکەوتنیشی مسۆگەر نەبوو، لەوەش ترسناکتر ئەوە بوو ڕەنگە ببێتە هۆی مردنی، ئەگەر ئاگرەکەی ناخی کار بکات و جەستەی وەڵام نەداتەوە و ئامادە نەبێت... هەر بۆیە دەبوو خانمەکە زۆر بە باشی ڕوونی بکاتەوە مەبەستەکەی.

- دایکی ڕازی نەدەبوو ئەگەر لە ژیاندا بمایە.

تاج بە تووڕەییەوە تەقییەوە و گوتی:

- دەبوو هەر لە سەرەتاوە ڕازی نەبووایە، ئەو کاتەی کە لەگەڵ ئەو بونەوەرە قورپینە گەمژەیەدا هاوسەرگیری کرد، بەڵام گوتی کە کەوتوومەتە داوی خۆشەویستییەوە، تەماشا بکە ئێستا چی ڕوویداوە، خۆشەویستی چی لێکرد. بۆچی هاوسەرەکەی تەواوی ئەم کاتە لە کوێ بوو؟ بۆچی پارێزگاری لێ نەکرد؟ لەبەر ئەوەی دووبارە گەڕایەوە بۆ کارکردن لەگەڵ دەزگاکە.

لەبەر ئەوەی ئیکلیل تەواوی تەمەنی لەگەڵ تاجدا بەسەر بردبوو، بۆیە دەیزانی ئەو نهێنییەی هاوسەری کچەکەی چییە کە لە کچەکەی شاردبووەوە، ڕێکخراوی جاسوم هەڕەشەیان لە بەحر کردبوو بە کوشتنی هاوسەرەکەی لە بارودۆخێکدا نەگەڕێتەوە لای ڕێکخراوەکە و کاریان لەگەڵدا نەکات. بۆیە گوتی:

- بۆچی ڕاستییەکەت پێ نەگوت؟ دەبوو بەر لە مردن بیزانیایە ڕۆیشتنی و کارکردنی تەنیا لەبەر پاراستنی هاوسەر و منداڵەکەی بووە.

گوتی:

- پێم وابوو دەتوانم بیپارێزم بەوەی کە ڕاستییەکەی لێ بشارمەوە، نەمدەویست زیاتر دڵی هۆگری بێت و هەوڵ بدات یارمەتی بدات، دەمویست ڕابکات و دەست بە ژیانێکی نوێ بکات، بەڵام پێ دەچێت من باش لە خۆشەویستی تێنەگەیشتبێتم.

تاج خۆی بۆ نەگیرا و دەستی کرد بە گریان لە بەردەم ئیکلیلدا، هەرگیز پێشتر لە بەرچاو هیچ کەسێکدا نەگریابوو، نەک لەبەر ئەوەی ئەویش بێدڵ بێت، بەڵکوو لەبەر ئەوەی نەیدەویست کەس بە چاوی بەزەییەوە تەماشای بکات. بەڵام ئەمجارە نەیتوانی فرمێسکەکانی ڕابگرێت، ئیستا ئامادەبوو چیرۆکی چەند ساڵەی نێوان کچەکەی "جومانا" و هاوسەرەکەی "بەحر" بگێڕێتەوە، گوتی:

- ڕێکخراوی جاسوم پێش چەند ساڵێک بە زۆرەملێ باجی لە خەڵکی لادێکە کۆ دەکردەوە.

قسەکەی پێ بڕی:

- باج؟!

-خەڵکەکە سەرەتای هەموو ساڵێک لەبەر ئەوەی نەکەونە کێشەوە لەگەڵیاندا، بڕێکی زۆر پارەیان پێ دەدان، بەڵام هەندێک خەڵک کە بێزار بووبوون لەو بارودۆخە، ڕۆژێکیان بڕیاریاندا کارێک ئەنجام بدەن.

- چییان کرد؟

- بڕیاریان دا شاندێک بنێرن بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ طاغیندا، کە پادشای مەملەکەتی ئەبابیل بوو، تاکوو چارەسەرێک بۆ کێشەکەیان بدۆزێتەوە...

کۆشکەکەی پادشا دەکەوتە دوورگەی ئەربابەوە، بە هەمان شێوە بە شێوەیەکی توند ئاسایشی پارێزرابوو، دووربوو لە هەموو شار و لادێکانی تر، زۆر بە باشی سەربازەکانی پاهێنرابوون بۆ کوشتنی مرۆڤەکان، شەیتانەکان، خەڵکە دەشتەکییەکان و جادووگەرەکان لە دژی هەر هێرشێک، ئیتر گرنگ نییە توانای ئەو دژمنە هەرچەندە بووبێت...

پاسپێردراوەکانی خەڵکی جەساسە لە سەرەتادا پۆیشتن بە سەرکردایەتی "شێخ هیمام" بەرەو دێی جادووگەرەکان، کە تاکە رێگە بوو لەوێوە دەیانتوانی بگەنە دوورگەکە، لەو پۆژەدا پاگری لادێی جادووگەرەکان، کە ناوی "شەواهیر" بوو، ئافرەتیکی بەسالاچوو بوو، دەمێکی بچووکی هەبوو ددانی لە دەمدا نەمابوو، تەماشات دەکرد بەزەییت پێیدا دەهاتەوە، لەژیر چاوی پاستیدا خاڵێکی گەورەی هەبوو کە چوار تاڵە مووی لێوە هاتبووە دەر، لووتی و کونەکانی، بە ئەندازەیەک گەورەبوون کە مرۆڤ بە ئاسانی دەیتوانی لەنێو کونە لووتەکانییەوە تەماشای مێشکی بکات ئەگەر سەری بەرەو دواوە بردبا کەمێک. گوتی:

- بۆچی دەتانەوێت پادشا طاغین ببینن؟

شێخ هیمام گوتی:

- تاکوو چارەسەرێکمان بۆ بدۆزێتەوە لەگەڵ رێکخراوی جاسوم.

شەواهیر بە ویقارەوە وەڵامی دایەوە:

- داواکارییەکەتان وەرگیرا، دەتوانن برۆن چاوتان پێی بکەوێت.

بەڵام دەبوو جلەکانیان لە بەردا دابکەنن و بە پووتی بڕۆن، وەکوو گەواهییەک لە بەرانبەر ئەوەی هیچ جۆرە چەکێکیان لەژێر جلەکانیان نەشاردۆتەوە لە رێگادا.

بەڵام خەڵکی دێکە بە تایبەتی ئەو مەرجەیان پەت کردەوە، هەر بۆیە شەواهر تووڕە بوو:

- ڕێگەتان پێ نادرێت پادشا ببینن هەتاکوو ئەم مەرجە جێبەجێ نەکەن!

لەبەر ئەوەی شێخ هیمام زانی ناتوانن لەم مەرجە ڕزگاریان ببێت، بۆیە یەکەم کەس جلەکانی لە بەری خۆی کردەوە و گوتی:

- ئەگەر ئەمە نرخی چارەسەری کێشەکەمان بێت، کەواتە فەرموو.

پاشان بە هەمووانی گوت و دواتر سەرکەوتنە نێو بەلەمەکە.

گەشتەکەیان بۆ دوورگەکە بەبێ وەستان، سێ شەوی تەواوی دەویست کە دەبوو شەش پیاوەکە لەنێو بەلەمە دارینەکەدا دابنیشن...

دوای ئەوەی لە کۆتاییدا گەیشتنە ئەوێ، دەبوو سەرەتا لە قەراغ دەریاکەدا بوەستن و لەنێو دەریاکەدا خۆیان بشۆن، لەبەر ئەوەی بۆنی ئارەقە و خوێی دەریایان لێ دەهات، بە هەمان شێوە دەمیان شووشت...

**

دوای ئەوەی گەیشتنە لای پادشا، چوار لە پیاوەکان وەکوو ڕێزێک کڕنوشیان بۆ پادشا برد، دوای ئەوە حیجابەکە کە لەنێوان ئەو و ئەواندا هەبوو لاچوو، گوتی:

- ئێستا دەتوانن تەماشای خاوەنشکۆ بکەن!

سەریان بەرز کردەوە تەماشای ڕووخساری پادشا بکەن.

شێخ هیمام داوای کرد ڕێگەیان پێ بدات قسە بکەن، گوتی:

- ئەی پادشای گەورە، تۆ ئاگات لە قەیرانی ولاتە کە...

پادشا قسەکەی پێ بڕی:

- بۆچی ڕاستەوخۆ ناچیتە نێو بابەتەکەوە ئەی شێخ.

- هیمام گوتی:

- ڕێکخراوی جاسوم.

- چییەتی؟

- هەموو سەری سالێک زۆرمان لێ دەکات یان بە شمشێرەکانی ئەوان، یانیش لە بـرس و تینوێتیانـدا بمـرین. تەواوی سـاڵەکە کـار دەکەین تاکوو بتوانین بە تەواوی و بە دڵنیایی باجەکانی ئەوان بدەین. گەورەم، ئەگەر ئەمە بەم جـۆرە بەردەوام بێـت هەموومـان لەنـاو دەچین!

پادشا طاگین چاوەکانی شینی کاڵ بـوون، ڕوخسـارێکی سـەرنج ڕاکێشـی هەبـوو، لەسـەر تەختەکەی دانیشـتبوو، تەماشـای خەڵکـی وڵاتەکەی دەکرد کە لە بەردەمیدا وەستاون و گلەیی لە خراپی ژیانیان دەکەن، بەڵام ئەو چێژی لەو دیمەنە دەبینی، وەک ئەوەی چـاودێریی جیهـانی مێرووەکان بکات کە چۆن گیر دەخۆن بە دەست ڕەفتـاری مێرووییەکی تر.ەوە، گوتی:

- ئێوە دەزانن کە ئێمە مـاوەیەکی زۆرە سـەربازەکانمان سـەرقاڵی ئەوەن پارێزگاریمان لێ بکەن لە جاسوم، بەڵام چیتر ئەوە ناکەن، مـن دەمەوێت بگەڕێتەوە لای خەڵکی لادێکەت و پێیـان بڵێیت کە بێخەم بـن، ئـێمە تەواوی توانـای خۆمـان دەخەینـە گەڕ تـاکوو ڕێگەیـان لـێ بگرین!

لەو کاتەدا هیمام لە تەختەکەی پادشا نزیک بۆیەوە بە دوو هەنگاو بە ڕێزەوە، وەکوو مێشـوولە هەردوو دەسـتی نوسـاندبوو بە یەکەوە، گوتی:

- ئەگەر فەرمـان بە جادووگەرەکانـت دەکەیـت، ئەوان نـاتوانن دەستیان بەسەردا بگرن!

پادشا تووڕە بوو گوتی:

- تەواوی جادووگەرەکان تەنها لە خزمەتی منداں.

- بەڵام گەورەم، تۆ و خەڵکەکەت یەکن، هەرگیز خەڵکەکەی خۆت زیانت لێ نادەن!

هەستایەوە لەسەر تەختەکەی:

- مەمچوێنە بە خۆتان هیمام، من خوداوەندم!

شێخ هەستایەوە و بێدەنگ بوو، چیتر هەستی بە ترس نەدەکرد لە بەرانبەر طاغیندا، زۆر ژیابوو، بۆیە چیتر ژیان بە لایەوە گرنگ نەبوو. هەموو ئەوەی لێی دەترسا ئەوەبوو لەو ساتەدا پادشا بڕیار بدات یارمەتی خەڵکی لادێکە نەدات و دوای چەند ڕۆژێک ڕێکخراوی جاسوم بێن و هیچ بەرانەیەک وەرنەگرن، ئەوانیش لە بەرانبەردا خوینڕێژی و کاولکاری بنێنەوە:

- تکایە، یارمەتیمان بدە.

- خۆتان یارمەتی خۆتان بدەن.

- چۆن، لە کاتێکدا چەکت لێ قەدەغە کردووین؟

- کێشەی من نییە.

- تۆ بەرپرسیت لە پاراستنی قەومەکەت، تۆ پادشایت!

طاغین تووڕەبوونی هەڵگیرسا و گوتی:

- من ئەو خواوەندەم کە چاودێریی ئێوەم بە دەستە، من ئازادم لەوەی کە چی دەکەم.

دوای ئەوەی هیمام درکی بەوە کرد سوودی نییە چیتر تکای لێ بکات، بۆیە کەمێک بێدەنگ بوو، دوای ئەوە گوتی:

- هەردووکمان دەزانین کە تۆ خواوەند نیت.

بە کەللەڕەقییەوە گوتی:

- داوای لێخۆشبوون بکە هیمام.

پاشان گوتی:

- من خوداوەندی ئێوەم.

-لە هیچوپووچێک زیاتر هیچی تر نیت، پاشان ڕووی وەرگێڕا تاکوو جێگەکە جێبهێڵێت.

بەڵام تووڕەبوونی دڵی پادشا داگیرسابوو بەهۆی ئەو سوکایەتیپێکردنەوە، بۆیە بڕیاریدا سزایەکی تۆندی بدات...

بە پاسەوانەکانی ڕاگەیاند کە هەموویان بگرن و لە سێدارەیان بدەن...

دوای ئەوەی کە بردیانن دەرەوە، لە بەردەم کۆشکی پادشایەتی مەملەکەتی ئەبابیلدا جەلادەکە سەری خەڵکی لادێی جەساسە، دانە بە دانە لێ کردەوە، کە هاتە نۆرەی هیمام، طاغین لێی نزیک بۆیەوە و شتێکی بە گوێیدا چرپاند و پاشان داوای لە جەلادەکە کرد کە سەری لێ بکاتەوە...

سەری لێ کردەوە و بە زەوییدا دا، پووخساری مردووی لێ نیشت وەک ئەوەی بڵێیت نهێنییەکی پێ گوتبێت ئەو کاتەی چپاندی بە گوێیدا، گوتی:

- ناتوانم لە دژی جاسوم بوەستمەوە هیمام، نەک لەبەر ئەوەی پاسەوانانی مەملەکەتی ئەبابیل نەتوانن بیانگرن، بەڵکوو لەبەر ئەوەی پێشتر پێم گوتیت، من و نابفیل یەک کەسین. من سەرۆکی رێکخراوی جاسوسم!

لە رۆژی دواییدا بە ئەگەری ئەوەی نەکا خەڵکی لادێکە ڕاپەرین بکەن لە دژی، سوپایەکی گەورەی رێکخست کە سێسەد شەڕکەری چەکی قورسیان لەگەڵدا بوو، زۆربەیان کەلوپەلی جەنگیی بەهێزیان پێ بوو لەگەڵ دووان لە شۆڕشگێڕە ترسناکە بەهێزەکانی، کە ناویان بەحر و ئەیوب بوو. داوای لێ کردن بە نهێنی لە لادێکەدا بن و هەموو نێرێکی ئەوێ بکوژن...

خەڵکی لادێکە بە سەختی کاتیان لێ دەڕوێی، لەبەر ئەوەی چاوەڕێی وەڵامی شاندەکەیان دەکرد لە کۆشکی پادشایەتییەوە، بەڵام ماوەیەکی زۆر تێپەڕی و هیچ وەڵامێک نەبوو...

پاشان لەپڕێکدا بەبێ ئەوەی کەسیان هیچ بزانن، دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆیەوە کە پادشای طاغین سەری دانە بە دانەی خەڵکی لادێی جەساسە لێ دەکاتەوە. بەڵام داناکانی لادێکە هەوڵیان دا ئەو پروپاگەندانە بە درۆ بخەنەوە و چەند رۆژێکی تر چاوەڕێ بکەن تاکوو هەواڵەکە پشتڕاست دەکەنەوە.

بەڵام لە نیوەڕۆی ڕۆژی دواییدا، هەواڵەکە بە تەواوی پشتڕاست بۆیەوە و زانییان کە سێسەد سەربازکە ئالای جاسومیان هەڵگرتووە بەرەو لادێکە دێن...

پیاوانی لادێکە هەوڵیان دا کە پارێزگاری بکەن لە خۆیان لەو دژمنانە، بەڵام جەنگەکەیان بێسوود بوو، لەبەر ئەوەی سەربازەکان بە ڕم و تیر و شمشێر دەجەنگان و درعیان بەستبوو کە بە ئەستەم دەشکێنرا...

بێگومان بردنەوە بۆ جاسوم بوو، هەموو پیاو و نێرەکانی لادێکە بەرەو لەناوچوون دەچوون... یەکێک لە ئەسپسوارەکان کە غوفران بوو، دەیویست دەستدرێژی بکاتە سەر یەکێک لە کچەکان، لەو کاتەدا کچەکە هەوڵی دەدا خۆی لەو مەترسییە ڕزگار بکات، بە جۆرێک هاواری دەکرد کە دەنگی گەیشتە گوێی سەرکردە بەحر، لەو کاتەدا ئەویش بەرەو ڕووی ڕایکرد و ئەو دیمە سامناکەی بە چاوە قاوەییەکانی بینی و هەستی بەزەیی بۆی جووڵا، لە کاتێکدا هیچ ڕۆژێک هەستی بە بەزەیی نەکردبوو: سەرکردە بەحر گوتی:

- غوفران واز لەو کچە بهێنە!

غوفران وەڵامی دایەوە:

- ئەو هی منە، من یەکەم جار دۆزیومەتەوە، دەیبەمە لای ژنەکانی ترم.

ئەو کچە جومانا بوو، لەو کاتەدا دەیتوانی هێزە تایبەتەکەی بەکار بهێنێت تاکوو لە دەستی غوفران ڕزگاری ببێت، بەڵام خێزانی ئیمپراتۆر ڕێگریان کردبوو لەوەی کە ئەندامەکانیان هێزە تایبەتەکەیان لە بەردەم مرۆڤدا بەکار بهێنن لە هەر بارودۆخێکدا بیت.

هەر بۆیە وەکوو ڕێزێک بۆ یاساکانی خێزانەکە جومانا هیچی نەکرد تاکوو لە دەستی ڕزگاری ببێت و ئەوەی شاردەوە کە ئەو جنۆکەیە...

داوای لە سەرکردە بەحر کرد:

- تکایە پێی بڵێ وازم لێ بهێنێت.

- وازی لێ بێنە غوفران ئیمە بۆ دزینی ئافرەت نەهاتووین.

غوفران دەمە پر خۆڵ و خوێنەکەی بە دەستی سڕییەوە و خستیە سەر پشتی ئەسپەکەی وەکوو دەستکەوتی جەنگ:

- شتی وا ڕوو نادات بەحر، من هەر دەیبەم.

لەو کاتەدا ئەو قسەیەی کرد و هێندەی نەمابوو خۆشی سەرکەوێتە سەر ئەسپەکەی و ڕابکات، بەڵام لەو کاتەدا سەرکردە بەحر گرتییەوە، بە چاوتروکانێک شمشێرەکەی دەرهێنا و کردی بە سەریدا، جومانا ترسا لەبەر ئەو دیمەنی خوێنە کە لە سەری ئەو سەربازە دەهاتە دەرەوە.

بەحر پێی گوت:

- مەترسە.

پاشان بە دەستێکی سەر ئەسپەکە کەوت و لە پێشییەوە سەرکەوت و گوتی:

- توند بمگرە، لێرە دەتبەمە دەرەوە.

لەو کاتەدا کە سەربازەکان بینییان سەرکردەکەیان یەکێک لە هاوکارەکانیانی کوشت لەبەر ئافرەتێک، وەکوو ناپاکییەکی گەورە تەماشایان کرد و بڕیاریان دا بە زوویی بڕیاری مردنی لەسەر جێبەجێ بکەن، بەو جۆرە لەنێو ڕێکخراوی جاسومدا دووبەرەکی و شەڕ دروست بوو، ڕاستەوخۆ یەکێکیان شمشێری لە دژی بەحر بەرز کردەوە و گوتی:

- غوفرانت لەبەر ئەو کوشت؟

بەحر نەیدەزانی ئەوەی ئەنجامی داوە بە ناپاکی هەژمار دەکرێت، بۆیە هەوڵیدا پاکانە بۆ کارەکەی بهێنێتەوە، بەڵام دەیزانی باوەڕ بە قسەکانیشی ناکەن و دەیزانی کەوتۆتە کێشەیەکەوە کە ڕزگاربوونی نییە لە دەستیان، بانگی ئەیوبی کرد:

- ئەیوب لە کوێیت، پێویستم پێتە.

لە پشتی ئەسپسوارەکانی ڕێکخراوەکەوە ئەسپسواریکی ڕەنگ ڕەش دەرکەوت کە بە شمشێرەکەی ئەوەی دەهاتە ڕێگەی دەیکوشت تاکوو گەیشتە پاڵ هاوڕێکەی، بینی کە مردن لە هەموو لایەکەوە دەورەی داون، گوتی:

- لێرەوە دیمەنەکە زۆر ترسناک دەردەکەوێت.

- هێشتا دەتوانیت پاشەکشە بکەیت.

ئەیوب زەرخەنەی کرد:

- پیاوە ڕەشلەبەرەکە هاوڕێکەی بەجێ ناهێڵێت.

بەو جۆرە دەستیان کرد بە شەڕ، ئەیوب و بەحر لەگەڵ سوپاکەدا بە تەواوی ئارامییانەوە، تاکوو گەیشتنە کۆتایی شەڕەکە... دوای ماوەیەکی زۆر لەو شەڕە هاوڕێکان هەستیان بە ماندوویەتی دەکرد:

ئەیوب گوتی:

- پێدەچێت کۆتاییمان نزیک بووبێتەوە.

بەحر هێشتا بەردەوام بوو لە کوشتن، گوتی:

- ببوورە، نەدەبوو تۆ تێوە بگلێنم لەم بابەتەوە.

- کێشە نییە هاوڕێکەم، من بۆ دۆزەخیش بە دواتدا دێم.

لەو کاتەدا کە سەرقاڵی ڕووبەڕووبوونەوە بوون، بەحر لێی درا بە شێوەیەکی زۆر خراپ و تووشی خوێنبەربوونێکی زۆر بوو، ئەیوب هەستی دەکرد هێندەی نەماوە ببەزێنرێت:

- کچەکە ببە و ڕابکە، من دەتپارێزم دوور بکەوەرەوە.

- تا کۆتایی پێکەوە دەمێنینەوە.

- قسەکەم لە گوێ بگرە.

- نەخێر، وازت لێ ناهێنم.

بەرە بەرە بەحر هۆشی لەدەست دەدا و شتەکانی دەوروبەری نەدەبینی بەهۆی زۆری ئەو خوێنەی لێی ڕۆشتبوو.

دوای ئەوەی جومانا ئەو دیمەنەی بینی کە چۆن ئەو پیاوە خۆی کردە قوربانی لە پێناوی ئەودا، بۆیە بڕیاری دا یاساکانی خێزانی

ئیمپراتۆر بشکێنێت و هێزەکەی بەکار بهێنێت و ڕزگاری بکات لەو بارودۆخە...

چاوە قاوەییەکەی بوو بە سوور و پاشان بەحری بە جلەکانی هەڵگرت و بردی، دەستەکەی تری ئەیوبی گرت و گوتی:

- تۆ دەستم بگرە.

ئەیوب تێنەگەیشت ئەو داواکارییە سەیرەی بۆ چییە، لە کاتێکدا کە ئەسپسوارەکانی ڕێکخراوی جاسوم ڕووبەڕووی دەبوونەوە و هاوڕێکەی تریشی بێهۆش بووبوو. جومانا دەستی درێژ کردبوو بە ئاراستەی ئەیوب چاوەڕێی بوو بیگرێت، دووبارە هاواری کردەوە بە ڕوویدا:

- دەستم بگرە!

وەک ئەوەی داوای لێ کرد دەستی گرت و هەر سێکیان لە ناوەڕاستی جەنگەکە نەمان، لەو کاتەدا چوونە جێییەکی تر، ئەیوب بە ترسەوە پرسیاری کرد:

- چۆن ئەوەت ئەنجام دا؟

دەستی لەسەر برینەکەی بەحر دانابوو و بە شڵەژانەوە گوتی:

- دواتر بۆت ڕوون دەکەمەوە، دەبێت بە خێرایی ڕزگاری بکەین بەر لەوەی خوێنی زیاتری لێ بڕوات.

**

تاج لە قسە وەستا وەک ئەوەی باسکردنی ڕابردوو بێزاری کردبێت:

- پێم گوت کە خۆشەویستی دوولایەنە مردنێکی لەسەرخۆیە بۆ هەموو گەنجێک، بەڵام وەکوو خوویەکی هەمیشەیی متمانە بەو قسەیە ناکەن، تاکوو کار لە کار نەترازێت.

- ئەمە مانای ئەوەیە ئەیوب بە نهێنییەکەی جومانای دەزانی هەر لە سەرەتاوە خانمەکەم؟

- بەڵێ، بەڵام ئەو داوای لێ کردبوو کە نهێنییەکەی بپارێزێت و لای کەس باسی نەکات، تەنانەت بەحریش.

- ئایا سوارچاکەکانی ڕێکخراوی جاسوم توانییان تەواوی نێرەکانی لادێی جەساسە لەناو ببەن؟

تاج هەناسەیەکی قوواڵی هەڵمژی و گوتی:

- دوای ئەوەی خێزانی ئیمپراتۆر زانییان کە کچەکەیان تێوەگلاوە لەو جەنگەدا، بە ڕزگارکردنی یەکێک لە سەرۆکەکان، گەیشتنە ئەوێ و پێیان وابوو کە کچەکەیان مردووە یاخود تووشی خراپەیەک بووە، بۆیە تەواوی شاسوارەکانی ڕێکخراوی جاسومیان کوشت و لەو ڕۆژەوە تاکوو ئێستا ڕێکخراوەکە بوێری ئەوەی نەکردووە هێزەکانی بنێرێت بۆ جەساسە جارێکی تر.

- ئەی جۆن بەحر و جومانا ئاشقی یەکتر بوون دواتر؟

- ئەوە گرنگ نییە.

خۆی لە وەڵامەکە دزییەوە و تەماشای نەوەکەی دەکرد و بەردەوام بوو:

- گرنگ ئەوەیە کە من ئەم کۆرە بەهێز بکەم.

- بەڵام دەزانی کە ئێمە...

پاشان ئیکلیل بێدەنگ بوو، وەکوو ئەوەی بیر لە وشەیەکی گونجاو بکاتەوە تاکوو ڕستەکەی پێ تەواو بکات؛ دوای ئەوەی کەمێک بیری کردەوە لە دەستەواژەکانی، کلکە درێژەکەی داچەمانەوە کە وەکوو کلکی تاوس وابوو، جا گوتی:

- تۆ زانیت دەمەوێت چی بڵێم.

تاج گوتی:

- دەزانم، بەڵام من لە تەمەندا گەورە بووم و لە هەر بارودۆخێکدا بیت، دەبێت گەورەیەکی تـرت هەبێت تـاکوو خـۆت بە مردوویـی نەدۆزیتەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان.

دوای ئەوە بە گاڵتەوە گوتی:

- ئەی ئەوە ڕاست نییە ئیکلیل؟

بە تۆنێکی دڵتەنگییەوە وەڵامی دایەوە:

- شەرەفێکی گەورەیە کە بۆ خاتونەکەم بمرم.

تاج تەنیا بە یەک ڕێگا دەیتوانی خۆڵەمێشی عینقا بهێنێت، ئەویش ئەوەبوو کە باڵندەکەی بسـووتێنێت و ئەوەی لە سـووتووی باڵندەکە دەمێنێتەوە جەستەی نەوەکەی پێ داپۆشێت، بەڵام لەوەش دەترسا کە جەستەی وەرگر نەبێت و نەتوانێت ئاگرەکەی ناخی دابگیرسێنێت، لەم کـاتەدا مانـای ئەوەیە تـاقیکردنەوەکەی هەڵدەوەشـێتەوە و منـداڵەکە دەمرێت.

- هەرگیز پێشتر هـیچ داواکارییەکتم ڕەت نەکردۆتەوە خـانمەکەم، تەنانەت ئەم داوایەی کۆتاییشت ڕەت ناکەمەوە.

وەک ئەوەی لە ماڵئـاوابیکردن نزیـک بـووبێتەوە لە خـانمەکەی، باڵەکانی کردەوە و گوتی:

- ڕۆژەکانمان خۆش بوون. ئەی وانییە؟

وەڵامەکە ئاشکرا بوو، بەڵام ڕووخێنەر بوو:

- بێگومان وابوون.

گوتی:

- ئایا ئیکلیل خزمەتکارێکی باش بوو خانمەکەم؟

-نەخێـر، بەڵکـوو هـاوڕێیەکی بەوەفـا بوویـت کە ڕۆیشـتنت زۆر سەخت دەبێت.

- ناوی باڵندە تازەکەت دەنێیت چی؟

بە فزولییەتەوە پرسی.

پێکەنی بە میهرەبانییەوە و بە گوێیدا چپاندی:

- ئەو باڵندەیەی کە لە خۆڵەمێشکەت لە دایک دەبێت بێگومان ناوی ئیکلیل دەبێت؛ تاکوو هەر جارێ تەماشای بکەمەوە، تۆم وەبیر بێتەوە.

پاشان لەبەر ئەوەی ماڵئاواییەکەیان لەوە زیاتر سەخت نەبێت، دەیزانی ئەو باوەشکردنە درێژە دەکێشێت، بۆیە دوورکەوتەوە و چووە نزیکی پەنجەرەکە و گوتی:

- دەچم دار کۆ دەکەمەوە لە دارستان و لە بەردەم قەڵاکەدا چاوەڕێت دەکەم.

- منیش سەرقاڵی گیراوەی لەبیرچوونەوەکە دەبم و دواتر دێمەوە لات.

چووە چێشتخانەکە و قاپێکی ئاسنینی هێنا و لەنێویدا هەنگوینێکی ڕەنگ سووری تێکرد و لەگەڵیدا هەندێک گوڵی ڕەشی تێ کرد.

ئاگرێکی هێواشی بۆ هەڵکرد و پاشان کەمێک چاوەڕێی کرد تاکوو دووکەڵ بەرز بۆیەوە.

دوای ئەوە گۆچانێکی داری هەڵگرت و گیراوەکەی پێ تێکەڵ دەکرد و جادووی لەبیرچوونەوەی دەگوتەوە: لەبیری بکە، لەبیری بکە، ئەی ئاگر، ئەی گوڵی ڕەش، ئەی گیراوەی سووری لەبیرکردن. وا بکە کوڕەکەی جومانا لەبیری بچێتەوە و تەواوی برینەکانی دڵی ساڕێژ ببنەوە.

نەوەستا لە تێکەڵکردن، تاکوو ڕەنگەکەی بوو بە مارۆنی تۆخ وەکوو دەنکە ترێ... پاشان پەنجەکەی کرد بە نێو گیراوەکەدا و تامی کرد وەک ئەوەی تامی خوێی خواردن دەکەیت.

پاشان گوتی:

- تاڵە، بەڵام برینەکانی شیرین دەکات.

لە نهۆمی دووەمی قەڵاکەدا لە ژوورە گەورەکەدا، کە پەنجەرەی گەورەی درێژی کراوەی لێبوو، هەوا و تیشکی خۆر دەهاتنە ژوورەوە، تاج نزیک بۆیەوە لە جێگاکە و بە دەستیشی پەرداخێک لە

گیراوەی لەبیرچوونەوەکەی پێبوو، لە تەنیشت نەوەکەیدا دانیشت کە هێشتا بێهۆش بوو، سەری بەرز کردەوە و پەرداخەکەی لە دەمی نزیک کردەوە و گوتی:

- بخۆرەوە.

کردی بە دەمییەوە:

- ئەمە وا دەکات لەبیر بکەیت.

دوای ئەوەی کە تەواو هەمووی خواردەوە کردییەوە نێو جێگاکەی، بەتانییەکەی دایەوە بە لەشیدا و بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیشت، تەماشای بەردەم قەڵاکەی دەکرد، ئیکلیل لە دەوروپشتیدا داری کۆ دەکردەوە.

**

تاج نەیدەویست چیتر لەوە زیاتر خۆی دڵتەنگ بکات بە لەدەستدانی باڵدەکەی، لەبەر ئەوەی زۆربەی کات قسەی لەگەڵدا دەکرد. لە سەر زەوییەکە هەندێک هێڵی کێشابوو:

- با ئەم کارە زوو تەواو بکەین.

دوای ئەوەی تەواو بوو، ئیکلیل باڵەکانی جوولاند و بەرەو ناوەڕاستەکە چوو، پاشان تەماشای دەوروبەری کرد و گوتی:

- دەست پێ بکە، داوای لێکرد دەست پێ بکات.

دوای ئەوەی دەموچاوی لەنێو سێگۆشەکە بوو، لە هەموو کاتێکی تر جددی تر دەردەکەوت، پاشان ئاگرێکی کردەوە؛ تەنانەت تاجیش دەترسا کە باڵی کردەوە ئاگری لێ بەربوو... کاتێکی زۆر تێنەپەڕی بە تەواوی ئاگری تێبەربوو.

سەخت بوو بەو جۆرە تاج ببینێت هاوڕێ دڵسۆزەکەی لە بەرچاوی خۆیدا دەسووتێت، بەڵام ناتوانین هەرگیز بڵێین کە هەستی

به پەشیمانی دەکرد بەو بڕیارەی کە دابووی، لەبەر ئەوەی لە پشتی ئەو کارەوە هۆکارێکی بەهێزی هەبوو کە شایەنی قوربانیدان بوو.

دوای ئەوەی ئاگرەکە کوژایەوە، لە کۆتاییدا ئیکلیل بوو بە خۆڵەمێشەکە چوو، بە دەستی سووڕاندی و وەک ئەوەی لەژێریدا بەدوای شتێکدا بگەڕێت، لە کۆتاییدا پێکەنی...

باڵندەیەکی بچووک بوو کە هێندەی نێو لەپێک دەبوو، پەڕوباڵی پر بوو بە ڕەنگی پرتەقاڵیی نەرم، چاوەکانی لە چاوی کەرۆشکێکی ترسناک دەچوون. بە هەمان شێوە دەنووکێکی بچووکی هەبوو، دوو قاچی بچکۆلانە کە لە هەر دانەیەکدا پێنج پەنجەی هەبوو... باڵندەکە تەماشای خۆڵەمێشی ئەو باڵندەیەی دەکرد کە لێوەی لە دایک بووە جارێکی تر، بەڵام نەیدەزانی ئەم باڵندە نەرم و نیانە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێت بە چ چەکێکی کوشندە کاتێک گەورە دەبێت، ڕووی تێکرد و گوتی:

- سڵاوت لێ بێت.

بەڵام باڵندە عینقا بچووکەکە بە سەرسوورمانەوە تەماشای دەکرد و هیچی نەدەزانی دەربارەی ئەو ئافرەتە پیرە، نەیدەزانی کێیە و بۆ بەو جۆرە تەماشای دەکات... تاج دەیویست هەڵی بگرێت، بەڵام وای نەکرد. لەبەر ئەوەی دەترسا پێوەی وابەستە ببێت وا بزانێت ئافرەتێکی نوێیە. خۆڵەمێشەکەی کۆ کردەوە و بەرەو قەڵاکە ڕۆیشت، دوای ئەوەی تەماشای دواوەی کرد و گوتی:

- دوام بکەوە ئەی باڵندەی بچکۆلە.

تاج بە هەنگاوی بچکۆلە بچکۆلە دەڕۆیشت بەرەو قەڵاکە تاکوو عینقاکەکەش بتوانێت بەرەو لای بێت، هێشتا نەوەکەی لەسەر جیگاکە بێهۆش کەوتبوو، بەتانییەکەی لێ کردەوە و خۆڵەمێشەکەی تێ هەڵسوو، تەنیا کونە لووتەکانی نەبێت ئەویش لەبەر ئەوەی بتوانێت هەناسە بدات...

دوای ئەوەی تەواوبـــوو، ژوورەکەی بەجـــێ هێشـــت و لە دوای خـۆیەوە بچکـۆلەکەی لەگەڵ منـداڵەکەدا بەجـێ هشـێت. بەو جـۆرە گەواهیـــدەری ئەوە دەبـــوو هێـــزی ئـــاگری نێـــو نـــاخی نەوەکەی دابگیرســـێنێت کە مـــاوەیەکی زۆرە کـــوژاوەتەوە، بەو جـــۆرە عینقـــا بچووکەکەش بە گەورەیەکی تازەی ئاشنا دەبوو.

ڕۆژی دواتر:

١٢

دەرگـای ژوورەکەی بە دوودڵیـیەوە کـردەوە، هەناسـەی سـوار بووبـوو لە ترسـاندا، سـەری بـردە ژوورەوە و تەماشـای جەسـتەی نەوەکەی کرد، بەڵام هیچ ئاسەوارێکی خۆڵەمێشی پێوە نەبوو، بۆیە لە خۆشـیاندا فرمێسـکی چاوەکـانی سـڕی کە بەسـەر کوڵـمییەوە بـوو، جەسـتەی وەڵامـی خۆڵەمێشـەکەی دابـۆیەوە، هێـزی ئـاگری نـاخی لە کۆتاییدا جووڵابوو، ئەوە چەند ڕۆژێکی کەمـی دەویست تـاکوو ببێتە جنۆکەیەکی بەهێز...

بەڵام دڵخۆشییەکەی بەردەوام نەبوو، بەڵکوو هەر زوو پێی زانی کە کێشـــەیەکی گەورە ڕووبەڕووی دەبێـــتەوە، لەو کـــاتەوەی لە گۆڕسـتانەکە بردبوویـان تـاکوو ئێسـتا، هێشـتا خەوتبـوو، هەر بـۆیە دەبوو حەکیمی لادێکە ببەن تاکوو چاوی پێی بکەوێت و چارەسـەری بکـات. دەسـتی بەرەو ڕووی ڕاکێشـا و هەڵـی گـرت، بەڵام تووشـی کێشەیەکی تر بوو.

ڕاستەوخۆ باڵندەی عینقاکە لە جێگاکەدا بەرز بۆیەوە و پەلامـاری دا.

دەسـتی گەسـت لە ڕێگەی دەنـووکە تیژەکەیەوە، تەنانەت هێندەی نەمـابوو تەواوی دەسـتی بخـوات تـاکوو دەسـتکاریی منداڵەکە نەکـات، بۆیە بە هەڵە لە ڕێگەی ئەو پەلامارەیەوە یەکێک لە دەمارەکـای قـاچی خۆی قرتاند.

باڵندەکە هەوڵی دەدا پارێزگاری لە منداڵەکە بکـات، چـۆن ئەوە بە فکریدا هات، چونکە ئاسـان نەبوو بـاوەڕ بەو باڵندە بچـووکە بهێنرێت کە ئازاری منداڵەکە نادات.

دەیزانی هێشتا لاوازە و دەتوانرێت بە ئاسانی وەلا بنرێت، بەڵام بە هەمان شێوە دەیزانی کە زنجیرەی عینقا هەرگیز هیچی بیر ناچت و نابورێت، لەبەر ئەوەی کەرامەتێکی هەبوو وای لێ دەکرد کە هەرچەندی ژیان بڕی هێشتا هەوڵ دەدات تۆڵە بکاتەوە لەو کەسەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئازاری داوە...

بۆیە هەوڵی دا بارودۆخەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە:

- گەورەکەت پێویستی بەوەیە پزیشک ببینێت.

باڵندەکە سەری بە لای ڕاست و چەپدا بادا، وەک ئەوەی بڵێت ڕازی نیم بە قسەکەت:

- تەماشای بکە ناجوواڵێت، تەنیا دەیبەم بۆ لای پزیشک.

هێشتا ڕازی نەبوو بە قسەکەی:

- دەتوانیت تۆش لەگەڵماندا بێیت تاکوو دڵنیا ببیتەوە.

پاشان گوتی:

- ڕێگە بە کەس نادەم هەوڵ بدات ئازاری بدات، بەڵێنت پێ دەدەم.

**

لە بەردەم ماڵە بچووکەکەدا وەستا لە سووچێکی ڕێگەکەدا، گالیسکەکە وەستا کە سابح لێی دەخورێ دوای ئەوەی گەشتەکە زۆری ویست...

لە گالیسکەکەی دابەزی و نەوەکەی لە باوەش کردبوو بە ئاسانی لەگەڵ ئەوەی کە کێشی زیاد بوو، لە دوایەوە باڵندە بچووکەکە دەڕۆیشت کە خەمی بوو لە دەرگای دا لەبەر ئەوەی لە ژوورەوە دەنگێکی بەرز دەهات:

- ئەوە چ ئاژەڵێکە کە بەم شێوەیە لە دەرگا دەدات و ناهێڵێت مرۆڤ کەمێک پشوو بدات؟

دوای ئەوەی حەکیمەکە دەرگاکەی کردەوە دیتی کێ لە بەردەمیدا وەستاوە، هەستی کرد کە کەوتۆتە کێشەیەکی گەورەوە بەهۆی زمانە درێژەکەیەوە:

- باڵندە سوورەکە!

بە شڵەژانەوە گوتی:

- ببووورە نەمدەزانی تۆیت ئەگەر نا بەو جۆرە قسەم نەدەکرد، ئەگەر ئاژەڵێک لێرە هەبێت ئەوا منم.

- پاشان بە ترسەوە گوتی:

- چۆن خزمەتت بکەم؟

- ئەم کوڕە...

-چییەتی؟

- خەبەری بکەرەوە!

حەکیمەکە لێی نزیک بۆیەوە و تەماشای کرد هەستی بە بۆنی خۆڵەمێشەکە دەکرد:

- ئای خودایە نەهێنیی ئەم بۆنە پیسە چییە کە لە جەستەی دێت؟

- بە شتێکی تایبەت چەورم کردووە.

- ناوی ئەو شتە تایبەتە چییە؟

حەکیمەکە لێی پرسی:

- گووە؟

-زمانە درێژەکەت دەبڕم ئەی حەکیمی بێ چاوورووو.

قسەکەی فەرامۆش کرد دووبارە بە قێزەوە تەماشای کرد:

- ئایا تۆ زۆر گرنگی بە تەندروستی دەدەیت؟

سەری لەقاند و گوتی:

- با ڕێککەوتنێک بکەین.

- چ جۆرە ڕێککەوتنێک؟

پێشتر ئەرکی زۆر کێشابوو بەبێ هیچ بەرانبەرێک.

بە بێتارامی پرسی:

- چەندە پارەت دەوێت؟
- گەمژەم ئەگەر پارە لە جنۆکەیەکی وەکوو تۆ وەربگرم.
- دەی چیت ئەوێت حەکیمی چاوبرسی؟
- پێم بڵێ دەتوانیت چیم پێ بدەیت؟
- تەنیا یەک خەونت بۆ بەدی دەهێنم.

پاشان گوتی:

- هێندەت بەسە؟
- بەسە، بیهێنە ژوورەوە با بزانین کێشەی چییە.

پاشان خۆی خستە سەر لا تاکوو تێپەڕ ببێت.

باڵندە بچووکەکە هاواری کرد و سەرنجی حەکیمەکەی ڕاکێشا، گوتی:

- کێشەی ئەم باڵندە پرتەقاڵییە چییە؟
- تووڕەیە، لەبەر ئەوەی بە منی گوت بێمە ژوورەوە و بە ئەوت نەگوت.
- ئۆو ببووڕە نەمدی، فەرموو تۆش وەرە ژوورەوە.

**

باڵندە بچووکەکە لە نزیکەوە وەستابوو، بە سەرنجەوە تەماشای هەموو هەنگاوەکانی حەکیمەکەی دەکرد کە ئەنجامی دەدا، تاجیش هەستی بە دڵەڕاوکێ دەکرد. دڵنیا نەبوو لەوەی کە چی لە منداڵەکە دەکات، دەترسا لەو دەرمانی لە بیرچوونەوەیەی کە داویەتی پێی، هەروەها ئەو خۆڵەمێشەش کە جەستەی پێ داپۆشیبوو زیانی پێ گەیاندبێت.. حەکیمەکە لەسەر جێگاکە پاڵی خست:

- سەرەتا پشکنینی چاوی بۆ دەکەم.

پاشان گوتی:

- ئەوە دەرگـای سـەرەکیی جەسـتەیە وەک خـۆت دەزانـی لە ڕێگەیەوە..

بە تووڕەییەوە قسەکەی پێ بڕی:

- خۆت و قسەکانت بە نەفرەت ببن کە تەواو نابن ئەی حەکیمی بەدبەخت.

پاشان فەرمانی پێدا دەست بە پشکنینەکان بکات.

حەکیمەکە پەنجەی بە ڕوویدا بەرز کردەوە، بە گریانەوە:

- بەم شێوازە ڕێگە نادات بزانم، ئەوەش هۆکارەکەی تۆ دەبیت.

دواتر لەبەر ئەوەی دەیویست لۆمەی کەسێک بکات ڕووی لە تاج وەرگێڕا و ڕووی کردە باڵندەکە تاکوو لۆمەکەی بخاتە سەر و گوتی:

- ئەو جـۆرە تەماشـاکردنەش کە ئەو باڵنـدە گەمـژەیە بەرانـبەرم دەیکات!

باڵنـدە بچـووکەکە دەنگێکـی بەرزی دەرکـرد وەک ئەوەی ڕەتـی بکـاتەوە کە ئەو کـارێکی هەڵە و خراپـی ئەنجـام دابێـت، شـایەنی ئەو تووڕەبوونەش ببێت. تاج داوای لێبوردنی لێکرد:

- نـا مەبەسـتی ئەوە نەبـوو تەنیـا بـابەتەکە ئەوەیە ئەم حەکـیمە زمانی درێژە، بۆیە کاتی دەوێت تاکوو کەمێک بۆی کورت بکەینەوە.

حەکیمەکە هەستی بە شەرمەزاری دەکرد لەوەی کە وا دەڵێت:

- منداڵەکە بپشکنە با زمانت بۆ نەبڕم.

- باشە، ئەنجامی دەدەم.

تاج گوتی:

- زۆر باشە.

پاشان دەستی لە زمانی بەردا:

- دەست پێ بکە.

سەرەتا دەستی کرد بە پشکنینی چاوی ڕاستی، پاشـان چـاوەکەی تری، بەڵام کە ویستی چاوی چەپی بکاتەوە سەری سووڕما.

- ئای خودایە.

- چییە؟

پرسی:

- ئایا کێشەیەکی هەیە؟

- شتێکی سەیری هەیە.

پاشان بە سەرسوورمانەوە گوتی:

- چاوی چەپی ڕەنگەکەی سەیرە.

بەڵام هەر کە ئەو قسەیەی کرد ڕاستەوخۆ تاج زانی کە ئاگرەکەی ناخی جووڵاوە، گوتی:

- واز لەو بابەتە بهێنە و چارەسەری بکە.

حەکیمەکە لێی نزیک بۆیەوە و لە کۆتاییدا پەردەی ترسەکەی شکاند و بە گاڵتەوە گوتی:

- بۆچی هەندێک لە جادووەکانتی بەسەردا ناخوێنیت؟ یاخود لە تەمەندا بەرەو پێش چوویت و توانای ئەوەت نەماوە.

- دەتەوێت بتکەم بە بۆقێک تاکوو بزانیت هێزم چەندێکە ئەی حەکیمی داماو؟

- گاڵتەم کرد.

- ئێستا کاتی گونجاو نییە بۆ گاڵتەکردن گەمژە.

حەکیمەکە تەماشای باڵندەکەی کرد تاکوو لۆمەی بکات، بەڵام تاج کەوتە قسە:

- نەکەیت.

پاشان بە چاوی ئاراستەی نەوەکەی کرد:

- کوڕەکە بپشکنە!

حەکیم کۆمەڵێک گژوگیای هێنا کە زەعفەران، جەرجیر و گەلایەکی زەردی بچووک بوون، هەروەها لەگەڵ پارچە کاغەزێکدا کە چەند ئایەتێکی پەرتووکی ئاسمانی تێدا نوسرابوو هەمووی خستە نێو مەنجەڵێکەوە، پاشان کەمێک ئاوی کوڵاوی بۆ زیاد کرد و بە دارەکەی تێکەڵی هەڵدا:

- ئەم دەرمانە چاکی دەکاتەوە.
بەردەوام بوو لە تێکەڵکردنی دەرمانەکە.
تاج پرسی:
- ئایا هیچ ئەگەرێک هەیە بۆ ماوەیەکی زۆر بەم جۆرە بێهۆش بمێنێتەوە؟
- نازانم.
پاشان گوتی:
- پێدەچێت لەدەستدانەکەی دایکی زۆر گەورە بووبێت بۆی و دڵی بەرگەی نەگرتبێت و میشکی قبووڵی نەکردبێت.
- دەی دەتوانین چی بکەین لەم بارەیەوە؟
- هیچ شتێک جگە لەوەی نوێژ بکەین و بپارێینەوە بۆی.
پاشان گوتی:
- لە جیهانەکەی تردایە ئێستا ڕێگەی خۆی دەدۆزیتەوە بۆ ئەم جیهانە دەگەڕێتەوە.
- ئایا چاوەڕوانیمان زۆر دەخایەنێت؟
- چەند خولەکێکی تر بە ئاگا دێتەوە... یاخود هەرگیز بە ئاگا نایەتەوە.

**

دوای ماوەیەک لە بێدەنگی، حەکیمەکە بوێری قسەیەکی تری کرد:
- ئایا ئەم بچکۆلەیە وەکوو دایکیەتی؟
بە دوودڵییەوە گوتی:
- مەبەستت چییە؟ مەبەستت چییە وەکوو دایکیەتی؟
- ڕاستییەکەی دەزانم ئەی باڵندەی سوور، جومانا مرۆڤ نەبوو.
- بۆچی قسەیەکی لەم جۆرە دەکەیت، ئێستا ئەوە مانای چییە ؟
- خۆمم لەناو بردووە لەبێو ئەم پیشەیەدا.

به متمانەبەخۆبوونەوە گوتی:

- لای زۆرێک لە مرۆڤەکان بووم لە سەرەمەرگدا، بەڵام هەرگیز مردنێکی هاوشێوەی ئەوەی جومانام نەدیبوو پێشتر، دڵی وەستابوو لە کاتێکدا چاوی دەجوولایەوە، ڕەنگی سوورێکی سەیر بوو، وەکوو ڕەنگی چاوی ئەو منداڵە بوو...

- ئایا ئەمە وات لێ دەکات گومان لە مرۆڤبوونی ئەو بکەی؟

- ئەوەم خویندۆتەوە لە یەکێک لە پەرتووکەکاندا.

- چیت خوێندۆتەوە؟

- کاتێک جنێک دەمرێت، هێشتا چاوێکیانی بە ڕەنگی سوور دەدرەوشێتەوە، دواتر بە شێوەیەکی هەمیشەیی دەکوژێتەوە، بەڵام تاکە شت کە وام لێ دەکات دڵنیا نەبمەوە ئەوەیە چۆن دەبێت جنێک بە هۆکاری ژەهرێکی مرۆڤ بمرێت؟

تاج بێدەنگ بوو کەمێک، پاشان هەستی بەوە کرد کە لە کێشەیەکی گەورەدایە لە چواردەورەوە، ناتوانێت درۆ بۆ حەکیمەکە بکات کە پێدەچوو زۆر گێژ بێت و لەو کارانە تێ نەگات، بۆیە گوتی:

- ماوەیەکی زۆر بوو کە وازی لە هێزەکەی هێنابوو، هەر لەو کاتەوەی کە هاوسەرگیری لەگەڵ بەحردا ئەنجام داوە.

- تەنانەت ئەگەر وازی لە هێزەکەشی هێنابێت، هێشتا جەستەی ئاگری تێدایە، جنەکان بە ژەهری مرۆڤەکان نامرن.

تاج لەبەر ئەوەی چیتر نەیدەتوانی ئەو بابەتە بشارێتەوە بە شڵەژانەوە گوتی:

- دەتەوێت بڵێیت چی؟

- مەبەستم ئەوەیە کە لە مردنەکەی جومانادا دەستی جن هەیە.

هەناسەیەکی قوونی هەڵمژی و بە بێهیواییەوە وتی:

- ئەم قسانە چ سوودێکیان هەیە؟ ئەو مردووە و ناگەڕێتەوە.

- ئایا کچت بوو؟

لەو کاتەدا حەکیمەکە لە هەموو مەتەڵەکە تێگەیشت وتی:

- ئەم منداڵەش جنە؟

- لە مرۆڤ جیاوازە بە تەواوی و جنیش نییە، هەردووکیانە لە هەمان کاتدا.

- مەبەستت ئەوەیە دووڕەگە؟

- بەڵێ، بە تەواوی دووڕەگە.

بۆ ساتێک بیدەنگییەکی درێژ باڵی کێشا بەسەریاندا، تاج پرسی:

- پێم بڵێ حەکیمەکە، هەرگیز لە ژیانتدا ئاشق بوویت؟

- یەک جار، ئەویش پێش بیست ساڵ، ئەو کاتەی گەنج بووم.

پاشان بە گاڵتەوە گوتی:

- بەڵام ئێستا لە پەیوەندیدا نیم لەگەڵ کەسدا، ئەگەر بیر لەوە دەکەیتەوە پەیوەندیم لەگەڵدا ببەستیت.

تاج پێکەنی و گوتی:

- بەو ڕادەیە گەمژە نیم.

- ئەوەندە گەمژە نیت کە بکەویتە داوی خۆشەویستی، یاخود پەیوەندی لەگەڵ منداببەستیت؟

- هەردووکیان بێگومان.

پاشان پرسی:

- بۆچی بۆ جاری دووەم ئەزموونی خۆشەویستی ناکەیتەوە؟

تاج وتی:

- لەبەر ئەوەی دڵەکان خراپ دەبن دوای جودابوونەوە و ناتوانرێت جارێکی تر بۆ خۆشەویستییەکی تر چاک بکرێنەوە،

- ڕەنگە ڕاست بێت.

حەکیم:

- بەڵام بۆچی پرسیت کە ئایا پێشتر کەوتوومەتە خۆشەویستییەوە یاخود نا؟

- دەمویست بزانم ئایا خۆشەویستی شایەنی ئەوەیە کە جومانا لە پێناویدا کردی یاخود نا؟

- ئێمەی پیاو شایەنی هیچ جۆرە قوربانییەک نین لە ژیاندا بۆمان بکرێت، لەژێر ناوی هەر بارودۆخێکدا بێت...

پاشان هەستایەوە لە جێگەکەیدا تاکوو کۆرەکە بپشکنێت و دووبارە پرسییەوە:

- ئەی تۆ؟

- هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان کەست خۆش ویستووە؟

تاج وەلامی پرسیارەکەی نەدایەوە، بە جۆرێک بیدەنگییەکەی هێندە درێژەی کێشا حەکیمەکە هەستی بەوە کرد کە نایەوێت وەلامی بداتەوە، لە کۆتاییدا بە ئەدەبەوە گوتی:

- یەک جار ئەویش ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستا بوو.

-بۆچی دووبارەت نەکردەوە؟

تاج وەلامی دایەوە:

- لەبەر ئەوەی دڵەکان خراپ دەبن دوای بەجێ هێشتن و جارێکی تر چاک نابنەوە.

حەکیمەکە پێکەنی و گوتی:

- ڕاست دەکەیت.

پاشان بە پرسیار و پێکەنینەوە گوتی:

- بەڵام پێم بڵێ ئەم بێبەختە کێیە کە کەوتبووێتە داوی خۆشەویستییەوە؟

- ئیمپراتۆر جەبار.

حەکیمەکە بە سەرسامییەوە گوتی:

- پادشای ئەبابیلی پێشوو؟

حەکیمەکە بە سەرسوڕماوییەوە سەری هێنا و برد بە بیستنی ئەو هەواڵە:

- دەی چۆن ڕوویدا، کەی؟

وەک ئەوەی چیرۆکەکە شتێکی شاراوە بووبێت!

- هاوسەرمە.

پاشان بە دڵتەنگییەوە شانەکانی داچەماند:
- بەڵام چیتر وەکوو سەرەتا نین.
- یەک خولەک... ساتی درکپێکردن بوو، ئایا ناوت تاجە؟!
تاج هەناسەیەکی قوونڵی هەڵکێشا و لەبەر ئەوەی تەواوی لادێکە پێیان دەگوت باڵندە سوورەکە نەوەک تاج.
- بەڵێ من ئەوم.
- کەواتە تۆ هاوسەری پاشا جەبار بوویت ئەو کاتەی حووکمڕان بوو؟
قسەکان زۆر دژێژەی کێشا و تاجیش نەیدەویست لەوە زیاتر لەسەری بڕوا بۆیە گوتی:
- نامەوێت لەو بارەیەوە زیاتر بڵێم تکایە.

**

بێدەنگ بوون بۆ ساتێک، پاشان لە کۆتاییدا حەکیمەکە کەوتە قسە و پەنجەی بۆ لای جێگاکە ڕاکێشا:
- تەماشای بکە هاتەوە هۆش خۆی...
منداڵەکە چاوی کردەوە بینی لە ژوورێکی تەنگ و ناخۆشدایە کە پڕیەتی لە بۆنوبەرامەی گژوگیا و جگە لەوەش گیای سووتاو، پەنجەرەکانی پیسن، بۆ یەکەم جار هەستی دەکرد شتێکی گەرم لەنێو دەستیدا هەڵدەقوونێت:
- من لە کوێم.
بە سەرسوورمانەوە گوتی:
- ئەم شتە چییە؟
تاج لێی نزیک بۆیەوە و بە زەدەخەنەوە گوتی:
- ئەمە ئەوەیە کە خزمەتت دەکات بە تایبەت، ناوی ئیکلیلە.
منداڵەکە هەناسەیەکی ترسی هەڵکێشا:

- ئیکلیل؟

باڵندە بچووکەکە باڵەکانی جووڵاند و کلکە بچووکەکەشی لەگەڵ سەریدا، وەک ئەوەی بیەوێت لە خۆشیاندا بفڕێت، تاج پێی گوت ئەو دڵخۆشە بە گەڕانەوەت.

- گەڕانەوە؟

- ترساین کوڕە گەمژەکە، ئایا ئەو حەکیمەکە دەناسیت کە شەوە باراناوییەکە لەگەڵتدا هات لەبەر خاتری...

تاج وتی:

- حەکیمەکە، وەک ئەوەی بڵێیت بترسێت کە نەوەکەی هەموو شتیکی وەبیر بێتەوە.

- ئێمە نامانەوێت خەمباری بکەین بە کۆمەڵێک شت کە سوودی نییە بۆی!

منداڵەکە بە سەمەرەییەوە تەماشای حەکیمەکەی دەکرد، دوای کەمێک گوتی:

-نا ناتناسم، کێیت؟

**

منداڵەکە سەرەتا سەرکەوتە نێو گالیسکەکە و پاڵی دایەوە، لەسەر شانیشی باڵندە بچووکەکە هەبوو، وەها دانیشتبوو وەک ئەوەی لەسەر لقی درەختێک بووبێت. تاج کەمێک خۆی دواخست لە مااڵی حەکیمەکە بە ئەنقەست لەبەر ئەوەی دەیویست دەربارەی شتێکی گرنگ قسەی لەگەڵدا بکات:

- ئایا نهێنییەکەی جومانات بە هیچ کەسێک گوتووە؟

- بە ئەیوبم گوتووە، بەاڵم پێم گوتووە کە بە هاوسەرەکەی بڵێت، تاج خەمی نەبوو لەبەر ئەوەی دەیزانی کە ئەیوب بە هاوسەرەکەی نااڵێت، چونکە پێشتر بەڵێنی بە جومانا داوە کە ڕاستییەکە بە بەحر

نەڵێت، بەڵام گومانی لە حەکیمە چەنەبازەکە هەبوو کە نەتوانێت نهێنییەکە بپارێزێت، بۆیە بیری لەوە کردەوە بیکوژێت و بینێژێت... بەڵام لە هەمان کاتدا نەدەبوو ئەوە لەبیر بکات کە حەکیمەکە یارمەتی داوە تاکوو نەوەکەی چاک ببێتەوە، ئەمەش وای لێکردبوو تێدا بمێنێتەوە:

- ئەگەر ڕاستگۆ بم لەگەڵتدا، بیر لەوە دەکەمەوە بتکوژم.

- ئایا بەو جۆرە سوپاسم دەکەیت لە بەرانبەر ئەوەی یارمەتیم داویت؟

- هەر خۆی ئەوە تاکە شتە ڕام دەگرێت لە کوشتنت.

پاشان تاج بە داخەوە گوتی:

- گوێ بگرە لێم، لەگەڵتدا ڕێک دەکەوم، ڕێگەت پێ دەدەم بژیت بەو مەرجەی نهێنی ئەم منداڵە بپارێزیت و بە کەسی نەڵێیت، ڕێککەوتین؟

حەکیمەکە لەبەر ئەوەی نەیدەویست بمرێت گوتی:

- بەڵێنت پێ دەدەم بە کەس نەڵێم.

پاشان لەبەر ئەوەی نەیدەویست بەحر بەوە بزانێت کە کوڕەکەی لە لای ئەمە، گوتی داوایەکی تریشت لێ دەکەم:

- بە هیچ کەس مەڵێ کە منداڵەکەت لەگەڵ منداێ دیوە.

پاشان لێی دڵنیا کردەوە:

- هەر کەسێک تەنانەت باوکی خۆیشی؟

حەکیمەکە سەری ڕازیبوونی لەقاند:

- بە هیچ کەس نالێم کە لەگەڵ تۆدا دیومە تەنانەت باوکیشی.

بەر لەوەی بڕوات لێی پرسی:

- ئەی کەی داواکارییەکەم بۆ بەدی دەهێنیت؟

- ئایا بیرت لە یەک دانە کردۆتەوە؟

- بەڵێ.

- چییە ئاواتەکەت؟

- ئاواتم ئەوەیە کە خەونی زۆرم بۆ بەدی بهێنیت.

- گەمژە مەبە، ناتوانیت بەم جۆرە ڕەفتار بکەیت. بیر لە یەک ئاوات بکەرەوە بۆت جێبەجێ بکەم، پاشان ڕۆیشت.

کە گەیشتنە قەڵاکە لە گالیسکەکە دابەزین و ئەسپە سپییەکە بەرەو لای منداڵەکە هات:

- ئای کوڕەکە سوپاس بۆ خودا کە سەلامەتیت.

منداڵەکە بە سەرسامییەوە بە تاجی گوت:

- ئەویش وەکوو ئێمە قسە دەکات.

- ئەو وەکوو ئێمە قسە ناکات بەڵکوو تۆ بە سروشتی خۆت لە زمانی ئاژەڵان تێدەگەیت و دەتوانیت وەڵامیان بدەیتەوە.

ئەوەی کە سەیر بوو ئەم ماوەیە بە لای ئەوەوە، ئەوەبوو کە ڕابردووی خۆی هەرگیز بیر نەدەکەوتەوە، تەواوی یادەوەرییەکانی لە خولەکێکدا ون بووبوون، یادەوەرییەکانی لەو کاتەوە دەستی پێ دەکرد کە چاوی کردەوە لە ماڵی حەکیمەکە بوو لەسەر جێگاکە، دەیزانی کە لەو ساتەدا نەهاتۆتە ژیان، بەڵکوو ژیانێکی تری هەبووە کە پێشتر ژیاوە، بەڵام ئەوەی سەیر بوو ئەوە بوو کە هەوڵی دەدا شتێکی بیر بکەوێتەوە مێشکی ئازاری هەبوو.

- ناوت چییە؟ دەستی بۆ نەنکی ڕاکێشا.

گوتی:

- تاج

پاشان دەستی بۆ خۆی ڕاکێشا:

- ئەی من؟

لە سەرەتای پانزە ساڵیدا بوو، بەڵام هەمووان بە منداڵ ناویان دەهێنا یاخود بە کوڕەکە بۆیە... بیری کردەوە:

- بەم زووانە ناوێکت لێ دەنێن کوڕە.

- ئەی ئەم باڵندەیە چییە، بۆ هەمیشە بە دوامەوەیە بۆ هەر جێیەک بچم؟

- ئەو خزمەتکاری تۆیە، یارمەتیدەرت بوو تاکوو ئاگرەکەی ناخت بکەوێتە کار.

- مەبەستت چییە لە کارکردنی ئاگرەکەی ناخم؟

تاج پێی وابوو نەوەکەی مافی خۆیەتی دەربارەی بونیادی جەستەی بزانێت، بۆیە پێی گوت:

- تۆ بونەوەرێکی دووڕەگیت، دایکت جنۆکەیە و باوکت مرۆڤە.

ویستی دەربارەی دایکی پێی بڵێت، بەڵام لەوە ترسا کە بیری بکەوێتەوە ئەگەر وا بکات شتێکی تری بیر کەوتەوە بەر لەوەی تەواو ببێت لە مەشق پێکردنی... بەرەو ڕووی باڵندەکە چوو، فەرمانی پێکرد کە لێی نزیک ببێتەوە، بەڵام هاواری کرد بە ڕوویدا وەک ئەوەی ڕەتی بکاتەوە، بۆیە تاج بە نەوەکەی گوت:

- فەرمانی پێ بکە نزیک ببێتەوە، کارێکیٰ گرنگم پێیەتی.

- چی پێ بڵێم؟

- پێی بڵێ ئیکلیل وەرە بۆ ئێرە.

بە دوودڵییەوە گوتی:

- ئیکلیل وەرە بۆ ئێرە.

باڵندە بچووکەکە سەری دانەواندەوە بە هەمان شێوە کلک و باڵی کردەوە بۆی وەک ڕێزێک بۆی پاشان نزیک بۆیەوە...

تاج پێی گوت:

- دوای ئەوەی جەستەت بە سەرکەوتووانە توانی خۆڵەمێشی عینقاکە هەڵمژێت، بوویت بە گەورەی ئیکلیل، هەردووکتان دەبێت ئاگادار بکەمەوە لە کارێکی زۆر گرنگ، بۆیە هەردووکتان دەبێت گرنگی بە یەکتر بدەن واتە ئەگەر یەکێکتان بمرێت ئەوا ئەوەی تریشیان دەمرێت...

١٣

له هەفتەی داهاتوودا دەبوو تاج دەست بکات بە مەشق پێکردنی، تاکوو بتوانێت هێزە شارَاوەکەی بەکار بهێنێت، تاکوو بتوانێت لە ناخیدا دەری بهێنێت و هەڵسوکەوتی پێوە بکات، هەر بۆیە بەپەلە چووە یەکێک لە ژوورەکانی قەڵاکەوە، پاشان دەرگاکەی لە دوایانەوە داخست، بەبێ ئەوەی ڕێگە بە ئیکلیل بدات بێتە ژوورەوە هەرچەندی سوور بوو لەسەر ئەوەی بە دوایاندا بێت.

لێی پرسی:

- بۆچی ڕێگەی نادەیت بێتە ژوورەوە؟

- لەبەر ئەوەی دەمەوێت تەواوی سەرنجت لێرە بێت.

پاشان لەبەر ئەوەی دەیزانی ترس گەورەترین بەربەستی سەرەتای فیربوونە، هەتاکوو ئەو بەربەستە گەورەیەش نەشکێنێت ناتوانێت بەکاری بهێنێت، بۆیە لەسەر زەوییەکە دانیشت و فەرمانی پێدا کە دابنیشێت، نێوانیان نزیکەی حەوت مەتر دەبوو:

- لەوێدا دابنیشە.

دانیشت وەک ئەوەی داوای لێ کردبوو، پاشان تاج دەستی بەرز کردەوە بۆ قەفەسە گەورەکە کە بە پەرژینە سپییەکەوە بوو، سەرەتا منداڵەکە وای دەزانی کە ئەوە دیوارێکی گەورەیە، نەیدەزانی تەنیا لەو ساتەدا نەبێت کە پێی گوت کە چی لەنێو قەفەسەکەدا هەیە:

- هێزەکە لە دڵەوە سەرچاوە دەگرێت بچکۆلەکە، هەر بۆیە شێر دەتوانێت ببێتە پادشای دارستان.

- پادشای دارستان؟

- لەبەر ئەوەی لە هیچ شتیک ناترسێت بە ئاراستەی مردن دەڕوات، وەک ئەوەی بۆ گەشت و یاریکردن بڕوات، بۆیە دەبێت ترسەکەی ناخت لەناو ببەیت، ئەگەر دەتەوێت ئازاد بیت.

پاشان گوتی:

- دەبێت نەهێڵیت ئەو ترسە بەسەرتدا زاڵ ببێت، تۆ نەهاتوویتە ئەم دونیایەوە کە ببیتە کۆیلە.

سەری لەقاند بە ئاراستەی تیگەیشتن لەو قسانەی.

- باشە.

تاج پێی گوت، پاشان پەردە سپییەکەی لەسەر قەفەسەکە لادا و لەنێویدا مارێکی ڕەشی گەورەی تێدابوو کە کوبرای جۆری جن بوو...

پرسی:

- دەزانی چیت لێ دەکات ئەم مارە ئەگەر بێت و هێرش بکاتە سەرت؟

ترسەکەی ئەوەندە زاڵ بوو بەسەریدا نەیدەتوانی تەنانەت قسەش بکات.

- ژەهرەکەی خۆیت پێ دەڕێژێت، ئەوەش وا دەکات لە پەلوپۆ بکەوێت، دوای کەمێک جەستەت تووشی ئازار ببێت، تووشی برینی کوشندە دەبیت لەسەر جەستەت؛ تەماشاکردنی مارە ڕەشەکە ترسناک بوو، سەری پان بوو وەکوو درعی ئیغریقی وابوو کە هۆکار بوو بۆ مردن، زمانێکی ڕەشی گەورەی هەبوو کە دەیهێنایە ژوورەوە و دەیبردە دەرەوە، منداڵەکە زۆر دەترسا گوتی:

- تکایە لە قەفەسەکەی دەری مەکە.

وەک ئەوەی بڵێیت گوێبیستی ئەو تکایە نەبوو تاج دەستی بۆ دەرگای قەفەسەکە برد.

منداڵەکە هاواری کرد:

- بوەستە... چی دەکەیت؟

بە ساردییەوە گوتی:

- هیچ، تەنیا دەیهێنمە دەرەوە.
- بەڵام زۆر مەترسیدارە.
- بێخەم بە، مارەکان بەرەو ئاراستەی نائاگاییان دەڕۆن و بەرەو ئەو شتانە دەچن کە لێیان دەترسن.

پاشان گوتی:

- هەر بۆیە تۆ مەترسە... بەڵێنت پێ دەدەم ئازارت نادات.
- بەڵام من دەترسم.
- دەی کەواتە ئامادە بە ببیتە ژەمە خۆراکی ئەو.

دەرگای قەفەسەکەی کردەوە، ڕاستەوخۆ لەسەر سک بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت و زمانە دریژەکەی بۆ پێشەوە و دواوە دەبرد. تاج لە چاویدا ئەوەی خوێندەوە کە هەوڵی ڕاکردن دەدات بۆیە ئاگاداری کردەوە:

- نەکەیت.

بەڵام پاش کەمێک هەستی بە گەرمیی زمانە ژەهراوییەکەی کرد کە بەر جەستەی دەکەوت، وەکوو ئافرەتێکی کوێر کە لە ڕێگەی دەستییەوە هەست بە شتەکان دەکات، دەیزانی دووبارە دەیەوێت ڕابکات، بەڵام دووبارە ئاگاداری کردەوە:

- نەجووڵێیت.

پاشان گوتی:

- ئەگەر ناتەوێت لەنێو سکیدا خۆت ببینیتەوە.

بە دەنگی پڕ گریانەوە گوتی:

- بۆچی وام لێ دەکەیت؟! من هیچ کارێکی هەڵەم نەکردووە.

لە جیاتی ئەوەی هەوڵ بدات ئارامی بکاتەوە و ترسەکەی دڵی دابمالێیت گوتی:

- ئایا دەزانیت چی ڕوو دەدات دوای ئەوەی کە قووتت دەدات؟

کاتی بیرکردنەوەی نەبوو، ڕاستەوخۆ خۆی وەڵامی دایەوە:

- دەتبات بۆ نزیکترین ژێر درەخت، بەڵام تا ئەوکات لە سکیدا دەبی، دواتر دانە بە دانەی ئێسکەکانت دەشکێنێت تاکوو ئاسانتر هەرست بکات.

- تاج من هەست بە ترس....

قسەکەی پێ بڕی:

- تەنانەت بیر لە وتنیشی مەکەرەوە، بەهێز بە گەمژە، لەم دونیا سامناکەدا جێگەی کەسانی لاواز نابێتەوە، ئێستا بمرە کەس بە بیریدا نایەت... بەهێز بە هەمووان چیرۆکی تۆیان لەبیر دەبێت.

نەیدەزانی چ جۆرە وەڵامێکی بداتەوە، بەڵام دەیزانی ڕووبەڕووی مردن وەستاوەتەوە، ئەو شتەی کە وای لێ کرد وا بە تاج بڵێت، ئەوە بوو کە نەیدەویست ئێستا بمرێت لە کاتێکدا پڕە لە ژیان، هەر بۆیە مێشکی بەم جۆرە دەستی بە بیرکردنەوە کرد: مردن واتە ئەم مارە بتوانێت بەسەرمدا زاڵ ببێت، نەترسان واتە ڕزگار بوون.

چاوەکانی داخست و هەناسەی قوواڵی هەڵمژی، هەر وەکوو ژێرئاوییەک کە لەنێو سندووقێکی ونبووودایە لە یەکێک لە بنکی دەریا دوورەکاندا...

لەو کاتەدا کە سەرقاڵ بوو بەوەی ترسەکانی دەخواردەوە، کەسێک بە ڕوویدا هات کە زەردەخەنەیەکی لەسەر لێو بوو، بەڵام دانێکی زەردی هەبوو، دانەیەکی تریشی کون بووبوو. لە بەردەم منداڵەکەدا وەستا و گوتی:

- تۆ دەترسیت وایە؟

- چیت دەوێت؟

ترس پێی گوت:

- بەڵێ منم.

- دەمەوێت لێرە بڕۆیت.

ترس گوتی:

- گوێ بگرە منداڵە بچووکەکە، ناتوانم کارەکەت لەسەر گران بکەم، تۆ لە کۆتایی ڕێگەکەتدایت، گەورەی هەستەکانتیت و دەتوانیت فەرمانیان پێ بکەیت کە چی بکەن، بەڵام با شتێکت پێ بڵێم بەر لەوەی بڕۆم، ئەو مارەی لە بەردەمتدا بە کەڵبە گەورەکانی پارچە پارچەت دەکات، چونکە برسییەتی و تۆش ژەمێکی باشیت بۆ ئەو.

ترس بەسەریدا سەرکەوت و منداڵەکە پەردە سپییەکەی بەرز کردەوە، خۆی دابوو بە دەستەوە، بەڵام لە کۆتا ساتەکاندا دەنگێک لە دەرەوە هات، تاج وتی:

- گوێی لێ مەگرە، هیچ شتێک نییە کە شایەنی ئەو ترسە ببێت ئەمە ژیانە جێی ترسنۆکەکان نابێتەوە.

قسەکانی تاج لە کاتی خۆیدا گەیشتن، بۆیە وای لێکرد پێی بڵێت کە:

- باشترە بە بوێریی بمرم ئەگەر هەر پێویست بکات بمرم، بڕۆ مردن ئێرە شوێنی تۆ نییە.

- هههه، وەک ئەوەی دەتەوێت.

ترس وای پێ گوت بەر لەوەی پشتی تێ بکات و بڕوات.

منداڵەکە هاواری کرد بەسەریدا:

- هێشی تۆ! جانتاکەت کۆ بکەرەوە و بڕۆ، مەگەڕێرەوە ئێرە جارێکی تر.

ترس بە سارد‌ییەوە پێی گوت:

- هێندە لووتبەرز مەبە، ئەگەر نا ڕۆژی خۆی دێت کە دەکەوێتە نێو داوی خۆشەویستییەوە و ئەو کاتە دەگەڕێمەوە بۆ لات.

کوبراکە زیاتر جەستەی دەگوشی، بە جۆرێک هەستی بە سەختی ئێسکەکانی دەکرد لەنێویدا لە ڕێگەی پێستییەوە، دەمی لە گوێی نزیک کردەوە، لەو کاتەدا چپاندی بە گوێیدا گوتی:

- سڵاو لە مردن بکە ئەی بچکۆلانە!

لە باوەشی مەرگدا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەستی بە ترس نەدەکرد.

تاج گوتی:

- دەزانیت چۆن خۆت ڕا بگریت، هەموو مەترسییەکان تێپەڕ دەبن ئەگەر ئارامت هەبێت، کوبراکە بەردەوام بوو لە لوولدانی خۆی پێوەی، ماوەیەکی زۆر بوو، بەڵام منداڵەکە ئارامی گرتبوو و هەستەکانی خۆی ڕاگرتبوو، دوای ئەوەی سەرکەوتوو بوو لە یەکەم مەشقپێکردنی تاج گوتی:

- ئێستا داوای لێ بکە جەستەت ئازاد بکات.

گوتی:

- هێی ئەی مار! جەستەم ئازاد بکە.

گوتی:

- بە مەرجێک بمگەڕێنیتەوە بۆ دارستان.

- ئایا لەوێ دەژیت؟

- بەڵێ، من پاسەوانی دارستانی گەورەم.

پاشان گوتی:

- ناوم تارایە.

دوای ئەوەی کوبرا گوتی ناوم تارایە، منداڵەکە هەستی کرد کە پێشتر گوێبیستی ئەم ناوە بووەتەوە، بەوەش هەوڵی دەدا بیری بکەوێتەوە، هەستی بە ئازار دەکرد لە سەریدا و گوتی:

- لە چی دەمانپارێزیت؟

- لەو جێیەدا ڕێگە نادرێت کە مرۆڤ بچێتە ئەوێ.

وای گوت و جەستەی ئازاد کرد، پاشان ڕوونی کردەوە:

- جێیەکی تایبەتە کە پێشتر خێزانی ئیمپراتۆر لێی دەژیان، هێشتا نابێت مرۆڤ بچێتە ئەوێ، تەنانەت دوای جێهێشتنی لە لایەن ئیمپراتۆریشەوە.

- ئیمپراتۆر؟ پرسیاری کرد وەک ئەوەی پێشتر ئەو وشەیەی بیستبێت و ئێستا بیری کەوتبێتەوە.

تارا گوتی:

- خێزانێک بوون که له کۆندا حووکمی ئەبابیلیان دەکرد
- دواتر چییان بەسەر هات؟
- وازیان له حووکمڕانی کردن هێنا.
تاج نەیدەویست نەوەکەی زیاتر بزانێت، بۆیە قسەکانی پێ بڕین:
- باشترە پەله بکەیت لەوەی تارا ببەیتە دەرەوە وەک ئەوەی بەڵێنت پێ دابوو.
بە ڕەتکردنەوەوە گوتی:
- بەڵام دەمەوێت بزانم چۆن وازیان له حووکمڕانیکردن هێنا.
تاج:
- دواتر بۆت باس دەکەم.
پرسی:
- کاتی خەوتن؟
- چەندان جار پێم گوتیت که گەورە بوویت چیتر پێویستت به چیرۆکەکانی پێش خەوتن نییە.
- بەڵام حەزم لێیە.
- ئەوەی پێت دەڵێم جێبەجێی بکە، تارا ببەرەوە بۆ دارستان.
منداڵەکە دەرگای ژوورەکەی کردەوە، ئیکلیل کەوت به زەویدا لەبەر ئەوەی به دڵتەنگی پاڵی دابۆیەوە به دەرگاکەوە، چاوەڕێ بوو لێی بکەنەوە، لەسەر زەوییەکە هەڵی گرتەوە و لەسەر شانی دانیشت پاشان بەرەو لای تارا چوو، بەر لەوەی دوور بکەوێتەوە گوتی:
- دوام بکەوە.
- سوپاس لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ هاوکار بوویت له مەشق پێکردنم، بەڵام پێم وا نەبوو کە تۆ.
قسەکەی پێ بڕی:
- بۆچی ئەم بچکۆلەیە مەشق پێ دەکەیت تاج، پلانی چیت داناوە؟
- دەمەوێت زۆر بەهێز ببێت.
به کورتی وەڵامی دایەوە.

تارا دەیزانی کە ڕاستییەکەی پێ نالێت بۆیە گوتی:

- لە چارەنووســـتدا نووســـراوە کە کـــاری زۆر بکەیـــت، بەڵام درۆکردن یەکێک نییە لەو شتانە.

- من درۆ ناکەم تارا.

- ڕەنگە درۆ نەکەیت، بەڵام بە هەمان شێوە بە تەواوی ڕاستییەکە نالێیت.

تاج هەناسەیەکی قوواڵی هەڵمژی، لەبەر ئەوەی دەیزانی ناتوانێت درۆی لەگەڵدا بکات:

- باشـە تـۆ ڕاسـت دەکەیـت هۆکـارێکی تـر هەیە، بەڵام مـن پـێم باشترە بۆ خۆمی هەڵبگرم.

پاشان بە جددیاتەوە گوتی:

- ئایا هیچ دڕبەرییەکت هەیە لەگەڵ ئەوەدا؟

تارا ملی ڕێگەی گرت و گوتی:

- نا مەبەستم ئەوە نەبوو، بەڵام بیرت بێت مـن هەمیشـە لێرەم، هەرگیز ڕێگەت پێ نادەم ئازاری بدەیت.

١٤

له یەکێک له دەشتەکانی دارستانە گەورەکەدا و له بەردەم بەردە گەورەکەدا کە له زەوییەکەدا چەقی بوو، تاج دەستی پێدا دا و گوتی بە نەوەکەی:

- بێگومان دەتوانیت ئەنجامی بدەیت.

- بەڵام هیچ جێیەک نییە لەم بەردەدا تاکوو بتوانم له ڕێگەیەوە تێپەڕ ببم بۆ لایەکەی تری.

- پێویستت بە هیچ شتێک نییە تاکوو بتوانیت تێپەڕ ببیت بۆ لایەکەی تری.

- بەڵام چۆن؟

- ئەوە بکە کە پێت دەڵێم، چیتر پرتەوبۆڵە مەکە.

ئەم جۆرە گفتوگۆیە لەنێواندا ڕووی دەدا ئەو کاتەی سەرقالی فێربوونی بوو کە بتوانێت هێزی جەستەی بەکار بهێنێت، هەرچەندە نەیدەزانی ئایا دەتوانێت بەکاری بهێنێت یاخود نا، بەڵام ئەوەی لەسەری داواکراو بوو، ئەنجامی دەدا...

دە هەنگاو چووە دواوە، پاشان بەرەو ئاراستەی بەردە گەورەکە ڕۆیشت بە هەموو هێزییەوە، تاکوو بتوانێت باز بدات بۆ لایەکەی تری، بەڵام خۆی پێدا کێشا و کەوت بە زەویدا. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی سەری بتەقێت و خوێنێکی زۆری لێ بڕوات. بە خوێنەکەوە گەڕایەوە بۆ لای و گوتی:

- دەی پێم نەگوتیت کە من ناتوانم؟

ئیکلیل بەرەو لای ڕایکرد تاکوو لە تەندروستی دڵنیا ببێتەوە، کە گوێی لە دەنگی هاوارەکەی بوو... منداڵەکە دڵنیای کردەوە:

- خەمت نەبێت، من باشم.

تـاج بـرینەکەی کـردەوە و بە دەسـتەکەی تـری سـڕی، بەهـۆی ئاسەواری خوێنەکە بە سـەرییەوە، تەماشای چـاوە قاوەییەکانی کرد وەک ئەو ساتەی کە بەر بەردەکە کەوت... تاج پرسی:

- تۆ کێیت؟

بە بێتاوانییەوە گوتی:

- منداڵ.

-مەبەستم ناوت نییە، مەبەستم بوونتە. تۆ کێیت؟

لەگەڵ ئەوەی پرسیارەکەی سادە بوو، بەڵام نەیدەزانی چی وەڵام بداتەوە...

تاج گوتی:

- ئەگەر بە ڕاستی سەرکەوتنت دەوێت لە بەدیهێنانی ئامانجەکاندا، ئەوا پێویستە سەرەتا خۆت بە باشی بناسیت... هەر بۆیە جارێکی تر پرسیارت لی دەکەم، تۆ کێیت؟

کەمێک بیری کردەوە، دوای ئەوەی هیچ وەڵامێکی دەست نەکەوت گوتی:

- نازانم.

تاج لەسەرخۆ گوتی و دەستی بۆ خۆی ڕاکێشا:

- ئا ئا بر ا کا داا برا...

پاشان دووبارەی کردەوە تاکوو شێوازی وتنەکەی فێر بکات:

- ئاا بر ا ...کا دا با، زمانی دەجووڵاند بە شێوازێک لێی تێ بگات.

- ئێستا پێم بڵێ تۆ کێیت؟ دووبارە تاج پرسیاری لێ کردەوە.

- ئائا.

دەستی بۆ خۆی ڕاکێشا:

- با کا دا با..

پرسی:

- ئایا دەتوانیت ئەم بەردە بسووتێنیت؟

- بەڵێ دەتوانم، بە متمانەوە وەڵامی دایەوە.

- باشە.

دەستی کێشا بە پشتیدا:

- بڕۆ و ئەوە دروست بکە کە گوتت، لە بیرت نەچێت.

بەرەو ئەو هۆکارە ڕۆیشت کە بووبووە هۆی ئازاردانی سەری.

- ئەگەر متمانەت پێمە کەواتە دوور بکەوەرەوە، هاواری کرد بەسەریدا.

هەرچەندی ئیکلیل بە تەواوی متمانەی پێ نەبوو، بەڵام باڵەکانی چەمانەوە و چووە دواوە...

تەماشای بەردەکەی کرد و بەر لەوەی بەرەو ڕووی ڕابکات تاجی پێی گوت:

- هەناسە بدە، لە ڕێگەی کونەکانی لووتتەوە هەست بە هەوا بکە، دواتر کە ئامادە بوویت باز بدە.

چەند هەنگاوێکی زیاتر چووە دواوە و چاوەکانی داخست، هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی لە ڕێگەی لووتییەوە، هەستی بە ئۆکسجینەکە دەکرد کە دەچوویە نێو بۆرییە هەواییەکانییەوە و جەستەی تێر دەکرد؛ دوای ئەوەی هەستی کرد ئامادەیە، چاوەکانی کردەوە و ڕەنگی چاوی چەپی بوو بە سوور، پاشان قاچەکانی بەرەو بەردەکە ڕۆیشت...

لەو کاتەدا ئیکلیل بەرەو لایەکەی تر ڕێی کرد، لەبەر ئەوەی نەیدەویست گەورەکەی ببینێت، تاجیش هەناسەکانی خۆی گرتبوو، چاوەڕێی نەوەکەی بوو، لەگەڵ ئەوەی متمانەی پێی بوو، بەڵام بە تەواوی دڵنیا نەبوو ئایا دەتوانێت کە ئەو کارە بکات یاخود نا، بەو خێراییە تێپەڕ ببێت لە بەردەکەوە.

ساتی دواتری لە کاتێکدا دەبوو وەکوو جاری پێشوو خۆی بە بەردەکەدا بکێشێ و بکەوێت، بەڵام بەردەکەی سووتاند و تێپەڕی بۆ ئەودیوی بەردەکە...

ئیکلیل تەماشای ئاراستەی بەردەکەی کرد، بەلام بە بیستنی دەنگەکە پێدەچوو شتێک ڕووی دابێت، بۆیە پرسی ئایا گەورەکەی لە کوێیە...

تاج دەمی کردەوە تاکوو وەلامی بداتەوە، بەلام بەر لەوەی وەلامی بداتەوە منداڵەکە بە هەموو هێزێکی هاواری کرد لەنێو درەختە بەرزەکانی دارستانە ترسناکەکەدا. هاواری دەکرد:

- ئابرا کا دا ب را، من ئەو کەسەم ئەوەی دەیڵێم، جێبەجێی دەکەم.

١٥

لە ماوەی سێ ساڵدا فێری زۆر شت بوو لەگەڵ ئیکلیلدا، لە لایەن نەنکییەوە زۆر کاری گرنگ فێر بوو، دەیتوانی شتی زیاتر فێر ببێت ئەگەر ئەو ئێوارەیە ئەو کەسە لە دەرگای قەڵاکەی نەدایە...

لەو کاتەدا لەگەڵ تاجدا سەرقاڵی فێربوون بوون، کە چۆن بتوانیت کار بکەیتە سەر کەلوپەلە ماددییەکان لە دوورەوە و بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ دەستی لێ بدەیت، ئەوەش هێزێکی زۆری دەویست تەنانەت ئەگەر بە تەواوی هێزەکەشی بەکار بهێنایە... مۆمێکی کوژاوەی بۆ دانا لە دووەوە، کە بە جۆرێک دەستی پێی نەگات، پاشان پێی گوت:

- ئاگرەکە پێ بکە.

تەماشای کرد بە سەرسوورماوی، چۆن دای بگیرسێنێت لە کاتێکدا کوژاوەتەوە، گوتی:

- ناتوانم.

- بەسە ئەوەندە مەڵی ناتوانم. بڵێ کە نازانیت.

- جیاوازیی چییە؟

- کاتێک دەڵێیت ناتوانم ئەوە مانای وایە کە تۆ دەیسەلمێنیت تەمبەڵی دەکەیت، بەڵام ئەو کاتەی دەڵێیت نازانم مانای وایە پێویستت بەوەیە کەمێک ڕاهێنان بکەیت تاکوو فێر ببیت بگەیت بە ئامانجەکەت.

پاشان بە تۆنێکی تووندەوە گوتی:

- دەبێت ئاگات لە وشەکانت بێت، چونکە ئەوانەن کە چارەنووست دیاری دەکەن.

- باشە من نازانم، بەڵام دەمەوێت فێر ببم.

- هەر شتێک بیری لێ بکەیتەوە بیگومان بە کە دێتە دی، مێشکت هەرگیز بیر لە شتانی مەحال ناکاتەوە، ئەوەی پێویستە لەسەرت، تەنیا باوەڕت بە خۆت هەبێت.

بە پرسیارەوە گوتی:

- متمانە بە خۆم؟

- هەموو ئەوەی پێویستە لەسەرت، متمانەت بە خۆت هەبێت، دەبینیت جیهان چۆن لەگەڵت دەبێت تاکوو خەوەکەت بەدی بهێنیت...

سەری لەقاند بە ئاراستەی باوەڕپێکردن.

- ئێستا مۆمەکە پێ بکە و دەبێت ئەندێشەت بەکار بهێنێت.

- ئەندێشەم، بە سەرسامییەوە گوتی:

- چۆن؟

- ئامانجەکان، سەرەتا لە خەیاڵ بکە دواتر دێتە دونیای واقعەوە.

- تێنەگەیشتم.

- باشە با هەنگاو بە هەنگاو ئەنجامی بدەین.

پاشان بە ئارامی گوتی:

- چیت دەوێت؟

دەستی بۆ بەردەمی خۆی ڕاکێشا:

- دەمەوێت مۆمەکە دابگیرسێنم.

- کارێکی ئاسانە، لەنێو مێشکتدا وا بیر بکەرەوە کە مۆمەکە داگیرساوە.

بەڵام لە ڕاستیدا وانییە:

- وام کرد بەڵام هیچ ڕووی نەدا، خۆی دا بە دەستەوە.

کێشای بە سەریدا و هاواری کرد بە سەریدا:

- پێت وابوو کارەکە هێندە ئاسانە؟

بە دەستی سەری گرتبوو لێی دا و گوتی:

- بۆ لێتدام؟

-دەبێت زیاتر جددی بیت، ئەگەر بتەوێت ئەو شتانە بەدی بهێنیت.

- بۆچی هاوار دەکەیت؟

به دەنگی نزم گوتی:

- لەبەر ئەوەی گەمژەیت.

- ئەوەم کرد کە داوات لێ کردم.

- خەیاڵەکانت بێمانا بوون.

پاشان گوتی:

- دەبێت تەماشای خەیاڵەکان بکەی، لە ڕێگەی دووکەڵێکەوە ببینیت کە مۆمەکە پێ دەبێت، دەبێت تەماشای ئەو ڕووناکییە بکەیت کە دای دەگیرسێنێت، دەبێت بە بێدەنگی گوێبیستی دەنگی ئاگرەکە ببیت و بۆنی باروتەکە بکەیت، تێگەیشتیت؟

نەوەکەی سەرەتا بیری لە پەتی مۆمەکە دەکردەوە، پاشان بەو شێوازەی نەنکی پێی گوت بیری لە ئاگرەکەی دەکردەوە، هەستی بە دووکەڵەکە دەکرد کە هەڵدەکرێت و ڕووناکییەکەی پەرت دەبێت و دەگات بە مۆمەکە، دەیتوانی بۆنی باروتەکە بکات... لە هەمان کاتدا تاج و ئیکلیل بەیەکەوە تەماشای مۆمەکەیان دەکرد کە چۆن ڕەنگی پەتەکەی گۆڕا بۆ ڕەش... (سەر دەکەوێت) ئیکلیل و تاج بە دەنگی نزمەوە گوتیان تاکوو سەرنجی نەوەکەی نەپچڕێنێت، بەڵام بەر لەوەی بتوانێت دای بگیرسێنێت شتێکی چاوەڕواننەکراو ڕووید و سەرنجی شێواند، ئەوەش لەو کاتەدا بوو کە گوێبیستی دەنگی دەرگای قەڵاکە بوون:

گوتی:

- پێدەچێت کەسێک لە دەرگا بدات.

تاج هەستی دەکرد کە شتێکی خراپ ڕوو دەدات:

- من دەچم دەیکەمەوە، تۆش بەردەوام بە لە ڕاهێنانەکەت.

دوای ئەوەی دەرگاکەی کردەوە، بینی ئەو کەسەیە کە لە هاتنی دەترسا بێت.

بەحر هاتبوو.

- دەتوانم بزانم کوڕەکەم لای ئافرەتێکی وەکوو تۆ چی دەکات.
- ئەو کاتەی کەسی لە لا نەبوو، من ئاگاداری بووم.
- خۆمم ون نەکردووە، بەڵکوو چووم تۆڵەی خۆم بکەمەوە لەوانەی کە ژنەکەمیان کوشت!
- ئەی ئەو ڕۆژانە لە کوێ بوویت کە ژنەکەت زیندوو بوو، هەموو خولەکێک بە بیرکردنەوە لە نەبوونی تۆوە دەمرد هەزار جار؟
هەستی بە برینێکی قوول دەکرد لە دڵیدا بەهۆی ئەو قسانە، لەبەر ئەوەی بە تەواوی دەماری گیرا بەو قسانەی:
- نەهاتووم بۆ ئێرە تاکوو هۆکارەکانت بۆ ڕوون بکەمەوە، هاتووم کوڕەکەم ببەم و بڕۆم.
- کێ ئاگاداری دەبێت؟ تۆ؟
- هەست دەکەم ئەمە پەیوەندی بە تۆوە نەبێت بااڵندە سوورەکە.
- کوڕەکە بۆ هیچ جێیەک ناڕوات هەتاکوو پێم نەڵێیت.
- دەمەوێت بزانم بۆ جنۆکەیەکی پیسی وەک تۆ گرنگی بە کوڕەکەم دەدات؟
- ئاگات لە دەمت بێت ئەگەر دەتەوێت لە جێی خۆیدا بمێنێت.
بە ئاگادارکردنەوەوە گوتی. پاشان بە فەرامۆشکردنی قسەکەی گوتی:
- دەمدەیتێ بە خۆشی یاخود بە زۆر ببیەم؟
بە ئارامییەوەاڵمی دایەوە بەهۆی ئەوەی زۆر متمانەی بە خۆی بوو:
- منداڵەکە بۆ هیچ جێیەک ناڕوات تاکوو پێم نەڵێیت کێ ئاگاداری دەبێت...
ڕاست بوو کە بەحر جەنگاوەرێکی لێهاتوو و بەتوانا بوو، بەاڵم لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەزانی ئایا چۆن هێزەکەی بەکار بهێنێت لە دژی ئەم جنۆکەیە.
هەر بۆیە گوتی:

- دەی کێ ڕێگریم لێ دەکات، تۆ؟

تاج قسەکەی فەرامۆش کرد و بە تۆنێکی توند گوتی:

- دەبێت وەڵامی پرسیارەکەم بدەیتەوە بەحر، کێ گرنگی بە منداڵەکە دەدات؟

- ئایار ئاگاداری دەبێت...

- دەتەوێت ئەو ئافرەتە ناکامە ئاگاداری نەوە...

هێندی نەمابوو بڵێت نەوەکەم و قسەکەی گەڕاندەوە لە کۆتا ساتدا، گوتی:

- کوڕەکە؟

- ئەوە کێشەی تۆ نییە..

تاج هەناسەیەکی قوواڵی هەڵمژی و دوای ئەوەی هەوڵێکی زۆریدا مێشکی ئارام بکاتەوە، دەیزانی کە چەندە کەللەڕەقە بەحر و دەیزانی دەیەوێت کە پارێزگاری لە نەوەکەی بکات، بۆیە دەبوو زیاتر بە ئاگادارییەوە لەگەڵ بارودۆخەکەدا ڕەفتار بکات:

- دەزانم لەدەستدانی ژنەکەت کارێکی هێندە ئاسان نییە.

پاشان بە دەنگێکی پڕ سۆزەوە گوتی:

- بەحر، بەڵام ئەم کوڕە دەبێت بە هەژدە ساڵ، ئەو زیاتر شایەنی ئەوەیە بە گرنگییەوە ئاگاداری بیت، لێی گەڕێ با لێرە بێت، من بەڵێنت پێ دەدەم ئاگاداری دەبم و زۆر شتی فێر دەکەم تاکوو گەورە دەبێت.

- جنۆکەیەکی وەکوو تۆ کوڕەکەم فێر دەکات؟

تاج ئارامی خۆی لەدەست دا و گوتی:

- ئەی ئایار جادووگەر نییە؟

- بەڵێ، بەڵام متمانەم پێیەتی، بەڵام هیچ لەبارەی تۆوە نازانم.

- بەڵێنت پێ دەدەم کە ئاگاداری دەبم و دەتوانیت لە هەر کاتێکدا وێستت بێیت چاوت پێی بکەوێت.

- ببووڕە بەڵام بەڵێنی کەسانی نەناسراو وەرناگرم.

- باشە ڕەنگە حەق بە تۆ بێت بەوەی بەوە ڕازی نابیت کە بەڵێنی کەسێکی نەناسراو وەر بگریت، بەڵام لانی کەم پێم بڵێ تۆی لەگەڵدا دەبیت؟

بەحر گوتی:

- نەخێر، من دووبارە گەڕاومەتەوە لای ڕێکخراوی جاسوم، کاریان لەگەڵدا دەکەم.

تاج چاوی چوویە پشتی سەری، باوەڕی بەو هەواڵە نەدەکرد.

- دوای ئەوەی هاوسەرەکەتیان کوشت؟

وەڵامی نەدایەوە، بەڵام نەیدەویست هۆکاری تری بۆ ڕوون بکاتەوە، بۆیە تاج بە تووڕەییەوە گوتی:

- کەمێک بەر لە ئێستا گوتت کە چووم بەدوای ئەو کەسانەدا کە جومانایان کوشتووە بەڵام پێدەچێت ڕاست نەکەی، ئایا هیچ شتێک بەر سەرت کەوتووە بەحر؟

بە تۆنێکی خەمبارییەوە وەک ئەوەی لە بەردەم کڵێسای پاپادا دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت گوتی:

- بەهۆی منەوە کوشتیان، دەبوو گوێ لە قسەی ئەیوبی هاوڕێم بگرم کە داوای لێ کردم سەدانی خێزانەکەم نەکەم، بەڵام من گەمژەم کە گوێیبیستی نەبووم، هەر لەبەر ئەوەش هاوسەرەکەمیان کوشت.

- ئایا بەڵێنیان پێداویت کە بیگەڕێنەوە بۆ ژیان ئەگەر بێت و کاریان لەگەڵدا بکەیت؟

- بەڵکوو پێیان گوتم کە ڕێگە بە ژیانی کوڕەکەم دەدەن ئەگەر کاریان لەگەڵدا بکەم.

- ئەی ئەم جارە مەرجەکەیان چییە؟

- کوڕەکەم لای ئایار بەجێ بهێڵم و لەگەڵیاندا دەستبەکار بم.

- مەبەستت ئەوەیە کوڕەکەت لە بەردەستیاندا بێت بۆ ئەوەی هەر کاتێک ویستیان هەڕەشت لێ بکەن پێی.

- گرنگ ئەوەیە کوڕەکەم سەلامەت بێت.

- ئایا خۆت باوەڕت بەو قسانە هەیە، ئایا ئەیوبی هاوڕێت بەو قسانە ڕازییە؟

- هیچی لەبارەوە نازانێت.

- بۆچی لە کوێیە؟

بەحر دەیویست بگری و گوتی:

- هەست دەکەم ڕزگاری بووبێت لە دەستیان، بۆیە ئێستا لای هۆزی ئەشاوسە.

- دەی چی لێ بەسەر هاتووە، تۆ بۆ لەگەڵیدا نەبوویت؟

- لە دژی بووم.

بە پەشیمانییەوە گوتی، پاشان چیرۆکەکەی گێڕایەوە:

- دوای ئەوەی کە جومانایان کوشت، من و ئەیوب بەرەو زنجیرە چیاکان ڕۆیشتین، دەمانویست داوای هاوکاری لە شازادە ئاشاس بکەین لە هۆزەکانی ئەشاوس تاکوو یارمەتیمان بدات، بەڵام نابفیل لە ڕێگەمان وەستا و نەگەیشتینە ئەوێ.

- چییان دەویست؟

- پێیان گوتم کە نابفیل بەوە هەڕەشەم لێ دەکات کە کوڕەکەم دەکوژێت ئەگەر بێت و هەر ڕەفتارێک لە دژی ئەنجام بدەم.

- ئەی تۆ چیت ئەنجام دا؟

- دوای ئەوەی ڕازی بووم بگەڕێمەوە لایان، ئەوەی یەکەم جار فەرمانیان پێ کردم بە کردنی، ئەوەبوو کە ئەیوب بکوژم.

- ئەی تۆ بەوە ڕازی بوویت؟

- هیچ هەڵبژاردەیەکی ترم نەبوو.

پاشان گوتی:

- وێستم بیکوژم، بەڵام هەوڵی ڕاکردنی دا دوای ئەوەی سەربازەکانی نابفیل بە دواییدا ڕۆیشتبوون، گوتیان کوشتوویانە.

تاج بێدەنگ بوو بەهۆی ئەو شۆکەوەی تووشی بووبوو، بەڵام لە دەنگیدا هەستی بە دڵتەنگی دەکرد:

- کەس ناتوانێت لە دەستی نابفیل ڕزگاری ببێت، تەنانەت تۆش ئەی باڵندەی سوور، ناتوانیت لە ڕوویدا بوەستیتەوە، من هەوڵم دا باوەڕی پێ بهێنم کە ئەو خواوەند نییە وەک ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو دەسەڵاتدارە و کەس نەیتوانیوە بەسەریدا زاڵ ببێت، لە هەموو جێیەک سیخوڕی داناوە، بە ڕادەیەک هەواڵی بۆ دەبەنەوە لە هەر جێیەک بێت، تەنانەت ئەگەر بیریش لەوە بکەیتەوە لە دژی بوەستیتەوە ڕاستەوخۆ پێت دەزانێت و دەتکوژێت. فەرمانی کوشتنی کوڕەکەم دەردەکات و کەس ناتوانێت لە دژی بوەستێتەوە، هەر بۆیە دەبێت بەو فەرمانەی ئەو ڕازی ببم.

تاج ڕاستەوخۆ نا، بەڵام بە ڕووخساریدا لۆمەکردن دەردەکەوت...

بەحر گوتی:

- کۆتا شت لە هاوسەرەکەمەوە بۆم ماوەتەوە ئەوە، نامەوێت هیچ خراپەیەکی بەسەر بێت ئەگەر بەوە ڕازی ببیت دەگەڕێمەوە بۆ لایان، ئەم جارە دڵنیا دەبم لە سەلامەتی، ئەگەر لە لای ئایار بێت و کوڕەکەم نەبینم.

دواتر تەماشای ئاسمانی کرد و گوتی:

- ئایا دەبیستیت نابفیل؟

ئەمجارە لە دژی فەرمانەکانت ناوەستمەوە بەڵێن بێت.

تاج جلەکانی گرت و پاشان لێی نزیک بۆیەوە:

- دەنگت نزم بکەرەوە گەمژە، تۆ لە بەردەم قەڵای ئیمپراتۆر جەبار وەستاویت، نابفیل تەنانەت ناوێرێت بیر لەوەش بکاتەوە نزیکی قەڵاکە ببێتەوە.

- جومانا مرد، ئەو کەسەی کە لەبەر ئەو هەناسەم دەدا.

بە دەنگێکی پر ئازارەوە گوتی:

- هەست دەکەم هاوڕێکەمم لەدەست داوە، ئەیوب. هیچ کەسێکی ئازیزم بۆ نەماوەتەوە جگە لەو کوڕە نەبێت، تکایە ڕێگەم بدە پارێزگاری لێ بکەم بەو جۆرەی کە گونجاوە، تکایە باڵندە سوورەکە!

چەند ساتیک تێپەڕ بوو بەر لەوەی تاج بگەڕێتەوە بۆ ناو قەلاکە...
- بۆ کوێ دەچیت؟
- کوڕەکە دەهێنم...
**
ڕۆیشت بۆ ئەو ژوورەی کە نەوەکەی لێی دانیشتبوو لەگەڵ ئیکلیلدا، لەگەڵ ئەوەی تەماشای مۆمەکەیان دەکرد کە چۆن دادەگیرسێت، بەڵام دڵخۆش بوو، لەبەر ئەوەی فێری تەکنیکێکی نوێ بووبوو.. ڕاستەوخۆ تەماشای کرد، سەخت بوو ئەوەی پێ بڵێت کە دەبوو پێی بڵێت، بەڵام ناچاربوو پێی بڵێت کە دەبێت بڕوات و لە بەردەمیدا هیچ هەڵبژاردنێکی تر نەبوو:
- باوکت لێرەیە.
- باوکم؟
- بەڵێ، هاتووە بتبات.
- بمبات؟
- بەڵێ، ئافرەتێک گرنگیت پێ دەدات...
- بەڵام دەمەوێت لەگەڵتدا بمێنمەوە، دەستی گرتبوو.
- تکایە وا مەکە مااڵئاواییەکەمان سەخت بێت.
تاج بە دڵتەنگییەوە گوتی و دەستی دوور خستەوە.
- قسە بە گوێ بگرە و بڕۆ لەگەڵیدا.
- ئەی تۆ؟
-خەمی منت نەبێت باش دەبم.
پاشان گوتی:
- دێم لە کاتێکی تردا سەردانت دەکەم، باشە؟
دوای ئەوەی گوتی ڕێککەوتین هەستێک لە دڵیدا دروست بوو کە نەیدەتوانی لەو ساتەدا ڕوونی بکاتەوە، بەڵام ئەو وشەیە سەیر نەبوو بە لایەوە، ئەو هەمیشە گوێبیستی ئەو قسەیە، بەڵام لە ئێستادا بە شێوەیەکی سەیر نەیدەتوانی بیری بکەوێتەوە.

پرسیارەکەی فەرامۆش کرد و گوتی:

- ڕێککەوتین؟

لەسەر شانی باڵندە بچووکەکە دانیشتبوو، ئاگاداری دەوروبەری نەبوو کە چی ڕوو دەدات. هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو بەوەی کە تەماشای باوکی کرد، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت یادەوەری لەدەست دابێت کە لە بەردەم پیاوێکی نەناسدا وەستابوو، نەیدەزانی کێیە، ئایا پێشتر ئەم پیاوەی دیوە...

بەحر تەماشای چاوە قاوەییەکانی کرد کە لە چاوی جومانا دەچوون:

- دەی با بڕۆین بۆ جێیەکی تر...

بەرەو لای تاج ڕۆیشت، نەیدەزانی چی بکات.

- لەگەڵیدا بڕۆ.

چپاندی بە گوێدا و دەستی دا لە شانی:

- هیچ شتێک نییە جێی مەترسی بێت، سەری لەقاند و بەر لەوەی بەرەو لای بەحر بڕوات بەحر پرسی:

- ئەو جۆرە باڵندەیە چییە؟

- ناوی ئیکلیلە.

منداڵەکە گوتی:

- ئەمە ئەوەیە کە...

هێندی نەمابوو هەموو شتێکی پێ بڵێت، بەڵام بەر لەوەی بیڵێت، لەبەر ئەوەی تاج فێری کردبوو کە بتوانێت تواناکانی بەکار بهێنێت، بەحر گوێبیستی هیچ نەبوو:

تەواوی مەکە. بوەستە... نابێت باوکت هیچ کام لەو شتانە بزانێت... بێدەنگ بە قسەکەی باوکی تەواو کرد:

- تەواوی کە ئەوە چییە؟

لەبەر ئەوی بێدەنگ بوو، قسەی لەسەر دایکی نەکرد، هەستی بە ئاسوودەیی دەکرد لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە باڵندەی نەدەزانی چییە:

- ئێمە ئەم باڵندەیە لەگەڵ خۆماندا دەهێنین.
قسەی لەگەڵ نەنکیدا کرد بە بەکارهێنانی تواناکانی.
- چی بکەم تاج؟
دەبێت بە شێوازێک بێت ئیکلیل ببەیت لەگەڵ خۆتدا.
بەرەو لای باوکی چوو و گوتی:
- دەمەوێت ئەم باڵندەیە لەگەڵ خۆمدا بهێنم
کەمێک بێدەنگ بوو، پاشان زانی چ جۆرە فێڵێک بەکار بهێنێت.
- تکایە باوکە.
بەحر تەماشای باڵندەکەی کرد، هەرچەندە کەمێک پێی نائاسوودە بوو، بەڵام کاریگەریی وشەی باوکەی لەسەر بوو، لەبەر ئەوەی ئەوە یەکەمین جار بوو کوڕەکەی داوای شتێکی لێ بکات، یەکەمین جار بوو کە کوڕەکەی بەو ناوە بانگی بکات، بۆیە بەبێ ئەوەی ڕەتی بکاتەوە گوتی:
- دەی باشە، دەتوانیت بیبەیت لەگەڵ خۆتدا.
هەرسێکیان ڕۆیشتن، تاج لەژێر لێوەوە بە تووڕەییەوە گوتی:
- خۆت مردنت هەڵبژارد ئەی حەکیمی بێبەخت.
پاشان گوتی:
- بەڵام دەبێت بەر لەوەی ئەم حسابەت لەگەڵدا پاک بکەمەوە چاوم پێت بکەوێت.
دەبوو ئاگاداری دارستانەکە بێت لەبەر ئەوەی لە هەر ساتێکدا بووایە بەحر دەکوژرا، چونکە لە کۆتاییدا ئەو مرۆڤ بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆیشت تاکوو چاوی پێی بکەوێت بۆ شتێک کە شایەنی لێبوردن نییە.
بەر لەوەی بڕوات، گوێی لە دەنگی خشەخشی کەسێک بوو کە بەرەو لای دەهات، تارا بوو، نزیک بۆیەوە:
- دەزانم دەتەوێت چاوت پێم بکەوێت بۆیە خۆم هاتم بۆ لات.
- بۆچی نەتکوشت هەر کە هاتە نێو سنووری دارستانەکەوە.

- نەمتوانی.
- بۆچی؟
- لەبەر ڕۆحی جومانا.

ئەو کوبرا جنە هەر لەگەڵ بچووکی جومانادا لە قەڵای ئیمپراتۆر گەورە بووبوو هەرچەندە هەردووکیان جیاواز بوون، بەڵام زۆر وابەستەی یەکتر بووبوون، بەڵام تەواوی تەمەنیان بەڵێنیان بە یەکتر دابوو کە وەکوو خوشک بژین، هەرگیز جیا نەبنەوە لە یەکتر، دوای ئەوەی جومانا بریارپیدا کە هاوسەرگیری لەگەڵ بەحردا بکات و لەگەڵ ئەوەی کە تارا زۆر پێوەی وابەستە بوو، بەڵام لە کۆتاییدا لێی دوورکەوتەوە و ڕێزی لە بڕیارەکەی گرت...

لەو کاتەدا تاج بڕیاری دا کە بیکوژێت، بەڵام پەشیمان بۆیەوە، کاتێکی هەڵە بوو، لەبەر ئەوەی تارا یەکێک بوو لەوانەی کە جەبار بە دەستی خۆی ڕاهێنانی پێ کردبوو، بۆیە ئاسان نەبوو کوشتنی...

تاج لە بەردەمیدا ون بوو، بەبێ ئەوەی هیچ کارێک بکات و چوو بۆ جێیەکی تر.

**

حەکیمەکە لەو کاتەدا لەسەر یەکێک لە کورسییە کۆنەکان دانیشتبوو، یەکێک لە پەرتووکە کۆنەکانی دەخوێندەوە لەژێر تیشکی خۆرەکەدا؛ لە پڕێکدا گوێی لە دەنگێک بوو:

- پێم نەگوتیت کە بە کەس نەڵێیت؟
- ئای بۆ خاتری ئاسمانەکان، ئایا کەسێک قسەم لەگەڵدا دەکات یاخود من وڕێنە دەکەم.
- من ئاگادارم نەکردیتەوە بەوەی دەتکوژم ئەگەر بێت و دەمت بکەیتەوە ئەی حەکیمی لار.
- بب.... باڵندە سوورەکە؟؟

تـاج له بەردەمیـدا دەرکەوت، بەڵام زۆر بێزاربـوو، بەرەو ڕووی ڕۆیشت بە تووڕەییەوە... چاوەکانی ڕەش، قژێکی درێژ دەجوولایەوە، لەو کـــاتەدا هەســـتی دەکـــرد لە بەردەم تۆربـــاینێکی هەوایـــدا وەستاوەتەوە.

- با بۆت ڕوون بکەمەوە.

لێی نزیک بوویەوە، بەبێ ئەوەی دەرفەتی پێ بدات، ئەویش هەوڵی دەدا بەرگری لە خۆی بکات:

- هیچ هەڵبژاردنێکی ترم لە بەردەستدا نەبوو، هەڕەشەی کوشتنی لێ کردم ئەگەر پێی نەڵێم.

دوای ئەوەی نزیک بۆیەوە لە مردن بڕیاری دا کە کۆتا کاغەزی خۆی بەکار بهێنێت، "ژیان".

پاشان بە ترسەوە گوتی:

- ژیان، خەونم ئەوەیە کە بژیم، بەڵێنەکەم لەگەڵتدا ئەوە بوو، پێم وابێت دەبێت بۆم جێبەجێ بکەیت.

- بە نەفرەت بیت.

هاواری کرد تاج.

- لە مردن ڕزگارت بوو.

بەڵام بەر لەوەی لە بەردەمیـــدا ون ببێـــت، وشـــەکانی لە دەم دەرچـوو، مانـاکەی تێنەگەیشـت و ڕووخسـاری سـڕی.. دوای ئەوەی حەکیم هەستی بەوە دەکرد کە جەستەی دەستی کرد بە جووڵە، بە تەواوی ون بوو، جلەکانی کەوتنە سەر زەوی...

دوای کەمێک مشـکێک کە ڕیشـێکی درێـژی هەبـوو لە جلەکـانی حەکیم هاتە دەرەوە، تەماشای تاجی دەکرد و دواتر لەسەر هەر چوار پەل ڕای کرد و لێی دوور کەوتەوە...

١٦

لە ژووریکـــی تەنـــگەبەردا کە پەنجەرەکـــانی بە جالجـــاڵۆکە داپۆشرابوو، منداڵەکە خـۆی بینییەوە لەگەڵ باڵندەکەدا، دوای ئەوەی باوکی بەجێی هێشت لەژێر سایەی جادووگەر ئایار و ڕۆیشت بـۆ ســەر کــار لەگەڵ ڕێکخــراوی جاســومدا، تــاکە هۆکــاری ڕەنــگە هۆکارەکەی ئەوە بووبێت چاوەکانی داخست و هەوڵی دەدا بگات بە نەنکی بەو ڕێگەیەی کە فێری کرابوو:

من و ئیکلیل هەست بە دڵتەنگی دەکەین بەبێ تۆ و بیرت دەکەین، ئایا دەتوانیت گوێبیستم ببیت تاج؟

بەڵام هیچ وەڵامێک یاخود نیشانەیەکی پێ نەگەیشت، دووبارەی کردەوە زیاد لە جارێک لە کۆتاییدا نەوەستا، دوای ئەوەی نوست... لە کۆتا هەوڵیدا ئەمجارە هەوڵیدا لەگەڵ چۆلەکەیەکدا قسە بکات کە لە قەراغی پەنجەرەکە دانیشتبوو:

- هێی ئەی باڵندە، شتێکت پێ دەڵێم بۆم بکەیت و لە بەرانبەردا خواردنـت پـێ دەدەم، دەمەوێـت بچیـت بـۆ دارسـتانە تـاریکەکە و نامەیەک بگەیەنیت بە تاج.

لەگەڵ ئەوەی باڵنـدەکە بە سـەمەرەیی سـەیری دەکـرد، بەڵام لە وشـەکانی تێگەیشـت و ڕۆیشـت، لەبەر ئەوەی کە دُوای ئەو هەمـوو هەوڵەی شکسـتی هێنـا لەنێـو ناخیـدا هەسـتی بە دڵتەنگـی و تەنیـایی دەکرد، ئەوەش وای دەکرد کە ئەو توانایانەی لەدەست بدات کە تـاج فێری کردبوو، وزەکەی کوژایەوە.

چەند ڕۆژێکی زۆر تێپەڕبوو بەسەر ئەو بارودۆخەدا، دڵتەنگ بوو، لە خەونەکەی هەڵدەستا لە شەوە ساردەکاندا، بەڵام ئیکلیل سەیری یەک ئاراستەی دەکرد لەنێو تاریکییەکەدا، دەنگێک دەهات وەکوو دەنگی سەگ وەهابوو کە ئەوەش مانای ئەوە بوو کەسێک نزیک دەبێتەوە، بە تەمبەڵییەوە گوتی:

- بۆچی بەم کاتە درەنگەی شەو هەڵم دەستێنیت؟

ئیکلیل بەردەوام بوو، هەوڵی دەدا کە پێی بڵێت کەسێک لە ژوورەکەدایە جگە لە ئەوان، بۆیە بەتانییەکەی لەسەر خۆی لادا.

- کێ لێرەیە؟

- چاوەڕێی ئەوە نەبووم کە ئیکلیل بتوانێت بمدۆزێتەوە ئەگەر خۆم بشارمەوە.

تاج گوتی و تەماشای خۆی کرد، پێدەچوو تواناکانی زۆر بە باشی پێش کەوتبێتن.

پاشان باوەشی کرد:

- دەمزانی کە دێیت بۆ ئێرە.

باڵندەکە هاواری کرد لە خۆشیاندا کلک و باڵەکانی دەلەقاندەوە، باوەشی تاجی کرد و خۆی خزاندە نێوانیانەوە... ڕووناکیی مانگیش وای کردبوو کە منداڵەکە بە ئاسانی بتوانێت ڕووخساری نەنکی ببینێت، کە پێدەچوو ئاسان ببینێریت کە چەندە ماندوون هەردووکیان.

- پێدەچێت ئایار بە خراپی مامەڵە لەگەڵ هەردووکتاندا بکات بچکۆلەکانم؟

- لە هەندێک شتدا، لەبەر ئەوەی تامی خواردنەکەی زۆر ناخۆشە، من و ئیکلیل لە چەند ڕۆژی ڕابردووەوە هیچمان نەخواردووە.

- دەمزانی ئەوە ڕوو دەدات.

زەمبیلە پڕ لە خواردنەکەی خستە بەردەستیان

چاوەڕێیان بوو کە چۆن دەستیان کردبوو بە خواردن، لەبەر ئەوەی زۆریان برسیبوو، بەڵام لەو کاتەدا کە بەو جۆرە تاج تەماشای نەوەکەی دەکرد دەیخوارد، شتێک هات بە میشکیدا... ئەویش ئەوە بوو دوای ئەوەی نانەکەیان خوارد گوتی:

- ئایا ئەو ئایارە دایکمە؟

بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە:

- ئەو ئافرەتە خراپە دایکت بێت؟ کێ قسەیەکی وای پێ گوتیت؟

- ئەوە تاکە ڕووونکردنەوەیە بۆ ئەم بارودۆخە، ئەگەر نا باوکم بۆچی لەگەڵیدا بەجێی هێشتووم؟

- پێم گوتیت کە دایکت جنۆکە بوو، ئەی فێرم نەکردیت چۆن جیاوازی دەکەیت لەنێوان مرۆڤێک و جنۆکەدا؟

- بەڵێ.

- کەواتە ئایا ئەو ئافرەتە کەمئەندامە ئاگرییە؟

- نازانم.

- مەبەستت چییە بەوەی کە نازانیت؟

- هەست دەکەم زۆر لاوازم.

- چ ڕوویداوە پێم بڵێ؟

هەموو شتەکانی بۆ ڕوون کردەوە کە هەستی پێ کردبوو، پێی گوت کە ناتوانێت هیچ کام لە هێزەکانی بەکار بهێنێت کە فێری کردبوو، لەو کاتەدا گومانەکانی ڕەوینەوە گوتی:

- ئایا دڵنیاییت لەو قسانەی کە کردت؟

- هەست دەکەم بە تەواوی هێزەکەم لەدەست دابێت.

- گەمژە مەبە، هەرگیز هێزەکەت لەدەست نادەیت دوای ئەوەی لە ناختدا جوولاوە، لەو کاتەدا هەستی بەوە کرد کە بارودۆخەکەی چییە و هەستی کرد کە دەکرێت ئەو بوونەوەرە دوورەگە لەپڕێکدا هێزەکەی لەدەست بدات، لە پڕێکدا دەرگای ژوورەکە کرایەوە:

- چی ڕوودەدات لێرە؟

ئایار پرسی.

- لەگەڵ کێدا قسەت دەکرد؟

تەماشای ئەو جێیەی کرد کە تاجی لێ وەستابوو، بەڵام لەوێ نەبوو، زانی کە خۆی شاردۆتەوە و بە هەندێک فرتوفێل دەتوانێت خۆی ڕزگار بکات لە دەستی، بۆیە گوتی:

- هیچ کەسێک.

- گوێم لێت بوو کە قسەت لەگەڵ کەسکێدا دەکرد.

دەستی بۆ ئیکلیل ڕاکێشا کە مستیلەیەکی گەورەی لە پەنجەدا بوو:

-ئایا لەگەڵ ئەم شتەدا قسە دەکەیت؟

تەماشای باڵندەکەی کرد تووڕە بوو دەیوست هاواری بەسەردا بکات لەبەر ئەوەی ئەو زۆر بە ناشرینی قسەی لەگەڵدا کردووە، بەڵام بیری کردەوە کە ناتوانێت بەو جۆرە لەو بارودۆخە ڕزگاری ببێت ئەگەر هەر ڕەفتارێکی هەڵە ئەنجام بدات...

ئایار نەیدەزانی کە دووڕەگە بۆیە گوتی:

- ئەگەر دەتەوێت پێت بڵێم، کە مرۆڤ ناتوانێت لەگەڵ ئاژەڵدا قسە بکات.

پاشان بە گاڵتەپێکردنەوە گوتی:

- ئەگەر لە ئاوێنەدا خۆت دەبینیت هەر لە بەراز دەچیت، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە تۆ ئاژەڵ بیت و بتوانیت قسە لەگەڵ ئاژەڵاندا بکەیت...

دەترسا لەوەی ئایار تەماشای زەوییەکە بکات و زەنبیلەکە ببینێت، بۆیە بە دەنگی نزمەوە گوتی:

- باشە تۆ ڕاست دەکەیت... چیتر قسەت لەگەڵ ناکەم.

تەماشای چاوەکانی کرد و وەک ئەوەی گاڵتەی پێ بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی بەزەیی پێدا دەهاتەوە نا، لەبەر ئەوەی کەسی لەو زیاتر دەست نەدەکەوت بەو جۆرە گاڵتەی پێ بکات و سووکایەتی پێ بکات، دوای ئەوەی ئەنجامی دا، ڕۆیشت و گوتی:

- تاج ڕۆیشت، تۆ لە کوێیت؟

بەڵام دەرنەکەوت...

نەیدەتوانی ئەو شەوە خەوی لێ بکەوێت، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە ناوسکی کۆمەڵێک دەنگی دەردەکرد کە پێی دەگوت دەبێت بە زووترین کات بچێتە توالێت. هەوڵیدا دەرگاکە بکاتەوە، بەڵام لەودیوەوە دایخستبوو ئایار، بۆیە بە ئیکلیلی گوت:

- هەوڵ دەدەم لە دیوارەکە تێپەڕ ببم.

دوو هەنگاو چوویە دواوە پاشان سەرنجی لەسەر دیوارەکە بوو بەرەو لای ڕای کرد، بەڵام نەیتوانی سەرکەوتوو بێت، بەڵکوو خۆی کێشا بە دیوارەکەدا و کەوت:

- هێزەکەم لەدەست داوە، خوێنەکەی نێو چەوانی سڕی.

دوای تێپەڕبـوونی هەنـدێک کـات نەیـدەتوانی لەوە زیـاتر خـۆی ڕابگرێت بۆیە پەنجەرەکەی کردەوە و لەوێدا پاشەڕۆکەی کرد...

**

لە ئێوارەی ڕۆژی دواییدا کە کاتی نانخواردن هات، ئایار خواردنە پیسەکەی بۆ هێنابوو، هەستی بە بۆنە پیسەکە دەکرد، گوتی:

- ئەوە چییە؟

لووتی خۆی گرت:

- چیت کردووە؟

- ببوورە.

بەشەرمەوە گوتی:

- نەمدەتوانی لەوە زیاتر لەنێو سکمدا هەڵی بگرم.

دەستی بۆ لای ڕاکێشا کە پڕ بوو لە خۆڵ:

- جـاری داهـاتوو فێـر بـبە لەوێـدا پیسـییەکەت بـکە، ئەی کـوڕی دووپشکە جنەکە؟

ئەو وشـەیەی کە جـادووگەرەکە گـوتی "کـوڕی دووپشـکە جـنەکە" شتێکی بیر هێنایەوە، ئەو وشەیە پێشتر گوێی لێ بووبوو، هەر وەک ئەوەی لە بەردەمیدا وەستابوو...

سەری هەڵبڕی و تەماشای ڕووخساری کرد، لەو ساتەدا مێشکی هەستی دەکرد کە ڕووداوە کۆنەکـانی وردە وردە بیـر دێتەوە، بەڵام بەر لەوەی هەموو شتێکی بیر بکەوێتەوە ڕوونی کردەوە:

- بۆچی بەم جۆرە تەماشام دەکەیت؟

- هیی... هیچ شتێک، دەگەڕێمەوە بۆ ژوورەکەم.

دوای ئەوەی گەڕایەوە ژوورەکەی، بینـــی لە ژوورەکەدا تـــاج چاوەڕێی دەکات، دوای ئەوەی ژوورەکەی تەواو کردەوە، بە دەنگی نزم لەبەر خۆیەوە گوتی:

- دەرگاکە دابخە لە دوای خۆتەوە، هەندێک شت هەیە دەبێت پێت بڵێم.

ئیکلیل چـوویە سـەر شـانی و لێیـان نزیـک بـۆیەوە، وتـی زانـی هۆکـاری لەدەسـتدانی هێـزەکەی چیـیە و دەترسـا لەوەی کە ئایـار گوێبیستی قسەکان بێت:

- دڵتەنگیە بچکۆلەکەم.

-دڵتەنگی؟

- بەڵێ، ئەوە خاڵی لاوازتە.

بە شێوازی خۆی ڕوونی کردەوە، پاشان گوتی:

- دوای ئەوەی هاتوویـت بـۆ ئێـرە دڵتەنـگ بوویـت، ئەمەش وای کردووە هێزەکەت لەدەست بدەیت.

- چۆن دەتوانم چاکی بکەمەوە؟

بە سادەیی گوتی:

- تەنیا هەستە دڵتەنگیەکانت لەناو ببە بە هێزەکەت.

- چۆن لەناویان ببەم؟

دەستی و شانەکانی گرت:

- بیر لەو کەسانە بکەرەوە کە خۆشیان دەوێیت و گرنگیت پێ دەدەن، ئەوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی دڵتەنگییەکانت لەبیر بکەیت.

بە دڵتەنگییەوە گوتی:

- بەڵام کەس خۆشی ناوێم.

- من خۆشم دەوێیت.

بە شەرمەوە گوتی:

- ئیکلیلیش خۆشی دەوێیت.

ئیکلیل باڵەکانی لەقاند و هێشتا لەسەر شانی دانیشتبوو.

- بینیت؟ ئەویش خۆشیدەوێت.

- ئایا دڵتەنگی وام لێدەکات وڕێنە بە کۆمەڵێک شتەوە بکەم کە پێشتر ڕووی نەدابێت؟

تێنەگەیشت بۆیە پرسی:

- مەبەستت چییە؟

- هەست دەکەم پێشتر چاوم بە ئایار کەوتووە، بەڵام نازانم لە کوێ دیومە.

- تەنیا هەست بەوە دەکەیت؟

جا بە دوودڵییەوە پرسی:

- یاخود شتی تر لە ئارادایە؟

وەڵامی دایەوە:

- شتی تریش هەیە، بەر لە چەند ڕۆژێک خەونم بە کۆمەڵێک گورگەوە بینی، دەیانویست هێرش بکەنە سەرم لە شەوێکی باراناویدا، گەورەکەیان بەرەو لای من ڕای کرد، بەڵام کەسێک ڕزگاری کردم...

- ناوی ئەو کەسەت بیرە؟

- نا، بەڵام هەست دەکەم شتێکی پێ گوتم لە خەونەکەدا.

- چی پێ گوتیت؟

کەمێک کاتی پێچوو تاکوو بیری کردەوە لە وردەکاری خەونەکەی:

- چەندە ئازایت مێرووی بێزارکەری بچووک.. ئەوەی پێ گوتم.

دوای ئەوەی تاج ئەوەی بیست، زانی بەرە بەرە شەرابی لەبیرچوونەوەکە هێندەی نەماوە کاریگەری لەسەر مێشکی نەمێنێت، بۆیە ماوەیەکی زۆری ناوێت تاکوو تەواوی یادەوەری بەدەست دەهێنێتەوە دووبارە و هەموو شتێکی بیر دەکەوێتەوە.

- دەبێت من برۆم، پاشان ون بوو.

بە ڕاستی... ماوەیەکی زۆر تێپەڕ بووبوو بەسەر ڕووداوەکەدا، ئەوەی تاج کردبووی دەکرا دوای سێ ڕۆژ دەربکەوێت ئەنجامەکەی، بەڵام لەو شەوەی کە مانگەشەوی تەواو بوو. لە خەو ڕاپەڕی.

ئەمجارە هۆکارەکەی ئیکلیل نەبوو، بەڵکوو هۆکارەکەی شتێکی تر بوو:

- هەستە.

بە باڵندەکەی گوت:

- تەماشای پەنجەرەکەی کرد.

ئیکلیل چاوەکانی کردەوە، تەماشای کرد کە گەورەکەی پشانی دا... ڕووناکییەکی ڕەنگ شین هەبوو لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورەوە، پێدەچوو مێشوولەیەک بێت.. دوای ئەوەی لە جێگاکەی ڕاپەڕی تاکوو بە تەواوی تەماشای دەرەوە بکات، تەماشای کرد هەستی بە تەزوویەکی کارەبایی کرد کە بە جەستەیدا تێپەڕ بوو...

کچێک لە دەرەوە وەستابوو، سەرەتا لە تارماییەک دەچوو. لەگەڵ ئەوەی باش بیری نەدەهاتەوە، بەڵام بە تەواوی نەیدەزانی چییە، چاوەکانی قاوەیی بوون، تەماشای دەکرد، بەس بوو بۆ ئەوەی هەستی بۆی بجووڵێت...

دوای کەمێک پەنجەرەکەی کردەوە، بۆنی یاسەمینی دەکرد لەو شەوە ساردەدا... بەبێ ئەوەی بیر بکاتەوە، تەماشای کرد و گوتی:

- دایکە؟

هیچ قسەیەکی نەکرد، تەنیا زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوانی جومانا:

- لەبیرکردن مردووەکانیش ئازار دەدات لە گۆڕەکانیاندا بچکۆلەکەم.

پاشان دەهات و دەچوو، لەبیری مەکە کێ بوویت، من هەمیشە خۆشم ویستوویت...

دووبارە یادەوەری بۆ گەڕایەوە، دەیتوانی شتەکانی بیر بکەوێتەوە، تەماشای ئیکلیلی کرد بە تووڕەییەوە، پاشان زانی هەموو ئەمانە پلانە بەسەریدا هاتووە، گوتی:

- ونبە لە بەرچاوم!

دەستی بۆ پەنجەرەکە ڕاکێشا.

ئیکلیل نەیدەزانی ئاخۆ ج هەڵەیەکی ئەنجام داوە تاکوو گەورەکەی بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵدا بکات و دەری بکات، بۆیە لەجێی خۆی نەجووڵا و وەستا کەمێک، نەیدەزانی چی بکات. دووبارە هاواری کردەوە بەسەریا:

- بڕۆ!!

هەرچۆنێک بێت بە زۆر خۆی گەیاندە سەر تاقی پەنجەرەکە پاشان بازی هەڵدایە دەرەوە، لە دوورەوە تەماشای گەورەکەی دەکرد، دەنگێکی نزمی دەرکرد، وەکوو دەنگی کۆترێکی داماو وابوو، بەڵام مندااڵەکە لە زمانی تێگەیشت و گوتی:

- گرنگ نییە بۆ کوێ دەچیت، بڕۆ بۆ دۆزەخ.

لە پەنجەرەکەوە بازی دا و چەند هەنگاوێک ڕۆیشت وەک ئەوەی بە ئەنقەس وا بکات بەڵکوو گەورەکەی لە بڕیارەکەی پەشیمان ببێتەوە، بەڵام پەشیمان نەبۆیەوە، بە مۆڕەوە تەماشای دەکرد تاکوو لە بەرچاوی ون بوو...

ئیکلیل تەمەنی نەگەیشتبوو بە سااڵێک، دەیتوانی بە شێوەیەکی باش بفرێت و بەرز ببیتەوە و پارێزگاری لە خۆی بکات، تەنانەت ئەگەر خراپیش بووایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە ترسەوە هەنگاوەکانی دەنا، چونکە سەگێک یاخود هەر ئاژەڵێکی تری بەس بوو بە قەپاڵێک بیخوات، بۆیە لە دوو هەنگاو جارێکدا ئاوڕی دەدایەوە، بەر لەوەی بە تەواوی لە بەرچاوی گەورەکەی ون ببێت، لەبەر ئەوەی کەس نەبوو بڕوات بۆ لای، بۆیە بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ لای تاج.

ڕاست بوو دەترسا لەوەی بە تەنیا بڕوات، بەڵام هیچ هەڵبژاردنێکی تری نەبوو.

لە کۆتاییدا توانی بگات بەوێ بەر لە هەڵهاتنی خۆر و بە سەختی دەیتوانی بەنێو گەاڵی درەختەکاندا تێپەڕ ببێت، بەڵام ئیکلیل توانی

بەربەستی ترس بشکێنێت و بچێتە ژوورەوە... لەوێدا چەند مێشوولەیەک هەبوون کە وایان کردبوو بەرچاوان سەخت بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە ئاگاداربیەوە نزیک دەکەوتەوە، چەند هەنگاوێک تێپەڕی تاکوو مەترسییەکە لاچوو.

کاتێکی زۆر تێپەڕ بووبوو بەر لەوەی هەست بە ئاسوودەیی بکات و بڕیاری تەواوکردنی ڕێگەکەی بدات، بەڵام دەیویست خۆی بشارێتەوە، سێ هەنگاو لە قەڵاکەوە دوور بوو، لە بەردەمیدا شتێکی ترسناکی بینی، وای کرد کە خۆی بشارێتەوە و نەیەتە دەرەوە...

ڕووبەڕووی پلنگێکی گەورە وەستابوو یەکێک بوو لەو ئاژەڵانەی کە پێشتر لە دارستانە ترسناکەکەدا ژیابوو. لەشولارێکی ڕێکی هەبوو، باڵای چوار پێ بەرز بوو، بۆیە ڕاکردن لە دەستی مەحاڵ بوو.

لە بەردەمیدا پاڵکەوت و چاوارپەلی لە زەوی نا و چاوەڕێی ژەمەکەی بوو، کلکی دەلەقاند، خۆی ئامادە کردبوو بۆ هێرشکردن. لەبەر ئەوەی لە بەردەم مردندا وەستابوو، بە دەنگە نەرمەکەی وەکوو پشیلەکەی بچووک کە لە بەردەم مەمکی دایکی بگری ئەوها بوو. بێگومان مەبەستی ئەوە نەبوو کە لە ئاژەڵەکە ترساوە، بەڵکوو مەبەستی ئەوە بوو بانگی تاج بکات.

تاج نەهات تاکوو ڕزگاری بکات، ڕەنگە لەبەر ئەوەی کە دەنگی پێی نەگەیشتبێت، بەڵام ئەوەی سەیر بوو ئەوەبوو کە ئیکلیل هێندەی نەمابوو هاوارەکەی تەواو بکات، پلنگەکە ڕووخسارە ترسناکەکەی گۆڕا و چووە دواوە، بەڵام لە ترسدا ڕای کرد.

ئیکلیل ڕێگەکەی تەواو کرد، خۆی دوور خستەوە لەو ئاژەڵە، پێی وابوو بەهۆی هاوارەکەی، بەڵام بێگومان ئەو هەڵە بوو، لەبەر ئەوەی ئەو ساتە ئاوڕی دایەوە بینی لە پشتییەوە تارا وەستاوە و تەماشای

ئاژەڵەکەی دەکرد، هۆکاری ئەوەبوو کە ئاژەڵە ترسناکەکە ڕایکردە دواوە.

گەیشتە ناوەڕاستی دارستانەکە کە لەوێدا قەڵاکە هەبوو.

ڕەنگی پەڕەکانی ئیکلیل لە پرتەقاڵی کاڵەوە بووبوونە ڕەنگی تۆخ، بەهۆی خۆڵی ڕێگەکەوە، زۆریش دەترسا، چونکە تەواوی ڕێگەکەی پیادە بڕیبوو، یەکەمین جار بوو کە بە چاوی خۆی ببینێت ئەو ڕێگەیە دەبڕێت.

- کێشە چییە؟

تاج دەرگای یەکێک لە پەنجەرەکانی قەڵاکەی کردەوە.

سابح بە لووتی ئاماژەی بە زەوییەکە دا:

- تەماشا بکە کێ هاتووە؟

لە سەربانەکەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە وەکوو جنۆکەیەکی گەنج:

- چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە، ئایا گەورەکەت هیچ شتێکی خراپی بەسەر هاتووە؟

بە شڵەژانەوە پرسی.

لەبەر ئەوەی ئیکلیل ماندوو بوو، نەیتوانی وەڵامی بداتەوە، بۆیە سابح ڕای کرد کەمێک ئاوی سارد بهێنێت و بیکاتە دەمییەوە، دواتر باڵندەکە هۆشی هاتەوە. لێی پرسی:

- بۆچی هاتوویت بۆ ئێرە و گەورەکەت بەجێ هێشتووە؟

ئەوەی دەیویست بۆی ڕوون کردەوە بە باڵەکانی و بە کلک و سەری دوای ئەوەی سابح پرسی:

- ئایا هیچ لە ڕەفتارەکانی تیگەیشتیت خاتوونەکەم؟

- پێم وابێت.

پاشان بەر لەوەی دیار نەمێنێت گوتی:

- لە جیاتی من گرنگی پێ بدە.

١٧

ئاسمانی لادێکە تاریک بوو، تەواوی خەڵکی لادێکە خەوتبوون، لەو کاتەدا منداڵەکە بە تەنیا بە ئاگا بوو، لەنێو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو وەکوو پڵنگێک هەوڵی دەدا لەنێو قەفەسەکەیدا ڕابکات...

لە سەرەتادا هەوڵیدا لە پەنجەرەکەوە ڕابکات، بەڵام لەبەر ئەوەی پەنجەرەکە زۆر بچووک بوو نەیدەتوانی بڕواتە دەرەوە. هەوڵی دا لە ڕێگەی دیوارەکەوە بچێتە دەرەوە بەڵام لەوێشەوە نەیدەتوانی، چونکە هێشتا دڵتەنگ بوو. ئەوەش وای دەکرد لە جێی خۆی باز بدات و دابنیشێتەوە وەکوو شێت:

- دەتوانم دایکم بگەڕێنمەوە بۆ ژیان؟

ئەو ڕستەیەی بیر کەوتەوە کە دایکی هەمیشە پێی دەگوت لە کۆتایی چیرۆکەکانی بەر لە خەوتن، ئەو ڕستەیە لە مێشکیدا دەخوولایەوە لەو ساتەدا: هەمیشە لە بیرت بێت کوڕەکەم، خودای گەورە وەڵامی نزاکانمان دەداتەوە هەر کاتێک نزاک بکەین، پاشان لە مێشکیدا بەم جۆرە بیری لێ کردەوە.

ئەگەر خودای گەورە وەڵامی نزاکەم بداتەوە، کەواتە دەتوانم بە نزاکردن دایکم بگەڕێنمەوە بۆ ژیان. دایکم درۆ ناکات، هەمیشە لەگەڵمدا ڕاستگۆ بووە...

هەر لەبەر ئەوەش دەستەکانی بەرز کردەوە و نزای دەکرد:

- خودایە تۆ دایکم بگەڕێنەوە بۆ ژیان.

دووبارەی دەکردەوە لە ناخی دڵیەوە، دوای ئەوەی تەواو بوو بیری لەوە دەکردەوە ڕێگایەک بدۆزێتەوە تاکوو لە مااڵی جادووگەرەکە ڕزگاری ببێت و ڕاستەخۆ بڕوات بۆ گۆڕستان، بەڵکوو

لەوێ خـودای گەورە وەڵامـی نزاکـانی دابێـتەوە و جومانـای دایکـی چاوەڕێی بکات...

وەستا لەسـەر پێی و زەردەخەنەیەکی خستە سـەر لێوی، پاشـان هەسـتی بە دڵخۆشـی دەکرد لە بـری دڵتەنگی، هەسـتی بە ئـاگرەکەی نـاخی دەکـرد کە دووبـارە داگیرسـاوە... دوو هەنگـاو چـوییە دواوە پاشان گوتی:

- ئاا برا کا دا برااا، من دەتوانم ئەوەی بیڵێم ئەنجامی بدەم.

پاشان بە خێرایی بەرەو دیوارەکە ڕایکرد...

**

ئێستا کاتەکەی درەنگی کردبوو، کەس لە خەڵکی لادێکە بە خەبەر نەبوون لەو کاتەدا، ئەویش نەیدەزانی دەبێت بە چ ڕێگەیەکدا بڕوات تـاکوو بگـات بە گۆڕسـتانەکە، بـۆیە لە لای یەکێـک لە ئاژەڵەکـانەوە وەستا و پرسی:

- ئایا کەسێکی لێیە بتوانم پرسیاری لێ بکەم؟

وەڵامی دایەوە و دەنگی پێی دەهات:

- ئایا تۆ کەری بەرەڵایت؟

- نا من کەر نیم، منداڵەکە وەڵامی دایەوە.

دووبارە پرسیاری لێ کرد:

- دەی تۆ چ جۆرە ئاژەڵێکیت؟

- من ئاژەڵ نیم.

- بەڵام لە گوێدرێژێکی سەرخۆش دەچی.

پاشان گوێبیستی دوو دەنگ بوو کە پێدەکەنین:

- دەمویسـت بپرسـم ئایـا لە کـوێ دەتـوانم بـگەم بەو جێیەی کە مردووەکـانی لێیە، دەنگەکـان وەسـتان و دەنگی تەپەی پێیەکـان لێی نزیک دەبووەوە:

- بۆچی لەو کەرە پرسیار دەکەیت؟

پاشان گوێدرێژێک دەرچوو ناوی سامری بوو، سەری سێگۆشەیەکی بچووک بوو، دوو گوێی درێژی هەبوو که بەرز بووبوونەوە، سامری وەستا و پاشان تەماشای ئەو دروستکراوەی دەکرد بە سەرسوڕماوییەوە.

منداڵەکە گوتی:

- بینیت، من گوێدرێژ نیم.

کە سامری ئەو بوونەوەرەی بینی قسەی لەگەڵدا دەکات هەستی دەکرد لەنێو ناخیایەتی، لەو کاتەدا بە دەنگی بەرز گوتی:

- چیتە سامری، ئایا کەسێک هێرشی کراوەتە سەر لایەن ئاژەڵێکی سامناکەوە؟

سامری وەستا بۆ ساتێک:

-ئەوە مرۆڤە قومری، وەرە تەماشای بکە.

قومری گوتی:

- ئەوە یەکەمین جارە مرۆڤێک دەبینیت؟

- بەڵکوو یەکەمین جارە مرۆڤێک ببینم قسەم لەگەڵدا بکات؟

- مەبەستت چییە؟

- وەرە ئێستا خۆت تێدەگەیت.

دوای ئەوەی قومری هات گوتی:

- بۆچی بەم جۆرە تەماشای ئەو مرۆڤە دەکەیت؟

منداڵەکە گوتی:

- هاتووم پرسیاری شتێک بکەم.

کەمێک بێدەنگ بوو قومری، پاشان هەوڵی دەدا توانای ئەو دروستکراوە ڕوون بکاتەوە کە توانای قسەکردنی هەبوو، لەبەر ئەوەی ئەم دیاردەیە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نەبوو، دووبارە بانگی هاوسەرەکەی کردەوە، نەوەستا هەتاکوو هاوسەرەکەی هات:

- بێدەنگ بە قومری با تیبگەین.

به ترسەوە پرسی:

- بەڵام چۆن دەبێت مرۆڤێکی لەم جۆرە بتوانێت قسە بکات وەکوو ئێمە؟

- کاتم نییە ڕوونی بکەمەوە من کەمێک بەپەلەم.

قومری پرسی:

- تۆ ڕێگەت ون کردووە؟

- شتێکی لەو جۆرە، وەڵامی دایەوە.

- دەمەوێت بزانم مردووەکان دەبەن بۆ کوێ دوای مردنی؟

- دەیبەن بۆ جێیەک کە کەوڵی بکەن دواتر کە پێستەکەیان کەوڵ کرد جانتا و جلی لێ دروست دەکەن.

قومری قسەکەی بە مێردەکەی بڕی:

- ئەو مەبەستی شتێکی ترە، مەبەستی ئەوەیە ئایا مردوو دوای مردنی بۆ کوێ دەچێت، وەڵامەکەش ئەوەیە دەچێت بۆ بەهەشت یاخود بۆ دۆزەخ...

لەو کاتەدا کوندەپەپوویەکی سپی دەرکەوت و لەسەر لقی درەختێک نیشتەوە، لە دوورەوە تەماشای گفتوگۆیەکەی دەکرد و گوێی گرتبوو:

- ئەو منداڵە مەبەستی ئەوەیە ئایا گۆڕستان لە کوێیە؟

منداڵەکە وەڵامی دایەوە:

- گۆڕستان؟

- بەڵێ.

کوندەپەپووە سپییەکە گوتی:

- لەوێ مردووەکان بە خاک دەسپێردرێن.

وەک ئەوەی لەگەڵ خۆیدا قسە بکات:

- بەڵێ، بیرمە لەوێ خاکی زۆر لێیە.

- باشە کەواتە دوام بکەوە، دەتبەم بۆ ئەوێ...

١٨

لەگەڵ ئەوەی گۆڕەکان لە یەک دەچوون لە بەرزیاندا، بەڵام توانی گۆڕی دایکی بە تەواوی بناسێتەوە بەبێ ئەوەی ماندوو ببێت، تەنیا بە بۆنی یاسەمینەکەدا کە هێشتا لە گۆڕەکەوە دەهات. دانیشت لەوێ و چاوەڕێی دەکرد، متمانەی بەوە هەبوو کە خودای گەورە وەڵامی نزاکەی دەداتەوە...

کوندەپەپووە سپیەکە پرسی:

- چی تۆی هێناوە بۆ ئەم گۆڕستانە بەم نیوەشەوە؟

- هاتووم تاکوو دایکم دێتە دەرەوە کەمێکی تر.

- بەڵام مردووەکان زیندوو نابنەوە.

قسەکەی تەواو نەکرد، تەماشای گۆڕەکەی دەکرد و بە کوندەپەپووەکەی گوت:

- پێم بڵێ چی وای لێ کردوویت پێت وابێت دایکت لەو گۆڕە دێتە دەرەوە؟

- دایکم دەیگوت کە خودای گەورە وەڵامی نزاکانمان دەداتەوە ئەگەر داوای لێ بکەین.

- تۆش داوای ئەوەت کرد کە خودای گەورە بیگەڕێنێتەوە بۆ ژیان، هەر لەبەر ئەوەش هاتوویت بۆ ئێرە؟

سەری لەقاند و بۆی پشتڕاست کردەوە، پرسی:

- ئایا دەتوانم لەگەڵتدا بمێنمەوە؟

- بۆچی دەتەوێت بمێنیتەوە؟

لەبەر ئەوەی هەرگیز مردووم نەدیوە لە گۆڕەکەی بێتە دەرەوە.

- کێشە نییە، بمێنەرەوە.

کاتەکەی دەرەنگی کرد، گەیشتە ئەوەی خۆر هەڵبێت، بەڵام جومانا نەگەڕایەوە بۆ ژیان، بۆیە کوندەپەپووە سپیەکە گوتی کە بێزاربووە لە چاوەڕوانیی:

- دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە کوڕەکە.

لە ڕاستیدا بەڵێ، ئەو دەبوو بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە بەر لەوەی ئایار لە خەو ڕابێت و بەوە بزانێت کە کوڕەکەی لێ نییە، بەڵام هەستی بە دڵتەنگی و ماندوویی دەکرد:

- هەست دەکەم هەڵەیەکم ئەنجام داوە!

کوندەپەپووەکە:

- مەبەستت چییە؟

- دایکم هەرگیز درۆ ناکات، دڵنیام کە وەڵامی نزاکانم دەداتەوە.

پاشان گوتی:

- داوام لێ کرد کە بگەڕێتەوە بۆ ژیان، بەڵام نەیکرد، هەست دەکەم من هەڵەیەکم ئەنجام داوە.

**

دیتی کە ئایار لە بەردەم ماڵەکەدا چاوەڕێی دەکات بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، وەستاوە و گۆچانێکی دارینی بە دەستەوەیە.

- چۆن توانیت لە ژووورەکەت بڕۆیتە دەرەوە لە کاتێکدا دەرگای ژووورەکەت داخراوە؟

نەیدەزانی چۆن وەڵامی بداتەوە، بۆیە گوتی:

- لە پەنجەرەکەوە بازم هەڵدا.

- ئەوە مەحاڵە، چونکە تۆ لە پەنجەرەکە گەورەتریت.

بەڵام دەیزانی باوەڕی پێ ناکات ئەگەر بێت و ڕاستییەکەی پێ بڵێت بۆیە بێدەنگ بوو.

- قسە ناکەیت وایە؟

به بێئارامییەوە ئایار چاوەڕێی وەڵام بوو:

- دووبارە درۆم لەگەڵدا دەکەیتەوە؟

وای گـوت، پاشـان بە گۆچـانە داریـنەکەی لێـی دا، وەک ئەوەی مشـکێکی کەوتبێـتە بەردەسـت لە چیشـتخانەکەیدا و وێسـتوویەتی پارچەیەک پەنیر بدزێت، بەڵام ئەو بە لایەوە گرنگ نەبوو، بۆیە لێی دەدا؛ منداڵەکە بیـری لە جێیەکـی تـر بـوو ئـاخۆ بـۆچی نـزاکەی گیـرا نەبووە.

لەسەر زەوییەکە پاڵ کەوتبوو، بە لایەوە گرنگ نەبوو برینەکانی جەسـتەی کە ئایـار بـۆی دروسـت کردبـوو بەهـۆی لێـدانەکانییەوە، بەڵکوو بیری لە بابەتەکەی خۆی دەکردەوە.

تەواوی کـاتەکە بیـری لە چەنـدان هۆکـار دەکـردەوە، بەڵام لە کۆتاییدا جگە لە یەک وەڵام هیچی تری دەست نەکەوت: لەبەر ئەوەی لە ڕاستیدا خودای گەورە گوێبیستم نەبوو، بە خۆی گوت.

پاشان گوتی:

- مـن لە دڵمـدا بـانگم کـرد بەڵام ئەو لە سـەرەوەی ئاسـمانەکانە، دەبوو دەنگم زیاتر بەرز بکەمەوە تاکوو گوێبیستم ببێت.

ئێستا چیرۆکی ئەو مێرووولەیەی بیر کەوتەوە کە بە دەنگی نـزم سـەیری دەکـرد و هـاواری لە مێرووولەکـانی تـر کـرد کە خۆیـان بشارنەوە، لەبەر ئەوەی هێندەی نەماوە هێزەکەی پێغەمبەر سولەیمان و سوپاکەی بگەن نەکا هەست نەکەن، بە تەواوی بیری کەوتەوە، لە دایکی پرسی ئەو ڕۆژە ئایا پێغەمبەر سولەیمان چۆن توانی گوێی لە دەنگی مێرووولە بچـووکەکە ببێت، بـۆیە وەڵامـی دایەوە کە ڕەشـەبا هەواڵەکەی پێ گەیاند...

بۆیە دڵخۆش بوو، ڕاستەوخۆ وەکوو مەیمـون حـۆی هەڵواسـی بە دیـواری ژوورەکەدا، قاچەکـانی جـووت کـرد، سـەری بەرەو ئاسـمان بوو، دەستی لەسەر دەمی بوو، وەکوو دەنگ گەورەکەرێک بە هەموو

دەنگییەوە بانگی دەکرد، بەڵکوو ڕەشەبا بتوانێت دەنگەکەی بگەیەنێت بە خودای گەورە:

- دایکمم بۆ بگەڕێنەوە خودایە، دایکم بگەڕێنەوە بۆ ژیان.

هێزە تایبەتەکەی بەکارهێنا لەگەڵ ئەوەی جادووگەرەکە چەندان بەربەستی بۆ دانابوو، بەڵام بەرەو گۆڕستانەکە بە خێرایی ڕایکرد. بەڵکوو خودای گەورە وەڵامی نزاکەی دابێتەوە و دایکی بۆ گەڕاندبێتەوە و ئێستا چاوەڕێی کوڕەکەی بکات، دەیویست باوەش بکات بە دایکیدا و پێی بڵێت کە ئەو قایل بووە بەوەی بچێت بۆ لای باپیرە نۆفل و بەوەی کە لە لای بێت، هەر وەک ئەوەی پێشتر ئارەزووی لێبوو بەرەو گۆڕستانەکە چوو و لێی نزیک بۆیەوە، لەوێدا کوندەپەپووە سپییەکە وەستابوو. سەری سوڕاند:

- دووبارە هاتیتەوە کوڕە، بۆ کوێ هاتوویت ئەم جارە؟

- بۆ بینینی دایکم.

- شەوی ڕابردوو وانەت وەرنەگرت؟

- زانیم هەڵەکەم چییە!

بە متمانە بەخۆبوونەوە گوتی.

- چ هەڵەیەک؟

- بۆت ڕوون دەکەمەوە..

کە گەیشت دایکی نەدۆزییەوە وەک ئەوەی چاوەڕێی دەکرد کە لەوێدا دانیشتبێت تەماشای کرد، ماوەیەکی زۆر هەستی دەکرد هیچ ڕووینەدا لەو کاتەوەی لەوێدا وەستاوە بۆیە کەمێک خۆڵەکەی لەشی پاک کردەوە:

- پێدەچێت ئاسمان وەڵامم نەداتەوە.

دووبارە دڵتەنگی ڕووی تێ کردەوە، ئەم جارە بە هەنگاوی قورس بەرەو ماڵەکە دەڕۆیشت، میشکی سەرقاڵ بوو بەوەی بۆچی خودا وەڵامی ئەو نزایەی نەدایەوە ئەمجارەش. لەبەر ئەوەی لەو

بارودۆخەدا بوو کوندەپەپووە سپیەکە نەیدەویست بەجێی بهێڵێت، بۆیە بەدوای کەوت:

- لە بەهەشتدا دەیبینییەوە.

- دڵنیا نیم.

گوتی:

- گومانم لە بوونی بەهەشتیتش هەیە.

- بۆ قسەیەکی لەم جۆرە دەکەیت؟

بە دەنگی پڕ گریانەوە گوتی:

- ئەگەر خودای گەورە لە ئاسمان بێت، کەواتە بۆچی گوێبیستی نزاکانم نابێت؟

بەر لەوەی کوندەپەپووەکە قسەیەک بکات گوتی:

- وازم لێ بهینە، پاشان ڕایکرد.

ئەم جارە ئایاری بینییەوە کە لە بەردەم دەرگاکەدا چاوەڕێیەتی و دەمی دەجوولا، بەڵام هیچی نەدەخوارد، بەڵکوو تفی لە دەمیدا کۆ دەکردەوە، تاکوو کە نزیک بۆیەوە بیرپژێت بە دەموچاویدا، دواتر دەستی کرد بە لێدانی بە دڵی خۆی.

بەڵام ئەوەی منداڵەکە بیری لە لای بوو، ئەوەبوو بۆچی خودای گەورە وەڵامی نزاکانی نەدایەوە...

دوای نیو کاتژمێر ئایار وازی لە لێدانی هێنا، بەڵام نەک لەبەر ئەوەی بەزەیی پێیدا هاتبیتەوە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی هیچ جێیەکی تری نەدۆزییەوە لێی بدات، تفێکی تێ کرد وەک ئەوەی ئەوە کۆتا خاڵی ئەو بێت کە داینا، پاشان ڕۆیشت...

لە جێی خۆی هەستایەوە و بەرەو ژوورەکەی ڕۆیشت، بەردەوام خوێنی لێ دەچوو، لە بەردەم یەکێک لە سووچەکانی ژوورەکەدا بە بێدەنگی وەستا و بیری لەوە دەکردەوە بۆچی خودا وەڵامی نزایەکەی نەدایەوە، بۆیە لە کۆتاییدا گەیشتە ئەم قسەیە:

- شتێک نییە بە ناوی خودا، لە بەرخۆیەوە بەردەوام ئەم قسەیەی دەگوتەوە.

١٩

دوای ئەوەی چەند ڕۆژێک تێپەڕی، باش بووبوو. بەڵام هیچ گۆڕانکارییەک لە ژیانیدا ڕووی نەدابوو، زیاتر یەقینی بەوە هەبوو کە خودا بوونی نییە، تەنانەت چەندان جار ئەوەی بە خۆی دەگوتەوە، تەماشای ئاسمانی دەکرد لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە:

- ئەگەر بە ڕاستی بوونت هەبێت ئەوا سزام دەدەیت، چونکە من وازم لێت هێناوە.

دواتر لەبەر ئەوەی دڵەکان دەمرن دوای ئەوەی ئەو هێڵە ڕاستەی دەیبەستێتەوە بە ئاسمانەوە، دڵی مرد لەگەڵ ئەوەی هێشتا لە دونیادا لێی دەدا... میزاجی گۆڕا و هەستی دەکرد لە ناخیدا دێوێک لە دایک دەبێت... چاوی چەپی ڕەنگی سوور هەڵگەڕا وەک ڕەنگی، حەزێکی زۆری هەبوو بۆ ئازاردانی هەر کەسێک بێتە بەردەمی...

بەرەو ئەو ژوورە ڕۆیشت کە جادووگەرەکە لێی خەوتبوو، هەوڵیدا دەرگای ژوورەکەی بکاتەوە، بەڵام لەودیوەوە قوفڵی کردبوو، لەبەر ئەوەی ئایار لەو جۆرانە بوو چاوی نەدەچووە خەو ئەگەر لەودیوەوە دەرگاکەی دانەخستایە، هەر لەبەر ئەوەش کوڕەکە هێزێکی تایبەتی بەکارهێنا تاکوو لە دەرگاکە بچێتە ئەودیو...

**

ژوورەکە لە ناوەوە تاریک بوو، دەنگی پرخەی ژنەکە دەهات، پەردەی ژوورەکە کەمێک لا درابوو، بەو جۆرە کەمێک لە ڕووناکی مانگەکە دەهاتە ژوورەوە، هەنگاو بە هەنگاو هەستی دەکرد جەستەی

زیاتر قورس دەبێت وەک ئەوەی ئاسنی پیا هەڵواسرابێت هەستی دەکرد خوێنی لەشی قورس دەبێت.

جەستەی گەرم داهاتبوو، هەستی بە هەناسە قورسی دەکرد، ئارەقکردنەوەکەی بە شێوەیەکی ئاسایی نەبوو کە پێشتر بەسەریدا هاتبوو.

کاتی زۆری نەبرد ڕووناکیی مانگەکە لە ژوورەکەدا نەما، هەستی دەکرد بەرە بەرە بریندەکانی گەورە دەبنەوە و سەرە پەنجەکانی ڕەش دەبن و نینۆکی درێژ دەبنەوە بەرەو دەرەوە دێن...

هەستی بە ترس و سەرسامی نەکرد، بەڵکوو دەستی وەکوو دەستی دێوێکی لێهاتبوو، هەستی دەکرد ئەو ڕووداوەی بەسەریدا دێت ئاساییە، بە دەنگێک کە جیاواز بوو لە دەنگی ئاسایی خۆی، لە جەستەی ئایار نزیک بۆیەوە:

- هێی تۆ.

پاشان گوتی:

- هەستەوە.

ئایار چاوی کردەوە، بە سەرسامی بەوەی کە لە بەردەمیدا بوو هەوڵی دا جادووەکەی بەکار بهێنێت تاکوو پارێزگاری لە خۆی بکات، بەڵام دەرفەتی ئەوەی نەبوو تەلیسمەکەی بخوێنێت، بۆیە بە توندی دەستی خستە سەر سنگی پاشان دەستی بردە ناوەوە تاکوو گەیشت بە دڵی...

(زۆر بەچێژ بوو) هەستی بەو قسەیە دەکرد کە دڵی دەرهێنا لە پشت قەفەسەی سنگییەوە، ئەو پارچە سوورەی بینی بە دەستییەوە، بەڵام هێشتا لە هەوادا دەجوواڵ دڵەکەی پاشان لە کۆتاییدا وەستا.

زۆر بە لایەوە بەچێژ بوو ئەوەی کە ڕوویدا، دوای ئەوەی تامی دڵی کرد بە زمانی هەستی بە چێژێکی زۆر دەکرد...

بە خێرایی و تووڕەییەوە بەرەو دارستانە تاریکەکە ڕۆیشت، بەرەو قەڵای ئیمپراتۆر، بە جۆرێک زەویەکە لەژێر پێی دەلەرزی،

تارا بینی بەڵام ڕێگەی پێدا بەوێدا تێپەڕ ببێت، لەبەر ئەوەی کوڕی هاوڕێ نزیکەکەی بوو، هاواری کرد لە بەردەم قەڵاکەدا:

- خۆت دەربخە تاج.

بەڵام وەڵامی دەست نەکەوت، بۆیە دووبارەی کردەوە بە دەنگی بەرزتر:

- لە کوێیت تاج؟

تاج پەنجەرەی قاتی دووی کردەوە، بینی لە بەردەم قەڵاکەدا وەستاوە، دەیتوانی بۆنی خوێنە نوێیەکە لە دەستەکانی بکاتەوە...

- دێیتە خوارەوە یان بێمە سەرەوە؟

- دێمە خوارەوە...

**

هاتە خوارەوە هەر وەک ئەوەی داوای لێ کردبوو، پاشان مەودایەک لە دوورەوە وەستا تاکوو بتوانێت لێی ڕابکات ئەگەر هەوڵی هێرشکردنە سەری بدات... پاشان هەوڵی دا تووڕەییەکەی بخواتەوە:

- دایکتم ئاگادار کردەوە کە هەوڵی ئاشکراکردنی ڕاستییەکە...

- بەسە!

هاواری کرد بە ڕوویدا:

- نامەوێت هیچ قسەیەکت ببیستم.

- دەی بۆچی هاتوویت بۆ ئێرە کە ناتەوێت قسە بکەین؟

- بۆ کوشتنت!

لە چاوتروکانێکدا ڕەنگی چاوی چەپی گۆڕا بۆ سوور، پاشان بەرەو ڕووی ڕایکرد، هەوڵی دەدا ئازار بە بەشێکی جەستەی تاج بگەیەنێت، بەڵام لە کۆتا ساتدا نەیتوانی ئازاری بدات گوتی:

- ئایا مردنم دڵخۆشت دەکات؟

قسەی نەکرد، بەڵکوو دووبارە بازی هەڵدایەوە بە ئاراستەی، بەڵام ئەمجارەش توانی لە دەست پەلامارەکەی ڕزگاری ببێت:

- هیچ سوودێکت پێ ناگات ئەگەر بمکوژیت، دایکت ناگەڕێتەوە.

- بۆچی هێرش ناکەیتەوە سەرم؟ ئایا بەو ڕادەیە هەست بە ترس دەکەیت؟

دەیزانی لەم کاتەدا وەکوو درندەیەکی بریندار وەهایە و برینەکانی خوێنی لێ دەچۆڕێت، بۆیە هیچ سوودی نابێت بەرپەرچی بداتەوە، بەڵکوو دەبێت لەگەڵیدا ئارام بگرێت نەوەک بە تووڕەییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ڕەنگە بەو جۆرە ئارام ببێتەوە، گوتی:

- داوام لێ کرد پارێزگاری لێ بکەم، بەڵام ئەو ڕەتی کرد....

بەر لەوەی ڕێگەی بدات قسەکەی تەواو بکات پێی بڕی:

- پێم گوتیت کە نامەوێت گوییبیستی ئەم جۆرە قسانە ببم.

- ئەگەر تەنیا گوێبیستم ببیت ئەوان شتانێکت بۆ باس دەکەم هەرگیز لە بیری ناکەیت - بە بێدەنگی تەماشای دەکرد و سەرنجی لەسەر چاوی بوو.

- ئەگەر دەتەوێت شتێکم پێ بڵێیت بیرم نەچێتەوە ئەوا ڕابکە.

دووبارە هێرشی کردەوە سەر، بەڵام ڕای نەکرد، ئەم جارەش لە بەردەمیدا وەستابوو.. بەر لەوەی دەستی بە سنگی بگات، مەچەکی گرت و بە جددیاتەوە تەماشای کرد و گوتی:

- من فێرم کردیت ئەم هێزە بەکار بهێنیت کوڕە، پێت وایە بە ڕاستی ناتوانم ڕێگریت لێ بکەم؟

- دەی بموەستێنە.

هەوڵی دا مەچەکی لە دەستی دەربکات:

- دەبێت لە دەستت ڕزگارم ببێت هەر بۆیە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەتکوژم.

- بوێر کەس ناکوژێت ئەگەر دەرفەتی ئاشتی پێ بدرێت.

- ئامۆژگارییەکانت بۆ خۆت هەڵبگرە.

هاواری کرد بەسەریدا و بە دەستەکەی تری هەوڵی دا دەستی لە مەچەکی خۆی بکاتەوە، بەڵام چاوەڕێی ئەو جووڵەیە نەبوو لێی، بۆیە مەچەکەکەی تریشی گرت، بەر لەوەی هەر جووڵەیەکی تر ئەنجام بدات گوتی:

- دایکت داوای لێکردم کە دوور بکەومەوە لێی، لەبەر ئەوەی باوکت نەزانێت کە دایکت جنۆکەیە.

- دایکم جنۆکە نییە.

- ئەم هێزەت لە کوێ بوو کەواتە؟ چۆن توانیت لەگەڵ دوو کەرەکەدا قسە بکەیت، ئەگەر دایکت جنۆکە نەبێت هەی گەمژە؟

- چۆن چیرۆکی دوو کەرەکەت زانی؟

بە پەرۆشییەوە پرسی:

- ئەو کوندەپەپووە سپییە.

بە سارد‌ییەوە گوتی:

- من بووم.

- ناشرینە ئەوانی تر هەڵبخەڵەتێنیت.

بە ناڕەزاییەوە بێدەنگ بوو.

- من تۆم هەڵنەخەڵەتاندووە.

وای گوت و هێشتا مەچەکی گرتبوو، پاشان گوتی دەبوو لە پاڵتدا بوومایە و ئاگادارت بوومایە لەو بارودۆخەدا، تۆ نەوەی منیت و من لە بارودۆخیکی وەهادا بەرت نادەم کە ئازاری خۆت بدەیت و منیش یارمەتیدەرت نەبم.

هەوڵی دەدا لە دەستی هەڵبێت، بەڵام بێسوود بوو، زۆر هەوڵی دەدا دەستی دەربهێنێت یاخود کەمێک بیجووڵێنێت، بەڵام سوودی نەبوو، دەبوو بیر لە ڕێگایەکی تر بکاتەوە بۆ هێرشکردن، ئەگەر دەتەوێت بزانیت ئەوەی ویستووتە بەدی هاتووە، ئەوا دڵنیات دەکەمەوە "بەڵێ" تۆ منت کرد بە دڕندە.

- ئەگەر دایکت جنۆکە نەبووایە، ئەوا نەمدەتوانی ئەو هێزەی ناخت بجووڵێنم.

دەمی کردەوە قسە بکات، بەڵام هێندەی زانی چوار لە دڕانەکانی کەوتنە نێو دەمییەوە بەهۆی ئەوەی بە هەموو هێزییەوە دای بە نێو دەمیدا تاکوو خۆی لێ دوور بخاتەوە:

- دەزانیت چی، با دان بە شتێکدا بنێم بۆت.

دەمی خوێنی لێ دەهات.

- تۆ لەوە بەهێزتریت کە چاوەڕێم دەکرد، پێم وانییە من بتوانم لە هێرشەکانت ڕزگارم ببێت ئەگەر کەمێک گوێم لێ نەگریت، دڵنیابە ئەوا ناچار دەبم منیش لە دژت بوەستمەوە، ئەو کاتە لە دەستم ڕزگارت نابێت...

بێگومان تاج درۆی دەکرد، نەیدەتوانی ئازاری بدات، نەک لەبەر ئەوەی نەنکی بوو بەڵکوو لەبەر ئەوەی دەیزانی تارا لە جێیەکی نزیک خۆی شاردۆتەوە لە پشتی درەختەکانەوە و چاودێریی ڕووداوەکە دەکا و هەرگیز ڕێگە نادات ئازاری بدات...

دەمی سڕییەوە، خوێن لە لووتیشی هاتبوو، هیچ نییەتی گەڕاندنەوە یاخود خۆبەدەستەوەدانی نەبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا بیری لەوە دەکردەوە هیچ لە دەست نادات ئەگەر بێت و گوێبیستی ئەو قسانە ببێت کە تاج بۆی دەکات:

پێی گوت:

- با کۆتا قسەکانت ڕاستی بێت لانی کەم.

تاج ئەوەی وەکوو سوکایەتیپێکردن وەرگرت و گوتی:

- دایکت هات بۆ لام لە یەکێک لە شەوەکاندا و داوای لێکردم کە یارمەتی بدەم لە ئاشکراکردنی نهێنییەکدا، پێی گوتم کە دڵی ناتوانێت لەمە زیاتر بەرگە بگرێت، پێی گوتم کە دەیەوێت بزانێت باوکت ئەم هەموو ماوەیە لە کوێیە و بۆ وەنە.

بۆیە منیش نەمتوانی داواکارییەکەی ڕەت بکەمەوە، لەبەر ئەوەی کچمە، لە هەر بارودۆخێکدا بێت دەمویست هەر کارێک بێت بیکەم و پەیوەندییەکەمان باش ببێتەوە. بۆیە بەپەلە چووم تاکوو هەواڵەکەی بۆ پەیدا بکەم، بەڵام هەرگیز چاوەڕێ نەبووم ئەو ڕاستییەم بۆ ئاشکرا ببێت:

قوڕگی پڕ بووبوو لە گریان، لەبەر ئەوەی پێدەچوو ناخی بەرگەی ئەو ڕووداوە نەگرێت کە ڕوویداوە:

- لە ڕۆژی دواییدا هاتم تاکوو ئاگاداری بکەمەوە، بەڵام گوێی لێم نەگرت.

بە دەنگی پڕ گریانەوە، وەک ئەوەی ڕووداوەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە گوتی:

- گوێی لێ نەگرتیت؟

- داوای لێ نەکردیت بەدوای باوکتدا بگەڕێیت؟

بیری کەوتەوە و گوتی:

- بەڵێ، داوای لێ کردم لەژێر ئەرزیشدا بووە بیدۆزمەوە.

پاشان بیری هاتەوە:

لە ڕابردوویەکی دووردا باوکت کە ناوی بەحرە لەگەڵ ڕێکخراوێکی گەورە بە ناوی جاسومدا کاری دەکرد، کاریان خراپەکاری و خوێنڕشتن بوو لە هەموو لایەکی مەملەکەتی ئەبابیلدا، باوکت یەکێک بوو لە سەرکردەکانی نێو ڕێکخراوەکە، تاکوو ئەو کاتەشی چاوی بە دایکت کەوت کاری بۆ ڕێکخراوەکە دەکرد...

بێدەنگ بوو بەڵام چاوەکانی دەیانگوت ئێ دواتر چی ڕوویدا؟

- هەردووکیان هاوسەرگیریان لەگەڵ یەکدا کرد و بۆ ماوەیەکی زۆر بە خۆشی و کامەرانی پێکەوە ژیان، بە ڕادەیەک کە باوکت پێی وابوو ڕێکخراوەکە وازیان لێ هێناوە و ئەویان لەبیر کردووە، بەڵام بە تەواوی هەڵە بوو، لە کاتەدا کە دایکت دووگیان بوو، نابفیل بە تایبەت هات و سەردانی باوکتی کرد:

ناوەکەی دووبارە کردەوە بە پرسیارەوە:

- نابفیل؟

- سەرکردەی گەورەی ڕێکخراوی جاسومە.

- چی لێ دەویست؟

- ڕێکخراوەکە پێویستیان بە بەحر هەبوو، ئەویش هات تاکوو بیگەڕێنێتەوە بۆ ڕیزەکانی سوپا.

- ئەی ڕازی بوو؟

- سەرەتا نەخێر، بەڵام دواتر نابفیل بە ژیانی هاوسەر و منداڵە لە دایک نەبووەکەی کە تۆ بوویت هەڕەشەی لێ کرد.

- ئەوکات بەحر چی کرد؟

- دەیزانی کە نابفیل کەسێک نییە خاوەن بەڵێنی خۆی نەبێت، واتە هەر قسەیەک بکات بێگومان دەیباتە سەر، هەر بۆیە بڕیاری دا دووبارە بەڵێننامەیەک واژۆ بکەن.

ئەو ڕێکەوتننامەیەش زۆر جددیی بوو، بە جۆرێک پڕ بوو لە خوێن، پاشان پرسی:

- بۆچی؟

- بۆ ئەوەی باوکت بگەڕێتەوە کاریان لەگەڵدا بکات لە بەرانبەر ئەوەشدا نابفیل واز لە ژیانی تۆ و دایکت بهێنێت... ناوێکیان لەو ڕێککەوتننامەیە نا بە ناوی پەیماننامەی خوێن.

گوتی:

- واتە نەبوونی باوکم لەماڵدا پەیوەندی بە پاراستنی من و دایکمەوە هەبوو؟

سەری بە ئاراستەی داخەوە لەقاند، پاشان گوتی:

- نابفیل دەیزانی هیچ شتێک دڵی پیاوەکانی لەناو نابات جگە لە خۆشەویستی، هەر بۆیە ئافرەتێکی جادووگەری بە ناوی ئایار خستە نێو ماڵێکەوە لەگەڵ باوکتدا، تاکوو چاودێریی ڕەفتارەکانی بکات و فەرمانی کوشتنی تۆ و دایکتی پێدابوو لە سێ بارودۆخدا:

- سێ بارودۆخ؟

- بەڵێ، ئەوێش ئەگەر بەحەر وازی لە کارکردن هێنا لە ڕێکخراوەکە، یاخود هەوڵی سەردانکردنی خێزانەکەی بدات لە هەر کاتێکدا بێت، یاخود هاوسەرەکەی هەوڵی زانینی ڕاستییەکە بدات، هەر بۆیە ئەو ساتەی کە دایکت تۆی نارد بۆ بەدواداگەڕانی باوکت، ئەو کاتە حووکمەکەی نابفیل جێبەجێ بوو کە مردن بوو، بەڵام تۆ بە شێوەیەکی موعجیزەئاسا ڕزگارت بوو...

بە تووڕەییەوە گوتی:

- نابفیل.

- بەڵێ، ئەوە ئەو ناوەیە کە هەوڵی دا دایکت بکوژێت و هەوڵی کوشتنی تۆشی دا.

پاشان لێی نزیک بۆیەوە و گوتی:

- ئێستا تەماشای چاوم بکە و بیڵێرەوە دووبارە.

تەماشای چاوی کرد و ناوەکەی دووبارە کردەوە:

-نابفیل.

- لەبەر ئەوە ئاگاداری تۆ بووم و ڕاهێنانم پێ کردیت، دانی پێدا نا.

- بەڵێنم پێبدە کە تۆڵەی لێ بکەیتەوە... بەڵێنم پێ بدە کە تۆڵەی مردنی دایکت بکەیتەوە.

- بەڵێنت پێ دەدەم.

بە ڕقەوە گوتی. دەستی دوور خستەوە و سەری لەقاند:

- ئایا ئامادەیت تاکوو گوێبیستی نیوەکەی تری ڕاستییەکە ببیت؟

- ئایا بەشێکی تری ماوە ڕاستییەکە؟

تاج شتێکی ترسناکی گوت:

- ڕاستییەکە تایبەتە بە تۆ، هێشتا دەستی پێ نەکردووە.

نەیدەزانی چۆن بابەتی داهاتووی بۆ باس بکات، ئەویش ئەو کاتەی کە ئەو جادووگەرەکە دایکی کوشت، ئەوەش وای لێ کرد کە

سەخت بێت ژنەکە بە نەوەکەی بڵێت ئەوبوو کە بە دەستی منداڵەکە کوژراوە، بەڵام بەبێ مەبەست، بەو جۆرە پلانەکەی سەرکەوتوو بوو:

- ئایار دەیزانی کە دابونەریتی خەڵکی لادێی جەساسە چۆنە، هەر بۆیە هەوڵێکی زۆری دا تاکوو لەدەست دایکت ڕزگاری ببێت، ژەهری کردە نێو پەرداخێک ئاوی ڕەنگ قاوەییەوە لەگەڵ خواردنە سپییەکەدا، لە بەردەم دەرگای ماڵەکەتانداً داینا و پاشان ڕۆیشت بەر لەوەی کەس ببینێت، پێدەچێت ئەوکات تۆ سینییە خواردنەکەت دیبێت و پێت وابووبێت هی یەکێک لە دراوسێکانە بۆیە بردووتەتە ژوورەوە ئەو کاتە، وابوو؟

بیری کۆتا شەوی کەوتەوە کە لەگەڵ دایکدا بوو، ڕاستەخۆ ڕووخساری گۆڕا:

- ئەو شەوە دایکم داوای لێ کردم کە پەرداخێک ئاوی بۆ ببەم، بێدەنگ بوو.

پرسی:

- دواتر چی ڕوویدا، تەواوی بکە.

- ئەو پەرداخە ئاوە ژەهراوییەت دا بە دایکت.

٢٠

شۆکەکەی هێندە گەورەبوو، بە جۆرێک بیری لەوە دەکردەوە کە دوور بـڕوات لە دووری لادێی جەساسـە، چـونکە بە دەسـتی خـۆی ژەهری دەرخواردی دایکی دابوو لە جیاتی ئاو، بەڵام نەیدەزانی ئەو ئـاوە ژەهـری تێـدایە، بـۆیە لە خـۆی خـۆش نەدەبـوو لەبەر ئەوەی بووەتە هۆی کوشتنی دایکی.

- چیتر حەزی مانەوەم نەماوە، لەبەر ئەوەی هەموو شتێک لێرەدا دایکمم بیر دەخاتەوە.

- دەتەوێت چی بکەیت؟

- نازانم، هەموو ئەوەی دەیزانم دەمەوێت ئێستا لە ئامێزت بگرم.

وای گوت پاشان گوتی:

- دەتوانم لە ئامیزت بگرم تاج، یاخود هێشتا لێم تووڕەیت لەبەر ئەوەی هێرشم کردە سەرت و بوومە هۆکاری مردنی دایکم؟

- بێگومان بە مەبەست وات نەکردووە داماو گیان.

پاشان باوەشی بۆ کردەوە و گوتی:

- وەرە بۆ لای نەنکت.

- هەست دەکەم دڵم دادەڕمێت، لەبەر ئەوەی زۆر دڵتەنگم.

بە گوێیدا چپادی و هەوڵی دا هێزی پێ بداتەوە:

- هەر ئەوەنـدە دڵتەنگییەکانـت گەورە بـبن، بیـرت بێـتەوە کە هەمووی تێپەڕ دەبێت دڵنیابە لە قسـەی نەنکت، کەمێک دڵتەنگییەکەی ڕەوییەوە، هەرچەندی پێی وابوو کە بۆ تەواوی تەمەنی دڵتەنگی بە شوێنییەوە دەبێت و بیری ناچێتەوە...

تاج ئەوەی بە مێشکیدا دەهات گوتی:

– متمانەم پێ بکە، ئەمەش تێدەپەڕێت، تەنیا پێویستی بە کەمێک کات هەیە، بەڵام هەمیشە بجەنگە تەنانەت ئەگەر زەوی لەژێر پێتدا لەرییەوە.

– بەڵام دەمەوێت ئەو یادەوەریانە لە میشکم لەنێو بچن، چونکە هەرچەندی هەوڵ دەدەم بەرز ببمەوە ئەوان ڕامدەکێشن بەرەو خوارەوە، ئەو یادەوەریانە لە میشکی منداوەکوو کیسێک ئارد وان، کە دەمەوێت هەناسە بدەم ڕامدەگرن، نازانم چی بکەم!

تەماشای کرد و گوتی:

– مەڕووخێ، دەبێت ئەوە ئەنجام بدەیت.

پاشان گوتی:

– ئەگەر بڕوخێیت ئەوا هەمووان پێشت دەکەون، نەک لەبەر ئەوەی یارمەتیت بدەن، بەڵکوو لەبەر ئەوەی بەسەر جەستەتدا بکەون و خۆیانی پێ بەرز بکەنەوە، تۆ دەزانی مرۆڤەکان چەندە پیسن ئەو کاتەی کەسێک دەبینن بە شکاوی!

بۆیە هەوڵ بدە دڵتەنگییەکانت بۆ خۆت هەڵبگریت و بە پێوە بوەستیتەوە لە جیاتی ئەوەی بکەویت بە زەویدا...

سەری قایلبوونی لەقاند.

– ئایا ئێستا سووریت لەسەر ڕۆیشتن؟

ئەمەی پرسی، پاشان گوتی:

– دەتوانم دووبارە دەرمانی لەبیرچوونەوەت پێ بدەم ئەگەر بتەوێت.

وەڵامی دایەوە:

– نامەوێت نابفیل لە یادگەمدا بڕوات.

زەردەخەنەی هاتێ کە گوێی لەو وەڵامە بوو گوتی:

– ئیکلیل بە کەڵکت دێت ئەگەر لەگەڵ خۆتدا بیبەیت.

– ڕاست دەکەیت، بە تەواوی ئەوم لەبیر کردووە، ئێستا ئەو لە کوێیە؟

لەو کاتەدا ئیکلیل سەری بەرز کردەوە و لە پشتی دەرگای قەڵاکەوە...

دەبوو بە زوویی بڕوات و یارمەتی خۆی بدات تاکوو ئازارەکەی لەبیر بکات و خۆڵی خەم و خەفەت دوور بخاتەوە لە یادەوەریدا، لە ناخیدا ویستێکی زۆر هەبوو بۆ تۆڵەکردنەوە، بە ڕادەیەک دەیویست هەموو دونیا بسووتێنێت، لەبەر ئەوەی کەسێک لەم دونیایەدا هەوڵیداوە دایکی بکوژێت...

ئێستا ئەو هیچ جێیەکی نەبوو بۆی بڕوات بەڵکوو خۆی دابووە دەم دونیاوە بیببات بۆ هەر جێیەک کە دەیەویت، تاج گوتی:

- تۆ پێویستت بە کۆمەڵێک هاوڕێ هەیە تاکوو یارمەتیت بدەن لە ئەنجامدانی کاری داهاتووتدا.

بە گرنگییەوە گوتی: تۆ هەمیشە دەکرێت ناپاکی و مافت بخورێت، هەموو شتێک لەم دونیایەدا دەتخەڵەتێنێت، بەڵام تاکە شت کە بتوانێت لە پشتت بوەستێت و پشتت بەر نەدات هاوڕێی باشە.

- دەی چۆن بیاندۆزمەوە؟

- خەمت نەبێت، خۆت دەیاندۆزیتەوە لە بارودۆخە سەختەکاندا، ئەوانە ئەو هاوڕێیانەتن کە تا کۆتایی ڕێگەکە لەگەڵتدا دەبن.

پاشان تەماشای چاوی نەوەکەی کرد و قسەکەی تەواو کرد:

- نەکەی هەرگیز خۆشەویستی بکەیت، لەبەر ئەوەی تاکەکەس کە شایەنی خۆشەویستی بوو مرد، تێگەیشتیت؟

- تێگەیشتم.

- هەرگیز مەهێڵە خۆشەویستی فریوت بدات، هەرچەندی ڕەگی تۆند داکوتیبێت لە ناختدا لە سەرەتاوە، چونکە لە کۆتاییدا بەو خۆشەویستییە هەناسە دەدەیت کە لە ناختدایە...

پاشان گوتی و بە هەستەوە وتی:

- سبەی هەستە ئەو کرمەی لەنێو قاچەکانتدایە تووشی شەهوەت و پیاوەتیت دەکات وەکوو هەموو پیاوانی تر، ویستی خۆت لەگەڵ

ئافرەتاندا تەواو بکە و پاشان دووریان بخەرەوە لە خۆت، هەرگیز پێوەیان وابەستە مەبە.

هیچ قسەیەکی هەستبزوێنی نەکرد، هەستی نەجووڵا، بەڵکوو ئەوەی لێی داوا کرد، جیبەجێی کرد.

ئیکلیلی لەسەر شانی دانابوو و بەرەو نەنکی ڕۆیشت و گوتی:

- ئێستا دەڕۆین.

- عاصف

تاج گوتی:

- ناوت عاصف دەبێت.

- ناوەکەی دووبارە کردەوە بە پرسیارەوە:

- عاصف؟

ناوەکەی گوتەوە:

- ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر ئەو کاتەی کە ڕێکخراوی جاسوم ڕەگی لە هەموو جێیەکی مەملەکەتی ئەبابیل داکوتیبوو، کەس نەیدەتوانی بیانوەستێنێت یاخود ڕێگەیان لێ بگرێت، بەڵام تۆ دەبیت بەو کەسەی کە تەنگیان پێ هەڵدەچنێت وەکوو ڕەشەبایەک هەڵبکەن، ڕەگیان لە بنەوە دەربهێنیت، دووبارە بارودۆخە بگەڕێنیتەوە کاتی ئاسایی خۆی، لەبەر ئەوە ناوت دەبێت بە عاصف...

ئیکلیل باڵەکانی بەرز کردەوە و توانی چەند مەترێک لەسەر زەوییەکە بەرز ببێتەوە و گوتی:

- عاصف... عاصف

عاصف گوتی:

- دەستی کرد بە قسە کردن تۆ بیستت؟ گوتی عاصف؟

بەر لەوەی دارستانەکە بەجێ بهێڵێت، تاج شتێکی پێگوت کە یارمەتیدەری بوو:

- جنۆکەیەک هەیە ناوی خەیزەرانە، ئەو تاکە کەسە بتوانێت یارمەتیت بدات بۆ سەرکەوتن بەسەر نابفیلدا..

- جنۆکەیەک ناوی خەیزەرانە؟

تاج دەستی کرد بە ملیدا و ملوانکەکەی دەرهێنا کە تەواوی کاتەکە لەژێر جلەکانییەوە شاردبوویەوە، عاصف بە جۆرێک تەماشای دەکرد نەیدەزانی مانای چیە ئەو ملوانەکەیە و هۆکاری چیە نەنکی لەم کاتەدا پشانی داوە، لە ئاڵتوون دروست کرابوو، ناوەڕاستەکەی لەسەری نوسرابوو ئیمپراتۆری ئەبابیل.

- ئەوە چییە؟

بە فزوڵییەتەوە پرسی.

لێی نزیک بۆیەوە و ملوانەکەی لە ملی کردەوە:

- ئەم ملوانەکەیە هی خێزانی ئیمپراتۆرە، کەس لە ملی ناکات تاکەکانی خێزانی ئیمپراتۆر نەبێت.

ملوانەکەی کردە ملی نەوەکەی و گوتی:

- بۆچی دەمدەیتێ؟

- لەبەر ئەوەی یارمەتیدەرت دەبێت بۆ چاوپێکەوتنی خەیزەران.

- چۆن بیدزۆمەوە؟

- خەمت نەبێت کە بوویت بە پیاو دەتبەم بۆ لای.

- من ئێستا هەژدە ساڵم ئایا هیشتا نەبووم بە پیاو؟

- پیاوەتی بە تەمەن نییە.

ئەوە کۆتا شت بوو کە گوتی.

بەر لەوەی لای نەنکی بڕوات و ئیکلیلی لەگەڵدا بێت.

عاصف و ئیکلیل ڕۆیشتن تاکوو بەدوای هاوڕێدا بگەڕێت لە ڕۆژانی داهاتوودا تا بتوانن شوێنەواری نابفیل بدۆزنەوە. لەو کاتەدا بوو کە تارا هاتە دەرەوە لەو جێیەی کە خۆی شاردبووەوە لەنێوان یەکێک لە درەختەکاندا، تەماشای تاجی کرد و گوتی:

- بۆچی نەتگوت کە نابفیل خودی پادشای مەملەکەتی ئەبابیلە؟

- ئەگەر پێم بگوتبایە، ڕاستەوخۆ دەچوو بۆ کۆشکی پادشا، ئەگەر هێرشیان بکردایەتە سەر نەدەگونجا، لەبەر ئەوەی هێشتا لەوە

لاوازتـره به تەنیـا بتوانیـت لە دژی نابفیـل بوەسـتێتەوە؛ بەڵام دوای ئەوەی کەمێـک پێگەیشـت ئامـادە دەبێـت، دەیـبەم بـۆ لای وەزیـرە خەیزەران، ئەو ڕاسـتەوخۆ دەتوانێت یـارمەتی بدات، تـاکە کەسـە کە بتوانێت تەختی پادشایەتی ئەبابیل بگەڕێنێتەوە بۆ باپیرە جەباری.

- ئەو کاتە حەق بە تۆیە.

تارا:

- هەست بە ترس دەکەن ئایا، پێت وایە ڕزگاری دەبێت؟

تارا:

- هەڵتداوەتە ناوەڕاستی دۆزەخەوە، کـاتی زۆری دەوێـت تـاکوو ڕزگاری ببێت، هەردووکیان بێدەنگ بوون.

پاشان تارا پرسیاری لێ کرد بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو:

- ئایا دڵتەنگ نابیت بە ڕاستی ئەگەر بتوانێت نابفیل بکوژێت؟

بەبێ ئەوەی تاج تەماشای تارا بکات وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە:

- نابفیل چیتر برای مـن نییە، هەر لەو سـاتەوەی کە لە مێردەکەم هەڵگەڕایەوە و بە زۆرداری دەستی گرت بەسـەر تەختی پادشایەتیدا.

هەردووکیـان بـۆ سـاتێک بێدەنگ بـوون، وەڵامـی دایەوە ئەمجـارە ئەو پرسی:

- ئێستا نۆرەی تۆیە تارا وەڵام بدەیتەوە.

- خۆت دەزانیت من لە ڕاستی زیاتر قسەی تر ناکەم.

- دەزانم درۆ ناکەیت.

- دەی بپرسە.

- بۆچی ئەو شەوەی کە جومانا مرد چوویت سەردانت کرد؟

وەڵامی نەدایەوە و کەمێک دوورکەوتەوە...

- پشتم تێمەکە تارا، وەڵامی پرسـیارەکەم بدەرەوە، ئەو شـتە چـی بـوو وای لێکردیـت بچیـت سـەردانی جومانـا بکەیـت ئەو شـەوەی کە مرد؟

بەرەو دارستانەکە ملی ڕێگەی گرت:

- ناتوانم پێت بڵێم.
- بۆچی ناتوانیت.
- لەبەر ئەوەی من درۆ ناکەم و ڕاستییەکەشت بە دڵ نابێت.

تارا تاکە کەس بوو کە بەشەکەی تری ڕاستییەکەی دەزانی، ئەو بەشەش زۆر ترسناکتر بوو، ئەویش ئەوە بوو جومانا دەیزانی ئەو پەرداخە ئاوە قاوەییەی کە بۆی هاتووە ژەهری تێدابووە....

٢١

عاصف سنووره‌كانی دارستانه تاریكه‌كه‌ی تێپه‌راند، دواتر گه‌یشته سنووری لادێی جه‌ساسه و نه‌یده‌زانی ده‌بێت بۆ چ ئاراسته‌یه‌ك بڕوات، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ماندوو بووبوون له گه‌ڕانه زۆره‌كه‌یاندا، كاته‌كه‌ش نزیك بووبوه‌وه له ڕۆژئاوابوون، هه‌ردووكیان تینوو، برسی بوون:

- ئیكلیل ته‌ماشا بكه.

ده‌ستی بۆ دوور ڕاكێشا:

- ئه‌وه قافڵه‌یه‌كه.

له‌وێدا قافڵه‌یه‌كی (كاروانێكی) بازرگانی درێژ، كه چه‌ندان فیلی گه‌وره‌ی تێدابوو، باریان هه‌ڵگرتبوو، كه سندووقی گه‌وره گه‌وره‌یان پێ بوو، هه‌ندێكیشیان منداڵی كچ و كوڕیان پێبوو كه دانیشتبوون به‌ره‌و بازاڕه‌كه ده‌چوون، پێده‌چوو بۆ فرۆشتن و كۆیله‌كردن بن... كاروانه‌كه چه‌ندان پارچه‌ی گه‌وره‌ی پێ بوو كه نوسرابوو بازرگان شابه‌نده‌ر عه‌دنان، له پێشیه‌وه چه‌ند خزمه‌تكارێك هه‌بوون كه ئاگاداری بوون، به هه‌مان شێوه چه‌ند پاسه‌وانێك هه‌بوون كه كاریان پاراستنی بوو له ڕێگری ڕێبه‌كان و هه‌روه‌ها له دزه‌كان.

عاصف گوتی:

- ده‌توانم بۆنی ئه‌و شتانه بكه‌م كه له‌نێو ئه‌و سندووقه گه‌ورانه‌دان.

پاشان گوتی:

- پێ دەچێت کە خواردنی زۆر خۆشی تێدابێت، ئەی وانییە؟

- ئیکلیل برسییە.

ئیکلیل بە دەنگێکی پارانەوەوە گوتی.

- برسی، عاصف بۆی ڕاست کردەوە و گوتی:

- وەرە با ئەو خواردنەی دەمانەوێت بیبەین و ڕابکەین بەر لەوەی کەس بمانبینێت.

خۆرئاوابوون یارمەتیدەری عاصف و ئیکلیل بوو زۆر، لەبەر ئەوەی کەس نەیتوانی ئەوە ببینێت کە ئەوان سەرقاڵی چین، لە کۆتایی کاروانییەکەدا چوونە نێو یەکێک لە سندووقەکانەوە کە پڕبوو لە خواردن، لەسەر پشتی یەکێک لە فیلەکان دانرابوو منداڵەکان لە پشتەوە چوون بۆ ئەو سندووقە بەستراوە، بینیان کە مشکێک ڕیشێکی درێژی هەیە لە ڕیشی بزن دەچوو لەو کاتەوەی بە لای لادێکەدا تێپەڕ بووبوون، مشکەکە خۆی پێیاندا هەڵواسیبوو...

هەردووکیان سکیان پڕ کرد لە خواردن:

- وەک ئەوەی پێشبینیم دەکرد، خواردنەکە زۆر بەتام بوو.

عاصف گوتی.

- بەتام بوو.

بە هەمان شێوە ئیکلیلیش جەختی کردەوە.

دەنگێکی تریش لە سندووقەکەوە هات:

- ئایا لادێی جەساسەت جێهێشتووە تاکوو سکت پڕ لە خواردن بکەیت؟

- بە سەرسامییەوە عاصف پرسی:

- کێ لەوێیە؟

ئیکلیل پرسی و تەماشای لایە تاریکەکەی سندووقەکەی کرد:

- مشک؟

- مشک بچێت بە چاوتدا ئەی باڵندەی پرتەقاڵی، من مشک نیم، من حەکیمم.

لەبەر ئەوەی سندووقەکە لە ناوەوە تاریک بوو، بۆیە عاصف نەیدەتوانی کەسی سێیەم ببینێت کە لەگەڵیان قسەی دەکرد، بۆیە بە سەرسامی گوتی:

- کام حەکیمە؟

- ئەو حەکیمەی کە شەوی بارانەکە یارمەتیدایت.

- واز لە درۆ بهێنە.

- من درۆ ناکەم، من حەکیمەکەم بەڵام نەنکت منی کرد بە مشک.

- دەی چی بکەم؟

- نەنکت ئەو ئافرەتە خراپە بوو کە هات بۆ ماڵەکەم و داوای پەیوەندی لێ کردم، بەڵام لەبەر ئەوەی من پێم گوت هەمان هەستم نییە بۆیە لێم تووڕە بوو کردمی بە مشک. حەکیمەکە کەمێک بێدەنگ بوو دواتر گوتی:

- ئافرەتان گەمژەن.

- درۆ دەکات.

ئیکلیل گوتی وەک ئەوەی بۆنی درۆ لە قسەکانیدا بکات.

- درۆ ناکەم.

حەکیمەکە وەڵامی دایەوە پاشان تەماشای ئیکلیلی دەکرد:

- ئایا دەزانیت کێ درۆزنە؟

- تـاجە کە درۆی لەگەڵ کردوویـت، تـۆ باڵنـدەیەکی عینقـای بچووکیت، بەڵکوو تۆ تەنیا ڕەنگ پرتەقاڵییەکی قسەکەری گەمژەیت.

- بەسیکەن هەردووکتان.

عاصف بە هەردووکیانی گوت:

- بۆچی بەدوامدا هاتوویت بۆ ئێرە؟

- تاکوو هاوکاریم بکەیت.

- چۆن؟

- بەوەی کە بمگەڕێنیتەوە بۆ باری پێشووم.

- چۆن؟

- تۆ مرۆڤێکی دووڕەگیت، بێگومـانم کە دەزانیت چۆن ئەنجـامی بدەیت.

- من نازانم چۆن جادووەکان هەڵبوەشێنمەوە.

- بمبەرەوە بۆ لای نەنکت، داوای لێ دەکەین.

عاصف بیری دەکردەوە:

- لە بەرانبەرا چیم پێ دەدەیت؟

- دەمزانی کە گەمژەیت، بەڵام نەمزانی بەتەماحیشیت.

- بابەتەکە مەگۆڕە، لە بەرانبەردا چیم پێ دەدەیت؟

- خەونێکت بۆ بەدی دێنم.

- ئەگەرت بتتوانیایە خەون بەدی بهێنیت، ئەوا جادووەکەت لەسەر خۆت لا دەبرد.

- بە نەفرەت بیت، ئەی چیت دەوێت؟

هاواری کرد بەسەریدا:

- دەمەوێت ببمە پیاو.

حەکیمەکە بە گاڵتەجارییەوە پێکەنی:

- سەیرترین داواکارییە لە هەموو تەمەنمدا داوام لێ کرابێت.

- گوتت چی، ئایا یارمەتیم دەدەیت ببمە پیاو؟

- بۆچی دەتەوێت ببیتە پیاو؟

- لەبەر ئەوەی دەمەوێت چاوم بە ئافرەتێک بکەوێت.

- کێ پێی گوتیت من ئافرەت ڕازی دەکەم؟

- ئای حەکیم، من مەبەستم ئەو شتە نەبوو کە تۆ تێگەیشتیت.

- ئەی مەبەستت چی بوو؟

- ئافرەتێک هەیە ناوی خەیزەرانە، دەمەوێت چاوم پێی بکەوێت بە هۆکارێکی گرنگ.

- ئەی گیان، چی تۆی خستۆتە نێو ئەو بارودۆخەوە؟

- ناتوانم چاوم پێی بکەوێت تاکوو نەبم بە پیاو.

- چیت دەوێت لێی؟

- دەمەوێت لە بارودۆخێکدا یارمەتیم بدات.

- گوتت ناوی چییە؟

- خەیزەران.

- مەبەستت جنۆکە خەیزەرانە؟

- دەیناسیت؟

- ئەوەی ڕاستی بێت دەڵێن ئەو تاکە کەسە کە پەیوەندی لەگەڵ خێزانی ئیمپراتۆردا ڕێک دەخات.

حەکیمەکە گوتی پاشان گوتی:

- جنۆکە خەیزەران وەزیری باپیرتە، پادشای پێشوو، پادشاجەبار.

- باپیرم پادشا بووە؟

- بۆ ئەوەت نەدەزانی؟

- نەنکم ئەو زانیارییەی پێ نەگوتبووم.

- باپیرت جەبار پادشای مەملەکەتی ئەبابیل بوو، تاجیش شاژن بوو.

حەکیم دەنگی نزم کردەوە کە زانیاریی دواتری گوت:

- پڕوپاگەندەکان دەڵێن کە یەکێک لە بێدینەکانی خێزانەکەتان، کودەتای لە دژی پادشا جەبار کردووە و توانیویەتی بە زەبر و ستەم تەواوی سوپای ئەبابیل ببەزێنێت.

- ئەوە چۆن ڕوویداوە؟

- ئەگەر ڕاستگۆ بم لەگەڵتدا بە تەواوی نازانم، چونکە ئەو کاتە لەوێ نەبووم.

بە گاڵتەجارییەوە گوتی، پاشان بە جددییاتەوە گوتی:

- بەڵام جنۆکە خەیزەران دەتوانێت بە تەواوی چیرۆکەکەت بۆ باس بکات دوای ئەوەی چاوت پێی دەکەوێت.

- ئایا یارمەتیم دەدەیت ببمە پیاو؟

- کێشـــه نیـــیه، بەڵام بە مەرجێـــک داوا لە نەنکـــت بکەیـــت کە جادووەکەم لەسەر لا ببات.

- باشە کەواتە با بگەڕێینەوە بۆ لادێکە.

دوای ئەوەی ئامادەبوون بۆ گەڕانەوە بۆ جەساسە تاکوو نەنکی جادووەکەی سەر حەکیمەکە پووچەڵ بکاتەوە، وێستیان سندووقەکە بکەنەوە، گوێبیستی دەنگی یەکێک لە پاسەوانەکانی کاروانەکە بوون کە گوتی:

- لێـرەدا دەوەسـتین و کەمێـک نـان دەخـۆین، سـبەی لەگەڵ خۆرهەڵهاتندا دەست پێ دەکەین.

تەواوی کاروانەکە وەستان و خۆیان ئامادە دەکرد تاکوو بتوانن کەلوپەلەکانیان بە باشترین شێوە دابنێن....

بـوون بە دوو دەسـتەوە، دەسـتەی یەکەم دەسـتیان کـردە خێمە هەڵـدان و دەسـتەکەی تـریش بەرەو سـندووقی خواردنەکـان چـوون تـاکوو خـواردنی لـێ ببەن و بیبەن بەسـەر ئەنـدامانی کـاروانییەکەدا دابەشی بکەن.

**

ژمـارەی سـندووقەکان پـانزە دانە دەبـوون، بـۆیە خزمەتکارەکـان هەموویـان کـردەوە تەنیـا دانەیەکیـان نەبێت، ئەو شـەوە بازرگـانەکە بڕیـاری دا لێی نزیک نەبنەوە و وەکـوو سـندووقێکی یەدەگ دابنـێن تاکوو سبەی، بەڵام لەبەر ئەوەی قافڵەکە هەسـتیان بە برسـییەتییەکی زۆر دەکرد، فەرمانی دا ئەوەشیان بهێنن:

- فەیرووز هەموو خواردنەکانی نێو سندووقە یەدەگەکەش بهێنە.

- بەڵام ئەی بۆ سبەی چی بکەین ئەگەر ئەم سندووقەش بەتاڵ بکەین؟

- خەمت نەبێت، سبەی دەگەینە بازارەکە و هەندێک کەلوپەل و کۆیلە و کەنیزەکەکان دەفرۆشین، بەر لەوەی هیچ کام لە ئەندامانی کاروانییەکە هەست بە برسییەتی بکەن.

فەیرووز تاکە خزمەتکار بوو کە کەمترین قسەی دەکرد و بە خزمەتکارێکی ڕەفتار سەیر ناسرابوو، هەمیشە جلوبەرگی گەورەی لەبەر دەکرد، تووڕە دەردەکەوت و شاڵێکی ڕەنگ سەوزی بە دەمولووتەوە پێچابوو، هەرگیز لای نەدەبرد، هاوڕێکانی پێیان دەگوت ئەو کەسێکی نێرەمووکە، لەبەر ئەوەی هەرگیز گوێی لێ نەدەگرتن کە گفتوگۆیان دەکرد، بە تایبەت کە باسی ئافرەتیان دەکرد...

خزمەتکارەکە سندووقە خواردنەکەی کردەوە و بەڵام ئەوەی چاوەڕێی نەدەکرد ئەوەبوو کە بینی:

- تۆ کێیت؟ چۆن گەیشتیت بە ئێرە کوڕە؟

عاصف کاتی زیاتری نەدا بە خزمەتکارەکە تاکوو لەوە زیاتر شۆک ببێت، بەڵکوو ڕاستەوخۆ بازی هەڵدایە ئەمدیوی سندووقەکە و هاتە دەرەوە، لە دەستیدا ئیکلیل و حەکیمەکەی پێ بوو، ویستی هەردووکیان ببات و ڕابکات، بەڵام ڕاستەوخۆ خزمەتکارەکە گوتی:

- پاسەوانەکان بە باشی پاسەوانی قافڵەکە دەکەن، دڵنیابە کە دەتبینن.

زۆری پێ نەچوو کە ڕابکات، بەڵام خزمەتکارەکە دووبارە ئاگاداری کردەوە:

- بوەستە.. دەتفرۆشن لە بازاڕی کەنیزەک و کۆیلەکان هەر کە بتگرن.

خزمەتکارەکە بە ڕاستی بوو، پاسەوانەکان ئەگەر بیانگرتایە ڕاستەوخۆ دەیاندایە دەست بازرگان شابەندەر عەدنان، ئەویش لە بازاڕی کەنیزەک و کۆیلەکاندا دەیفرۆشت.

لەو کاتەدا ئاوڕی دایەوە بۆ دواوە و گوتی:

- ئایا یارمەتیمان دەدەیت تاکوو لێرە دەربازمان ببێت؟

- بەڵێ، دەتوانم.

حەکیمەکە سەرسام نەبوو بۆیە بە ناڕەزاییەوە گوتی:

- متمانەی پێ مەکە، لەبەر ئەوەی بە دەستی خۆی دەتدات بە دەست پاسەوانەکانەوە، ڕاکە عاصف.

- بەڵام ئەو ڕاست دەکات حەکیم.

عاصف پێی گوت و تەماشای دەوروبەری خۆی کرد، بینیی لە تەواوی دەروازەکاندا پاسەوانەکان بڵاو بوونەتەوە، بێگومان ئەگەر سەرنجیان ڕابکشێت بە ڕاکردنەکەی، ئەوا دەیگرن.

خزمەتکارەکە بۆی ڕوون کردەوە:

- کاتێک قافڵەکە دەوەستێت تاکوو پشوویەک بدات ئەوا مەترسی لەسەری زیاد دەکات، بۆیە پاسەوانەکان هێزەکانیان تونتر و چڕوپڕتر دەکەنەوە لە ترسی دز و ڕێگری ڕێگا، نەکا تاڵان بکرێن.

- ئەی ڕێگەی سەلامەت بۆ دەرچوون لێرەدا چییە؟

- ئەوەیە بچنە نێو سندووقەکەوە چاوەڕێ بکەن تاکوو سبەی بەیانی قافڵەکە دەردەرچێت و پاسەوانەکان بڵاو دەبنەوە، ئەو کاتە بە ئاسانی دەتوانیت دەربازت ببێ بە بێ ئەوەی سەرنجی کەس بە لای خۆتدا ڕابکشێت.

حەکیمەکە چووە سەرشانی عاصف و گوێی ڕاکێشا و هاواری کرد:

- دەیەوێت بچیتە نێو سندووقەکەوە دەرگاکەت لەسەر دابخات و بە دەستی خۆی بتدات بە دەستی پاسەوانەکانەوە.

عاصف ڕووی کردە باڵندەکەی:

- ڕای تۆ چییە ئیکلیل؟

باڵندەکە تەماشای چاوی خزمەتکارەکەی کرد و لە چاویدا نیپەتەکانی خوێندەوە و گوتی:

- سندووقەکە.

حەکیمەکە بە تووڕەییەوە گوتی:

- ئایا شێت بوویت تاکوو بە قسەی ئەم ڕەنگ پرتەقاڵییە چەنەبازە بکەیت؟

ئیکلیل بە تووڕەییەوە تەماشای کرد و گوتی:

- مشکی گەمژە.

- پرتەقاڵی چەنەباز.

عاصف بڕیاری دا:

- دەچینە نێو سندووقەکە تاکوو قافڵەکە دەکەوێتە ڕێ و دواتر ڕادەکەین.

پاشان بە خزمەتکارەکەی گوت:

- متمانەمان پێتە.

بە تۆنێکی متمانەوە گوتی:

- متمانەم پێ بکە.

عاصف چووە ژوورەوە و سندووقە خواردنە یەدەگەکەی لابوو، پاشان دایخست لەسەریان و گوتی:

- چۆن دەبێت ئەو بااڵندەیە وەکوو ئێمە قسە بکات؟

- ئەو لە جـۆری عینقـایە و توانـایەکی زۆری هەیە، زیـرەکە بە جۆرێک دەتوانێت فێری زمانەکان ببێت و قسەی پێ بکات، بەاڵم وەک ئەوەی دەیبینیت پێویستی بە کاتی زیاتر هەیە تاکوو فێری قسەکردن دەبێت.

- ئەی مشکەکە؟

حەکیمەکە گوتی:

- مشکەکە دەچێتە نێو...

قسەکەی پێ بڕی بەر لەوەی قسەکەی تەواو بکات:

- ئەوە مشـک نیـیە، بەڵکـوو مـرۆڤە، بەاڵم نەنکـم کردوویەتـی بە مشک.

- نەنکت دەتوانێت مرۆڤ بکات بە مشک؟

- ئەو جنۆکەیە.

بە سەرسامییەوە پرسی:

- کەواتە تۆش جنۆکەیت؟

عاصف گوتی:

- بە تەواوی نا، من دوورەگم.

- دوورەگ؟

- دایکم جنۆکەیە و باوکم مرۆڤە.

ڕوونی کردەوە گوتی:

- مـن بە تەواوی مـرۆڤ نـیم و جنـۆکەش نـیم، مـن لەنێـوانی هەردووکیانم، بۆیە دووڕەگم.

دەبـوو تـاج فێری نەوەکەی بکـات کە هەرگیـز متمـانە بە کەسـانی نەناسراو نەکات تـاکوو نەکەوێتە نێو کێشـەیەکی لەو جۆرەوە. دوای ئەوەی خزمەتکارەکە سندووقە دارینەکەی داخست و تەواوی لایەکانی کەپس کرد، پاشان چوو بەرەو لای خێمەکەی شابەندەر عەدنان...

لە بەردەمیدا وەستا و فەیرووز گوتی:

- شابەندەر... شابەندەر تۆ لێرەیت؟

شابەندەر لەو کاتەدا سەرقاڵ بوو بەوەی شەوەکەی لەگەڵ یەکێک لە کەنیزەکەکانیدا بەسەر دەبرد گوتی:

- نا.

پاشان گوتی:

- من لێرە نیم بڕۆ.

- بەڵام دەمەوێت قسەت لەگەڵدا بکەم لەسەر بابەتێکی گرنگ.

- هەڵیگرە بۆ سبەی، سبەی.

- بەڵام بارودۆخەکە پێویستی بە دواخستن نییە!

- باوەڕم پێ بکە هەر چییەک بێت ئەو بارودۆخەی منیش نابێت دوا بخرێت.

- تکایە کاتت زۆر نابەم.

- بە نەفرەت بیت، سەرنجت تێکدام بەم جۆرە، چیت دەوێت؟

- منداڵێک و باڵندەیەکی عینقا و مشکێکی قسەکەرم گرتووە.

فەیرووز قسەکەی تەواو نەکرد، ڕاستەوخۆ شابەندەر هاتە دەرەوە لە دەرگای خێمەکەی و دڵخۆشییەکەی بیر چۆیەوە. شابەندەر باڵایەکی بچووکی کورتی هەبوو، ورگێکی زلی هەبوو.

- لە کوێن؟

- هەموویانم لەنێو سندووقە خواردنە یەدەگەکەدا بەند کردووە.

شابەندەر کراسێکی لە بەر کرد و چەند پاسەوانێکی لەگەڵ خۆیدا برد، هەمووییان لە دوای خزمەتکارەکەوە دەڕۆیشتن، دەیبردن بۆ جێگەکە:

دەستی بۆ سندووقەکە ڕاکێشا پاشان گوتی:

- لێرەیە.

پاسەوانەکان بە ئاگاداریییەوە سندووقەکەیان کردەوە، بینییان لەنێویدا مێردمندااڵێک و باڵندەیەک و مشکێکی تێدایە کە هەموویان خەوتبوون.

خزمەتکارەکە گوتی:

- هەندێک زەرنیخم کردووە بەسەریاندا تاکوو هۆشیان لەدەست بدەن.

- گوتت زەرنیخ؟ بەو جۆرە کوشتووتن.

- خەمت نەبێت تێکەڵم کردووە لەگەڵ ڕەگی ناردیندا، بەو جۆرە تەنیا ماوەیەکی درێژ دەخەون.

بە گومانەوە پرسی:

- بۆچی ئەم جۆرە کەلوپەلانەت پێیە ئەی خزمەتکار؟.

نەیزانی چۆن خۆی لەو بارودۆخە دەربهێنیت، بەڵام لە کۆتاییدا بەو جۆرە خۆی ڕزگار کرد:

- تاکوو لەم جۆرە بارودۆخانەدا بەکاری بهێنم گەورەم شابەندەر.

بە پێکەنینەوە پێی گوت:

- ئافەرین، لە یەکێک لە گیرفانەکانی قەمیسەکەیدا زنبیلێکی بە قەبارەی دەستی دەرهێنا پڕبوو لە پارە:

- ئەمە پاداشتەکەتە.

٢٢

دوای ئەوەی خـۆر هەڵهـات لە ئاسـمانی مەملەکەتـی ئەبابیلـدا، عاصف چاوەکانی کردەوە و بینی هەر چوار پەلی بەستراوەتەوە و لەنێـو قەفەسـێکی ئاسـنیندا کە لە قەفەسـی ئـاژەڵ دەچـوو، دواتـر تەماشـای دەوروبەری خـۆی کـرد بە هەمـان شـێوە ئیکلیـل و حەکـیمەکەش چوارپەلیـان بەسـترابۆیەوە، بەڵام هەر یەکەیـان لەنێـو قەفەسێکی جیاوازدا بە قەبارەی جەستەی خۆیان بەسترابوونەوە:

- ئەی حەکیم، ئیکلیل، هەستن لە خەو.

ئیکلیل هەستایەوە، بەڵام نەیدەزانی بارودۆخەکە چۆنە تا ئەوکاتە سـەری بەرز کـردەوە، بەڵام سـەری بەر بنمیچـی قەفەسـە ئاسـنەکە کەوت، زۆر لەوە بەهێزتر بوو تاکوو بتوانێت بە دەنووکەکەی کونی بکـات، ڕووی کـردە عاصـف وەک ئەوەی داوای لێبـوردن بکـات لە بەرانبەر ئەوەی کەموکورت بووە لە پاراستنی:

- ناتوانم.

- کێشە نییە، خۆمان چارەسەر بۆ کێشەکەمان دەدۆزینەوە.

پاشـان هەوڵـی دا حەکـیمەکە ئاگـادار بکـاتەوە، دووبـارە بـانگی کردەوە:

- هێی حەکیم هەستە، ئێستا کاتی خەوتن نییە.

حەکیم چاوی خوراند، پێدەچوو خەونکی خۆش ببینێت:

- ئۆوو.. با کەمێک بنووم دایکە.

- من دایکت نیم، دەبێت خێرا بکەیت.

پاشان بە دەنگی بەرز گوتی:

- هەستە حەکیم هەستە!

بە بێزارییەوە لە خەونەکەی ڕابوو:

- یەکەمین وانە کە دەبێت فێری ببیت گەمژە تاکوو ببیت بە پیاو، ئەوەیە نابێت کەس لە خەو هەڵبستێنیت.

وای گوت و کەمێک بێدەنگ بوو، تەماشای دەوروبەرەکەی خۆی کردو خۆی بینییەوە لەنێو قەفەسێکی ئاسنیندا کە چوارپەلی بەستراوەتەوەو بە هەمان شێوە عاصف و ئیکلیلیش بەسترابوونەوە گوتی:

- ئەوە ئێمە بۆ لێرەین بۆ خاتری ئاسمان؟

- پێدەچێت خزمەتکارەکە وای کردبێت.

- پێم گوتیت کە متمانەی پێ نەکەیت، بەڵام بە قسەی منت نەکرد هەی بێگوێ.

- ئێستا چیمان لێ دەکەن؟

بە گاڵتەجارییەوە پێی گوت:

- هیچ شتێک، تەنیا لە بازاڕی کۆیلە و کەنیزەکەکاندا دەتفرۆشنەوە بە کەسێکی دەوڵەمەند، نزا بۆ ئاسمان بکە نەکەویتە بەردەستی پیاوێکی درندە، لەبەر ئەوەی جوانییەکەت بەردەوام نابێت، تەنانەت ئەگەر بکەویتە بندەستی پیاوێکی هەڵە، ئیکلیلیش دەکەنە نێو مەنجەڵێکی گەورە و خواردنێکی خۆشی لێ دروست دەکەن.

ئیکلیل گوتی:

- مشکی گەمژە.

حەکیمەکە لاسایی کردەوە:

- مشکی گەمژە.

لەو کاتەدا کە ئەوان سەرقاڵی ئەو مشتومڕە بوون لە دوایانەوە دەنگێک هات:

- ببورن، هیچ هەڵبژاردەیەکی ترم لە بەردەستدا نەبوو.

دوای ئەوەی هەموویان ڕوویان کردە ئاراستەی دەنگەکە هەمان ئەو خزمەتکارە بوو کە تەڵەکەی بۆ دانابوون، حەکیمەکە گوتی:

- دەتەوێت چ سوودێک لە داوای لێبوردنەکەت ببینین؟

به هەمان شێوە عاصف گوتی:

- ئێمە متمانەمان پێت کرد، بۆ کاریکی لەو جۆرەت ئەنجام دا؟

خزمەتکارەکە وەستی بڕوات، بەڵام دڵتەنگی بەرچاوی گرتبوو:

- کـاتم نیـیە بـۆ ئەوەی ڕوونـی بـکەمەوە، بەڵام مـن داوای لێبوردنتان لێ دەکەم.

دوای ئەوەی خزمەتکـارەکە دەیویسـت بـڕوات، حەکـیمەکە هەر سەرنجی دەدا، گوتی:

- چیتە حەکیم بۆ بەم جۆرە تەماشام دەکەیت؟

بە دەنگی جددیاتەوە گوتی:

- ئەو دەمامکدارە..

- چییەتی؟

- ئافرەتە.

- بۆچی وا دەڵێیت؟

- لەبەر ئەوەی چاوەکانی دەدرەوشێنەوە کاتێک دڵتەنگ دەبێت.

- دڵنیایت لە قسەکەت؟

- ئەو خزمەتکـارە دەمامکـدارە ئـافرەتە نەوەک پیـاو، حەکـیمەکە جەختی لێ کردەوە.

بـازاڕەکە پـڕ بـوو لە خەڵـک تـا کۆتـاییەکەی خەڵـک هـاتبوو، کە قافڵەکە گەیشتنە ئەوێ، لە شـوێنە تـایبەتەکەی خۆیـان کەلوپەلەکانیـان دانا، شـابەندەر عەدنـان کاروانەکەی کرد بە دوو بەشـەوە: بەشێکیان چوون تاکوو قوماش و پێستە و خوری و قاپ و قازانەکـان بفرۆشـن لەنێو سندووقەکادا، بەشەکەی تریشی کە کۆیلە و کەنیزەکەکان بوون، خۆی لەگەڵیاندا ڕۆیشت تاکوو بیانفرۆشیت...

خەڵکـی زۆری لـێ بـوو لە پیـاو و ئـافرەت، لە بەردەم تەختـەکەدا وەسـتابوون، وەکـوو تەختـەی شـانۆ وەهـابوو، لەبەر ئەوەی پیشـان دەدران. هەندێک لە خەڵکەکە تەنیـا بـۆ فـزولییەت لەوێدا بـوون لەبەر ئەوەی توانای کڕینیان نەبوو. بە هەمان شێوە خەڵکی دەوڵەمەندی لێ

بـوو که له جێـی زۆر دوورەوە هـاتبوون تـاکوو کـۆیله و کەنیـزەک بکڕن.

ئەو بازاڕە بەوە ناسرابوو زۆرترین شـەفافییەت و ڕوونی تێدایە، بە جۆرێک بازرگانەکان جلەکانی کۆیلە و کەنیزەکەکەنیان دادەکەند و پیشـانی کڕیارەکانیـان دەدا. واتە فرۆشـتنەکەیان بەبـێ فێـڵ و تەڵەکە بوو، بۆیە ئەو کەسـەی کە نییەتـی ڕاستی هەبوو لە کڕینـی کـۆیلە و کەنیزەکاندا، دەیتوانی بە دەستی بیپشـکنێت بەر لەوەی بیکڕێت، لەبەر ئەوەی دەبوو بە مووڵکی ئەو و خاوەنی، بۆیە تەنانەت مـافی ئەوەشـی پێ دەدرا پەنجە بکات بە هەندێک شوێنی نهێنی و هەستیاردا.

پاشان حەکیمەکە گوتی:

- هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نەبووم کۆتاییم بەم جۆرە بێت.

- چەنـد جێـی گاڵتەجـارپیە هەمووماـن دەچـینە سـەر ئەو تەختـە دارینە و نمایش دەکرێین وەک ئەوەی سندووقی فاسۆلیا بین.

عاصف بە متمانەبەخۆبوونەوە گوتی:

- گوێی پێ مەدە.

- پلانێکت هەیە؟

- ڕادەکەین بەر لەوەی بمانفرۆشن.

حەکیمەکە کەمێک بیرەنگ بوو دواتر بە بێهیواییەوە گوتی:

- پێـت وایە بـابەتەکە ئەوەنە ئاسـان دەبێـت؟ مـۆری کـۆیلایەتی دەنێن بە نێوچاوانتەوە، ئەو کاتە هەرگیز ئازاد نابیت.

- مۆری کۆیلایەتی؟

- بۆ هەموو خێزانە دەوڵەمەندەکانی ئەبابیل دڕووشمێکی تایبەت هەیە کە کۆیلەکانیـانی پـێ دەناسـنەوە، ئەویـش کاتێـک پاسـەوانەکانی مەمـلەکەتەکە دەیگـرن و دەهێنـنەوە، بـۆیە ئەوانـیش دەزانـن کە تـۆ کۆیلەیەکی هەڵهاتوویت، دەتگرن و دەتگەڕێننەوە بۆ ئەو خێزانەی کە تۆیان کڕیوە و ئەوکات لە بەرانبەردا پاداشت وەردەگرن.

عاصف پرسی:

- چـــۆن ڕابکەیـــن کە لەنێـــو ئەم قەفەســـــە ئاســـــنینەداین و دەوروبەرمان ئەم هەموو پاسەوانەیە؟

- هێـزەکەت بەکـار بهێـنە، ئەی تـۆ بـوونەوەرێکی دووڕەگ نیـت، هێزی تایبەتیت نییە؟ یاخود نەنکت لەوەشدا درۆی کردووە؟

- درۆی نەکردووە، بەڵام من ناتوانم لەم کاتەدا هیچ بکەم.

- دەی کەواتە ســـوودت چیـیە ئەگەر لەم ســاتەدا نەتوانیـت هـیچ بکەیت؟

- لەبەر ئەوەی کە دڵتەنگ دەبم هێزەکەم لەدەست دەدەم.

- بۆ خاتری ئاسمان بۆچی دڵتەنگیت ئێستا؟

- لەبەر ئەوەی بوومە هۆکاری مردنی دایکم.

حەکیمەکە بیدەنگ بوو، هەرچەندی زمانی درێژ و پیس بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیزانـی کە ساتێکی نەشیاوە قسـەیەکی هەڵە بکـات، هەسـتی بە سـۆزداری کرد بەرانبەری و لە دڵتەنگیـیەکەی تێگەیشـت. کەمێک بیری کردەوە و گوتی:

- دایک لە کوڕەکەی خۆش دەبێت، ئەگەر تەنانەت بە ئەنقەستیش بیکوژێـت، بەڵام لەوانـی تـر خـۆش نابێـت ئەگەر ئـازاری منـدااڵەکەی بدەن، بۆیە ڕێگە مەدە بمانفرۆشن.

بە تکاوە گوتی:

- تکایە شتێک بکە!

عاصف هەوڵی دا هێزی ئاگر لەنێو نـاخی بجووڵێنێت، چاوەکانی داخست و بیری لە هەمـوو ئەو کاتانە دەکردەوە کە نەنکی ڕاهێنـانی پـێ دەکـرد لە مـاوەی ئەو سـێ سـاڵەدا، هێـزەکەی کـۆ کـردەوە و بە خۆی گوت: ابراکا ا تابرا، دووبارە جادووەکەی چەندان جار گوتەوە، بەڵام سوودی نەبوو. خۆیدا بە دەستەوە و گوتی:

- ناتوانم، من دایکمم کوشت.

٢٣

دوای ئەوەی شابەندەر تەواو بوو لە فرۆشتنی ئەو منداڵانەی کە لەگەڵیاندا بوون لە قافڵەکەدا، دواتر خۆی چووە سەر تەختە دارینەکە و خۆی قیت کردەوە و دەنگی هەڵبڕی تاکوو دڵی کریارەکانی بە لای خۆیدا ڕابکێشێت بۆ فرۆشی دواتر و گوتی:

- هێی خەڵکینە، کەمێک کاتمان پێ بدەن تاکوو بۆتان ڕوون بکەمەوە ئەو کەنیزەکانەی هێناومن بۆتان لە تەواوی دونیاوە، ئەوانە ئەوانەن کە دەکەونە سەر زەوی بۆتان، کۆمەڵە کچانێکی ناسک و جوان کە پێستیان ساف وەکوو شیر وایە، بەرزی و نزمی جەستەیان شیفایە بۆ هەموو نەخۆشییەک.

پێکەنین بازارەکەی تەنیبوو، پاشان زیاتر قەرەباڵغ بوو، هەموویان ملیان هەڵبڕیبوو تاکوو ئەوانە ببینن کە شابەندەر هێنابوونی.

بەڵام ئەوەی سەیربوو خزمەتکاری دەمامکردار "فەیرووز" بوو لەنێو خەڵکەکەدا وەستابوو، دەیویست خۆی ئەو کەنیزەکە بکڕێت بەو پارەیەی کە بەدەستی هێنابوو... زۆر کاتی بەسەردا نەچوو یەکەم کەنیزەک چوویە سەرەوە و ڕاستەوخۆ بە پارەیەکی زۆرتر لەوەی داوای دەکرد فرۆشرا، بە هەمان شێوە کەنیزەکی دوای ئەوەش فرۆشرا، بە هەمان شێوە بۆ کەنیزەکی سێیەم و چوارەمیش بە پارەی زۆر فرۆشران...

دوای ئەوەی نۆرەی کەنیزەکی ژمارە پێنج هات، زیاتر مشتومڕ لەنێو خەڵکەکەدا پەیدابوو، لەگەڵ ئەوەی کەشی ئەبابیل لە چوارەرزی سااڵدا سارد بوو، بەڵام لەپڕێکدا هەواکە گەرم بوو و هەموویان ئارەقەیان دەکردەوە بەهۆی بوونی ئەو کەنیزەکەوە، بەڵام خزمەتکارەکە بە شێوازێکی سەیر تەماشای دەکرد...

شابەندەر تایبەتمەندییەکانی ئەو کەنیزەکەی بیرکەوتەوە و گوتی:

- ئەم کەنیزەکە ناوی سرابییە، تەمەنی حەڤدە ساڵە و کچێکی پاکیزەیە، پێشتر هیچ پیاوێک لێی نزیک نەبۆتەوە، دڵانەکانی هێندە ڕێکن هەر وەکوو دڵانی شنە وەهان، دوو چاڵی ڕوومەتی هەیە کە پێدەکەنن هەموو بەشە مردووەکانی جەستە زیندوو دەکەنەوە.

زەردەخەنەی کرد، بەڵام بە شێوەیەکی ناشرین، تەواوی کەسە پیرەکان دەیانزانی مەبەستی چییە لەو قسەیەدا.

تەواوی خەڵکەکە دایانە قاقای پێکەنین، بە تایبەت کەسانی بەتەمەن. پاشان شابەندەر عەدنان فەرمانی پێ کرد کە پێبکەنێت تاکوو چاڵەکانی ڕوومەتی دەربکەوێت وەک ئەوەی باسی کردبوو، ئەویش زەردەخەنەیەکی ساختە کەوتە سەر لێوی؛ شابەندەر بەردەوام بوو لە وەسفەکەی:

- قژی قاوەیی وەکوو کلکی ئەسپ. جەستەی توند و سپیی وەکوو کلوەی بەفر، هەندێک شوێنی تریش وەکوو هەناری پێگەیشتوو توندن.

بەردەوام بوو لە قسەکانی، پاشان دابەزییە خوارەوە پارچە پارچە سەرقاڵی داکەندنی جلەکانی بوو، بەرە بەرە هەستی پیاوانی زیاتر دەجووڵاند لەبەر ئەوەی دەیزانی ئەو پارەیەی لەو کەنیزەکە دەستی دەکەوێت چەندە زۆرە، دەنگی بەرز کردەوە بە هەموو حەماسەتێکییەوە گوتی:

- ئێستا خەڵکینە... ئایا دەست بکەین بە مەزاد؟

تەواوی دەوڵەمەندەکان و خەڵکەکە کەوتبوونە مشتومڕ، فەیرووزی دەمامکداریش لە کۆتاییدا وەستابوو، دەیویست خۆی ئەو کەنیزەکە بکڕێت، بەڵام هێندەی پارە پێنەبوو تاکوو بتوانێت بگات بە مەزادەکە.

دوای ئەوەی هەستی کرد کە چیتر ناتوانێت بگات بە مەزادەکە و بیکڕێت، هیوای لەدەست دا، بۆیە چوو بۆ جێیەکەی تر، بەرەو لای

هەرسێ قەفەسەکەی کە عاصف و ئیکلیل و حەکیمەکەی تێدابوو، لە کۆتایی شوێنەکەدا شابەندەر ئەوانی دانابوو..

پێنج پاسەوان، پاسەوانی قەفەسەکانیان دەکرد نەکا کەسێکیان هەڵبێن، خزمەتکارەکە لێیان نزیک بۆیەوە و گوتی کە شابەندەر دەیەوێت چاوی پێتان بکەوێت بە کارێکی بەپەلە، بۆیە ئەوی ناردووە و گوتی:

- هەمووتان بانگ دەکات.

- دڵنیایت ئەی خزمەتکار کە هەموومانی دەوێت؟

- بەڵێ، لەبەر ئەوەش منی لە جێی ئێوە داناوە بۆ پاسەوانی.

هەموویان ڕۆیشتن بۆ لای شابەندەر، خزمەتکارەکە توانی کلیلی قەفەزەکان بدزێت بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەن.

بە یەکێک لە قەفەسەکانی گوت و ڕووی لە عاصف بوو، گوتی:

- هێی تۆ، ئەی کوڕی دووڕەگ.

- ئەم جارە بۆچی هاتوویت خزمەتکار؟

- پێت چۆنە لەگەڵ هاوڕێکانت لەم شوێنە دەربازتان بکەم؟

حەکیمەکە بە پرسیارەوە هاتە نێو گفتوگەیەکان، گوتی:

- دەتەوێت ئەم جارە چیمان لێ بکەیت نازدار گیان؟

خزمەتکارەکە بە سەرسامییەوە پرسی:

- چی وات لی دەکات پێتوابێت من ئافرەتم؟

بەرگری لە خۆی کرد و گوتی:

- لەبەر ئەوەی ئەزانم تۆ ئافرەتیت، دەی پانتۆڵەکەت دابکەنە و پیاوەتیت بسەلمێنە ئەگەر من ڕاست ناکەم.

خزمەتکارەکە پەڕۆ سەوزەکەی لە دەمی کردەوە و گوتی:

- زۆر شت هەیە ئێستا بۆتان ڕوون دەکەمەوە، تۆ ڕاست دەکەیت، من ئافرەتم و ناوم فەیرووزە.

حەکیمەکە سەرسام بوو بە جوانییەکەی گوتی:

- بۆچی تەواوی کاتەکە خۆت وەکوو پیاو گۆڕیوە؟

پاشان پرسیاری دووەمی لێ کرد:

- بۆچی یارمەتیمان دەدەیت لەوەی کە هەڵبێین؟

فەیروز پرسیاری یەکەمی حەکیمەکەی فەرامۆش کرد و وەڵامی دووەمی دانەوە:

- یارمەتیتان دەدەم لە بەرانبەر ئەوەی کە کارێکم بۆ بکەن.

عاصف قسەی کرد:

- چۆن دڵنیامان دەکەیتەوە کە ئەمە دووبارە تەڵەیەکی تازە نییە؟

فەیروز پەنجەی بەرز کردەوە و ئاراستەی کەنیزەکی پێنجەمی کرد:

ئەو کەنیزەکە دەبینن کە شابەندەر دەیەوێت بیفرۆشێت؟

- هەموویان بە جارێک تەماشایان کرد و حەکیمەکە گوتی:

- هێندە جوانە ئامادەم تەواوی تەمەنم ببەخشم بەس بۆ ئەوەی یەک شەوی لەگەڵدا بەسەر ببەم.

فەیروز قسەکەی فەرامۆش کرد و گوتی:

- ئازادتان دەکەم بە مەرجێک نەهێڵن بیفرۆشێت.

عاصف پرسی:

- سوودی ئەوە لە چیدایە بۆ تۆ؟

- لەبەر ئەوەی ئەوە کچمە.

حەکیمەکە هەستی بە شەرم دەکرد و گوتی:

- ئۆو نەخێر.

- ئەو کاتەی کە گوتم تەواوی تەمەنم دەدەم، مەبەستم ئەوە نەبوو بە ڕاستی کچەکەت زۆر ناشرینە، مەبەستم ئەوە بوو کە...

فەیروز قسەکەی پێ بڕی تا زیاتر هەست بە شەرمەزاری نەکات.

- لە کۆتاییدا ئامادە نەبووم بتاندەمە دەست شابەندەر، بەڵام دوای ئەوەی بەوەم زانی کە ئیوە بوونەوەری ئاسایی نین، بیرم لەوە کردەوە کە بڕە پارەیەکی زۆرم پێ دەدات ئەگەر ئێوەیان پێ بدەم و دەتوانم بەو پارەیە کچەکەم بکڕمەوە.

ئیکلیل بە سەرسامییەوە بۆ چیرۆکەکە گوتی:

- دواتر چی ڕوویدا؟

حەکیمەکە بە تەواوی گوتی:

- مەبەستی ئەوەیە دواتر چی ڕوویدا؟

فەیرووز ڕووی کردە باڵندەکە و گوتی:

- ئەو بڕە پارەیەی کە پێیدام بەس نەبوو تاکوو بتوانم کچەکەم بکڕمەوە.

تەماشای عاصفی کرد و گوتی:

- دڵم بەرگە ناگرێت بەو جۆرە سرابی کچم دەفرۆشن و دووری دەخەنەوە لێم، تکایە لێبوردنم قبووڵ بکەن و یارمەتیم بدەن.

حەکیمەکە وەک ئەوەی چارەسەری هەموو کێشەکەی کردبێت گوتی:

- لەبەر ئەو هۆیە بڕیارت دا بێیە ناو قافڵەکە و جلی پیاوانە لە بەر بکەیت، تەواوی کاتەکەش دەرمانی بێهۆشکەرت پێبوو، پرژاندت بەسەر ئێمەشدا لەبەر ئەوەی دەترسایت و دەتویست پارێزگاری لە خۆت بکەیت!؟

فەیرووز لە کۆتاییدا گوتی:

- تەواوی کاتەکە بیرم لەوە دەکردەوە کچەکەم ڕزگار بکەم، بەڵام کارەکە بووە مەحاڵ، بەهۆی زۆریی ئەو هەموو پاسەوانەوە کە لە قافڵەکەدان و دواتریش ڕێگری ڕێ هەبوون، ئایا ئێوە یارمەتیم دەدەن؟

عاصف قسەی نەکرد، بەڵکوو ڕووی کردە ئیکلیل و گوتی:

- ڕازین.

بە حەکیمەکەی گوت:

- دەی تۆش بڵێ ڕازیم.

- من ئافرەتێکی خرامنیم هەموو بابەتەکە ئەوەیە کە...

عاصف قسەکەی پێ بڕی:

- لەم کۆت و بەندە ڕزگارمان بکە، کچەکەت بۆ دەگەڕێنینەوە.
چاوی پڕبوو لە فرمێسک.
- من قەرزاربارى تۆم.
حەکیمەکە گوتی:
- دەی خێراکە بەر لەوەی پاسەوانەکان بێن و تۆشمان لەگەڵدا بفرۆشن.
عاصف نەیدەتوانی لەو کاتەدا هێزەکەی بەکار بهێنێت، لەبەر ئەوەی هێشتا دڵتەنگی نێو ناخی گرتبوو، بەڵام لەگەڵ ئیکلیل و حەکیمەکەدا بیریان لە پلانێکی تر کردەوە تاکوو بتوانن سەرنجی پاسەوانەکان بە لای خۆیاندا ڕابکێشن و سەرابی بگەڕێننەوە بۆ لای دایکی.

٢٤

حەکیمەکە بە ئاگاداربیەوە، بە نێو قاچی ئامادەبووانداڕۆیشت نەکا کەسێکیان پێی پێدا بنێ، پاشان لە کۆتاییدا ئافرەتێکی دەستنیشان کرد کە تەنورەیەکی کورتی لە بەردا بوو، بە قاچەکانیدا هەڵگەڕا و دواتر لەنێوانی سنگییەوە هاتە دەرەوە تەماشای دەکرد و گوتی:

- ئای گیان ئەم جێیە چەندە گەرم و نەرمە!

ژنەکە هاواری لێ هەستا و بە دەنگی بەرز دەیقیژاند:

- مشککک!

بەو هۆیەوە هەموو ژنەکانی تری ترساند، هۆکارەکەش تەنیا مشکەکە نەبوو، بەڵکوو ئەوە بوو کە وەکوو مرۆڤ قسەی دەکرد و ڕیشی هەبوو. ئەو ژنە بووە هۆکاری ئەوەی کە خەڵکەکە لە جێی خۆیان بجووڵێن و بەو هۆیەشەوە پاسەوانەکانیش، تاکوو دووبارە ئارامی بگەڕێننەوە نێو خەڵکەکە.

لێرەدا ڕۆڵی هەرسێ هاوڕێکە دەردەکەوت، بۆیە دووەم هاوڕێ کە ئیکلیل بوو بازیدا لە جێیەکی بەرزەوە و باڵەکانی ڕاوەشاند، پاشان بەرەو ڕووخساری شابەندەر عەدنان فڕی...

شابەندەر هەوڵی دا دووری بخاتەوە، باڵندە پرتەقاڵییەکە هەرچەندە بە ئاسانی نەیتوانی بەڵام بەردەم چاوی گرت، دوای ئەوەی سەرکەوتوو بوون، لە کۆتاییدا توانیان کەنیزەکی پێنجەم ڕزگار بکەن.

دەنگی بەرز کردەوە:

- پاسەوانەکان... پاسەوانەکان کەنیزەکی پێنجەم ڕایکرد بیگرنەوە.

دوای ئەوەی تەماشای خۆی کرد، بینی جلەکانی لە بەردا نەماوە بۆیە بە دەستە کورتەکانی توانی کەمێک لە جەستەی دابپۆشێت.

- جلەکانیشم بۆ بگەڕێننەوە.

عاصف لەو کاتەدا توانی حەکیم هەڵبگرێتەوە و لەنێو خەڵکەکەدا ڕابکات و دوور بڕوات، کەنیزەکەکە هیچی لە بەردا نەبوو، بەڵام لەبیری نەکردبوو، بۆیە جلەکانی شابەندەری برد و خۆی پێ داپۆشی.

پرسی:

- بۆ کوێ دەمبەیت؟

عاصف پێکەنی و گوتی:

- بۆ بینینی کەسێکی ئازیز...

هەمووان توانیان بگەنە دیداری ئەوەی کە بۆی دەچوون، فەیرووز باوەشی کرد بە کچەکەیدا و زۆر گریا لەبەر ئەوەی لە کۆتاییدا توانی بە دیداری شاد ببێتەوە:

- هەست دەکەم دڵمیان لە جێی خۆی دەرهێنا دوای ئەوەی هێرشیان کردە سەر لادێکەمان و تۆیان فڕاند.

- بۆچی لێیان نەپاڕایتەوە تاکوو بمگەڕێننەوە بۆ لات دایکە؟

- لەبەر ئەوەی ئەو پیاوانە دل لە سینەیاندا نییە کچەکەم، دڵتەنگ مەبە، بەڵام ئەمجارە ناهێڵم کەس تۆم لێ ببات.

ئیکلیل گوێبیستی دەنگەکان بوو لە دوورەوە، گوتی:

- پاسەوانەکان.

حەکیمەکە گوتی:

- دەبێت دوورکەوینەوە بە زووترین کات، چونکە پاسەوانەکان بە ڕێگەوەن،

بەر لەوەی دوور بکەونەوە، لەو جێیە لە ئاسمانەوە شتێکی تیژ دەدرەوشایەوە، ڕاستەوخۆ بە ئاراستەی عاصف هات، بەڵام فەیرووز لەبەر ئەوەی ئاگاداری بوو بۆیە خۆی خستە بەری و پاڵی بە عاصفەوە نا، خۆێن پڕژا بە دەموچاوی هەمووانداو بەر سنگی فەیرووز کەوت تیرەکە:

سرابی هاواری کرد:

- دایکه!

لەو کـاتەدا کە تیـرەکە لە جەسـتەی فەیـرووزدا بـوو، پێـنج لە پاسەوانەکان بەرەو ئاراستەی خێمەکە ڕۆیشتن، بە تەواوی بێدەنگی شوێنەکەی داگرتبوو بە جۆرێک کە دڵەکان هێندە دەترسان، لە هەمان کاتدا گوێبیستی لێدانی دڵیان بـوون، لەو کاتەدا عاصـف هەسـتی بە تووڕەیی دەکرد نەوەک دڵتەنگی، بۆیە ڕەنگی چاوی گۆڕا بۆ سووری کـاڵ و هەسـتی بەوە دەکـرد کە پـلەی گەرمـی بەرز دەبێـتەوە و جەستەی وەک ئاسنی لێ دیت و پاشان نینۆکەکانی درێژ بوون.

لەو کاتەدا کە هەر پێنج پاسـەوانەکە ئەو دیمەنە ترسناکەی کوڕە دووڕەگەکەیان دیت، دەیانویست دەست بکەن بە گریان لە ئەنجامی ئەو کارەی کە کردوویانە، بەڵام دەیانزانی کار لە کار ترازاوە، ئەو هەڵەیەی ئەوان شـایەنی لێبـوردن و پەشـیمانی نیـیە.. بـۆیە عاصـف وەکوو گوتی پەلاماری دان و پارچە پارچەی کردن..

پاشـان گەڕایەوە بـۆ لای فەیـرووز تـاکوو دڵنیـا بێـتەوە لە تەندروستی، بەڵام سرابی هەستی بە ترس دەکرد باوەشی کردبوو بە دایکیدا، گوتی:

- تکایە ئازارمان مەدە ئەی درەندە!

- من درندە نیم!

- تکایە دوور بکەوەرەوە، لێت دەپاڕێمەوە!

حەکیمەکە کە تەماشای قورسیی برینەکەی کرد، گوتی:

- هیچ سوودی نییە، دەمرێت.

عاصف هاواری کرد بەسەریدا:

- هەوڵ بدە کاریک بکەیت یارمەتی بدەیت.

- پێـت وایە ئەگەر شـتێکم پـێ بکرێـت نـایکەم؟ بەڵام بەداخەوە تیـرەکە بە تەواوی گەیشـتۆتە نێـو دڵـی، بـۆیە نەک مـن کەسـی کە ناتوانێت چاکی بکاتەوە گەمژە.

- تۆ تەنیا مشکێکی پیسیت، هیچت لە دەست نایەت.

وای گوت به تووڕەیی پاشان دووبارە ڕەنگی چاوی گۆڕا بۆ سوور و هێزەکەی لە سنووری خۆی دەرچوو، هەڕەشەی لە هەموو ئەوانەی دەوروبەری دەکرد. کاریگەرییەکەی بە جۆرێک بوو کە ڕەنگە هەمووانی لە دەوری خۆی بکوشتایە بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات، حەکیمەکە زانی کە دەبێت کارێک بکات بۆ پاراستنی هەموان بۆیە گوتی:

- ئایا وەک ئەوەی دایکت کوشت ئێمەش دەکوژیت؟

هەر کە عاصف گوێبیستی ئەم قسەیە بوو دڵی پڕ بوو لە خەم، بۆیە ڕاستەوخۆ کەڵبەکانی نەما و ڕەنگی چاوی گەڕایەوە بۆ سروشتی خۆی، دواتر وێستی دوور بکەوێتەوە لەو جێیەی کە ئەوانی لێ وەستابوون، بەڵام فەیرووز بانگی کرد:

- تکایە مەڕۆ!

عاصف لە جێی خۆی وەستا بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، بەڵام دەیانبینی کە فرمێسک لە چاوی دێتە خوارەوە، فەیرووز بە زۆر دەیتوانی قسە بکات بەهۆی قوونڵی تیرەکە لەنێو سنگیدا، گوتی:

- ئاوڕ بدەرەوە عاصف.

- دەتوانم گوێم لێت بێت بەبێ ئەوەی ئاوڕ بدەمەوە.

- بەڵام دەمەوێت ڕووخسارت ببینم بەر لەوەی بڕۆم.

بە گریانەوە ئاوڕی دایەوە پاشان گوتی:

- مەڕۆ!

- بۆچی نەتهێشت تیرەکە بمکوژێت، بۆچی خۆت خستە بەردەمی، بۆ وات لە خۆت کرد؟

- لەبەر ئەوەی من ناتوانم وەکوو تۆ کچەکەم بپارێزم.

فەیرووز بێدەنگ بوو بەهۆی ئەو ئازارەوەی کە هەیبوو:

- ئایا بەڵێنم پێ دەدەیت بە ژیانت ئاگاداری کچەکەم بیت؟

وەڵامی نەدایەوە. فەیرووز گوتی:

- قسە بکە کاتم نییە زۆر، دەمەوێت گوێبیستی وەڵامەکەت بم.

بێدەنگ مایەوە و وەڵامی نەدایەوە. حەکیمەکە بێئارامانە گوتی:
- قسەکە، ئافرەتەکە دەمرێت...
ئیکلیل لە فەیرووز نزیک بۆیەوە، بە پەڕەکانی عارەقەی ژنەکەی دەسڕییەوە، گوتی:
- من دەیپارێزم.
پاشان فڕی و لەسەر باڵی سرابی نیشتەوە:
- بە ژیانم.
حەکیمەکە وەستا لەنێوانیاندا دەستی گرت و گوتی:
- منیش بە هەمان شێوە فەیرووز، بە ژیانم دەیپارێزم.
پاشان فەیرووز کەمێک لە چاوەکانی داخست و هێندەی نەمابوو بڕوات، عاصف دەستی گرت و گوتی وەک ئەوەی سەربازێک بێت لە بەردەم گەورەکەیدا سوێند بخوات:
- بەڵێنت پێ دەدەم فەیرووز، کە بە ژیانم بیپارێزم.

**

دوای ئەوەی فەیرووز مرد، هەموان هەستیان بە دڵتەنگی و داخ دەکرد، ئیکلیل لێیان نزیک بۆیەوە و پاشان لەسەر باڵی سرابی فڕی و باڵەکانی جوولاند تاکوو بزانێت سەرچاوەی دەنگەکە کوێیە پاشان گەڕایەوە بۆ لایان:
- پاسەوانەکان بەرەو ئێرە دێن.
حەکیمەکە گوتی:
- عاصف با لێرە دووربکەوینە، خێرا!
عاصف دەستی بۆ سرابی ڕاکێشا، بەڵام ئەو گوتی:
- دەستت دوور بخەوە دڕندە.
ئیکلیل گوتی:
- وەرە لەگەڵماندا.

حەکیمەکە لێی پارایەوە:

- تکایە با لێرە بڕۆین خێرا.

بەو جۆرە هەموویان ڕایان کرد لەنێو پاسەوانەکانی قافڵەکەدا، بەڵام زۆر دوور نەکەوتنەوە، لەوێدا دێیەکیان دیت، بیریان لەوە کردەوە کە بچنە نێو لادێکەوە، بەڵام لە ڕێگادا چاویان بە پیرەمێردێک کەوت کە لە ماڵەکەی دەهاتە دەرەوە، ڕیشێکی سپی درێژی هەبوو، دەموچاوی ئارامیی لێ دەبینرا، بەویقار بوو، گۆچانێکی دارینی پێ بوو، کەمێک پشتی بۆ پێشەوە چەمابۆیەوە، پێدەچوو خۆڵی زۆر لەنێو قوڕگیدا کەڵەکە بووبێت، گوتی:

- بۆچی ڕادەکەن کوڕەکانم؟

عاصف گوتی:

- پاسەوانەکان، بەدوامانەوەن.

پیرەمێردەکە وتی:

- چییان لێتان دەوێت؟

-دەیانەوێت بمانگرن ئەگەر بماندۆزنەوە.

- بۆچی بتانگرن؟

- لەبەر ئەوەی لە بازاڕی کەنیزەک و کۆیلەکان ڕامان کردووە.

- لە کوێیە؟

حەکیمەکە تێکەڵ بە قسەکان بوو:

- ئەگەر بەردەوام بیت لەم هەموو لێکۆڵینەوەیە نەوا تۆش بە چاوی خۆت دەبینیت کە چۆن دەمانگرن.

پاشان گوتی:

- ئایا یارمەتیمان دەدەیت یاخود بەردەوام بین لە ڕاکردن؟

- ئەم مشکە دەتوانێت قسە بکات؟

- ئەم مشکە بە هەمان شێوە دەتوانێت لێت بدات ئەی پیری خەڵەفاو.

گوێیان لە دەنگی پێ بوو کە نزیک دەبۆیەوە:

پیرەمێردەکە گوتی:

-خێرا بچنە ژوورەوە، دەتانشارمەوە.

پاسەوانەکان وەستان و پرسیان:

- هێی ئەی پیاو، ئایا لەم لادێیە هیچ خەڵکی نەناسراوت دیوە؟ کوڕێک، کچێک، باڵندەیەکی ڕەنگ پرتەقاڵی و مشکێک؟

حەکیمەکە ویستی قسە بکات، بەڵام دەمی داخست و گوتی... حەکیم یان پیرەمێرد!

- بەڵێ بینیمن.

پاشان دەستی بۆ ئاراستەیەکی تر ڕاکێشا و گوتی:

- لەو ئاراستەیەوە ڕۆیشتن.

**

پیرەمێردەکە دەرگای داخست و پاشان تەماشای دەکردن:

- مەترسن کوڕەکانم ئەوان ڕۆیشتن.

عاصف کە بە نیازی ڕۆیشتن بوو گوتی:

- سوپاست دەکەین، هەرگیز ئەم چاکەیەت لەبیر ناکەین.

- بۆچی هێندەتان پەلەیە؟ ئەمشەو لێرە بەسەر ببەن و سبەی بەردەوام بن لە گەشتەکەتان، بێگومان ماندوو بوون.

بەڵام عاصف دەیزانی هێشتا مەترسی لەسەر ژیانیان هەیە و ئەگەرێکی زۆر هەیە پاسەوانەکان دووبارە بگەڕێنەوە، یاخود ئەگەر بڕۆن ڕەنگە لە نزیکی لادیکەدا بۆسەیان بۆ دانابێتن، بۆیە سەری ڕازیبوونی لەقاند و گوتی:

- ئەمشەومان لێرە بەسەر دەبەین و سبەی ڕێگەکەمان تەواو دەکەین.

ژوورێکی تـایبەتی پێیـان دا و پێی گـوتن کە شـەرم نەکەن، هەر یەکەیان وەک مالّی خۆیان ڕەفتار بکەن، لایان نەمـایەوە تـاکوو زیـاتر هەست بە ئاسوودەیی بکەن...

حەکیمەکە لە عاصـف نزیـک بـۆیەوە، بە شـەرمەوە لەبەر ئەوەی دەیزانی ئەو کاتەی کە گوتوویەتی ئایا ئێمەش دەکوژیت وەک ئەوەی دایکت کوشت ئازاری داوە بە شەرمەزاریەوە گوتی:

- ئایا لێم تووڕەیت؟

- لەخـۆڕا وات نەگـوت، بەڵکـوو لەبەر ئەوەت بـوو ئەوانـی تـر بپارێزیت بۆیە لێت تووڕە نیم.

بەو جۆرە حەکیمەکە هەستی بە ئاسوودەیی دەکرد کە گوێی لەو قسەیە بوو، پاشان گوتی:

- دەزانیـت؟ لەگەڵتـدا دەمێـنمەوە تـاکوو جنـۆکە خەیـزەران دەدۆزیتەوە دڵنیام کە...

- بەڕاست؟

سەری لەقاند و گوتی:

- بەڵام دواتر داوا لە نەنکت بکە کە جادووەکەم لەسـەر لا ببات، ڕێککەوتین؟

عاصف زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی:

- ڕێککەوتین.

دوای نیـوەی شـەو بە کەمێـک، پیرەمێـردەکە لە دەرگـاکەی دا، سینییەکی گەورەی خواردنی پێ بوو، هاتە ژوورەوە و گوتی:

- بێگومان ئەمڕۆتان بە ماندوویەتی بەسەر بردووە کوڕەکانم.

بەڵام سـرابی هەسـتی بە برسـییەتی نەدەکـرد بەهـۆی مردنـی دایکییەوە، بەڵام لەبەر ستایشی پیاوەکە گوتی:

- چەندە پیاوێکی باشیت.

حەکیمەکە هەڵزنی بە لەشی عاصفدا و گوتی:

- ئافەرین لەبەر ئەوەی ئەم داواکارییەت قبوول کرد.

تـاکه کەس کە ئاسـوودە نەبـوو ئیکلیـل بـوو، تەواوی کـاتەکە چـاودێری ڕەفتـاری پیرەمێـردەکەی دەکـرد، لە کۆتـایی قسـەکانی پیاوەکەدا لە عاصف نزیک بۆیەوە و گوتی:

- درۆزن، درۆزن!

ئیکلیـل وای گـوت پاشـان بازیـدا و پەلامـاری پیاوەکەیـدا و خـواردنەکەی لە دەسـت کەوتە خـوارەوە، لەبەر ئەوەی پیـاوەکە زۆر بەتەمەن بوو، بەرگەی ئەو هێرشە درندانەیەی نەگرت، بۆیە وای کرد عاصف هاواری بەسەردا بکات:

- بوەستە ئیکلیل... بوەستە!

ئیکلیل گوێبیسـتی نەبوو، بەڵکوو عاصـف ناچـاربوو کە هێزەکەی بەکار بهێنێت تـاکوو بیوەسـتێنێت، بۆیە کلکی گرت و بە بەهێزییەوە خستی بە زەویدا و بەرەو پیرەمێردەکە ڕۆیشت و گوتی:

- تۆ باشیت باپیرە؟

بەئازارەوە گوتی:

- بێخەمبە کوڕم، من باشم.

حەکیمەکە بە دەنگی نـزم پێدەکەنی، سـرابی دەسـتی بە دەمیـیەوە گرت و پرسی:

- بە چی پێدەکەنیت؟

- هـیچ شـتێک، بەڵام وشـەی بـاپیرە خستمییە پێکەنین کە عاصـف گوتی.

عاصف بەرەو ئیکلیل ڕۆیشت و گوتی:

- کێشـەت چیـیە؟ بـۆچی وا لەم خەڵـکە دەکەیـت کە یارمەتیمـان دەدەن؟

دەیویست پارێزگاری لە خۆی بکات، عاصف گوتی:

- نامەوێت گوێم لە هیچ قسەیەکت بێت، خێرا لاچۆ لە بەرچاوم.

هەمـووان تەماشـای ئیکلیلیـان دەکـرد بە چـاوی تـاوانەوە، لەبەر ئەوەی ئـازاری دابـوو، بـۆیە لە پەنـجەرەکە چـوویە دەرەوە بە تەنیـا، بەڵام تاکەکەس کە لەسەر ئەو هاتە وەڵام سرابی بوو، گوتی:

- بۆچی دەرتکرد؟

- چونکە هەڵە بوو.

- ئەگەر واشبێت نابێت بەو جۆرە ڕەفتاری لەگەڵدا بکەیت.

- بۆچی بەدڵت نەبوو؟

- نەخێر، بەڵام ئەو هێشتا منداڵە و نازانێت کە چی دەکات.

- دەبێت کە فێری ڕێزگرتن ببێت و خـۆی نەخـاتە بـارودۆخی لەو جـۆرەوە، پیرەمێـردەکە دەسـتی بەسـەرییەوە گرتبـوو، عاصـف پێـی گوت:

- داوای لێبوردن دەکەین باپیرە لە بەرانبەر ڕەفتارەکەی ئیکلیل.

حەکیمەکە ئەمجارەش پێکەنییەوە کە گوێی لە وشـەی بـاپیرە بـوو، سرابی ئاگاری کردەوە:

- هێی حەکیم!

حەکیمەکە لە ترساندا هەناسەی لەخۆی بڕی و گوتی:

- ببوورە.

پیرەمێردەکە بە سۆزەوە تەماشای کرد و گوتی:

- لێبوردنەکەت وەرگیرا کچەکەم.

کچەکە تەماشای عاصفی کرد و گوتی:

- ئەی تۆ؟ تۆ کەسێکی بێبەزەییت.

پاشان هەستایەوە و تاکوو لە ژوورەکە بچێتە دەرەوە.

بەڵام پێی گوت:

- بەدوای ئیکلیلـدا مەڕۆ، چـونکە دەبێـت هەڵەی خـۆی بزانێـت و جارێکی تر وا نەکات.

ئەویش گەڕایەوە و گوتی:

- ئەگەر بە ڕاستی دڕندە بیت، کەواتە داوای یارمەتی لە کەسانی تر مەکە.

عاصف بە تووڕەییەوە گوتی:

- من دڕندە نیم، بەڵام ئەو هەڵە بوو.

بەرەو دەرگاکە چوو، تووڕە بوو:

- دەبێت بڕیار بدەیت ئایا وەکوو هاوڕێ تەماشای دەکەیت یاخود خزمەتکار عاصف؟

بێدەنگ بوو، پاشان گوتی:

- وەڵامی پرسیارەکەم بدەرەوە.

حەکیمەکە بە ترسەوە گوتی:

- تکایە وەڵامی پرسیارەکەی بدەرەوە، ئەم کچە هەست بە ترس دەکات.

وەڵامی دایەوە:

- هاوڕێ.

دەستی دەرگاکەی گرت تا بڕوات:

- دەبوو گوێ لە قسەکانی بگریت تەنانەت ئەگەر هەڵەش بووایە.

سرابی ژوورەکەی بەجێ هێشت تاکوو بە دوای ئیکلیلدا بگەڕێت.

حەکیم گوتی:

- کچان هەندێک جار دڵی وەک دڵی کەریان هەیە، بە ڕووخساری جوانیاندا تێمەکەوە.

سرابی کاتی ویست تاکوو ئیکلیلی دۆزیەوە. بە دڵتەنگی دانیشتبوو لەسەر لقی درەختێک، گوتی:

- دۆزیمەوە.

پاشان تەماشای کرد و زەردەخەنەی کرد و دەستی دانا و ئەویش لەسەری دانیشت و گوتی:

- بۆچی هاتوویت؟

دەستی بە باڵە پرتەقاڵییەکانیدا دەهێنا و گوتی:

- لەبەر ئەوەی نامەوێت لەم بارودۆخەدا بە تەنیا بەجێت بهێڵم.
- من خزمەتکارێکی خراپم.
- تۆ خزمەتکار نیت ئیکلیل، تۆ هاوڕێیت.
- من خزمەتکارێکی خراپم.
- عاصف پێی گوتم کە تۆ هاوڕێی ئەویت.
بە جۆشەوە گوتی:
- ئەو وای گوت؟
سەری لەقاند و گوتی:
- بەڵێ ئەو وای گوت.
بە دڵتەنگییەوە گوتی:
- من خراپم، من هاوڕێکەمم تووڕە کرد.
- بۆچی هێرشت کردە سەر پیرەمێردەکە؟
- چونکە درۆزن بوو.
- چۆن بەوەت زانی؟
- لەبەر ئەوەی درۆزن بوو.
زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی:
- باشە دواتر دەزانین.
دوای ئەوەی سرابی لە قسەکەی تەواو بوو، بینی تۆڕی ماسییان هەڵدایە سەر ئیکلیل و گوتیان:
- ڕاوێکی ئاسان بوو.
کەسێک لێی نزیک بۆیەوە.
چاوی ڕاوکەرەکان ئەبڵەق بووبوون لە جوانی سرابی، وەک ئەوەی باوەڕ بەو جوانییە نەکەن، بەڵام ئیکلیل بە دەنووکی تۆڕەکەی پچڕاند و هاتە دەرەوە، گوتی:
- دێم بۆ یارمەتیت.
بەڵام زۆر دوور نەکەوتەوە یەکێک لە ڕاوکەرەکان گوتی:
- هێی باڵندە ئیکلیل.

تەماشای دواوەی کرد بینی یەکێکیان چەقۆی لەسەر ملی سرابی داناوە.

- بگەڕێرەوە بۆ جێی خۆت، ئەگەر نا دەیکوژم!

- گوێیان لێ مەگرە، بڕۆ و بە عاصف و بە حەکیم....

پیاوەکە چەقۆکەی توندتر کرد و گوتی:

- ئێمە درۆ ناکەین باڵندە.

بەو جۆرە ئیکلیل بە ناچاری هاتەوە بۆ لای و سرابی. گوتی:

- بۆ گەڕایتەوە؟

ئەویش گوتی:

- لەبەر ئەوەی نامەوێت لەم بارودۆخەدا بە تەنیا بەجێت بهێڵم...

٢٥

کاتی زۆر تێپەڕی لە شەودا، بەڵام سرابی و ئیکلیل نەگەڕانەوە، بۆیە عاصف دڵی کەوتە گومانەوە لە بەرانبەر دیارنەمانیان، لە جێی خۆیدا هەستا و بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت...

حەکیمەکە کە دەیتوانی ئەوەی لە میشکیدایە بیخوێنێتەوە، گوتی:

- زۆریان پێچوو وانییە؟

وەڵامی دایەوە گوتی:

- گرنگ نییە.

- دەزانم بە لاتەوە گرنگە.

ساتێکی بێدەنگی تێپەڕ بوو لەنێواندا، عاصف وا خۆی پیشان دەدا کە لای گرنگ نییە.

- تەماشا بکە لە کۆتاییدا گەڕانەوە.

- بەڕاست؟

عاصف تەماشای دەرگاکەی کرد.

حەکیمەکە بە گاڵتەوە پێی گوت:

- پێدەچێت هەر بە ڕاستی بە لاتەوە گرنگ نەبن.

عاصف بێدەنگ بوو، حەکیمەکە گوتی:

- گوێ بگرە. تۆ کەسێکی گەمژەیت، هەردووکمان ئەوە دەزانین، بەڵام لەوە گەمژەتر مەبە، دەبێت فێرت بکەم کە چۆن بەسەر تووڕەییەکەتدا زاڵ بیت و لە کاتی ڕاستدا بەکاری بهێنیت...

پاسەوانەکانی قافڵەکە هێشتا بە دواماندا دەگەڕێن، بێگومان شتێک بەسەر سرابی و ئیکلیلدا هاتووە لە دەرەوە، با بڕۆین و بزانین چی بووە.

- دواتر سەیر دەکەین.

هەستایەوە پاشان گوتی:

- بەڵام بەبێ ئەوەی هەستمان پێ بکەن.

لە سەرەتادا لە دەوروبەری ماڵەکەدا گەڕان، بەڵام هیچیان نەدۆزییەوە، بۆیە بڕیاریان دا هەر یەکەیان بە ئاراستەیەکدا بڕوات و بگەڕێت، بەڵام کاتژمێرێک بۆ کاتژمێر و نیوێک تێپەڕ بوو هەردووکیان لە هەمان شوێن یەکیان گرتەوە کە لە یەک جیابوونەوە، عاصف بە دوودڵییەوە گوتی:

- ئایا هیچت دۆزییەوە؟

حەکیمەکە وەڵامی دایەوە:

- نەخێر، لە هەموو جێیەک گەڕام.

پاشان گوتی:

- با ئەم جارە بانگیان بکەین.

عاصف و حەکیمەکە بە جارێک بانگیان دەکردن:

- سرابی، ئیکلیل، ئایا گوێتان لێمانە؟

لەبەر ئەو دەنگەدەنگەی کە دروستیان کردبوو، خەڵکی لادێکە لێیان کۆبوونەوە و پیرەمێردەکە لێیان نزیک بوویەوە:

- چی ڕوویداوە؟

- سرابی و ئیکلیل ون بوون باپیرە.

- ناکرێت شتی وا.

پاشان پیرەمێردەکە بە نیگەرانییەوە گوتی:

- ئایا دەکرێت ڕۆیشتبن بەهۆی ئەو هەڵەتیگەیشتنەی کە لەنێوانتاندا ڕوویداوە؟

حەکیمەکە پشتگیریی ئەو گومانەی کرد و گوتی:

- بێگومان کاری وەها ناکەن.

- دەترسم شتێکیان لێ هاتبێت باپیرە.

- وا مەڵێ، بێگومان هیچیان لێ بەسەر نایەت، ئەوان میوانی لادێکەمانن.

پیرەمێردەکە پاشان دەستەکانی بەرز کردەوە بۆ پارانەوەی داوای یارمەتی لە خەڵکی لادێکە:

ئەی خەڵکی گوند ئایا کەستان کچێک و باڵندەیەکتان دیوە؟

کەسێک لە خەڵکی لادێکە کە لە ئێسکەپەیکەر دەچوو، دوو چاوی گەورەی هەبوو وەکوو کوندەپەپوو، دەموچاوی بەستبوو بە پەتێک، گوتی:

- پاسەوان!

پاشان گوتی پێدەچوو قسەکانی بە باشی بۆ نەیەت:

- پاسەوانەکان بردیانن، من ئەوانم بینی کە پاسەوانی قافڵەکە ئەوانیان برد لە خوارەوەی درەختەکە.

عاصف و حەکیمەکە تەماشای یەکتریان کرد و لەو کاتەدا بە ڕووخی هەستیان بە مەترسییەکە کرد. حەکیمەکە گوتی:

- کاتمان نییە، دەبێت بە خێرایی بڕۆین.

پیرەمێردەکە گوتی:

- هەردووکتان پێویستتان بە یارمەتییە؟ من و خەڵکی گوندەکە بێگومان لە خزمەتتاندابن.

- زۆر سوپاس باپیرە، زۆر یارمەتیت داین.

**

هەردووکیان ڕایان کرد تاکوو فریای ئیکلیل و سرابی بکەون، بەڵام بەر لەوەی سنووری لادێکە تێپەڕ بکەن مێردمندانێکیان بینی!

- چەند ئاسان بوو درۆتان لەگەڵدا بکەن.

عاصف وەستا و تەماشای کرد:

- مەبەستت چییە؟

- ئایا بە قسەی پیرەمێردەکەت کرد؟

- بەڵێ، متمانەم پێ کرد.

- لەم کاتەدا کەس متمانەی پێ ناکات.

حەکیمەکە هاتە نێو قسەکانەوە گوتی:

- تۆ کێیت، چیت دەوێت؟

لێیان نزیک بۆیەوە و گوتی:

- کەسێکم لە خەڵکی لادێکە و ناوم جاسرە، دەتوانن بە شیمالی بانگم بکەن.

عاصف بە جددییاتەوە گوتی:

- دەی چیت دەوێت شیمالی؟

- دەمەوێت بڵێم کە خەڵکی لادێکە کچەکە و باڵندەکەیان ڕفاندووە.

عاصف باوەڕی بە قسەکە نەکرد و گوتی:

- پیرەمێردەکە گوتی کە...

قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

- پیرەمێردەکە خۆی داوای کردووە کە بیانفرێنن.

سەخت بوو کە باوەڕ بەو قسەیە بکات، بۆیە حەکیمەکە گوتی:

- با بڵێین تۆ ڕاست دەکەیت، بۆچی کارێکی لەم جۆرە دەکات؟ پێم مەڵێ کە حەزی لە جوانییەکەی سرابی کردووە و بۆ خۆیەتی، لەبەر ئەوەی ناتوانێت هیچ بکات.

پاشان چاوەکانی داخست و گوتی:

- خۆت دەزانیت مەبەستم چییە.

شیمالی ڕوونی کردەوە و هۆکارەکەی پێ وتن:

- لەبەر ئەوەی ئەوان بتپەرستن و هەموو مانگێک دەبێت کەسێک بکەنە قوربانی بۆ خوداوەندەکانیان.

- ئەی چی سرابی و ئیکلیلی لەم کارە تێوە گلاندووە؟

حەکیمەکە وەڵامی دایەوە، لەبەر ئەوەی گرنگیی بەم بابەتانە دەدا:

- لەبەر ئەوەی لە سرابی جوانتر و لە ئیکلیل تایبەتتریان نەدۆزیوەتەوە تاکوو بیکەنە قوربانی بۆ خوداوەندەکانیان.

- ها مشکی بچووک لە کۆتاییدا توانیت مێشکت بەکار بهێنیت.

حەکیمەکە قسەیەکی کرد کە پێشتر عاصف گوێبیستی نەبووبوو:

- تۆش سوودەکەت لە چیدایە کە ئەمەت پێگوتین، بۆچی ناپاکی لە خەڵکی لادێکە دەکەیت؟

-لەبەر ئەوەی من ڕێز لە ئەقڵ دەگرم.

پاشان ڕوونی کردەوە:

- مـن بـاوەڕم بەو پەیـکەرانە نیـیە کە ئەوان دەیپەرسـتن، چـونکە ئەوانەی ئەوان دەیانپەرسـتن هەر بە دەسـتی خۆیـان دروسـتیان دەکەن...

شیمالی کە منداڵ بوو، ئەو پەیکەرانەی دەپەرست، بەڵام لە یەکێک لە جارەکاندا بایەکی توند هەڵی کرد و تەواوی پەیکەرەکان کەوتن بە زەویدا و شکان، لەو کاتەوە زانی کە ئەو شتێکی هەڵە دەپەرستێت، دەستی کرد بە پەرستنی ئاگر بەڵام جارێکیان کە سـەرقاڵی پەرستنی بوو سەگێک هات و میزی کرد بە ئاگرەکەدا و کوژاندییەوە، هەوڵی دا ئەستێرە و خۆر بپەرستێت، بەڵام بیری لەوە کردەوە کە ڕۆژێک ئاوا دەبێت و ڕۆژێکی تر هەڵدێت کەواتە ئەمەش هەڵەیەکی تێدایە.

لەو کاتەدا وەستا، هەستی دەکرد کە پێویستە زیاتر مێشکی بەکار بهێنێت تـاکوو ئەو خـودایە بـدۆزێتەوە کە هەمـوو شـتێکی دروسـت کـردووە لە دەوروبەریـدا، شـیمالی پێـی وابـوو کە خـۆی لە خـۆیەوە نەهاتۆتە بوون لەم زەوییەدا، بەڵکوو شتێک دروستی کردووە.

- دەبێت خێرا بجوواڵێن و کچ و باڵندەکە ڕزگار بکەن.

بە نزیکەیی هاوتەمەنی عاصف دەبوو، دەموچاوێکی پانی هەبوو، چاوەکانی کەمێک خەوتبوون، چاوی سەوز بوو، جلی سپیی کراوەی لە بەردا بوو، لە پشتیدا شمشێرێکی درێژی پێبوو لە هـی سـامورای دەچوو، کە ڕەنگی ئاڵتوونی و ڕەش بوو.

عاصف گوتی:

- متمانەت پێ دەکەم.

- متمانەم پێ مەکە، لەم کاتەدا هیچ کەس شایەنی متمانەپێکردن نییە.

حەکیم قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

- متمانەم پێبکە ئیکلیل و سرابیش دەمرن، ئێوەش لێرە باسی متمانە دەکەن گەمژانە.

**

دوای ئەوەی گەیشتنە بەشی پشتەوەی لادێکە، بەپێی قسەکانی شیمالی بێت، ئەوە ئەو شوێنە بوو کە خەڵکی لادێکە خوداوەندەکانیان دەپەرست، هەموویان لە دەوری ئاگرێکی گەورە کۆ بووبوونەوە و هەندێکیان بە دەستیان لە خۆیان دەدا، بە قامچی ئاسنین و ئەوانەی تریش بە دەوری بتەکاندا دەسووڕانەوە کە لە ناوەڕاستی جێیەکەدا دانرابوون.

حەکیمەکە دەستی ڕاکێشا و گوتی:

- تەماشای ئەوێ بکە.

لەوێدا پیرەمێردەکە شمشێرەکەی تیژ دەکردەوە تاکوو زۆر تیژ بێت، سرابی لە بەردەمیدا لەسەر ئەژنۆ کەوتبوو، بۆیە سەیر بوو ببینرێت، چونکە چاوەکانی بەسترابوونەوە لە دواوە، لە دوایەوە ئیکلیلیش خرابووە نێو قەفەسێکەوە، پیرەمێردەکە شمشێرەکەی بەرز کردەوە، ئامادەبوو تاکوو سەریان ببڕێت.

شیمالی گوتی:

- دواکەوتین، پاشان شمشێرەکەی دەرهێنا.

عاصف لە بەرخۆیەوە گوتی:

- من ئەوەی دەیڵێم دەیکەم...

پاشان ڕەنگی چاوی گۆڕا بۆ ڕەنگی سوور، دواتر بەرەو پیرەمێردەکە ڕایکرد بە هەموو خێراییەوە.

شیمالی خێرابیەکەی بینی و بە سەرسامییەوە گوتی:

- ئەوە چی بوو؟!

هەکیمەکە گوتی:

- ئەوە عاصفە.

بەر لەوەی پیرەمێردەکە ملی سرابی لێ بکاتەوە، پێنج لە پارچە ئاسنە تیژەکە چوون بە سکی پیرەمێردەکەدا و لیچکا بە دیوارەکەوە.

پاشان گوتی:

- ئەگەر ئەمانە خوداوەند بوونایە ئەوا دەیانپاراستیت لە من باپیرە.

پیاوەکە کەوتە سەر زەوی و بریندار بوو، شمشێرەکەش بە دەستییەوە بوو. عاصف دەستە بە خوێنەکەی سڕییەوە، بەڵام هێشتا تووڕە بوو، چاوی سرابی کردەوە تاکوو نەترسێت لەوە زیاتر. ترس گوتی:

- زۆر لووتبەرز مەبە، دەکەوێتە داوی خۆشەویستییەوە، ئەو ڕۆژە دەگەڕێمەوە.

هەستی بە ترس دەکرد دووبارە.

ترس گوتی:

- پێم نەگوتیت کە دەگەڕێمەوە؟

تەماشاکردنی نێوانیان زۆری خایاند دواتر گوتی هەرگیز ڕێگە نادەم جارێکی تر تووشی هیچ شتێکی خراپ بیت.

پاشان بەبێ ئەوەی پیاوە باڵەبەرزەکە ببینێت، شمشێرەکەی هەڵگرت و ئیکلیلی داگرت بە ئاگادارییەوە:

- ئاگادار بە!

عاصف لەو کاتەدا نەیدەویست بمرێت، نەک لەبەر ئەوەی دەیویست تۆڵەی دایکی بکاتەوە، بەڵکوو هۆکارێکی زیاتری هەبوو، ئەویش ناوی سرابی بوو.

- نامەوێت ئێستا بمرم.

ئەوەی گوت بە دڵی و پاشان چاوەکانی داخست، ئامادەبوو تامی کێکی مردن بکات.

**

بەڵام ژیان ڕایەکی تری هەبوو لەو مەشهەدا، بۆیە بەر لەوەی شمشێرەکە بەر سەری عاصف بکەوێت، بە چەند چرکەیەک، شمشیرە ڕەنگاوڕەنگە سامورایییەکەی دەرهێنا و ڕووبەڕووی بۆیەوە.

شیمالی گوتی:

- کاتت هێندە نییە هاوڕێکەم، با برۆین.

حەکیمەکە پێی گوت:

- چاوەکانت بکەرەوە عاصف، ئێمە لەگەڵتین.

چاوەکانی کردەوە باوەڕی بەوە نەبوو کە ئێستا ڕوویداوە لەنێوان ئەو و مردندا، ماوەیەکی کەمی هەبوو بە دڵخۆشییەوە بۆیە شیمالی بە گاڵتەوە پێی گوت:

- حەزم لەوە نییە خەیاڵەکان بشێوێنم، بەڵام ئایا تەواوی کاتەکە بەم جۆرە بە سەرسامی دەمێنیتەوە.

حەکیمەکە گوتی:

- شتێک بکە گەمژە.

عاصف خێرا پیاوەکەی گرت بە دەستی و پاشان ملی گرت و ڕاستەوخۆ کوشتی، بە شیمالی گوت:

- هەڵە بووم.

- لە چیدا؟

- لەوەی کە هێشتا هەندێک کەس هەن شایەنی ئەوەن متمانەیان پێ بکەیت.

عاصف هەوڵی دەدا قەفەسەکەی ئیکلیل بکاتەوە، دەری بهێنێت و داوای لێبوردنی تۆندی لێ بکات لە بەرانبەر ئەو جۆرە ڕەفتارەی بەرانبەری کردبووی.

ئیکلیل به دڵتەنگییەوە گوتی:

- لێبوردنەکەت قبوڵ دەکەم.

حەکیمەکە دەستی کردەوە بە گاڵتەجاڕی:

- هیوادارم زمانی لێبوردنەکەشت قبوڵ بکات ئیکلیل.

سرابی بێدەنگ مابۆیەوە لەبەر ئەو ترسەی کە تووشی بووبوو لەو هەموو ڕووداوانە بەسەریدا هاتبوون.

ئیکلیل کە ئاگاداری بابەتەکە بوو گوتی:

- سرابی باشیت؟

وەڵامی دایەوە:

- خەمت نەبێت من باشم.

عاصف ڕووی کردە خەڵکی لادێکە و بە شیمالی گوت:

- ڕات چییە کەمێک چێژ ببینین؟

- دەتەوێت چی بکەین؟

- وانەیەک دابەینە ئەم خەڵکە کە بیریان نەچێتەوە.

شیمالی بیرۆکەکەی بەدڵ نەبوو، گوتی:

- پێت وایە کە لەگەڵتدا دەبم ئەو کاتەی خەڵکی لادێکەم دەکوژیت؟

حەکیمەکە قسەکەی پێ بڕی:

- ئەی لە دژمان دەوەستیتەوە؟

- تۆ ڕاست دەکەیت، یارمەتیتان دەدەم تاکوو لێرە دەربچن، بەڵام بە مەرجێک دوای ئەوەی دڵنیا دەبمەوە لەوەی کە حەق بە ئێوەیە.

عاصف بە تووڕەییەوە گوتی:

- ئەوانە شایەنی مردنن.

- ئەوەی شایەنی مردن بێت ئەوا سزای خۆی وەردەگرێت.

دەستی بۆ پیرەمێردەکە ڕاکێشا.

- ئەوانەی تر هیچ تاوانێکیان نییە کە ئیکلیل و سرابییان ڕفاندووە بۆیە تێکەڵیان مەکە.

- تۆ دەڵێیت چی عاصف؟

تەماشای خەڵکی لادێکەی کرد، بەڵام تووڕەیی دایگرتبوون.

- تەنانەت ئەگەر هێرشیان بکەینە سەر ئەوانیش هەمان شت دەکەنەوە.

شیمالی گوتی:

- با ڕابکەین.

- ئەمە واتای ئەوەیە لەگەڵماندا دێیت؟

- پێدەچێت من ناچاری ئەوە بم.

پاشان گوتی:

- لەبەر ئەوەی بێگومان وەرم ناگرنەوە دوای ئەوەی گەورەکەیانم کوشتووە، ئێوە بۆ کوێ دەچن؟

بە گرژییەوە گوتی:

- بۆ تۆڵەکردنەوەی مردنی دایکم لە نابفیل.

- گوتت نابفیل؟

- دەیناسیت؟

- ترسناکترین پیاوی ئەبابیلە، سەرکردەی ڕێکخراوی جاسومە.

- من دەترسم نەتوانیت لەگەڵماندا بێیت.

- بەڵکوو دێم لەگەڵتاندا.

سرابی قسەکەی پێ بڕین و گوتی:

- دەتوانن قسەکانتان دواتر تەواو بکەن کە ڕامان کرد؟

حەکیمەکە زانی کە لە مەترسی نزیک بوونەتەوە، گوتی:

- ڕاست دەکەیت.

دەبێت ڕابکەین بە خێرایی، بەر لەوەی ئەو خەڵکە هێرش بکەنە سەرمان.

بەو جۆرە هەر پێنج هاوڕێکە بە یارمەتی شیمالی ڕایان کرد، بەبێ ئەوەی یەک دڵۆپە خوێنی زیاتر بڕێژرێت...

٢٦

دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بە پێ ڕۆیشتن، هەر پێنج هاوڕێکە لە کۆتاییدا جێیەکیان دۆزیەوە کە لە دار دروست کرابوو، پێدەچوو ئاسەواری دارستانە کۆنەکان بێت، بۆیە حەکیمەکە پێشنیاری کرد کە لێرەدا لا بدەن و کەمێک پشوو بدەن.

عاصف نەیدەویست بە وەستانیان لەوە زیاتر کات بەفیڕۆ بدات، بۆیە پێشنیارەکەی ڕەت کردەوە، بەڵام کە تەماشای سرابی کرد ماندووە بەوەی ماوەیەکی زۆر بە پێ ڕۆیشتووە و خواردن و خواردنەوەی نەخواردووە، بۆیە قایل بوو بە داواکارییەکە:

- باشە، بەڵام لەگەڵ خۆرهەڵهاتندا دەردەچین.

هاوڕێکان چوونە نێو شوێنەکە بەرەو لای مێزی پێشوازی، لەوێدا ژنێکی قەڵەوی لە پشتەوە وەستابوو، بە ڕووخسارە لووتبەرزییەکەیدا پێدەچوو خاوەنی میوانخانەکە بێت.

عاصف پرسیاری کرد:

- ئایا هیچ جێیەکتان هەیە بتوانین لێی بمێنینەوە تاکوو سبەی؟

تەماشای حەکیمەکە و ئیکلیلی کرد و گوتی:

- کوڕە، ئێمە لەم جێیەدا ڕێگە بە مانەوەی ئاژەڵان نادەین.

حەکیمەکە بە لەشی عاصفدا هەڵگەڕا و بەڵام بەر لەوەی قسە بکات عاصف دەمی گرت و گوتی:

- قسە مەکە حەکیم، تاکوو تووشی کێشەمان نەکات.

شیمالی کەمێک پارەی ئاڵتونی لەنێو جلەکانیدا دەرهێنا و گوتی:

- پارەی زیادە دەدەین لە بەرانبەر مانەوەی مشک و باڵندەکە.

کەمێک دوو دڵ بوو، بەڵام دواتر قایل بوو:

- ئاگادارین، ئاژەڵەکان جێیەکە پیس نەکەن.

شیمالی دوو پارچە ئاڵتونی خستە سەر مێزی پێشوازییەکە:
- خەمت نەبێت ئەوە ڕوو نادات.
پاشان گوتی:
- ئەم ئاژەڵانە زۆر باش ڕاهێنراون لە شوێنی تایبەتی خۆیاندا نەبێت پیسی ناکەن.
حەکیمەکە گوتی:
- بەڵێ، تەنیا لەنێو دەمی تۆدا پیسی دەکەین ئەی بێڕەوشت.
خاوەنی میوانخانەکە گوتی:
- ئایا ئەو مشکە شتێکی گوت؟
عاصف دەمی حەکیمەکەی گرت و گوتی:
- نەخێر تەنیا خەیاڵی خۆتە، دەمانبەیت بۆ ژوورەکەمان؟

**

جێیەکە جێیەکی کراوە بوو کە خان پێشکەشی عاصف و هاوڕێکانی کرد بەرانبەر ئەو بڕە پارەیەی کە دابوویان. هەر بۆیە کە چوونە نێو ژوورەکە، هەستیان بە ئاسوودەیی دەکرد، بەڵام لە بەرانبەردا شیمالی ژمارەیەکی زۆر لە ئاڵتوونی پێدابوون، شیمالی لە پاڵ پەنجەرەکەدا دانیشتبوو، تەماشای مانگی دەکرد و وەکوو هەمیشە ڕادەما و هەوڵی دەدا بگات بە وەڵامی ئەو پرسیارە فەلسەفیانەی کە لەنێو مێشکیدان...
حەکیمەکە لە عاصف نزیک بۆیەوە و داوای لێکرد بە بێدەنگی پێکەوە قسە بکەن، بۆیە چوونە ئەوسەری ژوورەکە تاکوو بتوانن بە جۆرێک قسە بکەن ئەوانی تر گوێیبستی نەبن، سرابی ماندوو بوو بەهۆی ئەو هەموو ڕووداوە سەختانەی کە ڕوویان داوە، بۆیە لەسەر جێگاکە لە پاڵ ئیکلیلدا پاڵکەوتبوو، دەستی خستە سەر پەڕە پرتەقاڵییە

نەرمەکەی وەک ئەوەی منداڵێک بێت یاریيە تایبەتەکەی پێ بێت، پاشان چاوەکانی داخست و نووست...

حەکیمەکە قسەی لەگەڵ عاصفدا دەکرد:

- چی دەکەیت لەم کچە؟

- سرابی دەڵێیت؟

- نەخێر، مەبەستم شیمالییە.

پاشان گوتی:

- بێگومان سرابی دەڵێم لەو زیاتر کێی تر هەیە؟

- چییەتی؟

-چی لێ دەکەیت؟

- ئاگاداری دەبم بە ژیانم وەک ئەوەی بەڵێنم بە دایکی دابوو.

- گوێبیستی ئەوە نەبوویت کە شیمالی گوتی کاتێک لە لادێکە بووین؟

- چی گوت؟

- پێی نەگوتیت کە نابفیل سەرکردەی جاسومە؟

- بەڵێ، بەڵام پێشتر ئەوەم دەزانی.

- بۆچی پێت نەگوتم، بۆچی شاردتەوە؟

- بیرم نەبوو... ئێستا دەتەوێت بکشێیتەوە؟

- نەخێر.

- چیت دەوێت؟

- ئەو کچە.

- مەبەستت سرابیە؟

- تۆ گەمژەیت؟ بەڵێ، مەبەستم سرابییە.

- بوەستە لە مەتەڵ و هێنان و بردن، بە ڕوونی قسە بکە.

- کاری داهاتووت هەر وا ئاسان نابێت، بە تایبەت بەهۆی کچێکی وەهاوە.

- پێشنیاری چی دەکەیت؟ ئایا بەجێی بهێڵین و بڕۆین؟

- بۆچی پێت وابوو پێشنیاری ئەوەم کرد بێینە نێو میوانخانەکەوە لە سەرەتادا؟

- پێم وابێت، چونکە ماندوو بووبیت و ویستت کەمێک پشوو بدەین.

- نا، لەبەر ئەوە نەبوو، بەڵکوو لەبەر ئەوە بوو کە لە سرابی ڕزگارمان ببێت.

بە قسەکانی سەرسام نەبوو، بەڵکوو تووڕە بوو، عاصف گوتی:

- ئەی لەگەڵماندا نەبوویت کە بەڵێنم بە دایکی دا بە ژیانم دەپارێزم؟

- بەڵێ، لەگەڵتاندا بووم، منیش بە هەمان شێوە بەڵێنی پاراستنمدا، بیرمە.

- ئێستا بۆچی ئەم قسە سەیرانە دەکەیت؟

- لەبەر پاراستنی ئەو وا دەڵێم.

پاشان ڕوونی کردەوە:

- سەرکردەی ڕێکخراوی جاسوم مەترسیدارترین ڕێکخراوە لە ئەبابیلدا، ئەم کچەش ناتوانێت ڕووبەڕووی مەترسی داهاتوو ببێتەوە، ئەتوانیت پێم بڵێیت کە چۆن خۆت ڕزگار دەکەیت لە دەست ئەم ڕێکخراوە سامناکە؟

- بێگومان دەیپارێزم.

- بە چی؟ بە کەڵبەکانت یان بە نینۆکە نەرمەکانت کە لە کاتی تووڕەبووندا دەریان دەکەیت؟

- لە توانای من کەم مەکەرەوە ئەی حەکیم.

- من لە توانای کەس کەم ناکەمەوە، دەزانم تۆ بەتوانایت، بەڵام بۆ هەر کەسێک لە ئێمە دەبێت قوربانییەک بدات، من دەمەوێت لەگەڵت بم تاکوو دوایی بتوانیت یارمەتیم بدەیت و ئەو جادووەم لەسەر پووچەڵ بکەیتەوە، تۆ دەتەوێت تۆڵە بکەیتەوە لەوانەی کە دایکتیان کوشتووە. ئیکلیل لەگەڵتدایە لەبەر ئەوەی چارەنووستان

بەیەکەوە بەستراوە، شیمالیش لەبەر ئەوە لەگەڵماندا دێت لەبەر ئەوەی جێی تری نییە بۆی بڕوات، بەڵام ئەم کچە هیچ هۆکارێکی نییە تاکوو قوربانی بۆ بدات، گەمژە مەبە و تێکەڵ بە کێشەکانی خۆتی مەکە، با بە ئازادیی بڕوات.

کەمێک بیری لە قسەکانی کردەوە، ڕەنگە حەکیمەکە ڕاست بکات، سرابی هیچ سوودێک لەوە نابینێت تاکوو ژیانی خۆی بەخت بکات لە پێناویدا، لەگەڵ ئەوەشدا لەوە لاوازترە تاکوو لەگەڵ خۆیاندا بیبەن بۆ ئەم گەشتە. هێندەی نەمابوو قەناعەت بە قسەکەی بکات و گوتی:

- چی دەبێت ئەگەر سبەی لە خەو بەئاگا بێت و نەماندۆزێتەوە؟

- کەمێک پرسیار دەکات دەربارەی ئەو شوێنەی ئێمە، پاشان کەمێک چاوەڕێمان دەکات پێی وایە دەگەڕێینەوە، دواتر کە چاوەڕوانییەکەی درێژە دەکێشێت میوانخانەکە بەجێ دەهێڵێت و دوای ژیانی خۆی دەکەوێت.

شیمالی قسەکەی پێ بڕین و گوتی:

- کێشە چییە؟

- چیتانە ئێوە پلان بۆ شتێک دادەنێن؟

عاصف گوتی:

- حەکیمەکە دەڵێت کە دەبێت سرابی لێرە بەجێ بهێڵین و بڕۆین بەبێ ئەو.

شیمالی بە تێگەیشتنەوە لە بڕیارەکەی دەڕوانی.

- خۆزگە توانیبای ڕووبەڕووی مەترسییەکانی داهاتوو ببێتەوە.

- واتە تۆش ڕازیت؟

- نازانم، عاصف ئەم بابەتە بۆ تۆ دەگەڕێتەوە، بەڵام دەمەوێت شتێک پێ بڵێم کە ڕەنگە یارمەتیدەرت بێت تاکوو بتوانیت بڕیاری ڕاست بدەیت، ئەویش ئەگەر هەر بە ڕاستی دەتەوێت ڕووبەڕووی نابفیل ببێتەوە، ئەوا بزانە کە ژیانی سرابی لە مەترسییەکی گەورەدایە.

حەکیمەکە بەسەر جلەکانی شیمالیدا هەڵزنا تاکوو گەیشتە لای گوێی:

- سوێندت بۆ دەخۆم ئەگەر من لە جێی ئەو کچە بوومایە من داوای هاوسەرگیریم لێ دەکردیت.

شیمالی قسەکەی تەواو کرد:

- بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە من قایل دەبم حەکیم، هەموو ئەوەی کە گوتت ئەوەیە من ڕقم لەو کەسانەیە بەبێ هۆکار لە ژیاندا دەکشێنەوە، بەڵام ئەگەر تۆش پلانێکی لەو جۆرەت هەیە باشترە بەر لەوەی بکشێیتەوە ئەوەی پێ بڵێیت، پاشان ڕووی کردە حەکیم و گوتی کە لەسەر شانی دانیشبوو:

- تکایە لە قسەکانم تووڕە مەبە، بەڵام ئەوەی بە مێشکمدا دێت دەیڵێم.

حەکیمەکە ماچی ڕوومەتی کرد و گوتی:

- لەگەڵ ئەوەشدا بێخەم بە، ئەگەر کچ بوویتایە ئەوا بێگومان داوای هاوسەرگیریم لێ دەکردیت.

دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر کە عاصف هەوڵی دا بە بڕیارەکە ڕازی ببێت کە حەکیم پێی گوتبوو، ڕازی نەبوو، نەشیدەتوانی بە قسەی شیمالی بکات و لە خەو هەڵی بستێنێت و پێی بڵێت کە ئەوان دەڕۆن و بەجێی دەهێڵن.

- دەکشێنەوە بەبێ ئەوەی هیچی پێ بڵێین.

- لەم بارودۆخەدا.

شیمالی گوتی، کیسێک پارەی لە گیرفانی دەرهێنا:

- ئەم پارەیەی لا جێ دەهێڵین، ڕەنگە بەسوود بێت ئەگەر بەئاگا بێتەوە و کەسمان نەدۆزێتەوە.

بەر لەوەی بڕۆن عاصف شتێکی بیرکەوتەوە:

- ئێکلیل لە کوێیە؟

حەکیمەکە ئاماژەی بە جێگەکەی کرد کە لە پاڵ سرابیدا خەوتبوو:

- خەوتووە لەوێدا.

پاشان گوتی:

- نەمدەزانی باڵندە پرتەقاڵییەکە هێندە ژنانییە.

عاصف لێی نزیک بۆیەوە بە ئاگاداربییەوە تاکوو سرابی هەڵنەستێت:

- ئیکلیل هەستە.

ئیکلیل چاوی کردەوە و تەماشای کرد و گوتی:

- چی؟

- دەرۆین.

- ئەی سرابی؟

- لێرە بەجێی دەهێڵین.

- نەخێر.

ئیکلیل گوتی:

- نابێت سرابی بەجێ بهێڵین.

ئەمە یەکەم جاربوو لە ڕوویدا بوەستێتەوە.

عاصف گوتی:

- کاتی ڕوونکردمەوەمان نییە، دواتر بۆت ڕوون دەکەمەوە، دەبێت ئێستا بڕۆین.

حەکیمەکە خۆی تێکەڵ کرد و گوتی:

- ئایا باڵندە پرتەقاڵییەکە ئاشقی بووە؟

بە تووڕەییەوە تەماشای کرد، هەستی دەکرد ئەم هۆکاری ئەو بڕیارەیە، دەیویست پەلاماری بدات، بەڵام سرابی هەڵسا لە خەو لەو کاتەدا، پرسی:

- چی بووە، ئەو ورتە ورتە چییە؟

هەموویان تەماشایان دەکرد، بەڵام کەس قسەی نەکرد، عاصف گوتی:

- هیچ نییە، تەنیا دەمانویست... ئئئئ... دەمانەوێت...

نەیدەزانی چی وەڵام بداتەوە:

- شتێک بڵێ شیمالی.

شیمالی نەیدەتوانی درۆ بکات بۆیە گوتی:

- حەکیمەکە پێی دەڵێت چی بووە.

چونکە ئەو خاوەنی بیرۆکەکە بوو:

- باشە من ڕاستییەکە دەڵێم.

پاشان کە تەماشای سرابی دەکرد، پێدەچوو خۆی نەگرێت لە بەردەم جوانییەکەیدا تاکوو ڕاستییەکە بڵێت:

- ئا ئەوە ئێمە... ئ، دەمانەوێت ئیکلیل بشۆین دەمێکە خۆی نەشوشتووە، دەی ئیکلیل، وەرە لەگەڵماندا.

سرابیش بە هەموو دڵسافی خۆیەوە بۆنی پەڕەکەی کرد و گوتی:

- بەڵام بۆنی خۆشە.

ئافرەت بۆ ئەوە هاتۆتە دونیاوە تاکوو هەموو بوونەوەرانی تر بکەونە نێو داوی خۆشەویستییەوە، هەر لەبەر ئەوەش ئیکلیل هێندە وابەستەی سرابی بووبوو نەیدەویست و نەشیدەتوانی بڕوات و وازی لی بهێنێت...

دوای ئەوەی عاصف و حەکیم و شیمالی زانییان پلانەکەیان شکستی هێناوە، بۆیە بڕیاری پاشەکشەیاندا و بیریان لە پلانێکی تر کردەوە، بەڵام بەر لەوەی بڕۆن سرابی دەستی عاصفی گرت و گوتی:

- تکایە مەڕۆ، ناتوانم بنووم بەم جۆرە.

هەستی بە تەزوویەکی کارەبایی کرد بە دڵی گەیشت کە دەستی گرت. بە شڵەژانەوە گوتی:

- هەوڵ بدە بخەویت، دووبارە خەبەرت ناکەینەوە.

- ناتوانم.

- بۆچی؟

- بە ئاسانی خەوم لێناکەوێت ئەگەر کەسێک خەبەرم بکاتەوە.

- دەتەوێت من چیت بۆ بکەم تاکوو دووبارە خەوت لێ بکەوێتەوە؟

- بۆچی چیرۆکێکم بۆ ناگێڕێتەوە، بەو جۆرە دەتوانم بخەوم بە خێرایی؟

حەکیمەکە هاتە نێو قسەکانیانەوە:

- گوێ بگرە سرابی، هاتووین بۆ ئێرە بۆ کارێکی گرنگ، نەهاتووین بۆ ئێرە تاکوو خزمەتکاریی تۆ بکەین، بۆیە هەوڵ بدە خۆت بنوویت.

پاشان چاوی داگرت گوتی:

- دەی عاصف با بڕۆین.

- با پلانێکی تر دابنێین ئەو کاتەی ئیکلیل دەشۆین، من ناتوانم لەوە زیاتر بەرگەی ئەو بۆنەی ئیکلیل بگرم.

لە لایەکی جێیەکە دانیشت و دەستی بە قژە نەرمەکەیدا هێنا، وەک ئەوەی دایکی دەیکرد پێشتر...

ڕاستەوخۆ تەماشای چاوەکانی کرد، هەرچەندە توانای ئەوەی نەبوو کە ڕاستەوخۆ تەماشای چاوەکانی بکات:

- ماوەیەکی زۆر دوور بەر لە ئیستا، زۆر دوور...

سوپایەکی گەورە هەبوو لە مرۆڤ و جنۆکە و باڵندە و با، هەموویان لە پشتی پیاوێکەوە دەڕۆیشتن کە ناوی پێغەمبەر سولەیمان بوو، ئەو سوپا گەورەیە دەبوو لە دۆڵێکی گەورە بپەڕنەوە کە ناوی دۆڵی مێروولە بوو، بۆیە یەکێک لە مێروولەکان کە ناوی جەرسا بوو هاواری کرد:

- بڕۆنە ژوورەوە مێروولەکان، تاکوو سولەیمان و سوپاکەی نەتانکوژن...

ئەو کاتەی کە پێغەمبەر سولەیمان...

حەکیمەکە قسەکەی پێ بڕی:

- باشە خەوت، دەی ئیکلیل بێنە و بابڕۆین.

عاصف ڕووی کرده حەکیمەکه و گوتی:

- ناچین بۆ هیچ جێیەک، ئەم کچە لێرە بەجێ ناهێڵین.

- بەڵام لەگەڵ ئێمەدا دەمرێت، مێشکت چی لێ هاتووە گەمژە؟

- گەمـژە ئەوەیە کە ئەو کـچە بەو بەڵێـنەوە بەجـێ دەهێڵێـت کە گوتوویەتی دەیپارێزم.

شیمالی پرسی:

- ئایا دڵنیایت لەوەی کە دەیڵێیت؟

عاصف سەری لەقاند و بە متمانەبەخۆبوونەوە گوتی:

- لەگەڵیدا دەمێنمەوە و بە ژیانم دەیپارێزم، لێرە هەرگیز بەجێی ناهێڵم.

قسـەکەی تەواو نەکـرد، ڕاسـتەوخۆ ملـوانەکەکەی ملـی کە هـی خێزانی ئیمپراتۆر بـوو ڕووناکییەکی زەردی دەرکرد، کاتێکی زۆری نەبرد گوێیان لە دەنگێک بوو لە میوانخانەکەی خانەوە کە لە دەنگی کۆن دەچوو لە هەوادا، گوتی:

- بوو بە پیاو.

دواتـر لە هەوادا ئـافرەتێکی ئەسـمەر دەرکەوت کە قـژی کـورت و سـوور بـوو، جلێکی درێـژی لە بەردا بـوو کە تەسـک بە جەسـتەیەوە نوسابوو، گۆچانێکی درێژی بە دەستەوە بوو لە هی پاشاکان دەچوو.

عاصف گوتی:

- تۆ کێیت؟

ئافرەتەکە گوتی:

- خەیزەران، من وەزیرە خەیزەرانم.

٢٧

لەو کـاتەدا تێگەیشـت کە پیـاوەتی بە تەمەن نیـیە، بەڵکـوو بەو کـارانەیە کە ئەنجـامی دەدەیـن، کەمێک بەر لە ئێستا دوو ڕێگەی لە بەردەستدا بوو، یان ئەوە بوو ڕابکات یانیش پابەندبێت بەو بەڵێنەوەی کە داویەتـی، بـۆیە دەیتـوانی بە ئاسـانی ڕابکـات و بەپرسـیارییەتەکە بەجـێ بهێڵێـت، هەرچەنـدە لە تەمەنـدا بچـووک بـوو، بەڵام بەرپرسیارییەتییەکەی هەڵگرت و بووە بە پیاو.

هەموویان سەرسام بووبوون بەو جنۆکەیە، تەنانەت گەیشت بە سرابی خەوتووش لە خەونەکەی بە ئاگا هات و بە ترسەوە گوتی:

- ئەم ئافرەتە کێیە؟

ئیکلیل گوتی:

- خەیزەران!

حەکـیمەکە لە جێـی خـۆی وشـک بـوو وەک ئەوەی بووبێـت بە پەیکەر، شیمالی تەنیا لە جێی خۆی بوو، ئاسایی وەستابوو.

خەیزەران گوتی:

- چیت دەوێت ئەی کوڕی خێزانی ئیمپراتۆر؟

- تۆڵەسەندنەوە، تۆڵەکردنەوەی مردنی دایکم.

- دەزانیت کێ کوشتوویەتی؟

- نابفیل؟

- ئایا دەزانیت نابفیل کێیە؟

حەکیمەکە ڕاستەوخۆ دەڕپەڕی:

- سەرکردەی ڕێکخراوی جاسومە.

خەیزەران گوتی:

- کەس پرسیاری لە تۆ نەکردووە.

حەکیمەکە پێکەنی لە ترساندا:

- ببووڕە.

خەیزەران دووبارە پرسیاری لە عاصف کردەوە:

- ئایا دەزانیت نابفیل کێیە؟

- سەرۆکی ڕێکخراوی جاسومە.

لێرەدا خەیزەران گوتی:

- ئایا دەزانیت کە ئەو هەمان پادشای مەملەکەتی ئەبابیلە؟

بەو جۆرە ترس لە دڵی هاوڕێکاندا هەڵگیرسا کە گوێیان لەو زانیارییە بوو، چونکە وەستانەوە لە دژی طاغین واتە مردن بێگومان، کەس قسەی نەکرد بەڵام هەموویان ترس لەنێو چاوەکانیان دەبینرا لە تووڕەیی جنۆکە خەیزەراندا.

عاصف کە هەستی بەو هەستە نەرێنییەی هاوڕێکانی کرد گوتی:

- هەر دەیکوژم، تەنانەت ئەگەر پێویست بکات خۆم بە تەنیا لە دژی بوەستمەوە.

لەو کاتەدا بێدەنگی هەموویانی تەنیبوو تەنیا سرابی نەبێت، گوتی:

- خۆت بە تەنیا نابیت عاصف، من لەگەڵتدا دەبم.

خەیزەران بەو قسەیەی سرابی تووڕە نەبوو، لەو کاتەدا حەکیمەکە خۆی تێکەڵ قسەکانیان کرد:

- ئەی جنۆکە خەیزەران تەماشا بکە، سرابیش قسەی کرد.

- تۆ بێدەنگ بە.

دووبارە حەکیمەکە پێکەنییەوە لە ترساندا:

- باشە من داوای لێبوردنم هەیە.

تەماشای عاصفی کرد و گوتی:

- تاکوو بتوانیت لە دژی نابفیل بوەستیتەوە دەبێت خێزانی ئیمپراتۆر ڕازی بکەیت لەگەڵتدا هاوپەیمان بن.

- چۆن ڕازیان بکەم؟

- بڕۆ بۆ لایان و قسەیان لەگەڵدا بکە.

- له کوێن؟
- له شاری وبارن.
- شاری وبار؟
- شارێکه لەژێر زەویدا که خێزانی ئیمپراتۆر خۆی تێدا شاردۆتەوە.
- خۆیان شاردۆتەوە؟
عاصف بە سەرسامییەوە پرسی:
- له چی خۆیان شاردۆتەوە؟
- له طاغین، لەبەر ئەوەی دەیانەوێت لەناویان ببەن...
- چۆن دەتەوێت من داوای یارمەتیان لێ بکەم له کاتێکدا ئەوان لێی دەترسن؟
- له ئێستادا طاغین به لاوازترین کاتی دەسەلاتیدا تێدەپەڕێت، دووبەرەکییەکی زۆر کەوتۆتە نیو سوپاکەیەوە له بەرانبەر ئەو زوڵمەی دەیکات، تەنانەت جاسوم مافی ئەوانیش دەخوات، ناتوانن له دژی بوەستنەوە، بۆیە دەکرێت به ئاسانی بتوانیت سەرکەوتوو بیت له ڕازیکردنی خێزانی ئیمپراتۆر که لەگەڵتدا هاوپەیمان بن.
- بۆچی دەتەوێت لەناویان ببەیت؟
- لەبەر ئەوەی ئەوان پادشای شەرعی ئەبابیلن، ئەویش دەیەوێت لەناویان ببات تاکوو خەڵکەکە هەڵنەستنەوە له نەزانییەکەیان، دووبارە نەگەڕێنەوە سەر ئەوەی باوباپیرانیان لەسەری بوون.
- که ئەوان تاکە ڕێگا بوون، بۆچی تاج داوای لێ کردم که بەدواتدا بگەڕێم، نەک بەدوای ئەواندا؟
- لەبەر ئەوەی من تاکە کەسم که دەتوانم ئەو دیدارەت بۆ ڕێک بخەم.
به پەرۆشییەوە گوتی:
- باشە، دەمەوێت چاوپێکەوتنێکم لەگەڵیاندا بۆ ڕێک بخەیت.
- چاوپێکەوتنیان هەر وا ئاسان نابێت.

- مەبەستت چییە؟
- مەرجێک هەیە دەبێت پێی ڕازی ببیت بەر لەوەی بیانبینیت.
- چ مەرجێک؟
- ناتوانم پێت بڵێم تاکوو پێی قایل نەبیت.
- چۆن دەتەوێت بە مەرجێک ڕازی ببم کە نەزانم چییە؟
- بەر لەوەی چاوت بە خێزانی ئیمپراتۆر بکەوێت دەبێت بەو مەرجە ڕازی ببیت.

پاشان وەک ئەوەی ئاگاداری بکاتەوە گوتی:

- دەبێت بە هەمان شێوە بزانیت دوای بیستنی مەرجەکە ناتوانیت بە هیچ جۆرێک لێی بکشێیتەوە هەرگیز.
- چی ڕوو دەدات ئەگەر بکشێمەوە؟
- ئەو کاتە خۆشت و هەموو هاوڕێکانیشت دەمرن.

عاصف دووڵ بوو، نەیدەزانی چۆن ڕەفتار بکات، گوتی:

- ئەگەر مردن بێت با تەنیا خۆم بم، بەبێ بیرکردنەوە، بەڵام هاوڕێکانم لە توانای...

سرابی قسەکەی پێ بڕی:

- ڕازی ببە عاصف، بێگومان ئێمە پشتت بەر نادەین.

ئیکلیل و شیمالیش لە هەمان کاتدا گوتیان:

- ڕازین.

تەنیا حەکیمەکە بێدەنگ بووبوو لەبەر ئەوەی دەترسا قسەیەک بکات و جنۆکە خەیزەران تووڕە بکات، بەڵام نەیزانی هەموویان چاوەڕێی بڕیاری ئەون، بۆیە سەری لەقاند و تەماشای عاصفی کرد وەک ئەوەی بڵێت ڕازیم، پێدەچوو چاوەڕێی بڕیاری ئەو بکەن بۆیە ئەویش گوتی ڕازیم، پاشان عاصف تەماشای جنۆکە خەیزەرانی کرد و گوتی:

- باشە من ڕازیم، مەرجەکە چییە؟
- کەمێکی تر دەزانیت...

که وای گـوت ڕاسـتەوخۆ سـێ جـار کێشـای بە زەویـدا بە بنـی گۆچانەکەی و زەوییەکە دوو کەرت بوو، شەیتانێکی بچکۆلەی لاوازی لـێ هـاتە دەرەوە کە جەسـتەی داپۆشـیبوو بە قوماشـێکی تەنـک، لەودیوەوە جەستەی دیاربوو لە مـرۆڤ دەچـوو، بەڵام ڕەنگی پێستی کەمێک مەیلەو شین بوو، گوێیەکانی لە گوێی ئێمە گەورەتر بـوون، لە گوێی ئاسایی گەورەتر بوون، دەنگی لە دەنگی نای دەچوو:

- ئایا خانمی وەزیر بانگی کردبووم؟

خەیزەران گۆچانەکەی بە ئاراستەی عاصف درێژ کرد:

- ئەم کوڕە ڕووزانا...

- چییەتی؟

- ئەمە عاصـفی کـوڕی جومانـای کـوڕی گەورەت جەبـاری ئیمپراتۆرە.

لەسەر یەک ئەژنۆ نوشتایەوە و سەری دانەواند بۆ خوارەوە:

- لە خزمەتدام جەنابی شازادە بۆ چاوپێکەوتنی باپیرت گەورەمـان جەباری ئیمپراتۆر.

جنۆکە خەیزەران گوتی:

- شازادە عاصف دەیەوێت خێزانەکەی ببینێت.

- بەڵام دەبێت جەنـابی شـازادە بە مەرجەکە قایـل ببێـت سـەرەتا خانمی وەزیر.

- پێی گوتووم کە ڕازییە.

- ببوورە.

ڕووزانا گوتی:

- دەمەوێت خۆم گوێبیستی ببم.

عاصف خۆی تێهەڵقورتاند:

- من ڕازیم بە مەرجەکە.

- ئایـا دەزانیـت ئەگەر لە مەرجەکە پاشـگەز ببێـتەوە چـی ڕووەدات؟

وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ دەزانم.

وەک ئەوەی بیەوێت خۆی دووپاتی بکاتەوە لێی:

- چی ڕوو دەدات؟

- من و هاوڕێکانم دەمرین.

بـۆ ساتێک بێـدەنگی دایگـرتن وەک ئەوەی شـەیتانەکە بیەوێـت بزانێت ئایا ڕوزانا پاشگەز دەبێتەوە، بەڵام دواتر گوتی:

- ناتوانم مەرجەکەی پێ بڵێم خانمی وەزیر.

خەیزەران پرسی:

- بۆچی؟

- لەبەر ئەو مشکە.

دەستی بۆ حەکیمەکە ڕاکێشا، عاصف پرسی:

- بۆچی؟

- بیرۆکەی خراپی هەیە دەربارەی من.

وەزیرە خەیزەران وێستی لێی بدات، بەڵام لە جیاتی ئەوە ئیکلیل و شیمالی و سرابی بە یەکەوە کێشایان بە سەریدا، عاصفیش گوتی:

- بەم هاوڕێیانەوە دەتـوانین بەسـەر دونیـادا سـەربکەوین ئەگەر بتەوێت.

شیمالی ڕووی کردە حەکیم و گوتی:

- ئایا بیرکردنەوەکانت لەبارەی ڕوزانای شەیتانەوە لا دەبەیت؟

- چییە ئیرەیی دەبەیت شیمالی لە ئێستاوە؟

حەکیمەکە بە گاڵتەوە گوتی.

سرابی هاواری کرد بە سەریدا:

- هێی حەکیم ئێستا کەی کاتی گاڵتەیە.

ئیکلیل گوتی:

- مشکی گەمژە.

- باشە باشە، تەواو چاو دادەخەم و بیر لە شتێکی تر دەکەمەوە. بیر لە تاج دەکەمەوە.

عاصف ڕووی کردەوە ڕوزانای شەیتان و گوتی:

- مەرجەکە چییە؟

لەبەر ئەوەی لە بڕیارەکەی پاشگەز نەدەبۆیەوە، بۆیە خۆی بە دەستەوەدا و گوتی:

- مەرجەکە ئەوەیە کە ئەو مرۆڤەی هاوسەرگیری لەگەڵ دایکتدا کردووە بیکوژیت و خوێنەکەی بهێنیت بۆ خیزانی ئیمپراتۆر.

بەهۆی سەختیی مەرجەکەوە سەرەتا عاصف نەیدەتوانی قبووڵی بکات، بۆیە جنۆکە خەیزەران هاتە نێو گفتوگۆکەوە و بە کوڕتی گوتی:

- مەرجەکە ئەوەیە باوکت بکوژیت، بەحر.

- ناتوانم ئەوە بکەم، ناتوانم باوکم بکوژم.

جنۆکە خەیزەران:

- دەی کەواتە خۆت و هاوڕێکانت دەمرن..

چاوی چەپی بووە ڕەنگی سوور و نیۆکەکانی دەرهاتن و کەڵبەکانی هاتنە دەرەوە، جەستەی دەسووتا.

بەڵام خەیزەران بە لایەوە گرنگ نەبوو، لەبەر ئەوەی دەیزانی لەم کاتەدا چی دەبێت، بە هێمنی گوتی:

- هەموو شتێک بە کوشتن چارەسەر نابێت عاصف.

بە تووڕەییەوە گوتی:

- مەرجەکە جێبەجێ ناکەم.

- تاکوو خۆرهەڵهاتن کاتت هەیە، دوای ئەوە تۆ و هاوڕێکانت دەمرن ئەگەر مەرجەکە جێبەجێ نەکەن.

جنۆکە خەیزەران گوتی، پاشان بەبێ ئەوەی قسەیەکی تر بکات ون بوو.

شیمالی خۆی خستە نێو گفتوگۆکە و لە ڕوزانای شەیتانی پرسی:

- ئایا ئەوە تاکە ڕێگەیە کە عاصف بتوانێت هاوکاری لە خیزانی ئیمپراتۆر وەربگرێت؟

- بەڵکوو ئەوە تاکە ڕێگەیە کە ئەوان چاویان پێی بکەوێت.

عاصف پرسی:

- مەبەستت چییە؟

- مەبەستم ئەوەیە ئەگەر خوێنی باوکت بهێنیت ئەو کاتە ئەوان بە مەرجەکەت ڕازی دەبن.

- مەبەستت ئەوەیە ئەوان مەرجەکەم ڕەت دەکەنەوە؟

- ڕەنگە.

سرابی پرسی:

- هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ کشانەوە؟

وەلامی دایەوە:

- نەخێر، مەرجەکە جێبەجێ بکەن یاخود هەمووتان دەمرن.

حەکیمەکە گوتی:

- باشە گوێبگرن من ئامادە نیم بمرم.

پاشان گوتی:

- من هاتم بۆ ئیرە عاصف تاکوو یارمەتیت بدەم بتوانیت خەیزەران ببینیت و دواتر ئەو جادووەم لەسەر لا ببەیت، من بۆ مردن نەهاتووم بەم شێوازە بمرم.

سرابی گوتی:

- هێی حەکیم ئەم قسانە چییە؟

ئیکلیل گوتی:

- ترسنۆک.

- من ترسنۆک نیم، بەڵام ژیانم خۆش دەوێت وەک لەوەی لە بەرچاو ئێوەدا بە ترسنۆک دەبینرێم.

پاشان ڕووی کردە عاصف و گوتی:

- دەی شتێک بڵێ بێدەنگ مەمێنەرەوە.

دوای ئەوەی عاصف بێدەنگ مایەوە ڕووی کردە حەکیم.

شیمالی گوتی:

- نامەوێت بمرم بەر لەوەی خودا بناسم.

حەکیمەکە گوتی:

ئەوە ئەو شیمالییەیە کە باوەڕم پێیەتی، بەڵێنت پێ دەدەم ئەگەر بێیت لەگەڵمدا بۆ لادێی جەساسە داوا لە تاج دەکەم بتکات بە ئافرەت و هاوسەرگیریت لەگەڵدا بکەم و پێکەوە خودا بدۆزینەوە.

شیمالی گوتی:

- بێدەنگ بە حەکیم، قسەکانمم تەواو نەکردووە، نامەوێت بمرم، پێم وابێت لەم ژوورەشدا کەس نایەوێت بمرێت، بەڵام هەموومان بە مەرجەکەی ڕازی بووین ئەی وانیە سرابی، هەموومان بە مەرجەکەی عاصف ڕازی نەبووین، ئەی تۆ ئیکلیل؟ ئەی تۆ حەکیم نەتگوت کە ڕازیم؟

سەری لەقاند:

- خۆزگە تووشی شەڵەل بوومایە بەر لەوەی سەرم بلەقاندایە.

شیمالی قسەکەی تەواو کرد:

- ئایا وازی لێ بهێنین دوای ئەوەی گوتمان لەگەڵیدا دەبین؟

سرابی گوتی:

- نەخێر، وازی لێ ناهینین.

ئیکلیل گوتی:

- نەخێر.

حەکیم گوتی:

- بەڵێ.

دوای ئەوەی هەموویان تەماشایان کرد، گوتی:

- مەبەستم ئەوەیە بەڵێ، نابێت وازی لێ بهێنین..

هەموویان لە عاصف نزیک بوونەوە و وەک ئەوەی بەڵێنی خۆیانی بۆ دووپات بکەنەوە کە پەشیمان نابنەوە لەوەی پشتی بەر

نەدەن، تەنانەت ئەگەر نەیەوێت باوکی خۆی بکوژێت، بۆیە ئامادەن لە پێناویدا قوربانی بدەن.

لێرەدا دوای ئەوەی عاصف ئەو وەستانەی هاوڕێکانی بینی:

- هێی شەیتانەکە.

ڕوزانا سەری داخست:

- فەرمان بکە شازادە.

- بەحەر دەکوژم و خوێنەکەی پێشکەش بە خێزانی ئیمپراتۆر دەکەم.

- کەواتە وەرن بتانبەم بۆ ئەو جێیەی کە بەحری لێیە تاکوو یارمەتی شازادە بدەین ئاسانتر کارەکەی تەواو بکات بەر لە خۆرئاوابوون.

٢٨

دوای ئەوەی ڕۆزانـای شـەیتان لە میوانخـانەکەوە بردنـی بـۆ جێیەکی تر، لە ناوەڕاستی حەوشـەی ماڵێکدا بـوون، کە مـاڵێکی دیـوار قوڕین بوو، بۆنی یاسەمین دەهـات؛ ڕاستەوخۆ عاصـف پێی کـاریگەر بوو، دڵی کەوتە لێدان...

- ئەمە ئەو مـاڵەیە کە لەگەڵ دایکمدا لێی دەمـاینەوە، بـۆ هاتوویت بۆ ئێرە؟

- لەبەر ئەوەی باوکت لێرەیە جەنابی شازادە.

بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

- بەحر لێرە دەمێنێتەوە، لە کوێیە؟

دەستی بۆ ژوورەکە ڕاکێشا کە عاصف و دایکی لێی دەمـانەوە و دەنوستن:

- لەوێ نوستووە.

پاشان بەر لەوەی ون بێت گوتی:

- کارەکەت تەواو بکە و دواتر ملوانکەکەت بگرە و سێ جار بە قاچی چەپت بکێشە بە زەویدا دێم بۆ لات.

- عاصـف بەرەو ژوورەکە چـوو، لە پەنـجەرەکەوە تەماشـای کرد باوکی لەسـەر جێگەکەی نوستبوو، ئەو سـەرینە سـپیەی لە باوەشدا بوو کە پێش چەندان ساڵ جومانا پێی دابوو لەسەری بخەوێت.

- هەست دەکەم ناتوانم ئەنجامی بدەم.

گوتی:

- چۆن بتوانم بەم جۆرە تەماشای بکەم و بیکوژم؟

حەکیمەکە:

- ناچـار نیـت وابکەیـت، چـونکە لە کۆتاییـدا چارەنوسـی هەر یەکێکمان دەبێت.

لێی پرسی:

- مەبەستت چییە؟

شیمالی ڕوونی کردەوە:

- حەکـیمەکە مەبەسـتی ئەوەیە هێـرش بـکە سـەری ئەو کـاتەی خەوتووە.

- بەڵام باوکمە، چۆن بتوانم بیکوژم لە خەودا؟

حەکیمەکە پرسی:

- ئەی ئەوە ڕاستە کە بە ئاگاهاتەوە بیکوژیت؟

دوای چەند خولەکێک لە بیرەنگی، شیمالی گوتی:

- ڕەنـگە حەکـیمەکە لەسـەر حەق بێـت، باشـترە بیکـوژی بە خەوتوویی بەو جۆرە نیوەی قورسیی کارەکەمان لە کۆڵ دەبێتەوە.

نەیدەتوانی هێزەکەی خۆی بەکار بهێنێت لە بەرانبەر باوکی، بۆیە شـمێرەکەی شـیمالی دەرهێنـا، بەڵام دەسـتی دەلەرزی وەکـوو سەرخۆش.

- بە خەوتـوویی بیکـوژە، بەو جـۆرە نیـوەی قورسـیی کـارەکەت لەسەر لا دەچێت.

دەرگـای ژوورەکەی کـردەوە بە ئاگـادارییەوە، هەمووییـان لە دوایەوە دەڕۆیشـتنە ژوورەوە تەنیـا سـرابی نەبێـت، لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی بەرگەی ئەو دیمەنە بگرێت کە باوکی خۆی دەکوژێت لە خەودا.

هەناسـەیان لە خۆیـان بڕیبـوو، بە دوای یەکـدا دەڕۆیشـتن هەر وەکـوو مێـروولە وەهـابوون کە هـاتبوون بـۆ دزینـی شـەکر لە چێشخانەدا، دوای ئەوەی عاصـف گەیشتە نزیکی باوکی، هەستی بە لاوازیی زیاتر دەکرد و بیری لەوە کردەوە کە پاشگەز ببێتەوە، بەڵام دواتـر بیـری کەوتەوە کە خۆشـی و هاوڕێکانیشـی دەمـرن ئەگەر

پاشـگەز ببێـتەوە. شمشـێرەکەی بەرز کـردەوە بە هەردوو دەسـتی، بەڵام بەر لەوەی بیدات لە ملی باوکی، گوێبیستی دەنگێک بوو کە لێی پاڕایەوە:

- تکایە وا مەکە!

دڵنیـابوو کە دەنگی جومانـای دایکیـیەتـی، تەماشـای لای ڕاسـت و چەپی خۆی کرد، بەڵام هیچ ئاسەوارێکی نەدۆزییەوە، گوتی:

- دایکە؟

حەکیمەکە بە چپەوە گوتی:

- بۆچی وەستایت؟

عاصف گوتی:

- دەنگێک هات.

شیمالی پرسی:

- چ دەنگێک؟

- گوێتان لێی نەبوو؟

حەکیمەکە بە بێئارامییەوە گوتی:

- هیچمان گوێ لێ نەبوو، خێرا کارەکەت تەواو بکە بەر لەوەی باوکت بەئاگا بێتەوە.

ئیکلیل گوتی:

- من گوێم لێ بوو. تکایە وا مەکە.

- بینیتان، من دڵنیابووم.

شیمالی گوتی:

- ڕەنگە تۆ وڕێنە بکەیت.

عاصف گوتی:

- ئیکلیلیش وەک من گوێبیستی بوو.

- پێیان نەگوتوویت کە چارەنوسی تۆ و ئیکلیل پێکەوە بەستراوە؟

عاصف سەری دڵنیایی بۆ شیمالی لەقاند:

- ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت ئەویش بە هەمان شێوە گوێی لەو ئەندێشەیە بووە کە تۆ گوێت لێی بووە.

دووبارە بە هەردوو دەستی شمشێرەکەی بەرز کردەوە. بە دوودڵییەوە تەماشای باوکی دەکرد، هەستی دەکرد نابێت ئەو کارە ئەنجام بدات.

حەکیمەکە گوتی:

- دەی عاصف چاوەڕێی چیت؟

هێشتا شمێشیرەکەی لە هەوادا بوو، گوتی:

- هەست دەکەم ناتوانم.

پاشان لەو کاتەدا کەسێکی تریش قسەیەکی کرد لە ژوورەکەدا، بەڵام ئەمجارە ئەندێشەی خۆی نەبوو، بەڵکوو هەموویان توانیان گوێببستی بن و گوتی:

- ئەنجامی بدە کوڕەکەم.

ئەمەیان دەنگی بەحر بوو.

ڕاست بوو ڕابردوو لەنێوانیاندا هاوبەش بوو، بەڵام عاصف پێی وابوو هەرگیز هیچ هەستێکی بۆ باوکی نییە، بەڵام لەو ساتەدا درکی بەوە کرد کە هەڵە بووە، چونکە کە گوێی لە دەنگی بوو هەستی بەوە کرد چەندە خۆشی دەوێت.

شمشێرەکە لە هەردوو دەستی کەوتە خوارەوە و باوەشی بە باوکیدا کرد، هەردووکیان دڵخۆش بوون، بەحر لە ناخی دڵییەوە ئاواتەخواز بوو بۆ یەکجاریش بێت بەو جۆرە کوڕەکەی لە ئامێز بگرێت و گوتی:

- دوای ئەوەی خەبەری مردنی ئایارم پێ گەشت، گەڕامەوە بتبینم، بەڵام نەمدۆزیتەوە لە ماڵەکەدا، لە هەموویانم پرسی لە لادێکەدا بەڵام بێسوود بوو، دواتر تاج گوتی کە هیچ نازانێت لە بارەتەوە، پێم وابوو شتێکی خراپت بەسەردا هاتووە کوڕەکەم، پێم وابوو کە بۆ هەمیشە لەدەستم داویت.

کاتی ئەوە نەبوو کە بە نەزانی ڕەفتار بکەن، چونکە تەنیا چەند کاتژمێرێکی کەمیان لە بەردەمدا مابۆیەوە تاکوو جنۆکە خەیزەران، عاصف و هاوڕێکانی بکوژێت ئەگەر پێش خۆرهەڵهاتن باوکی نەکوژێت.

بۆیە بە بوێرییەوە پرسی:

- ئایا هێشتا لەگەڵ ڕێکخراوی جاسوسدا کار دەکەیت باوکە؟

بەحر بە سەرسامییەوە پرسی:

- کێ ئەوەی پێ گوتیت؟

- تاج هەموو شتێکی بۆ باس کردم.

بەحر بە داخەوە گوتی:

- ئەو ئافرەتە نانەجیبە.

-ئایا بەو ڕادەیە دایکم بە لاتەوە گرنگ بوو؟

- بۆچی وا دەڵێیت؟

- بۆچی کارت لەگەڵدا کردن لە جیاتی ئەوەی تۆڵەیان لێ بکەیتەوە؟

بەحر هەناسەیەکی قوونڵی هەڵمژی و گوتی:

- باوەڕم پێ بکە پێشتر هەوڵم دا لە نابفیل دوور بکەومەوە دوای کوشتنی دایکت، بەڵام نابفیل نامەی نارد، بە ژیانی تۆ هەڕەشەی لێ کردم، ترسام شتێکت لێ بێت کوڕەکەم، بۆیە بە بەڵێننامە تازەکەی ڕازی بووم...

- چ جۆرە بەڵێننامە و ڕێککەوتنێک؟

- بگەڕێمەوە لەگەڵیاندا کار بکەم بەرانبەر بەوەی بە سەلامەتی بژیت.

- ئەی ئەیوبی هاوڕێت چی؟

دوای ئەوەی بەڵێننامەکەم لەگەڵدا واژۆ کرد، بڕیارم دا کە بگەڕێمەوە بۆ لایان، یەکەم شت کە فەرمانیان پێ کردم ئەوەبوو ئەیوب بکوژم تاکوو بەوەفایی خۆمیان پیشان بدەم.

- ئەی وات کرد باوکە، ئایا هاوڕێکەتت کوشت؟

باوەڕی بەو شتە نەدەکرد.

- سوپاس بۆ خودا لە ساتی کۆتاییدا لە بەرچاومدا توانی ڕابکات، بەڵام ئەسپسوارەکانی ڕێکخراوەکە دوای کەوتن و کە هاتنەوە گوتیان کە کوشتوومانە.

بەڵام هێشتا هیوا لە چاوەکانیدا دەبینرا، پاشان گوتی:

- بەڵام دەزانم وایان نەکردووە.

- چی لەوە دڵنیات دەکاتەوە؟

- دڵم هێشتا پێم دەڵێت کە ئەیوب بەو ئاسانییە نەمردووە.

- پێت وایە ئێستا لە کوێیە ئەگەر زیندوو بێت؟

- پێم وایە ئێستا لە زنجیرە چیا قەدەغەکراوەکانە.

- زنجیرە چیای قەدەغەکراو؟

- بەڵێ، ئەوە تاکە ناوچەی ئەبابیلە کە ڕێکخراوی جاسوم ناتوانن بچنە ناوی.

- بۆچی؟

- لەبەر ئەوەی هۆزی ئەشاوسی لێیە لەو زنجیرە چیایانەدا و خاوەندارێتی دەکەن.

- ج هێزێکیان هەیە کە ڕێگریان لێ دەکات لەوەی هەر کەسێ بچێتە ئەوێ؟

بەحر گوتی:

- زانست کوڕەکەم، ئەو هۆزە زانست و هێزیان هەیە کە کۆمەڵە هۆزێکی ئاسایی نین، چونکە نە مرۆڤن، نە جنۆکەن، نە شەیتانن، تەنانەت جادووگەریش نین، بەڵکوو لە ڕەچەڵەکی قەناتیرن، هاوڕێی بەوەفای من و ئەیوبن، لە وشەی قەناتیر سەری سووڕما، بەڵام بیری بە لای شتێکی تردا چوو بپرسێت.

(قەناتیر (قنطیر) جۆرێکە لە بووندەوەری خەیاڵی نە مرۆڤە نە ئاژەڵە، بەڵکوو سەری مرۆڤە تاکوو کەمەر، لە کەمەر بەرەو خوارەوە ئەسپ و باڵدارن.)

- ئایا نابفیل هەوڵی نەداوە بیانخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە؟

بەحر گوتی:

- بێگومان هەوڵی داوە، جەنگی زۆری لە دژیان کردووە تاکوو بەسەریاندا سەربکەوێت و سوود لە زانست و هێزەکەیان وەربگرێت، بەڵام ئەوان لەوە بەهێزترن، هەر بۆیە باوەڕی بە ئێمە هێنا کە واز لە هۆزی ئەشاوس بهێنین.

- ڕازی بووید؟

- نا، بەڵام وا خۆمان پیشان دا.

- چۆن بوون بە هاوڕێتان ئەو هۆزانە؟

دوای ئەوەی ئاشاسی شازادە زانی کە من و ئەیوب باوەڕمان بە نابفیل هێناوە کە چیتر جەنگ لە دژیان ڕانەگەیەنێت، بۆیە وەکوو هاوڕێ مامەڵەمان لەگەڵدا دەکەن، سوێندی خواردووە لە بەردەم گەورە پیاوانی هۆزەکەیاندا کە هەرگیز ئەو چاکەیەی ئێمە لەبیر ناکەن و خۆیان بە قەرزاربای ئێمە دەزانن بۆ هەمیشە.

- بەڵام ڕێکخراوی جاسوم باوکە...

باوکی بە بێزارییەوە قسەکەی پێ بڕی:

- بۆچی هێندە گرنگی بە ڕێکخراوی جاسوم دەدەیت کوڕەکەم؟

عاصف بە ڕاشکاوی گوتی:

- لەبەر ئەوەی دەمەوێت بیکوژم.

بەحر لە ڕوویدا وەستایەوە، گوتی:

- نەکەی بیریشی لێ بکەیتەوە.

- ئەو ئافرەتەی کوشت کە خۆشت دەیوست.

بە ڕقەوە گوتی:

- دایکم مرد که هێشتا ناوتی دەگوتەوە... هیندە بەس نییە کارت تێ بکات؟

- بەسە کوڕەکەم، هێشتا منداڵیت بۆ مردن!

- سوودی ژیان چییە ئەگەر بە ترسنۆکی بژین؟

- من ترسنۆک نیم، بەڵام دەترسم و نامەوێت بە هەمان شێوە کە دایکتم لەدەست دا تۆش لەدەست بدەم.

پاشان بێدەنگ بوو، گوتی:

- ئەگەر بۆ ئەوە هاتوویت بۆ ئێرە تاکوو بمکوژیت، ئەوا بیکە، ژیانم بە لاوە گرنگ نییە، بەڵام تکایە لە نابفیل دوورکەوەرەوە، لەبەر ئەوەی لەوە ترسناکترە کە بیری لێ دەکەیتەوە...

دوای ئەوەی باوکی قسەکەی تەواو کرد کەمێک بێدەنگ بوو.

- بەڵێنم پێ بدە کە لە نابفیل بەدوور دەبیت.

- بەڵام دایکم...

- دایکت لێت خۆش نابێت ئەگەر ببینێت بە دەستی خۆت خۆت دەخەیتە نێو مردنەوە، تەنانەت ئەگەر لەبەر تۆڵەسەندنەوەش بێت.

عاصف کەمێک بێدەنگ بوو، لەبەر ئەوەی ئەو ڕستەیە دەربارەی دایکی بوو کاری تێکرد... هەر بە ڕاستی جومانای دایکی لێی پازی دەبێت، کە لە دونیایەکەی تردا دەبینێت کوڕەکەی بەو جۆرە خۆی دەخاتە مەترسییەوە!

بەحر سەری لەقاند و هاواری کرد بە سەریدا:

- بەڵێنم پێ بدە کە تۆڵەکردنەوە لە مێشکت بکەیتە دەرەوە؟

**

هێندەی نەمابوو بەڵێنەکە بە باوکی بدات، تیرێک بە خێرایی لە پەنجەرەکەوە هاتە ژوورەوە و دای لە سنگی باوکی...

هەموویان سەرسام بوون، بەحر هێشتا لە جێی خۆی وەستابوو، دواتر کەوتە سەر ئەژنۆ بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە ئەوەی کە لە دواوە لێی داوە کێ بووە، دەستی کرد بە گیرفانیدا و کاغەزێکی دەرهێنا و دای بە کوڕەکەی:

- ئەوەت بیرە کوڕەکەم؟

کاغەزەکەی کردەوە، ئەو وێنەیە بوو کە عاصف کێشابووی بەر لە چەندان ساڵ، ئەو کات عاصف بچووکتر بوو، کورتتر بوو، پڕ بوو لە دڵخۆشی و ژیانەوە لە پاڵ دایکە جوانە قژ درێژەکەیدا. پێدەکەنی و چاوەکانی پڕ بوون لە هیوا و ژیانەوە.

بە سۆزەوە گوتی:

- وەکوو ئەوەی دوێنێ کێشابێتت لە بیرمە.

بەحر کاغەزکەی لێ وەرگرتەوە و خستییەوە گیرفانی، وەک ئەوەی بیەوێت بیبات بۆ دونیاکەی تر:

- من داوای لێبوردن دەکەم لەبەر ئەوەی لەم دونیایەدا شتێک تۆی لە من کرد، بەڵام من ناچار بووم لە تۆ و دایکت دوو بکەومەوە لەبەر پاراستنتان.

بەحر تا دەهات زیاتر بە زەویدا دەکەوت:

- ئای کوڕەکەم، تەواوی ژیانم بیرم لێ دەکردیتەوە، خۆشم دەویستیت وەکوو خۆشەویسترین شتی ژیانم.

عاصف گوتی:

- تکایە مەمرە!

بەحر گوتی:

- ئەیوبی هاوڕێم.

- ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بینیتەوە ئەوا پێی بڵێ کە چەندە خۆشم دەوێت، پێی بڵێ کە لێم خۆش بێت.

کەمێک بێدەنگ بوو، لەبەر ئەوەی لە دژی مردن دەجەنگا هێشتا، پاشان بە زمانێکی قورس گوتی:

- دڵنیام لێم خۆش دەبێت، تەنانەت بەبێ ئەوەی داوای لێبوردنی لێ بکەم، لەبەر ئەوەی هاوڕێکان بەبێ ئەوەش لە یەکتر خۆش دەبن.

پاشان ژوورەکە پڕبوو لە بۆنی یاسەمین کە هەموان دەیانتوانی بۆنی بکەن، بەحر سەری هەڵبڕی تەماشای بنمیچی ژوورەکەی دەکرد و پێکەنی وەک هەرزەکارێک کە تازە دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی ئەو کەسەی دیویەتی.

بەر لەوەی بڕوات گوتی:

- دایکت هەمیشە نزای سەلامتیت بۆ دەکات و دەڵێت کە خۆشی دەوێیت و تۆ خۆشەویسترین شتی ژیانیت.

لەبەر تووڕەیی چاوی چەپی عاصف بوو بە ڕەنگی سوور و ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیکلیلدا دەرپەڕین تاکوو بە دوای بکوژەکەدا بگەڕێن...

سرابی هاتە ژوورەوە لەو کاتەدا دیار بوو کە گریابوو:

- ئافرەتێکم بینی کە لە پەنجەرەکەوە تیرەکەی پێوە نا.

شیمالی گوتی:

- ئافرەت بوو؟

- بەتەمەن بوو، بەڵام نەمتوانی بە تەواوی ڕووخساری ببینم.

حەکیمەکە وتی:

- بۆچی هاوارت نەکرد و نەتوەستاند؟

سرابی بە گریانەوە گوتی:

- نازانم، هەستم دەکرد شتێک دەست و پێی گرتووم، نەمدەتوانی قسە بکەم یاخود بجووڵێم.

تەواوی خەڵکی جەساسە بڵاوبوونەوە تاکوو بەدوای ئەو کەسەدا بگەڕێن کە تیرەکەی هاویشتووە، لەو کاتەدا ئیکلیلیش زیاتر بەرز بۆیەوە تاکوو باشتر ببینێت و بیدۆزێتەوە:

عاصف گوتی:

- ئیکلیل هیچت دەست کەوت؟

ئیکلیل وەڵامی دایەوە:

- نەخێر.

با بڕۆین بۆ لای تاج، ڕەنگە بتوانین سوودێکی لێ وەربگرین.

دوای ئەوەی گەیشتنە بەردەم قەڵاکە هاواری کرد:

- نەنە!

وەڵامی دایەوە:

- هەرگیز بە بیرمدا نەدەهات ئەمڕۆ بتانبینم، پاشان دەرگاکەی کردەوە.

- تەماشای خۆت بکە عاصف، باوەڕ بەوە ناکەم گەیشتوویتەتە کۆتایی هەژدە ساڵیت.

پاشان سەری بەرز کردەوە و تەماشای ئاسمانی کرد:

- ئای تۆ ئیکلیل، چەندە گەورە بووییت، ئێستا بە ئاسانی دەتوانیت بۆ جێی بەرز بفڕیت!

هەموو ئەو ڕووداوانەی پێ دەگوت کە لەگەڵ ئیکلیلدا لەو ساتەی لە قەڵاکەیان بەجێ هێشتووە تاکوو ئەو ساتەی لە بەردەمیدا وەستاون. بەڵام هیچی نەگوت دەربارەی سرابی.

تاجیش گوێی شل کردبوو بۆ قسەکانی و لە هەمان کاتدا تەماشای دەکرد چەندە ڕووخساری جوان بووە و سمێڵێکی تەنکی بۆ پەیدا بووە، ڕیشێکی تەنک وەکوو چیمەن لەسەر ڕوومەتی هاتووە، چاوە قاوەییەکانی چەندە سەرنجڕاکێشن، بااڵی هێندە بەرز بووبوو جومگەکانی پڕ بووبونەوە، وەک کوڕێکی بیستوپێنج ساڵان وابوو، بەڵام هێشتا تەمەنی هەژدەساڵان بوو.

دوای ئەوەی لە نەوەکەی وردبووەوە تەماشای ئیکلیلی کرد، بینی باڵە پرتەقاڵییەکانی چەندە جوان بوون و بە لای سووردا دەچن، ئەوەش مانای ئەوە بوو نزیکی کاتی پێگەشتنی هاتبوو...

دوای ئەوەی عاصف لە قسەکەی تەواوبوو گوتی:

- ئایا ئەو مەرجە شایەنی مردنی باوکت بوو؟

- له سەرەتادا ڕام وابوو دەیکەم، بەڵام دواتر ڕای خۆمم گۆڕی.

بە تووڕەییەوە گوتی:

- مەبەستت چییە ڕای خۆت گۆڕی؟ بێگومان خەیزەران خۆت و هاوڕێکانت دەکوژێت هەی گەمژە.

بە ئازارەوە گوتی:

- باوکم مرد بەر لەوەی من بیکوژم.

بە سەرسامییەوە پرسی:

- واتە تۆ وات نەکرد؟

- نا کەسێکی تر کوشتی، هەر بۆیە هاتووم بۆ لات تاکوو بزانیت کێ بووە.

- ئایا دۆزینەوەی ئەو کەسەت بە لاوە گرنگە کە باوکتی کوشتووە، یاخود سوپاسی بەختت دەکەیت لەبەر ئەوەی کەسێکی نەناسراو کارەکەی تۆی ئەنجام داوە کە لێی دەترسایت؟

- بیر بکەرەوە، ئەگەر باوکت ئێستا زیندوو بووایە، ئەو کاتە کە خۆرئاوا دەبوو لە ئاسمان کەمێکی تر، خەیزەران دەهات و تۆش و هاوڕێکانتی دەکوشت.

- من و هاوڕێکانم ئامادەی مردن بووین وەک لە ئەو.

- ئێستا باوکت مردوە و تەواو بوو، پێویست ناکات تۆ و هاوڕێکانت لە بری ئەو بمرن.

- ڕەنگە تۆ ڕاست بکەیت، بەڵام من لانی کەم دەبێت وەسیەتی کۆتایی بەدی بهێنم.

- چ وەسیەتێک؟

- پێی گوتم کە دەبێت بیرۆکەی تۆڵەکردنەوە لە مێشکمدا دەربکەم.

تاج لێی نزیک بۆیەوە گوتی:

- بەوە وەسیەتی بۆ کردیت؟

سەری لەقاند.

- چۆن دەتوانێت بە وەسیەتێکی وەها ئامۆژگاریت بکات؟
- لەبەر ئەوەی لە سەلامەتی من دەترسا.
- ئایا بەڵێنت پێی دا؟
- مرد، بەر لەوەی بەڵێنەکەی پێ بدەم.
پاشان وەکوو دایکێک کە لە کوڕەکەی دەپرسێتەوە:
- ئایا هەر بە ڕاستی ئەو بەڵێنەت پێدەدا ئازیزەکەی نەنە؟
گوتی:
- بەڵێ.
بەو جۆرە جلەکانی خۆی توند گرتبوو، پاشان بە دەستەکەی تری زلەیەکی لێدا، ئیکلیل هەوڵی دا هێرشی بکاتە سەر، بەڵام عاصف ڕێی لێ گرت:
- لە جێی خۆت بمێنەرەوە ئیکلیل.
تاج هاواری کرد بەسەریدا:
- ئایا مردنی دایکت هەر وا بە ئاسایی جێدەهێڵیت هەی ترسنۆک؟
هیچی نەگوت و بێدەنگ بوو، پاشان تووڕە بوو:
- دوای ئەو هەموو کارەی ئەنجامت داوە ئێستا دەڵێیت کە دەتەوێت خۆت بدەیت بەدەستەوە؟
- خۆم نەداوە بەدەستەوە، بەڵام ئەوە وەسیەتی باوکمە.
- باوکت کەسێکی هیچوپووچ بوو.
- بەو جۆرە قسە مەکە تاج.
- ئەسڵەن دەبێت تف بکەمە جەستەکەی.
عاصف لەوە زیاتر نەیدەتوانی زاڵ بێت بەسەر مێشکی خۆیدا دوای ئەو هەموو سوکایەتیپێکردنە، بۆیە ڕەنگی چاوی چەپی گۆڕا بۆ سوور و نەیتوانی زاڵ بێت بەسەر هێزەکەی خۆیدا، تەماشای ئیکلیلی کرد و گوتی:
- بە هەموو هێزی خۆتەوە.

باڵندەکە لە هەوادا فڕی و گەڕایەوە تاکوو هێرش بکاتە سەری، بەڵام بەر لەوەی پێی بگات تارا گەیشتە سەریان و وتی:

- بوەستە کوڕە ئازاکە.

عاصف گوتی:

- تۆش لە دژمان دەوەستیتەوە؟

- ئایا خێزانی ئیمپراتۆر بوون بە دوو دەستەوە تاکوو نیوەی لە دژی نیوەکەی تر بوەستێتەوە؟ ئایا دژمنەکانتان تەواو بوون تاکوو لە دژی یەک بوەستنەوە؟

پۆزشی هێنایەوە و گوتی:

- سووکایەتی بە باوکم کرد.

بە تووڕەییەوە:

- باوکت بەنەفرەت بێت.

بە شێوازی هەڕەشەوە پێ گوت:

- ئاگات لە زمانت بێت تاج! ئاگات لێی بێت، چونکە ئەمجارە تاراش ڕام ناگرێت لە کوشتنت.

- لە جیاتی ئەوەی تۆڵە لە من بکەیتەوە بڕۆ ئەو کەسە بکوژە کە دایکتی کوشت، هاتوویت دەستت لە نەنکت بەرز دەکەیتەوە، ئایا بەم جۆرە پەروەردەم کردیت؟ ئایا لێم تووڕەبوویت لەبەر ئەوەی گوتم گوو بکەمە قەبری باوکت؟ پێت چۆنە دووبارەی بکەمەوە؟ بەڵێ عاصف، بەڵێ، پێویست بکات دووبارە ئەیڵێمەوە، گوو ئەکەمە قەبری باوکت لەبەر ئەوەی هەوڵیداوە ڕێگریت لێ بکات تۆڵەی دایکت بکەیتەوە.

لەوە زیاتر بەرگەی سوکایەتی نەگرت، بۆیە بەرەو ڕووی چوو، لە هەمان کاتدا ئیکلیل بەرەو ئاسمان چوو تاکوو بتوانێت لە دژی تارا بوەستێتەوە، پاشان بەرەو تاج چوو... بەڵام هەر لەو کاتەدا کە هێندەی نەمابوو دووبارە هێرش بکەنە سەر تاج، تارا قسەیەکی کرد بە تەواوی مێزەکەی هەڵگەڕاندەوە بە بارەکەی تردا:

- پێت چۆنە ئەگەر پێت بڵێم نابفیل ئەو کەسە بوو کە باوکتی کوشتووە؟

لە جێی خۆی وشک بوو کە گوێبیستی ئەو قسەیە بوو، بە ئیکلیلی گوت کە بوەستێت لەبەر ئەوەی دەیزانی تارا هەرگیز درۆ ناکات، هەرچەندە ناڕازی بوو:

- هەرگیز ئەو شتە نابێت ڕوو بدات، چونکە ئەو خۆی ئاگاداری کردمەوە کە هەرگیز لە ڕووی نابفیلدا نەوەستمەوە، کەواتە نابفیل بۆ دەیکوژێت؟ ئەوەش ڕێککەوتنێکی تڕە؟

- ئایا هەر کاتێک شتێکی ئاڵۆز ڕوو بدات وشەی ڕێککەوتن بەکار دەهێنن؟

- سیخوڕەکانی نابفیل لە هەموو جێیەکی مەملەکەتی ئەبابیلدا بڵاوەیان پێ کراوە، زانیبیان بەنیازیت لە دژی هەڵبگەڕێیتەوە و خێزانی ئیمپراتۆر لە دژی بوەستێنیتەوە، بۆیە داوای لە باوکت کرد کە بیرۆکەی تۆڵەکردنەوە لە میشکت دەربهێنیت.

- شتێکم پێ بڵێ میشک باوەڕی پێ بکات تارا.

- هەندێک جار دەکرێت ڕاستییەکە لەوە تاڵتر بێت تاکوو میشک بەرگەی بگرێت عاصف.

- بەڵام باوکم سەرکەوتوو بوو لەوەی بیرۆکەی تۆڵەکردنەوە لە میشکم بکاتە دەرەوە بۆچی لە کۆتاییدا نابفیل کوشتی؟

وەڵامی دایەوە:

- لەبەر ئەوەی زیاتر کارت لێ بکات، پاشان قسەکانی ڕوون کردەوە لەبەر ئەوەی زیاتر بتخاتە خەیاڵی ئەوەی کە قسەکەی باوکت هەرگیز ناشکێنیت تەواوی ژیانت.

کەڵبەکان و چڕنووکەکانی نەمان، گوتی:

- چەند جار پێوبستە بتکوژم نابفیل!

تاج بە سۆزەوە لێی نزیک بۆیەوە:

- ئەوەی دەمویست پێت بڵێم ئەمە بوو، بەڵام تۆ باوەڕت بە من نەبوو عاصف، بێگومان بووم باوەڕت بە من نەدەکرد ئەگەر وام بگوتایە.

گوتی:

- ئێستا من چی بکەم؟

گوتی:

- بەردەوام دەبیت لە تۆڵەکردنەوە، پێویستە بەر لە خۆرئاوابوون ڕوزانا بانگ بکەیت.

عاصف سەری لەقاند و پاشان بەرەو لای ئیکلیل چوو، دەڕۆیشتنەوە بۆ ماڵەوە تاکوو بانگی ڕوزانای شەیتان بکات و بیانبات بۆ لای ئیمپراتۆر، بەڵام بەر لەوەی هەردووکیان دوور بکەونەوە، تاج گوتی:

- بەدوای ئەیوبدا بگەڕێ.

لە جێی خۆی وەستا و ئاوڕی دایەوە گوتی:

- بۆچی؟

- لەبەر ئەوەی ئەگەر زیندووبێت، بەسوود دەبێت بۆت بۆ کاری داهاتووت.

- مەبەستت هۆزی ئەشاوسە؟

- هیچ لەبارەی ئەو هۆزەوە دەزانیت؟

- باوکم بەر لە مردنی بۆی باس کردم، پێم بڵێ چۆن ئەیوب بدۆزمەوە؟

- کە بەرەو بەشی ڕۆژئاوای ئەبابیل دەڕۆیت، زنجیرەیەکی درێژی ڕەشی بەرز دەبینیت، لە پشتی ئەو زنجیرە چیایەوە هۆزەکانی ئەشاوس نیشتەجێن.

پاشان گوتی:

- ئەگەر بەخت یاوەرت بێت بێگومان لەوێ دەیدۆزیتەوە.

دوای ئەوەی ئیکلیل و عاصف ڕۆیشتن لە شوێنەکە، تاج بەرەو تارا ڕۆیشت و گوتی:

- بۆچی درۆت لەگەڵدا کرد؟

تارا هیچی نەگوت و بەرەو دارستانەکە ڕۆیشت.

- بۆچی گوتت کە نابفیل باوکی کوشتووە؟

تارا گوتی:

- لەبەر پاراستنی ئەو.

پاشان بەرەو دارستانەکە دەچوو:

- دەمزانی دەیکوژیت ئەگەر بێت و قسەی باوکی بەجێ بگەیەنێت و تۆڵە نەکاتەوە، دەبوو درۆی لەگەڵدا بکەم تاکوو لە تۆ ببپارێزم.

٢٩

عاصف پارچەیەک لە جلەکانی باوکی برد کە بۆنی خوێنەکەی لێ دەهات و لەگەڵ هاوڕێکانیدا لەنیو حەوشەی ماڵەکەدا بوون، ملوانکەی ئیمپراتۆرییەتەکەی دەرهێنا لەژێر جلەکانییەوە، گرتی بە دەستییەوە و پاشان سێ جار بە قاچی چەپی کێشای بە زەویدا، زەویيەکە لەت بوو، ڕوزانای شەیتان هاتە دەرەوە و سەری ڕێزی دانەواند:

- ئایا کارەکەت تەواو کرد جەنابی شازادە؟

بە ئازارەوە پارچە قوماشەکەی پێدا دا و گوتی:

- ئەوە خوێنەکەیە!

شەیتانەکە زمانی لە خوێنەکە دا و گوتی:

- جەستەی باوکت لە کوێیە؟

- بۆ دەپرسیت؟

- دەبێت دڵنیا ببمەوە لەوەی کە مردووە.

خۆی ڕۆیشت لەوەی کە دڵنیا ببێتەوە بەحر مردووە، دڵنیابوون لەوەی کە خێزانی ئیمپراتۆر پرسیاری لێ دەکەن ئایا هەر بە ڕاستی خۆی جەستەکەی دیوە یاخود نا... دواتر کە دڵنیابۆیەوە لەوەی مردووە گەڕایەوە و بە ڕێزەوە گوتی:

- کەسێک دەستنیشان دەکەیت لە هاوڕێکانت تاکوو بێت لەگەڵتدا بۆ چاپێکەوتنەکە، ڕاستەوخۆ حەکیمەکە بە هاوەڵاکانی گوت:

- زۆر دوا نـــــاکەوین، زوو دەگەڕێیـــــنەوە دوای ئەوەی لە چاوپێکەوتنەکە تەواو بووین.

بەڵام عاصف کەسێکی تری دەستنیشان کرد و گوتی:

- سرابی!

حەکیمەکە گوتی:

- چییەتی؟
- لەگەڵمدا دێیت؟
بە سەرسامییەوە گوتی:
- کێ دێت لەگەڵتدا؟
- حەکیم گیان تۆ لێرە دەمێنیتەوە، چونکە کارێکت پێ دەسپێرم بۆم بکەیت.
بەڵام حەکیمەکە هیچی نەگوت، چونکە تووڕەبوو.
عاصف گوتی:
- من لێرە پێویستم بە دانایی میشکت هەیە وەک لە جێیەکی تر.
- پێت وایە بەو قسانەت پێدەکەنم هەی ژنانی؟
پێکەنی و پێی وت کە ئەوە لەبەر چاکەی ئەوە.
- من متمانەم پێتە حەکیم، پێت وایە من ژنانیم؟
- لە ڕاستیدا نا.
حەکیمەکە گوتی:
- تەنیا گەمژەیەکی سەرلێشێواویت.
- دەتوانم متمانەت پێ بکەم؟
حەکیمەکە بە ناڕەزاییەوە تەماشای کرد، پاشان دوای چەند چرکەیەک گوتی:
- دەزانیت هەمیشە دەتوانیت متمانەم پێ بکەیت.
عاصف پلانەکەی ڕوون دەکردەوە، ئەوانیش دەورەیان لێدا:
- حەکیمەکە دەچێتە سەر پشتی ئیکلیل، هەردووکیان بە ئاراستەی ڕۆژئاوای مەملەکەتی ئەبابیل دەڕۆن، تاکوو ئەو زنجیرە چیا ڕەشە دەدۆزنەوە کە خۆر لە پشتیانەوە ئاوا دەبێت.
حەکیمەکە بە جددییاتەوە پرسی:
- مەبەستت ئەو چیا قەدەغەیەیە کە هۆزی ئەشاوس لێی دەژین؟
- دەیزانیت؟
- بێگومان.

پاشان بە گاڵتەجاڕی و پێکەنینەوە گوتی:
- لە باوکتەوە گوێبیستی بووم بەر لەوەی بمرێت.
دوای ئەوەی هەموویان تەماشایان کرد، کردییەوە بە جددییات:
- دەتەوێت لەوێ چی بکەین دوای ئەوەی دۆزیمانەوە؟
- دەمەوێت بەدوای ئەیوبدا بگەڕێن.
- دڵنیایت لەوەی کە لەوێ دەیدۆزینەوە؟
بە ترسەوە پرسی:
- ئەی ئەگەر نەماندۆزییەوە؟
- ئەو کاتە شانسی سەرکەوتنمان لە جەنگەکەدا کەم دەبێتەوە.
ئیکلیل ترسی لە ڕووخساری حەکیمەکەدا خوێندەوە، بەڵام پرسی:
- چی بە ئەیوب بڵێین؟
- پێی بڵێن کە مێرووە بچووکە بیزارکەرەکە پێویستی بە هاوکاریت هەیە.
حەکیمەکە پرسی:
- ئەوە چ جۆرە قسەیەکە بۆ خاتری ئاسمان؟
- تەنیا وای پێ بڵێن خۆی تێدەگات.
دوای ئەوەی حەکیمەکە چووە سەر پشتی ئیکلیل، بەرەو ئاراستەی ڕۆژئاوای شاخەکە چوون، عاصف ڕووی کردە شیمالی و گوتی:
- تۆش شیمالی جەستەی باوکم ببە و لە گۆڕستان بینێژە، دواتر بگەڕێرەوە بۆ ئێرە بۆ ماڵەکە، چاوەڕێی هاتنەوەی حەکیم و ئیکلیل بکە، من و سرابیش دەڕۆین و دەگەڕێینەوە بۆ ئێرە دوای ئەوەی چاومان بە خێزانی ئیمپراتۆر دەکەوێت...
- زۆر باشە.
پاشان شیمالی دەڕۆیشت، عاصف وەستاندی:
- لە پاڵ گۆڕی دایکمدا بینێژە.
- چۆن بزانم گۆڕی دایکت کامەیە؟

- که گەیشتیتە ئەوێ بۆنی یاسەمین ڕێنوێنیت دەکات تاکوو دەگەیتە گۆڕەکە.

- بەڵام ڕەنگە لە نزیک گۆڕەکەیدا گۆڕی تر دانرابێت.

- ئەو کاتە گۆڕەکە هەڵدەدەیتەوە و لە پاڵیدا گۆڕ بۆ باوکم هەڵدەکەنیت.

**

سرابی جلەکانی عاصفی گرت و دەستی ڕوزانای گرتبوو:

- ئێستا تۆ ئامادەیت جەنابی شازادە؟

- لە هەموو کاتێکی تر زیاتر.

زەویەکە لەت بوو، کەوتنە ناوییەوە لەگەڵ شەیتانە ڕوزانادا، چوونە نێو شاری وباری ونبووەوە تاکوو چاویان بە خێزانی ئیمپراتۆر بکەوێت، ڕاست بوو قایلکردنی خیزانەکەی هێندە ئاسان نەبوو، بەڵام عاصف هەستی بە هێز دەکرد لە هەموو کاتێکی تر زیاتر، نەک لەبەر خۆی بەڵکوو لەبەر ئەوەی سرابی لەگەڵدا بوو.

بەیانی ڕۆژی دواتر:

٣٠

سیخورەکانی ڕێکخراوی جاسوم ڕۆیشتن بۆ لای پادشا طاغێن و پێیان گوت که عاصف و هاوڕێکانی ون بوون لەنێو دێی جەساسەدا، یەکێکیان نەبێت ناوی شیمالییە.

بۆیە نابفیل بەبێ ئەوەی خۆی پیشانیان بدات، گوتی:

- چۆن دەبێت لە بەرچاوتان ون ببن و ئێوەش نەزانن کە پلانی چ ئاشووبێک دادەنێن؟

سەرۆکی سیخورەکان هاتە پێشەوە، جنۆکەیەکی کەڵەگەت بوو، ناوی مراقیب بوو:

- لە سەرەتادا هەموویان لە مااڵەکەی بەحردا بوون، بەاڵم دواتر لەپڕێکدا ون بوون.

بە تووڕەییەوە گوتی:

- لەم ڕوونکردنەوەیە خۆش نابم.

- هیچ کەموکورتییەک لە ئێمەوە نەبووە گەورەم، بەاڵم بە ڕاستی نازانین چی ڕوویدا.

مراقیب وای گوت و پاشان وەک ئەوەی بیری بێتەوە:

- یەکێک لە پاسەوانەکان دەاڵێت کە باڵندەیەکی گەورەی بینیوە لە سەربانی مااڵەکەوە بەرەو ئاراستەی ڕۆژئاوا ڕۆیشتووە، ئەگەر قسەکانی ڕاست بێت، مانای وایە ئەوە عینقای هاوڕێی عاصف بووە.

- بەاڵمەوە گرنگ نییە عینقاکە، ئەوەی بە اڵمەوە گرنگە عاصف خۆیەتی.

لەو کاتەدا سەرۆکی الدێی جادووگەرەکان کە ناوی شواهر بوو، دەرکەوت لەنێو هۆڵی پادشایەتی و گوتی:

- ئەوەی جەنابتان لێی دەترسان ڕوویدا خاوەنشکۆ.

پادشا بە تەواوی سەرنجی چووە لای:

- مەبەستت چییە شواهر؟

شواهر لە عەرشەکەی نزیک بۆیەوە و سەری ڕێزی دانەواند:

- مەبەستم ئەوەیە عاصف چووە تاکوو چاوی بە خێزانەکەی بکەوێت.

لەسەر کورسییەکەی هەستایەوە وەک ئەوەی مێشوولەیەک پێوەی دابێت:

- بێگومان ڕۆیشتووە تاکوو خێزانی ئیمپراتۆر قەناعەت پێ بکات تاکوو لە دژی من بوەستنەوە.

- دڵنیا نین کە ئەوە هۆکاری سەرەکی بێت.

- چۆن هێشتتان بڕوات و ڕێگەتان لێ نەگرت؟

- خەیزەران.

شەواهیر گوتی:

- لەژێر سایەی پاریزگاریی وەزیرە خەیزەرانی ئیمپراتۆردا بوون، بۆیە نەمانتوانی ڕێگەی لێ بگرین، تەنیا توانیمان گوێ لە قسەکانیان بگرین.

بە نیگەرانییەوە گوتی:

- دەبوو لە سەرەتاوە بیکوژین کە لە دژمان وەستایەوە.

ماردی مراقیب دوای ئەوەی داوای ڕووخسەتی لێ کرد قسە بکات گوتی:

- پێشتر پێشنیاری کوشتنی کوڕەکەمان کرد خاوەنشکۆ، بەڵام ڕازی نەبوویت.

- مراقیبی سەگ، زمانت پەیدا کردووە تاکوو سەرزەنشتم بکەیت؟

بە ترسەوە گوتی:

- نەخێر! مەبەستم ئەوە نەبوو.

- دەی کەواتە دەمت داخە هەی نەفرەتی، گوێم لە دەنگت نەبێت.

مراقیب سەری داخست بۆ خوارەوە و بێدەنگ بوو.

پادشا طاغین هەستی بە شلەژان دەکرد، بە دەوری خۆیدا دەخوولایەوە. هەوڵی دەدا بیر لەوە بکاتەوە چۆن خۆی لەو کێشەیە ڕزگار بکات. دەیویست خێزانی ئیمپراتۆر لەناو ببات، بەڵام لەو جۆرانە نەبوو کە ڕاستەوخۆ هێرش دەکەن، بەڵکوو هەمیشە دەیویست بە فرتوفێڵ و کتوپڕ هێرش بکات تاکوو سەرکەوتن مسۆگەر بکات...

یەکێک لە ڕاوێژکارەکانی گوتی:

- بۆچی قسە لەگەڵ بەحر نەکەین لەبارەی کوڕەکەیەوە گەورەم؟

- ئافەرم ڕاوێژکار.

بڕیارەکەی بەدڵ بوو بۆیە ڕاستەوخۆ گوتی بچن بەدوای بەحردا و پێی بڵێن کە دەمەوێت چاوم پێی بکەوێت، خێرا.

شواهر گوتی:

- سوودی نییە، کوژراوە.

- کێ کوشتوویەتی.

- خوشکە گەورەکەت.

لە سەرسامیدا بێدەنگ بوو.

- بۆچی تاج کارێکی لەم جۆرە بکات؟

- لەبەر ئەوەی هێندەی نەمابوو بیرۆکەی شۆڕش لە میشکی کوڕەکەدا بسڕێتەوە.

لەو کاتەدا پادشا تووڕەبوو، هەرچی لە بەردەستیدا بوو شکاندی و هاواری کرد:

- ئەو ئافرەتە شێت بووە، هەرگیز واز لە بیزارکردنم ناهێنێت هەتا ئەوەی لە میشکیایەتی جێبەجێی نەکات.

پەردەکانی درانـد و هەموو ئەوەی لە سیرامیک، قوڕ و شوشە دروست کرابوو، شکاندی، هەموو ڕاوێژکارەکانی دەرکرد و دوای ئەوەی هیچ شتێک نەمایەوە لە بەردەستیدا، کەمێک تووڕەبوونەکەی دامرکایەوە.

دانیشتبوو لەسەر عەرشەکەی بە خەمبارییەوە ڕووی کردە شواهر وەک ئەوەی باریکی قورسی لەسەر شان بێت و گوتی:

- لە سەرەتادا کچەکەی خۆی جومانای کوشت، ئێستاش بەحری کوشت بە نەفرەت بیت، چ خوشکێکی بەرەلایت...

**

ڕاست بوو کە جادووگەرەکان دەیانزانی زۆربەی ڕووداوەکانی مەملەکەتی ئەبابیل ڕوو دەدات هۆیەکەی چییە، بەهۆی شەیتانەکانەوە، کە بە گەورە و بچووکیانەوە بۆیان دەهێنا. تەنیا سەرۆکی لادێی جادووگەرەکان نەبێت شواهر، نەیزانیبوو کە تاج کچەکەی خۆی جومانای کوشتووە:

- پێم وابوو ئایار لەژێر فەرمانی تۆدا ئەو کارەی کردووە؟

- ئیمپراتۆرەکان بە ژەهرێکی ئاسایی نامرن، تاکە ژەهر کە پێی بمرن تەنیا ژەهری تارای مارە.

پاشان بە گاڵتەجاڕییەوە گوتی:

- ئەو ژەهرەی کە جادووگەرە ئایار بەکاری دەهێنێت تەنیا بۆ خاوێنکردنەوەی سک بەکار دێت.

- بەڵام من دڵنیام ئەو شەوەی کە جومانا مرد، ئەو شەوە بوو کە شەیتانەکان هاتن بۆ لامان بە فەرمانی تۆ پەرداخێکی ژەهراویمان پێدان و بووە هۆی کوشتنی.

- ئەوەی تۆ و شەیتانەکەت دەیزانن هەر ئەوەندەیە.

پاشان گوتی:

- بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی کە ڕوویداوە خوشکەکەم بووە و کەسیش هەستی پێ نەکردووە کە قەترەیەک لە ژەهری تارای ماری تێدا بووە، ئەو هۆکاری سەرەکیی کوشتنی جومانا بووە نەک کەسێکی تر...

- چی وای لی کردووه کارێکی لەو جۆرە بکات؟
- تاکوو لەدەست کچەکەی ڕزگاری ببێت و کوڕەکەی لێ ببات!
- بەو ڕادەیە دەیویست ببیات؟
- بۆ ئەوەی لە دژی من بجەنگێت.
- بە تەواوەتی بۆچی بەو جۆرە؟
- لەبەر ئەوەی مێشکی مرۆڤ و هێزی جنۆکەی هەیە، کەس ناتوانێت لە دژی بوەستێتەوە.

جادووگەرە شواهر بێدەنگ بوو، بەو توانایەی تاج کە بیری لێ کردۆتەوە، طاغین گوتی:

- تاج دەیەوێت تۆڵەم لێ بکاتەوە، لەبەر ئەوەی عەرشەکەم لە مێردەکەی بردووە و دەیەوێت بۆی بگەڕێنێتەوە.

کەمێک بێدەنگ بوو پاشان تەواوی کرد:

- ئەو منداڵە شۆڕشگێڕێکی زۆر باشە، بۆ من نا، بۆ نەنکی.
- پێت چۆنە بانگی بکەین و ڕاستییەکەی پێ بڵێین؟
- باوەڕمان پێ ناکات، لەبەر ئەوەی تاج مێشکی شۆردۆتەوە و هەموو شتێک تەواو بووە.

تەماشای مراقیبی کرد و پرسی:

- ئەو باڵندە نەفرەتییە نازانن بە تەواوەتی بۆ کوێ چووە؟
- دڵنیا نین، تەنیا ئەوەندەی دەزانین بە ئاراستەی ڕۆژئاوادا چووە.

شواهر پرسی:

- گوتت ڕۆژئاوا؟

مراقیب قسەکەی دووپات کردەوە:

- جێگر وادەڵێت، لەوێ دیویەتی.
- کەواتە چووە تاکوو داوای هاوکاری لە ئەشاوس بکات.
- پێیان وایە ئەیوب دەدۆزنەوە داماوانە، نازانن کە مردووە.

- دوای ئەوەی عینقاکە دەگات بەوێ و هیچ نادۆزیتەوە، بێگومان هۆزەکانی ئەشاوس دەیکوژن.

شـواهر وای گـوت دوای ئەوەی زانـی کە چیتـر بوونیـان لەوێـدا گرنـگ نیـیە، بـۆیە سـەری ڕێـزی داخسـت و داوای لە پادشـا کـرد ڕێگەیان بدات بڕۆن و گوتی:

- دەمەوێت تەواوی لادێی جادووگەرەکان ئامادە بن بۆ جەنگ، لە هەر ساتێکدا بێت.

- متمانەت پێمان هەبێت گەورەم، هەمیشە ئامادەین.

وای گوت و ون بوو.

پادشا وەزیری جەنگی ئامادە کرد و باسی هەموو ئەو مەترسی و پلانـانەی بـۆ کـرد کە دەبێـت ئەنجـامی بـدەن بـۆی، تەواوی سـوپای مەملەکەتـی ئەبابیـل ئامـادەبوون و هەروەهـا ڕێکخـراوی جاسـومیش، فەرمانی پێدان کە هەندێک کەس بنێرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ پادشـاکانی تردا هاوپەیمانی ڕابگەیەنن، جـورمی چـوو فەرمـانەکە جیبەجێ بکات، پادش طاغین تەماشای ماردی مراقیبی کرد و هەستی دەکرد دەبێت پلانێکی تریش دابنێن.

- گوتت کە یەکێک لە هاوڕێکانی عاصف لە لادێکە ماوەتەوە؟

- بەڵێ، گەورەم ناوی شیمالییە.

- بیهێنە بۆم.

لە ئێـوارەدا شـیمالی جەسـتەکەی شـت و بـرینەکەی دوورێـەوە، پاشـان بـردی بەرەو گۆڕسـتانەکە... هەر کە گەیشـتە ئەوێ بـۆنی یاسـەمین لە گـۆڕەکەی جومانـاوە دەهـات، بـۆیە بینـی لە تەنیشـت گـۆڕەکەدا چاڵێـک کـراوە وەک ئەوەی جومانـا خـۆی لە خـوارەوە ئامادەی کردبێت و هاوسەرەکەی تێ بکات...

دوای ئەوەی تەواو بـوو لە ناشـتنی جەسـتەکە، گەڕایەوە بەرەو ماڵەوە و چاوەڕێی هاتنەوەی حەکیم و ئیکلیل بوو، بەڵام کە لە ڕێگا بوو، هەستی دەکرد کەسێک لە پشتی درەختەکانەوە بە دوایەوەیەتی،

بەهۆی تاریکییەوە نەیدەتوانی دڵنیا بێتەوە لەوەی هەستی پێ دەکات، بـــۆیە بەردەوام بـــوو، تـــاکوو گەیشـــتەوە مـــاڵەوە دەســـتی بە شمێشیرەکەیەوە بوو بۆ بارودۆخی لەناکاو، پاشان بەبێ ئامادەباشی سیوحەوت سەرباز هاتنە بەردەمی و شمێشێرەکانیان بە ڕوویدا بەرز کردەوە، یەکێکیان پرسی:

- تۆ شیمالیت وایە؟

- تۆ کێیت؟

- ناوم مراقیبە.

- چیت دەوێت؟

- نابفیل داوای کردووە چاوت پێی بکەوێت.

بە ئاسـان خـۆی نەدا بە دەسـتەوە، بەڵام ئەوان لەوە زیـاتر بـوون کە بە ئاسانی بتوانێت ڕووبەڕوویـان ببێتەوە، بۆیە بە هێز گرتیـان و بووراندیانەوە. دواتر کە هۆشی هاتەوە گوتی:

- عاصف هەر هەمووتان دەکوژێت بۆ کوێ دەمبەن؟

کەس لە لادێی جەساسە ڕێگری لە بردنەکەی شیمالی نەکرد، تەنیا دووان لە کەرەکـان نەبـن ئاگـاداری بـارودۆخەکە بـوون لە پشـتی دیوارەکەوە تەماشایان دەکرد:

قومری لە سامری پرسی:

- بۆ کوێی دەبەن؟

- پێم وابێت دەیبەن بۆ کوشتارگەکە لەوێ کەوڵی دەکەن، دواتر جانتا و جل و پێڵاوی لێ دروست دەکەن.

٣١

لە بەرزیی هەزاران پێوە، ئیکلیل بە ئاسماندا دەفڕی، لەسەر پشتیشی حەکیمی پێبوو، بەرەو زنجیرە چیا قەدەغەکراوەکان دەچوون کە هۆزەکانی ئەشاوسی لێ دەژیان، بە هیوای ئەوەی چاویان بە ئەیوب بکەوێت و نامەکەی پێ بگەیەنن کە عاصف پێی گوتبوون.

دواتر بە ترسەوە ئیکلیل بە حەکیمەکەی گوت:

- بۆچی ترسایت؟

- نەترساوم.

- ترسم لە چاوەکانت خوێندەوە، دەتوانم لە چاوەکانت بیخوێنمەوە.

- چاوەکان.

قسەکەی ڕاست کردەوە پاشان بە گاڵتەجاڕییەوە گوتی:

- خۆزگە دەتوانی قسە بکەیت.

- بۆچی ترسایت؟

قسەکەی دووبارە کردەوە. دوای بیدەنگییەکی کورت وەڵامی دایەوە:

- لەبەر ئەوەی عاصف دڵنیا نەبوو ئایا ئەیوب لەوێیە یاخود نا.

- ئەوە واتای چییە؟

- تۆ هیچ دەربارەی هۆزی ئەشاوس نازانیت هەر بۆیە هەست بە نیگەرانی مەکە لە چوونت بۆ ئەوێ، من تەنیا لەبارەیان خویندوومەتەوە، بۆیە پێویست ناکات بترسیت، ئەوان زۆر بەهێزن و کەس پێشتر نەیتوانیوە بیانشکێنیت، تەنانەت ئەوان بەهێزترین بوونەوەری سەر زەوین.

وەک ئەوەی هۆکاری ترسەکە بزانێت. گوتی:

- تەنیا پرسیاری ئەیوبیان لێ دەکەین.

- ئەگەر برۆین بۆ ئەوێ و نەیدۆزینەوە دەمانکوژن، لەبەر ئەوەی متمانە بە کەسانی نەناسراو ناکەن.

ئەمەش هۆکارێکە بۆ ترسەکەی. ئیکلیل بێدەنگ بوو کەمێک، پاشان گوتی:

- بۆچی؟

- ئەی نەتبیست گەمژە، کە گوتم ئەوان متمانە بە کەسانی نەناسراو ناکەن؟

- بۆچی بە عاصفت نەگوت؟

- لەبەر ئەوەی ئەگەر پێم بگوتایە ئەوا ئەم ئەرکەکەمانی ڕەت دەکردەوە.

دواتر لەبەر ئەوەی هێشتا بەرەو ڕۆژئاوا دەچوو ئیکلیل دەیزانی کە گەیشتووە بە شوێنی داواکاراو گوتی:

- خۆت بگرە زیاتر بەرز دەبینەوە، پاشان بەرز بۆیەوە تاکوو بتوانێت لووتکەی چیاکان ببڕێت، دواتر کە گەیشتە جێیەک کە ڕێگای هۆزەکانی ئەشاوس بوو، شێوەیان سەیر بوو، ڕەش و بالابەرز بوون، جەستەی ئەسپیان هەبوو، سەری مرۆڤیان هەبوو، جەستەیان کەتە و بەهێز بوو، بوونەوەرانیکی سەیر بوون، داسێکی بە دەستەوە بوو بە دەنگێکی قورس گوتی:

- چی ئێوەی هێناوە بۆ ئێرە؟

ئیکلیل لەو ساتەدا هەستی بە سەرمایەک دەکرد کە بە جەستەیدا تێدەپەڕی، گوتی:

- چیت کرد حەکیم، ئەو شتە چییە هەستی پێ دەکەم لە پشتم دا؟

- ببووڕە نەمتوانی بەسەر خۆمدا زاڵ بم.

پیاوەکە هاواری کرد بەسەریاندا:

- باسی چی دەکەن ئێوە؟

حەکیمەکە بە ترساوییەوە گوتی:

- هیچ نییە، خۆت بە شتی بێماناوە سەرقاڵ مەکە.

پاشان بە گوێی ئیکلیلدا چپاندی:

- ئای خودایە هەست دەکەم توانام بەسەر شوێنێکی تریشمدا لەدەست دەدەم.

- ئاگادار بە حەکیم، نەکەیت!

حەکیمەکە گوتی:

- هەوڵ دەدەم خۆم ڕابگرم بەڵام ناتوانم.

پاشان گوتی:

- ئیکلیل ئایا هەرگیز لە خەونـدا کابوسـت دیـوە وەکـوو ئەم بوونەوەرە؟

قنطورەکە لێی نزیک بۆیەوە بە خێرایی، لەگەڵ ئەوەی بەهێز بوو بەڵام لە دواوە دای لە ئیکلیل. بە یەک دەستی توانی لە ئیکلیل بدات.

قنطورەکە پرسی:

- وەڵامی پرسیارەکەمتان نەدایەوە، چی ئێوەی هێناوە بۆ ئێرە؟

ئیکلیل گوتی:

- بەدوای ئەیوبدا دەگەڕێین.

قنطورەکە کەمێک کەوتە بیرکردنەوە، دواتر گوتی:

- کەس بەو ناوە لێرە نییە.

حەکیم لەنێو چنگی قنطورەکەدا گوتی:

- پێدەچێت هەڵەمان کردبێت لە ناونیشانەکەدا، کەواتە ڕێگەمان پێ دەدەیت بگەڕێینەوە؟

- بێگومان.

- بە ڕاستی کەسانێکی بەڕێزن ئێوەی قنطورەکان.

- بە تەواوی جیهان بەجێ دەهێڵن.

قنطورەکە وای گوت و ملی حەکیم و ئیکلیلی توند گرتبوو، هێندی نەمابوو بیانخکێنێت. هەر کە نزیک بوونەوە لە کۆتایی، ئیکلیل گوتی:

- هێی حەکیم، شتێک بکە.

- چی بکەم؟

ئیکلیل هەستی دەکرد جەستەی دەکولێت بەهۆی ئەو دەستانەوە، بۆیە ڕەنگی چاوی ڕاستی گۆڕا بۆ سوور وەکوو ڕەنگی چاوی چەپی عاصف کە تووڕە دەبوو، پاشان توانی دەنووکی بکاتەوە کە ناتوانرێت وەسفی لێ بکرێت چۆن نێولەپی قنطورەکەی سووتان...

ئازاد بوو لە دەستی بەوەی کە فڕی بە باڵە سوورەکانی و حەکیمەکە گوتی:

- ڕاکە بە هەموو تواناتەوە!

هەوڵی دا بە هەموو توانای ڕابکات، بەڵام لەبەر ئەوەی تاکی زۆری لێبوو لە هۆزی ئەشاوس کە هەموویان جەستەی ئەسپیان هەبوو، بەڵام دەیانتوانی بفڕن، سەری مرۆڤیان هەبوو بۆیە لە هەموو لایەکەوە هاتن بۆی بە تیر و ڕمەوە.

ئیکلیل زۆر زمانی پاک بووبۆیەوە دوای پێگەیشتنی:

- نەهاتووین بۆ ئازاردانی کەس، بۆ ناهێڵن بە سەلامەت بڕۆین؟

قنطورێکی پیر لێی نزیک بۆیەوە کە باڵەکانی سپی بوون، بە تەواوی سەری لە مرۆڤ دەچوو، دوو گوێی گەورەی هەبوو لە گوێی ئاژەڵ دەچوون، سەری سپی بووبوو، سکی کەمێک داچۆڕابوو، بەڵام سنگی بەرز بوو، دایپۆشی بوو بەهۆی هەندێک گژوگیاوە، ڕمێکی بە دەستەوە بوو، گوتی:

- ئەم شاخانە قەدەغەکراون لە سەردەمانێکی زۆر کۆنەوە.

- هاتووین بۆ ئێرە تاکوو بەدوای هاوڕێکەماندا بگەڕێین، نەهاتووین بۆ شتێکی تر خاتوون.

پیرەژنەکە کەمێک سوور هەڵگەڕا، چونکە هەستی بە شەرم دەکرد:

- بە خاتوون بانگت کردم ئەی باڵندەی جوان.

- بەڵێ، تۆ ئافرەتێکی باشیت.

- بەسە، تۆ شەرمەزارم دەکەیت.
پاشان هەستی دەکرد حەز لەو پێداهەڵدانە دەکات.
حەکیمەکە بە گوێی ئیکلیلدا چپاندی:
- دەمزانی چەندە مونەرمیت.
پاشان گوتی:
- بەڵام نەمزانیبوو مونەرمی بۆ قنطورەکانیش دەکەیت.
ئیکلیل خۆی ناساند:
- ناوم ئیکلیلە و ئەمەش حەکیمی هاوڕێمە.
ژنە پیرەکە گوتی:
- منیش ناوم جەهیمەیە.
- بەهیمە؟
حەکیمەکە پرسی بە سەرسامییەوە و پێکەنی:
- ئای خودایە، بۆ خاتری ئاسمان ناوت بەهیمەیە؟
هەموویان تەماشایان کرد بە تووڕەییەوە، لەو کاتەدا ئیکلیل گوتی:
- بێگومان دەمانکوژن بەهۆی ئەم زمانە درێژەتەوە.
جەهیمە کەوتە جدییات و گوتی:
- ئەو کەسە کێیە هاتوون پرسیاری لەبارەوە دەکەن؟
ئیکلیل گوتی:
- لە هاوڕێیەکەوە دەزانین کە لێرەیە.
- کێیە، قنطورە؟
- نا، گۆرێلایە.
یەکێک لە قنطورەکان گوتی:
- گاڵتەمان پێ دەکەیت مشکەکە؟
حەکیمەکە گوتی:
- ئەوانە گاڵتە هەڵناگرن ها.
ئیکلیل گوتی:
- بەڵکوو مرۆڤە و ناوی ئەیوبە.

جەهیمە سەری خوراند و بیری دەکردەوە پێدەچوو بزانێت، بەڵام ئەوانی تر کەسیان بەو ناوە نەدەناسی، حەکیمەکە گوتی بێگومان دەمرین، بەڵام جەهیمە وەک ئەوەی بیری بێتەوە گوتی:

- پێم وابێت باسی ئەو مرۆڤە دەکەن کە ئەسمەرە و هاورێی شازادەی هۆزەکەمانە ئاشاس؟

ئیکلیل و حەکیم لە هەمان کاتدا گوتیان:

- ئەوە ئەو هاورێیەمانە کە بەدواییدا دەگەڕێین.

دوای ئەوە جەهیمە هەردووکیانی برد بەرەو ئەشکەوتێکی تاریک کە حەوت قنطوری تر پاریزگاریان دەکرد. ڕیشێکی درێژیان هەبوو، جیاواز بوون لە بوونەوەرەکانی تر، پێدەچوو بەهێزتربن، لە پشتیانەوە چوار باڵی تر هەبوو کە دیاربوو خێرایە بۆ فڕین.

پاسەوانانی ئەشکەوتەکە گوتیان:

- بوەستن! ئەمانە کێن؟

- دەڵێن کە هاورێی ئەیوبین، ڕوونی کردەوە هاورێی شازادەیە بۆیە ڕێگایان بۆ چۆڵ بکەن.

بەردەوام بوون لە ڕێگەکەیان، دەستی بۆ ناو ئەشکەوتەکە درێژ کرد:

- وڵاتەکەمان لەوێوەیە.

حەکیمەکە بە سەرسامییەوە پرسی:

- ئایا ئێوە لەنێو ئەم ئەشکەوتەدا دەمێننەوە؟

- بەڵکوو ئەمە دەرگای وڵاتەکەمانە.

سەرسامبوونەکە لە لای حەکیم و ئیکلیل زۆرتر بوو دوای ئەوەی کە چوونە نێو ئەشکەوتەکە، دوای ئەوە گەیشتنە شارێک کە خۆری تێدا هەڵهاتبوو، لەگەڵ ئەوەی لە ئەبابیلدا کاتی خۆرئاوابوون بوو، بەڵام وڵاتەکە زنجیرە چیای سەوزی تێدابوو، بە هەمان شێوە دارستان و ڕووبار، ئەوەی وای کردبوو کە دیمەنی زیاتر جوان بێت

ئەو مالآنە بوون کە لەنیو چیاکەدا هەڵکەنرابوون کە هەر لە کۆشکی پادشایەتی دەچوون... جەهیمە پرسی:

- دەتوانیت بگەیتە ئەو بەرزییە زۆرە ئەی باڵندەی عینقا؟

ئیکلیل کە تازە تواناکانی تاقی دەکردەوە لە تەمەنی پێگەیشتنیدا، گوتی:

- پێم وابێت بەڵێ.

- کەواتە دەتوانیت....

جەهیمە فڕی و لە دوایەوە ئیکلیل فڕی تاکوو گەیشتنە نێو هەورە یەکتربڕەکان، بەدوایدا ڕۆیشت تاکوو گەیشتە لووتکەی چیاکە، لەوێدا تەواوی ولاتەکە دیار بوو... دوای ئەوەی گەیشتن، ئیکلیل ماندوو بووبوو بەهۆی ئەو بەرزییە زۆرە و پەستانی هەواکەش، بەڵام بە هەمان شێوە حەکیمەکەش هەستی بە ماندووبوون دەکرد.

- چیتە حەکیم؟

- هەست دەکەم سەرم دەتەقێت ئیکلیل.

جەهیمە گوتی:

- بەهۆی پەستانەکەوەیە، لە بەرزیی زۆردا تووشی دەبیت.

بە تووڕەییەوە گوتی:

- دەی بۆ ئێمەت هێنا بۆ ئێرە؟

دەستی بۆ پێش خۆی ڕاکێشا و گوتی:

- ئەمە کۆشکی شازادەکەمانە، "ئاشاس" و "هاوڕێکەتان ئەیوب" لێرە دەمێننەوە.

حەکیمەکە تەماشای ئەو جێیەی کرد کە ئاماژەی بۆ کرد، بەڵام هیچی نەبینی بەهۆی تەمەوە.

- پێدەچێت بەهۆی بەسالاچوونتەوە تووشی وڕێنە بووبێتیت.

لەبەر ئەوەی کەسێک ئەوەی بیر خستەوە کە بەسالادا چووە، بێزار بوو گوتی:

- پێدەچێت مشکێک بیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ولاتەکەی خۆی بەبێ زمان.

- پێدەچێت مشکێک بچێتە نێو...

- هێی حەکیم بەسە، ئیکلیل بێدەنگی کرد.

ڕاستی دەکرد، چونکە لە پشت ئەو تەمە زۆرەوە کۆشکێکی گەورە هەبوو.

جەهیمە ڕووناکییەکانی کۆشکی پیشان دان کە بە دیواری کۆشکەکە هەڵواسرابوون، چوونە ژوورەوە، لە بەردەم ژووریکی بەردیندا دەرگاکەی لە قوماش دروست کرابوو، سێ جار قاچی لە زەویەکە خشاند تاکوو پەردەکە جوولا و لێوەی کەسێکی ڕەنگ ئەسمەر دەرهات کە پێدەچوو مرۆڤ بێت.

حەکیمەکە گوتی:

- ئەیوب.

جەهیمە پرسی و دەستی بۆ ڕاکێشان.

- ئەم دووانە دەڵێن کە هاوڕێتن؟

ئەیوب کەسیانی نەدەناسییەوە، چونکە یەکەمین جار بوو بیانبینێت.

گوتی:

- ڕاست نییە، پاشان دەرگاکەی داخست و چووەوە ژوورەکەی.

جەهیمە بە تووڕەییەوە تەماشای کردن:

- درۆتان لەگەڵدا کردم؟

- درۆمان نەکردووە.

ئیکلیل گوتی:

- با بابەتەکەت بۆ ڕوون بکەینەوە!

- نامەوێت هیچم بۆ ڕوون بکەنەوە.

وای گوت و پاشان هەردووکیانیان گرت و لە ژوورەکە دووریان خستنەوە، لە کۆتا هەوڵدا حەکیمەکە توانی سەری دەربهێنێت لە چنگی و بە ئاراستەی ژوورەکە هاواری کرد:

- مێـرووە بێـزارکەرە بچـووکەکە پێویسـتی بە یارمەتیـت هەیە ئەیوب.

پاشان بەر لەوەی جەهیمە دووریان بخاتەوە، ئەیوب دەرگاکەی کردەوە و گوتی:

- یەک خولەک جەهیمە، بوەستە.

جەهیمە وەستا و ئەیوب سەرسام بوو:

- ئایا کەسێکتان گوتی کە مێرووە بێزارکەرە بچووکەکە پیویستی بە یارمەتی من هەیە؟

- بەڵێ، وام گوت.

- تۆ کێیت ئەی مشک؟

- من مشک نیم، حەکیمەکەم.

- کام حەکیم؟

- ئەوەی دێی جەساسە، منت بیرچووە گۆرێلا زلەکە؟

لەو کاتەدا کە گوتی "گۆرێلا" ئەیوب بیری کەوتەوە و پێکەنی.

**

دوای ئەوەی تەواوی بارودۆخەکەیـان ڕوون کـردەوە و زانـی کە عاصف پێویستی بە ئەو هەیە گوتی:

- وازم لە جەنگ هێناوە.

حەکیم پرسی:

- ئایا کۆڕی هاوڕێکەت بە تەنیا جێدەهێڵیت بمرێت؟

- چیتر بەحر هاوڕێم نییە، دوای ئەوەی هەوڵی کوشتنمی دا.

- بەڵام عاصف پێویستی پێتە.

- منیش پێویستم بەوەیە بە تەنیا بم.

ئیکلیل خۆی فرێدایە ناو قسەکانەوە:

- ئێمەی ناردووە چونکە متمانەی پێتە و پێی وایە پاڵپشتی دەکەیت.

- هەردووکتان گوێبگرن، چیتر کەس بە لامەوە گرنگ نییە، من وازم لە شەڕکردن هێناوە و بڕایەوە.

حەکیم پرسی:

- ئەمە کۆتا قسەی تۆیە؟

ئەیوب هەستایەوە لە جێی خۆی و گوتی:

- باشترە چی زووە ئەم وڵاتە بەجێ بهێڵن و من لەبیر بکەن.

دواتر بەر لەوەی پەردەکەی دابداتەوە ئیکلیل قسەی کرد:

- بەحر خۆشەویستی و لێبوردنی بۆت ناردبوو.

ئەیوب وەستا لە جێی خۆیدا:

- هەوڵێکی باش بوو باڵندە، بەڵام پێت وایە کە بەو درۆیانە ڕای خۆم دەگۆڕم؟

حەکیمەکە گوتی:

- ئەوە درۆ نییە، چونکە کۆتا وەسییەتی ئەو بوو بەر لە مردنی.

ئەیوب سەرسام بوو گوتی:

- بەحر مرد؟

ئیکلیل گوتی:

- کوژرا.

ئەیوب پرسی:

- هیچی تری گوت؟

حەکیمەکە وەڵامی دایەوە گوتی:

- بەڵێ.

- داوای لێبوردن ناکات، چونکە هەرگیز لەتوان هاورێیاندا داوای لێبوردن بوونی نییە.

لەوکاتەدا ئەیوب خەم و پەژارە دایگرت، چونکە هاوڕێی تەمەنی مردووە.

٣٢

عاصف و سەرابی چوونە نێو مەیدانێکی گەورەوە کە هەموو کەسە بەتەمەنەکانی خێزانی ئیمپراتۆری لەوێ بوون، دانیشتبوون بە شێوەیەکی بازنەیی، لە هەموو لایەکانەوە ئاگر کاری دەکرد، لە شوێنی یاریگای پۆمانییەکان دەچوو، هەموو ئامادەبووان چپەچپیان بوو ئاخۆ بۆچی دەبێت ئەم نەوەیە هاتبێت.

عاصف پرسی:

- ڕوزانا ئەمانە کێن؟

- ئەمانە گەورە پیاوان و ژنانی خێزانەکەتن جەنابی شازادە.

- بۆچی بەم جۆرە تەماشام دەکەن؟

- پرسیاری هۆکاری هاتنت دەکەن.

پاشان گوتی:

- گوێی پێ مەدە، بە دوامدا وەرن.

سرابی و عاصف بەدوای ڕوزانای شەیتاندا ڕۆیشتن بۆ ناوەڕاستی هۆڵەکە، دوو کەس لەسەر مینبەرێکی بەردینی بەرز دانیشتبوون. یەکێکیان وەزیرە خەیزەران بوو، ئەوەی تر پێشتر نەیدیبوو کێیە، بەڵام دڵنیابوو کە ئەو کەسەی لە پاڵیەتی باپیریەتی.

پیاوێکی کەڵەگەتی سەرکەچەڵ بوو، کە چەند تاڵە قژێکی سپی پێوە بوو، بە هەمان شێوە سمێڵێکی قەوی سپی هەبوو، لە لایەکانەوە بۆ سەرەوە بەرز بووبونەوە، دوو چاوی مەستی هەبوون کە سەرنجڕاکێش بوون، ڕووخسارێکی ساردی هەبوو، پێدەچوو باکی بە هیچ نەبێت، لەگەڵ ئەوەی بە تەمەندا چووبوو هێز و توانای دەردەکەوت.

- لێرەدا بوەستن...

ڕوزانا پێی گوتن بەڵام خۆی بەرەو مینبەرە بەردینەکە ڕۆیشت و پارچە قوماشەکەی کە خوێنی بەحری پێوە بوو پێیدان، خەیزەران پارچەیەک لە قوماشەکەی خوارد تاکوو تامی خوێنەکە بکات، بە دەنگی نزم پرسی:

- خۆت دڵنیابوویتەوە لێی؟

- بە چاوی خۆم بینیم کە لەنێو خوێندا گەوزابوو.

شەیتانەکە پارچە قوماشەکەی گەڕاندەوە، گوتی:

- باشە.

- هەموتان ئەی گەورەکانی خێزانی ئیمپراتۆر گوێ بگرن، دڵنیا ببنەوە لەوەی کە ئەوەی کچەکەتانی بردووە، ئێستا مردووە...

لێرەدا جەبار تەماشای عاصفی کرد و گوتی:

- مەترسە، نزیک ببەرەوە کوڕە، پێشمان بڵێ بۆ وێستت چاوت پێمان بکەوێت؟

عاصف دەستی سرابی گرت و چوونە پێشەوە:

- هاتووم داوای هاوکاریتان لی بکەم.

کەمێک بێدەنگ بوو تاکوو ئامادەبێت بۆ قسەکانی دواتری، چونکە پێویستی بە هێز هەبوو، دواتر گوتی:

- تاکوو نابفیل لەناو ببەم.

لەبەر ئەوەی چاوەڕوانەکراو ئەو قسەیە بوو، کەسیان چاوەڕێیان نەدەکرد کوڕەکەی جومانا بۆ کارێکی وەها هاتبێت. جەبار لەنێو هەموویاندا ساردتر بوو لە دەربڕنیدا، بێدەچوو پێشتر زانیبێتی بۆچی ئەو کوڕە دێت بۆ ئێرە، بۆیە بە دەستە گەورەکانی کێشای بە مینبەرە بەردینەکەدا و گوتی:

- بێدەنگی بەڕێزان.

پاشان ڕووی کردە نەوەکەی و پرسی:

- بۆچی دەتەوێت بیکوژیت کوڕە؟

- لەبەر ئەوەی کچەکەت، جومانای کوشت.

به سانایی وشەکانی هەڵبژاردبوو، پێی وابوو بەو جۆرە دەتوانێت کاریگەری لەسەر باپیری هەبێت و زیاتر بتوانێت سەرنجی ڕابکێشێت:

- بەڵام ئەوە بۆ خێزانی ئیمپراتۆر هیچ مانایەکی نییە، بۆیە بۆچی یارمەتیت بدەین؟

- ئەی جومانا کچت نەبوو؟

پاشان تەماشای دەوروبەری خۆی کرد:

- مەگەر تاکێک نەبوو لە ئێوە؟

- چیتر وا نەماوە.

جەبار چەقۆکەی دا بە زەویدا و گوتی:

- ماوەیەکی زۆر دەبێت ئێمە دەستمان لێ هەڵگرتووە، چیتر تاکێک نییە لە خێزانی ئیمپراتۆر.

بە سۆزەوە پرسی:

- خۆشت ناوێت؟

جەبار بە شێوەیەکی پچڕپچڕ گوتی:

- نەخێر.

عاصف خۆی نەدا بە دەستەوە، گوتی:

- ئایا ئەوە مانای وایە کە مرد بۆی دڵتەنگ نەبووێت؟

تەواوی هۆڵەکە بێدەنگ بوون، چاوەڕێی وەڵامەکەی بوون:

- واتە هیچ ئارەزووی ئەوە ناکەیت تۆڵە لەو کەسە بکەیتەوە کە کوشتی؟

پاشان پرسیارێکی تری کرد، بەبێ ئەوەی دەرفەتی بدات وەڵامی بداتەوە:

- ئایا مانای ئەوەیە ئەگەر کات بگەڕێتەوە دواوە، نایپارێزیت لە مردن؟

لەگەڵ بەهێزی پرسیارەکانیدا هێشتا جەبار خۆی گرتبوو کە تووڕە نەبێت، بەڵام عاصف هاواری کرد بەسەریدا:

- پێیان گوتم بەهێزیت، بەڵام دەبینم لەژێر پەردەی بێدەنگیدا ترسنۆکییەکەت شاردۆتەوە!

دووبارە ورتەورت لە هۆڵەکەدا دەستی پێکردەوە، چونکە کەس باوەڕی بە چاوی خۆی نەدەکرد، دوای ئەوەی دەنگی بەسەر جەباردا بەرز کردەوە هێشتا زیندووە، لەوەش زیاتر پێی گوت ترسنۆک.

دەستە زلەکانی دووبارە بەرز کردەوە و کێشای بە مینبەرە بەردینە گەورەکەدا:

- بێدەنگی بەڕێزان!

پاشان گوتی:

- پێم گوتیت کە جومانا چیتر خیزانەکەمان نییە، ئەمەش مانای وایە هیچ بە لامانەوە گرنگ نییە، ئەگەر دووبارە ژیان بگەڕێتەوە دواوە وەکوو ئەوەی کە گوتت، ئەوا من...

قسەکەی پێ بڕی بەر لەوەی تەواوی بکات:

- بەسە درۆکردن، تکایە هیچ مەڵێ.

پاشان بە تۆنێکی گریانەوە گوتی:

- پێم مەڵێ کە ئەگەر بتزانیایە ئەوا هیچ هەوڵی پاراستنیت نەدەدا، تەنانەت ئەگەر هەموو دونیاش وام پێ بڵێن.

لەوە زیاتر گەورەپیاوانی خێزانی ئیمپراتۆر بەرگەی ئەوەیان نەدەگرت کە سووکایەتی بە گەورەکەیان بکرێت، بۆیە هەموویان داوای ئەوەیان دەکرد دانیشتنەکە کۆتایی پێ بهێنرێت و ئەو منداڵە بڕواتەوە بۆ ئەو جێیەی کە لێوەی هاتوو، لێرەدا داواکارییەکانی خەڵکەکە وەرگیرا.

وەزیرە خەیزەران کێشای بە مینبەرەکەدا و گوتی:

- دانیشتنەکە کۆتایی هات و بەشداریکرنی جەنگ ڕەت کرایەوە.

عاصف هاواری کرد:

- ئەمە دادپەروەری نییە.

زۆری پێنەچوو، ڕووی کردە ڕوزانا و گوتی:

- لێرە بیانبەن.

دوای ئەوەی هەوڵیاندا قۆڵبەستی بکەن و بیبەنە دەرەوە، گوتی:

- دەمرم! دەمرم دڵنیام، دوای ئەوەی دەچمە دەرەوە نابفیل پێی دەزانێت، ڕاستەوخۆ دەمکوژێت، ئایا منیش بە لاتانەوە هیچ گرنگ نیم ئەی خێزانی ئیمپراتۆر؟

وەزیرە خەیزەران گوتی:

- دەتوانیت لێرە بمێنیتەوە لەژێر سایەی ئیمپراتۆردا ئەگەر بتەوێت، بەڵام ئەو کچە دەگەڕێتەوە ئەو جێیەی کە لێوەی هاتووە.

- ئایا هێندە کەسێکی هیچم تاکوو واز لە هاوڕێکانم بهێنم بەم جۆرە لە ترسی مردن؟

- ئەوەیان کێشەی خۆتە.

گوتی پاشان تەماشای شەیتانەکەی کرد:

- دەی.

بەر لەوەی ڕوزانا بیانبات سرابی ڕووی کردە جەبار و گوتی:

- ئێوە وازتان لە جومانا هێنا، نەوەک ئەو وازی لە ئێوە هێنابێت.

خەیزەران بە خێرایی گوتی:

- بێدەنگ بە هەی مرۆڤی قێزەون!

بە تووڕەییەوە گوتی:

- بێدەنگ نابم تەنانەت ئەگەر بەهۆی قسەکانمەوە بمرم.

- کەواتە بمرە.

خەیزەران بە جۆرێک گوتی کە تووڕەیی لێدەباری و عاصفیش دەیزانی کە هێرش دەکاتە سەر سرابی، بۆیە ڕەنگی چاوی گۆڕا بۆ سوور و هەردوو دەستی کردەوە تاکوو بیپارێزێت لە هێرشی خەیزەران، بەر لەوەی هێرشەکە جێبەجێ بکات جەبار گوتی:

- با گوێ لە قسەی ئەم کچە بگرین بزانین چێ دەڵێت.

- بەڵام گەورەم...

جەبار قسەکەی پێ بڕی:

- هیچ زەرەر ناکەین ئەگەر گوێی لێ بگرین، پاشان ڕووی کردە سرابی:

- نزیک ببەوە کچەکە پێم بڵێ بۆچی؟

عاصف قسەکەی پێ بڕی:

- ناوێکی هەیە باپیرە، ناوی سرابییە.

جەبار پێکەنی چونکە بیری کەوتەوە، پاشان گوتی:

- نزیک ببەوە سرابی.

سرابی نزیک کەوتەوە لە مینبەرە بەردینەکە هەر وەک ئەوەی جەبار داوای لێ کردبوو:

- پێم بڵێ بۆچی ئێمە وازمان لە جومانا هێناوە نەوەک ئەو.

- لەبەر ئەوەی ئێوە لە دژی ویستی دڵی وەستانەوە، هەر کەسێکیش لە دژی ویستی دڵ بوەستێتەوە دۆڕاوە.

- ئێمە لە دژی نەوەستاینەوە، ئەوە تەنیا یاسای خێزانەکەیە.

- هیچ یاسایەک ناوەستێتەوە لە بەرانبەر خۆشەویستیدا.

پاشان گوتی:

- خۆشەویستی شتێک نییە ئێمە هەڵی بژێرین، بەڵکوو ئەو هەڵمان دەبژێرێت و خۆیمان بەسەردا دەسەپێنێت، وەکوو باران وایە. ئایا دەتوانیت باران ڕابگریت یاخود ڕێگە لە ئاوی دەریا بگریت؟ ئایا دەتوانیت ڕێگە لە درەخت بگریت بەر نەکات، بێگومان نا، دوای چەند ڕۆژێک جووتیارێک دێت و بەرەکانی لێ دەکاتەوە.

سرابی کەمێک بێدەنگ بوو، پێی وابوو هەمووان سەرنجی قسەکانی دەدەن، بەڵام بەردەوام بوو لە بەرانبەر داکۆکیکردن لە خۆشەویستی:

- جومانا خۆی هەڵی نەبژارد بکەوێتە خۆشەویستییەوە، بەڵکوو کەوتە نێوییەوە و تەواوبوو، ببوورن کە ئێستا وا دەڵێم، بەڵام گەمژەیی بوو کە لەسەر ڕێگەیاندا بوەستن، لەبەر ئەوەی

خۆشەویستی هەمیشە هەڵمان دەبژێرێت، ئەگەر دووبارە و هەزار بارە بژیەنەوە، بێگومان هەمان شت هەڵدەبژێرێتەوە.

جەبار بە بیدەنگی تەماشای تەواوی گەورەپیاوانی خێزانەکەی کرد، بەو سەیرکردنەی وەکوو جەبارێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکوو دەبوو وەکوو گەورەیان و جێگری هەموویان قسە بکات گوتی:

- پێشتر کە پاشای مەملەکەتی ئەبابیل بووم، ئەو کاتە طاغین یاخود نابفیل کە دواتر ناوی خۆی نا، تاکە کەسی نزیک خێزانەکەمان بوون کە برای ژنەکەم تاج دەکات.

عاصف سەرسام بوو لەو کاتەدا، جەبار قسەکەی تەواو کرد:

- بەڵام طاغین ناپاکی لێ کردین و توانی بە زوڵم و ستەم و فێل بڕوات بۆ دێی جادووگەرەکان و لەگەڵیاندا هاوپەیمانی ببەستێت و سوپایەکی گەورە بۆ خۆی دروست بکات لە مرۆڤ و عفریت و شەیتان و دێو، دواتر ناوی ڕێکخراوی جاسومی لێ نان، هەوڵ لێرە و لەوێ بڵاو دەبۆیەوە کە هەوڵ دەدات لە دژم هەڵبگەڕێتەوە، بەڵام ژنەکەم تاج دڵنیای کردمەوە کە ئەو هەرگیز زیان بە عەرشەکەم و پادشایەتییەکەم ناگەیەنێت، تاکوو چەند ڕۆژێکی کەمی پێچوو قسەکان بوون بە ڕاستی و پلانەکەی سەری گرت.

عاصف بە فزولییەتەوە گوتی:

- چی ڕوویدا؟

تەماشای نەوەکەی دەکرد و گوتی:

- طاغین توانیان بە زۆرداری، بەهۆی سوپا گەورەکەیەوە سوپای مەملکەتی ئەبابیل ببەزێنن، پاشان هێزەکانیان لە ئەرباب و دەوری کۆشک بڵاوە پێ بکەن تاکوو ئیمپراتۆرەکان لەناو ببەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئێمە نیوەی خێزانەکەمان لەو جەنگەدا لەدەست دا، نیوەکەی ترمان توانی ڕزگاری ببێت و هەڵبێن.

لەو کاتەدا کە جەبار بە ساردی قسەی دەکرد، هەموان دەیانزانی کە چۆن ناخی دەکوڵێت:

- منیش ڕام کرد، له هەموو جێگایەکی ئەبابیل دەگەڕاین تاکوو جێگەیەک بدۆزینەوە، لە کۆتاییدا دارستانێکی چۆڵکراومان دۆزییەوە لە نزیک گوندی جەساسە، بڕیارمان دا ئەو دارستانە بکەین بە جێی خۆمان، ئێمە کە لەوێ دەژیاین بێگومان بە دەر نەبووین لە شتی سەیروسەمەرە، بۆیە هەموویانم کۆکردەوە و لەگەڵ لادێکەدا ڕێککەوتین کە ئازاری هیچ کەس لە تاکەکانی لادێکە نادەین، لە بەرانبەر ئەوەدا کەس لە مرۆڤەکان نەیەنە نێو دارستانەکەوە، ئەوانیش ڕازی بوون، بەڵام پێشنیاری شتێکیان بۆ کردم.

عاصف بە گرنگییەوە پرسی:

- پێشنیاری چییان کرد؟

- هەرگیز هێزە تایبەتییەکەمان بەرانبەر تاکەکانی لادێکە بەکار نەهێنین تاکوو سەرنجیان ڕانەکێشین و نەترسن، تا طاغین بە شوێنەکەمان نەزانێت. بەو جۆرە ئەو دارستانە بوو بە لانکەی ئێمە و ماوەیەیکی درێژ بە ئاشتی تێیدا ژیاین.

جەبار ڕووی کردە سرابی و درێژەی بە قسەکانی دا:

- بەڵام دوای ئەوەی جومانا بڕیاری دا کە پەیوەندی لەگەڵ بەحردا ببەستێت چیتر دارستانەکە سەلامەت نەبوو بۆمان، بۆیە بڕیارماندا بڕۆین و جێیەکی تر بدۆزینەوە.

جەبار هەناسەیەکی قوونڵی هەڵمژی و گوتی:

- ڕاستە ئێمە دەرکراوین، هەڕەشەلێکراوین، بەڵام ئێستا لەژێر زەوی دەژین خۆر و ئاسمان و کەرامەت و لووتبەرزی نابینین، لانی کەم بە سەلامەت و ئاشتی دەژین، ئێمە ئامادە نین ئەم جێیەمان بەجێ بهێڵین و بەشداریی شەڕێک بکەین کە بۆ ئێمە هیچ مانایەکی نییە.

لەو کاتەدا عاصف هەستی دەکرد دەزانێت چۆن دەست بخاتە سەر برینەکەی:

- ئەی ئەگەر بڵێم خێزانی ئیمپراتۆر دەگەڕێنمەوە بۆ هێز و دەسەڵات، ئەو کاتە چی؟

بێدەنگ بوو وەک ئەوەی بیەوێت لە ڕاستیی قسەکان دڵنیا ببێتەوە، دواتر گوتی:

- ئەگەر بڵێم من دەتانگەڕێنمەوە بۆ سەر زەوی هەر وەک ئەوەی پێشتر لێوەی هاتوون، ئەو کاتە چی دەڵێیت؟

- مەبەستت چییە؟

بە متمانەوە گوتی:

- پادشایەتی، پادشایەتی لە بەرانبەر بەشداریکردنتان لە جەنگەکەدا.

جەبار بە سەرسامییەوە پرسی:

- واتە ناتەوێت ببیتە پادشای ئەبابیل دوای سەرکەوتنەکەت؟

- ویستی من لەوە زیاترە.

- ویستت چییە کوڕە ئەگەر بوون بە پادشای ئەبابیل نەبێت؟

ڕووی کردە سرابی و بە شێوازی چاوەڕواننەکراو گوتی:

- ویستی من ئەوەیە سەرکەوتوو بم لەوەی کە ئەم کچە بخەمە داوی خۆشەویستیمەوە، هەر وەک چۆن من کەوتوومەتە داوی خۆشەویستیی ئەوەوە.

سەرباری سەرسامبوونی بەو قسەیەی کە گوتی چونکە چاوەڕێی ئەو قسەیە نەبوو، قسەکەی لە دەرەوەی بابەتەکە بوو، هەستی بە شەرمێکی زۆر دەکرد:

- چیت لێ هاتووە؟

- هیچ شتێک جگە لەوەی خۆشم دەوێت.

ئەو ساتە بە تەواوی سەرنجی گەورەکانی خێزانەکەی بە لای خۆیدا ڕاکێشا کە چی ڕوویدابوو پێشتر لەنێوان بەحر و جومانادا، جەبار ساتە سۆزدارییەکەی پێ برین و گوتی:

- با بگەڕێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان کوڕە.

عاصف تەواوی سەرنجی لەسەر سرابی بوو، بۆیە وەزیرە خەیزەران هاواری کرد بەسەریدا:

- عاصف!

دووبارە بە دەنگی بەرزتر:

- عاصف!!

لەو کاتەدا گوتی:

- باپیرت جەبار قسەت لەگەڵدا دەکات.

عاصف تەماشای باپیری کرد بە شەرمەوە گوتی:

- ئەگەر تۆمان لەگەڵدا بیت هێشتا طاغین بە چەند هەنگاوێک لێمانەوە دوورە و هاوپەیمانی ترمان لەگەڵدا دەبێت.

- هاوپەیمان.

- هۆزەکای ئەشاوس.

دووبارە ورتەورت لەنێو گەورە پیاواندا دەستی پێ کردەوە بۆ جاری سێیەم، چونکە سەخت بوو باوەڕ بەوە بکەن کە هۆزی ئەشاوس لەگەڵیاندا دەجەنگن، دەیانزانی کە ئەو هۆزە هیچ بە لایانەوە گرنگ نییە چی ڕوو دەدات لە ئەبابیلدا، لەگەڵ ئەوەی دەکەوتنە نێو جوگرافیای سنووری مەملەکەتی جەبارەوە.

- دڵنیای لەوەی کە شازادە ئاشاس لەگەڵتدا هاوبەشی دەکات لەم جەنگەدا؟

لە ڕاستیدا دڵنیا نەبوو، بەڵام دڵنیابوو لە چوونی حەکیم و ئیکلیل بۆ ئەوێ، بۆیە گوتی:

- بەڵێ.

جەبار کە زانی بەشداریکردنی هۆزەکانی ئەشاوس لە قازانجی ئەماندایە و بێگومان نەوەکەی بەبەخت دەبێت، دەتوانێت سەرکەوتوو ببێت..

دوای ئەوەی دەستەکانی خێزانی ئیمپراتۆر ڕازیبوون کە لەگەڵ عاصفدا هاوپەیمان بن، جەبار کێشایەوە بە مینبەرە بەردینەکەدا بە

دەســـە گەورەکەی و فەرمـــانی بە وەزیـــرە خەیـــزەران دا کە ئەســـپە بالدارەکانی جەنگ ئامادە بکات لەگەل سوپاکاندا.

٣٣

وەکوو یەکەم هەنگاوی بەر لە جەنگ، عاصف و سرابی لەگەڵ شەیتانە ڕوزانا گەڕانەوە بۆ دێی جەساسە تاکوو چاویان بە حەکیم و ئیکلیل و شیمالی بکەوێت، تا پێیان بڵێن سەرکەوتوو بوون لە بە دەستهێنانی هاوکاری لە لایەن خێزانی ئیمپراتۆرەوە، بەڵام کە چوونە ماڵەوە هیچ ئاسەوارێکی لێ نەبوو.

- تۆ بڵێیت ئێستا لە کوێ بن؟

- شششش.

ڕوزانای شەیتان دەستی لەسەر دەمی بوو، ئاماژەی بێدەنگی بۆ عاصف کرد، پاشان چاوی داخست و تەواوی سەرنج و هەموو هەستەکانی کۆ کردەوە بۆ سەر گوێی، دواتر چاوی کردەوە و گوتی:

- لادێکە.

سرابی پرسی:

- چییەتی؟

- دەنگی ورتەورتی سیخوڕەکانی نابفیل دێت، پێدەچێت زانیبێتیان کە جەنابی شازادە سەردانی خێزانەکەی کردووە و فەرمانی داوە دەستبەسەری بکەن، با بگەڕێینەوە بەر لەوەی بەوە بزانن لێرەین.

گوتی:

- ناتوانم، چونکە هاوڕێکانمان دەکەونە مەترسییەوە.

- دەبێت هەڵبژاردە بکەیت لەنێوان هاوڕێکانت و گەڕانەوە بۆ لای جەباری باپیرت تاکوو ڕێنوێنی جەنگت بکا.

گوتی:

- سێیەم هەڵدەبژێرم.

پرسی:

- چییە؟

سرابی تێکەڵی قسەکانیان بوو..

- دەچم بەدوایاندا دەگەڕێم و و دواتر دێمەوە تاکوو پێشڕەوی جەنگەکەیان بکەم.

- بەڵام مەترسییەکە زۆرە، ڕەنگە یەکێک لەو سیخوڕانە...

عاصف قسەکەی پێ بڕی:

- ناتوانم بەبێ هاوڕێکانم بڕۆم، تەنانەت ئەگەر ئەوە وام لێ بکات کارەکە هەڵبوەشێنمەوە...

**

عاصف و سرابی تەواوی ئەگەرەکانیان خستە ڕوو کە لە نەبوونی هاوڕێکانیاندا ئەگەری ڕوودانیان هەیە، گەیشتنە کۆتاییەکەی، کە ڕەنگە لەبەر ئەوە حەکیم و ئیکلیل دیار نەبن ماوەی نێوان زنجیرە چیا قەدەغەکراوەکان زۆر بێت، بەڵام ونبوونی شیمالی، ئەوەیان نیگەرانی دروست کردبوو، بە تایبەت دوای ئەوەی سیخوڕەکان بە هەموو جێیەکی دێیەکەدا بڵاو بووبونەوە، بۆیە سرابی پێشنیاری کرد:

- بۆچی سەیری کۆتا شوێن ناکەیت کە شیمالی بۆی چووە؟

- مەبەستت گۆڕستانی دێیەکەیە؟

- بەڵێ، ڕەنگە لەوێ شتێکمان دەست بکەوێت.

عاصف ڕووی کردە ڕوزانا و گوتی:

- دەتوانیت بمانبەیت بۆ ئەوێ؟

- ناتوانم، لەبەر ئەوەی فەرمانی چوونە ئەوێم لا نییە.

- کەواتە خۆم دەچم.

پاشان ڕووی کردە سرابی:

- تۆ لێرە لەگەڵ ڕوزانادا بمێنەرەوە، بەڵام ئێرە بەجێ نەهێڵیت هەرچی ڕوویدا، باشە؟

قسەکەی پێ بڕی:
- دێم لەگەڵتدا.
- گوێت لێ نەبوو ڕوزانا گوتی چی، لادێکە سەلامەت نییە.
- ئەوەش وام لێ دەکات لەگەڵتدا بێم.
- ئامادە نیم ژیانت بکەمە مەترسییە...
قسەکەی تەواو نەکرد و سرابی بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت و گوتی:
- دەمبەیت لەگەڵ خۆتدا یاخود بە تەنیا بڕۆم؟

**

شەیتانەکە لەسەر هەقبوو دەربارەی پێشبینییەکانی بۆ لادێی جەساسە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێکی زۆر لە سیخوڕ بڵاوەیان پێ کرابوو لە دێکەدا و بەدوای ئاسەواری عاصفدا بگەڕێن.
- ئەوان ڕێگاکانی لادێکەیان گرتووە.
- پێم مەڵێ دەترسیت؟
- مافی خۆم نییە بترسم؟
- مافی ئەوەت نییە کە من لەگەڵتدا بم.
هەستی بە شەرمەزاری کرد بەو قسەیە، بۆیە گوتی:
- با واز لەو بابەتە بێنین و بەردەوام بین لە گەڕانەکەمان.
دوای ئەوەی بە ئاراستەی گۆڕستانەکە ڕۆیشتن، بە ئاگادارییەوە دەڕۆیشتن تاکوو ئاشکرا نەبن، تەنیا ڕووناکیی مانگیان لێوە دیاربوو بەردەم خۆیان ببینن.
دوای ئەوەی ڕۆیشتن، ڕێگەیان کەوتە سییان لە سیخوڕەکان لە ڕێگەکەدا و هێندەی نەمابوو ئاشکرا ببن، بەڵام سوپاس بۆ خودا کە دیوارێکی دارین هەبوو توانیان خۆیانی لە پشتەوە بشارنەوە بەبێ ئەوەی کەس تێبینییان بکات.

دوای ئەوەی چوونە ژوورەوە، عاصف تەماشای سیخورەکانی دەکرد لە ڕێگەی کونی دیوارەکەوە، تاکوو دڵنیا ببێتەوە نەیانبینیون.

سەرەتا پێی وابوو، لای بۆ سرابی کردەوە تاکوو دڵنیا ببێتەوە، دیتی دوو کەر تەماشای دەکەن و دەڵێن:

- گەورە بوویت ئەی مرۆڤە بچووکەکە، ئێستا بە ڕاستی بوویت بە کەر.

**

عاصف لە باوەشی کردن بەهۆی ئەوەی کە دیتنییەوە دوای ئەو ماوە زۆرە، دواتر گوتی کە هاتوون بەدوای هاورێکەیاندا بگەڕێن، بۆیە سامری گوتی کە دوێنێ شەو بینیویانە کورێکیان خستۆتە سەر ئەسپەیەکان و بە زۆر بردوویانە:

- دەزانیت ناوی ئەو کورە چییە؟

- نازانم، چونکە بە زمانی مرۆڤ قسەیان دەکرد.

- شێوەی چۆن بوو؟

- بیرم نییە، ئێوەی مرۆڤ هەمووتان لە یەک دەچن، ناتوانین یەکێک لە یەکێکی تر جیا بکەینەوە، تەنیا بە بۆن دەتوانین جیای بکەینەوە، هەر بۆیە من و ژنەکەشم تۆمان بیرە تا ئێستا.

قومری هەوڵی دەدا بیری بکەوێتەوە:

- باڵای بەرز بوو.

جلێکی سپیی فراوانی لە بەردا بوو، شمشێرێکی لە پشت بوو، بەهێز دەردەکەوت سەرەتا لە دژیان وەستایەوە.

- لە دژیان وەستایەوە بە تەنیا؟

- بەڵێ، بەڵام لێیان دا و بردیان.

تووڕەبوو کە ئەوەی بیست، ڕووی کردە سرابی و بۆی وەرگێڕا کە دوو کەرەکە چییان گوتووە، بەڵام سرابی بە شتێکی ترەوە

سەرقاڵ بوو، چاودێریی سێ سیخوڕەکەی دەکرد لە ڕێگەی ئەو کونانەی لە دیوارە دارینەکەدا بوون، پێدەچوو زۆر ترسا و نیگەران بێت.

- چیتە؟

بە نیگەرانییەوە گوتی:

- یەکێک لە سیخوڕەکان بە ئاراستەی ئێرە دێت.

عاصف گوێی نوساند بە دیوارەکەوە تاکوو بزانێت لە دەرەوە چی دەگوزەرێت، یەکێکیان بە دووانەکەی تری گوت:

- سوێندتان بۆ دەخۆم کە من شتێکم بینی چووە پشتی ئەو پەرژینەوە.

دووانەکەی تر گوتیان:

- دڵنیایت؟ ئێمە هیچمان نەبینی.

یەکێک لە سیخوڕەکان گوتی و بەرەو پەرژینەکە چوو:

- خۆم دەچم تەماشا دەکەم.

قومری بە عاصفی گوت:

- خۆتان بشارنەوە بەر لەوەی سیخوڕەکە بتان بینێت.

- ئەوە نێر نییە قومری، ئەوە مێیە.

- چۆن بزانم چییە کە ئەو قوماشەی داوە بەسەر جەستەیدا؟

- ئەو قسانە گرنگ نییە.

سامری قسەکەی پێ بڕی:

- ئێستا وەرن لەگەڵم بتانشارمەوە.

عاصف گوتی:

- نەخێر، ئەوانە شیمالیان بردووە، دەبێت بزانم بردوویانە بۆ کوێ، پاشان تەماشای سرابی کرد و گوتی:

- تۆ بڕۆ لەگەڵیاندا، یارمەتیت دەدەن بۆ خۆشاردنەوە، دواتر کە تەواو بووم...

**

یەکێک لە سیخوڕەکان هاتە ژوورەوە، ماوەیەکی زۆری پێچوو، بەڵام هیچ ئاسەوارێکی نەدۆزییەوە، چەند جارێک هاواری کرد، بەڵام هیچی نەدۆزییەوە.

دواتر هاواری کرد دوو سیخوڕەکەی تریش هاتنە ژوورەوە، هەموویان تۆقیبوون بەو بوونەوەرە گەورەیەی لە بەردەمیاندایە کە یەکێک لە چاوەکانی سوور بووبوو و پەلاماری یەکێکیانی دا....

یەکێک لە سیخوڕەکان گوتی:

- تکایە مەمکوژە!

- ناتکوژم ئەگەر وەڵامم بدەیتەوە.

- وەڵامت دەدەمەوە گەورەم.

- شیمالیتان بۆ کوێ برد.

- ئەگەر پێت بڵێم نامکوژیت؟

- بەڵێن بێت.

لە ترساندا گوتی:

- گەورەمان داوای کرد و ئێمەش بۆمان برد.

عاصف جلەکانی گرت و هاواری کرد بەسەریدا:

- ئەی دواتر چی؟

- باوەڕم پێ بکە هەر ئەوەندە دەزانم.

- زیندووە یان مردووە؟

- بەڵێنت پێدام گەورەم!

- بەڵێنەکەشم ناشکێنم، ئایا زیندووە یان مردووە؟

سیخوڕەکە گوتی:

- نابفیل کوشتی.

عاصف تووڕەبوو، هێندەی نەمابوو بیکوژێت:

- ونبە بەنەفرەت بیت، تۆ چی دەڵێیت؟

- ئەوەی ڕوویدا تاوانی منی تێدا نییە.

- وازی لێ بێنە عاصف، تۆ بەڵێنت پێی دا.

ئێستا سێ هۆکاری هەبوو کە لە دژی هەموو دونیا بجەنگێت، ڕاست بوو ماوەیەکی زۆر نەبوو کە شیمالی دەناسی، بەڵام هەندێک لە هاوڕێیەتی پێویستی بە ماوەیەکی زۆر پێکەوەبوون نییە تاکوو بەرهەمەکەی بخۆیت، شیمالی هاوڕێیەکی بەوەفا بوو، هەرچەندی بژایە نەیدەتوانی چاکەی بداتەوە...

دەیویست تەواوی سیخوڕەکان بکوژێت، بەڵام لە کۆتاییدا بەریدان بەهۆی ئەو بەڵێنەی کە پێی دابوون، بەڵام دوای کەمێک ئاشکرا دەبوو بۆیە ڕێگەی دا بڕوات. ئەو سیخوڕە لە ڕێگەی سرابییەوە زانی ئەوە عاصفە، چونکە ناوی هێنا.

- ئەو گەنجە هەمان ئەو گەنجە داواکراوەیە...

سیخوڕەکە ڕای کرد تاکوو گەیشت بە مراقیبی دێو کە سەرکردەی دەستەی سیخوڕەکان بوو...

٣٤

دوای ئەوەی زانییان چی بەسەر شیمالیدا هاتووە، هەردووکیان چوونەوە بۆ ماڵەوە، ڕۆزانای شەیتانیش چاوەڕێی گەڕاندەوەیان بوو. لە سەرەتادا عاصف هەستی بە هیچ شتێک نەکرد، بەڵام دواتر هەستی بە گومان کرد، لەبەر ئەوەی سیخوڕەکان دیار نەمابوون لە ڕێگەکانـدا، لە کاتێکـدا پێشـتر بە هەمـوو ڕێگاکـانی لادێـکەدا بـڵاو بووبوونەوە.

- هیچ شتێکی سەیرت تێبینی کرد؟

- چی؟

- ڕێگاکان بەتاڵن؟

- دەتەوێت پڕ بێت لە سیخوڕ؟

- نەخێر، بەڵام دەترسم شتێکی چاوەڕواننەکراو ڕوویدابێت.

- خەمت نەبێت، دڵنیای کردەوە.

- لە ماڵەوە نزیک بووینەتەوە.

هەردووکیـان بەرەو لای ڕاسـت و چەپ تەماشـایان کـرد بینییـان ئاسەواری شوێنپێ لە مـاڵەکەدا هەیە، چەند هەنگاوێکیان نا، گرووپی سیخوڕەکان بە هەمـوو لایەکدا بـڵاو بووبـونەوە، پێیان گوترابـوو کە هێشتا نەجووڵێن...

مراقیبی دێو نزیک بۆیەوە و گوتی:

- نەمدەزانی ڕاوکردنت ئەوەندە ئاسانە.

عاصف کە سرابی لە پشتییەوە شاردبۆیەوە گوتی:

- چیت دەوێت؟

- ناوم مراقیبە، دەمەوێت هەردووکتان بێنن لەگەڵمدا.

دوای ئەوەی بە لاچاو سەرنجی شوێنەکەی دا تاکوو ڕێگەیەکی دەربازبوون دەربکەوێت بۆیان تا لەگەڵ سرابیدا ڕابکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی لە هەموو لایەکەوە سیخوڕەکان چاودێریان دەکرد، بۆیە هیچ دەرفەتێک نەبوو بە بچووکترین شێوەش ڕابکات.

- خۆت ماندوو مەکە.

مراقیب گوتی:

- ناتوانیت هەرچەندی هەوڵ بدەیت.

بیـــری لە ڕووبەڕووبـــوونەوە دەکـــردەوە، بەڵام هەر زوو بیرۆکەکەی لە مێشکیدا کردە دەرەوە، لەبەر ئەوەی سرابی لەگەڵدابوو نەک لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە سیخوڕەکانی لێبوو:

- دێم لەگەڵتاندا.

خۆی دا بە دەستەوە:

- بەڵام ئەم کچە هیچ هەقی بە بابەتەکەوە نییە.

- ئەوانەی کە توانـای ڕووبەڕووبوونەوەیـان نیـیە هـیچ مەرجێک دانانێن.

- ئێوە بە دوای منەوەن، نەک ئەو کچە.

سرابی قسەکەی پێ بڕی:

- دێم لەگەڵتدا!

عاصف گوتی:

-تۆ بێدەنگ بە!

بێدەنگی کرد، بەڵام هەر سوور بوو لەسەر بڕیارەکەی:

- کەی تێدەگەیت ئێمە لە یەک بەرەین.

- ناچم بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش لەوێ.

- لەگەڵتدا دێم بۆ دۆزەخیش.

- من بۆ ڕێگەی مردن دەچم، تۆ ناخەمە ئەو بارودۆخەوە، پێت وایە مردن یارییە؟

- لەبەر ئەوەی... لەبەر ئەوەی من گرنگیت پێ دەدەم.

- منیش نامەوێت بکەوێتە مەترسییەوە، لەبەر ئەوەی خۆشم دەوێیت.

مراقیب بە گاڵتەجارییەوە گوتی:

- کەوتۆتە خۆشەویستییەوە، بەڵام جێی بەزەییە.

- کێ پێی وتیت ئەوەی کەوتە خۆشەویستییەوە بەزەییت پێیدا بێتەوە؟

- ڕووخسارت وا دەڵێت کە دەتەوێت ترسەکەت بەوە پەردەپۆش بکەیت.

- من لە تۆش و ئەوانەی لەگەڵیشتن ناترسم.

- دەزانم، تۆ لەو کچە دەترسیت کە لە پشتەوە گرتووتە و دەیپارێزیت، هەر خۆی ئەوەیان جێی بەزەییە، بیر بکەرەوە ئەگەر لەگەڵتدا نەبووایە چەند بە سەربەرزانە و ئازایانە دەمردیت بێ ئەوەی بتبەین بۆ لای نابغیل و لەوێدا بە زەلیلی بمریت وەکوو کەسێکی هیچ!

عاصف هیچی نەگوت و بە بێدەنگی مایەوە، بەڵام مراقیب بەردەوام بوو لە جەنگە دەروونییەکەی بەرانبەری:

- تەنانەت ئەویش خۆشی ناوێیت.

سرابی بە تووڕەییەوە پێی گوت:

- تۆ بیدەنگ بە!

- بیسەلمێنە من هەڵەم...چاو ببڕە چاوی و پێی بڵێ کە خۆشت دەوێت.

تەماشای عاصفی کرد، بەڵام هەر زوو ڕووی وەرگێڕا، مانای ئەوە بوو کە بەڵێ خۆشی ناوێت...

- ڕاست دەکات خۆشی ناوێیت لەبەر ئەوەی تۆ بوونەوەرێکی جیاوازیت لە ئەو.

جەنگەکە گەیشتە لووتکە:

- بۆچی دەبێت بکەوێتە داوی خۆشەویستیی کەسێک کە جیاوازە لە خۆی و بە تەواوەتی دێوە، هەموو ڕۆژێک لێی بدات و بە ددان و

کەڵبە و چڕنووکەکانی ئازاری بدات، وەکوو کاغەزێک تۆ بە کەڵکی هیچ نایەیت ئەوە نەبێت بتکەن بە سەگی پاسەوانی، ئەگەر ئەم کچە کەسێک هەڵبژێرێت بۆ خۆشەویستی، بێگومان بوونەوەرێک هەڵدەبژێرێت کە مرۆڤ بێت.

سرابی چپاندی بە گوێدا:

- گوێی لێ مەگرە ئەو تەنیا دەیەوێت...

عاصف قسەکەی پێ بڕی بەر لەوەی تەواوی بکات:

- گرنگ نییە بە لامەوە ئەگەر مرۆڤێکی خۆش بوێت، گرنگ ئەوەیە دڵخۆش بێ.

مراقیب بە ساردییەوە پێی گوت:

- بۆیە وا دەڵێیت دڵی خۆت بدەیتەوە.

- زۆر لەوە بچووکتریت لە خۆشەویستیی ڕاستەقینە تێبگەیت.

- بەڵێ، دەزانم.

بە گاڵتەجاڕییەوە گوتی:

- خۆشەویستیی تاکلایەنە هەر وەک ئەوەی کە تۆی تێدایت.

- مـن بە ڕادەیەک خۆشـم دەوێـت کە دەمەوێـت سـەلامەت و دڵخۆش بێت، بەڵێ لە ناخی دڵمەوە دەمەوێت ئەو کەسە بەبەختە بم کە ئەو خۆشی دەوێت و هەموو پێداویستییەکانی پێ پڕ دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر لەگەڵ کەسێکی تردا دڵخۆش بێت بێگومان منیش دڵخۆش و قایل دەبم لەبەر ئەو.

مراقیـب نەیـدەزانی چـۆن بـارودۆخەکە بە لای خۆیـدا ببـاتەوە، هاواری کرد:

- خۆتان بە پێی خۆتان دێن یان بە زۆر بتانبەین؟

ڕوون بـوو کە مەترسـی ڕووبەڕوویـان دەبێـتەوە ئەگەر ڕەتـی بـکەنەوە، ئەگەر واشـیان نەکـردایە مراقیـب بە زۆرەملـێ دەیبـردن، پێدەچوو جگە لە خۆبەدەستەوەدان هیچ ڕێگەیەکی تر بوونی نەبێت. عاصـف وێستی دەمـی بکـاتەوە و بڵێت کە ئـێمە دێین بەبـێ ئەوەی

هێزمان له بەرانبەردا بەکار بهێنن، بەڵام گوێبیستی شتێک بوو لەو کاتەدا:

- لە جێی خۆت بمێنەرەوە، من و تارا دێین بۆ لات...

زەردەخەنەی کرد.

مراقیب بە پێکەنینەوە پرسی:

- دێیت لەگەڵماندا؟

- دڵخۆشم لەبەر ئەوەی بە زیندوویی لەم لادێیە ناچیتە دەرەوە.

- مەبەستت ئەوەیە ڕووبەڕووبوونەوەت هەڵبژاد؟

- ڕێک بەو جۆرە.

- بە تەنیا ناتوانیت ڕووبەڕوومان ببیتەوە.

- کێ گوتی بە تەنیا ڕووبەڕووتان دەبمەوە.

- کەواتە خۆت و ئەم مرۆڤە لاوازە ڕووبەڕوومان دەبنەوە؟

ڕەنگی چاوی چەپی گۆڕا بۆ سوور و گوتی:

- تەماشای پشتەوە بکە و وەڵامەکە وەربگرە.

دوای ئەوەی ئاوڕی دایەوە، مراقیبی دێو و تەواوی سیخوڕەکان بینییان لە هەوادا ئافرەتێکی پیری قژڕەش کە هەندێک تاڵی سپی کەوتبووە سەری، دەموچاوێکی سپی و توند وەکوو پێستی ئەسپ، ڕووخسارێکی لەسەرخۆ و ئارام کە لە ڕۆژئاوابوون دەچێت وەستاوە... لە پاڵیدا کوبرایەکی جنۆکەی ڕەش کە هەر بە تەماشاکردنی دەترسایت، لە درعی ئەغریقی دەچوو، دوو چاوی ماتی هەبوو کە مردنیان تێدا دەبینرا، زمانێکی درێژی هەبوو لە هەمان شێوە ڕەنگی، کە دەری دەهێنا و دەیبردەوە ناوەوە شێوەی زیاتر ترسناک کردبوو...

**

عاصف ویستی قسه بکات، بەڵام تارا پێشنیاری شتێکی تری کرد:
- کچەکە ببە و دوور بڕۆ، من و تاج بارودۆخەکە چارەسەر دەکەین.
کردییە باوەش و ڕۆیشت بەر لەوەی نەنکی قسەکە تەواو بکات.
- بۆچی دەربارەی ئەم کچە پێت نەگوتم؟
- لەبەر ئەوەی دەمزانی لێم تووڕە دەبیت ئەگەر پێم گوتبایت.
- بە ڕاستی خۆشت دەوێت؟
- بەڵێ، خۆشم دەوێت.
- بە نەفرەت بیت، بۆ وا گەمژە بوویت، باشە من وام فێر کردیت؟
- بەبێ ویستیی خۆم ئەوە ڕووییدا.
- فێرم نەکردیت کە سوود لە ئافرەت وەربگرە و دواتر لە خۆتیان دوور بخەرەوە؟
- سرابی وەک ئافرەتی تر نییە.
- جیاوازی چییە؟ ئەویش ئەوەی پێوە نییە کە ئافرەتی تر پێوەیەتی؟
- ئەوە چی قسەیەکە تاج؟
- پێم بڵێ چی وای لێ کردووە لە ئافرەتی تر نەچێت؟
لێرەدا عاصف گوتی:
- پێت چۆنە واز لە بابەتی ئەو سیخوڕانە بێنین و من و تۆ شەڕ بکەین؟ ئەوەت دەوێت؟ لەبەر ئەم قسانە هاتوویت بۆ ئێرە؟
لێرەدا تاراش هاتە نێو بابەتەکەوە:
- ڕاست دەکات، با سەرەتا بابەتی سیخوڕەکان تەواو بکەین.
- دواتر دوو قسەت لەگەڵدا دەکەم، با سەرەتا ئەم گەمژانە چارەسەر کەین هەی گەمژەی بێمێشک.
وای گوت پاشان دەستی کرد بە شەڕ، هەردووکیان لەگەڵ تارادا بەربوونە سیخوڕەکان، لە کاتێکدا عاصف سرابی دوورخستەوە لە جەنگەکە و لەوێدا تاج و تارا کە سەرقاڵ بوون ئاگاداری شەڕ بوون، شەیتانی چاودێر بەدوای عاصفدا ڕۆیشت...

**

عاصف سرابی هەڵگرت و بەرەو ماڵەکە ڕای دەکرد.

- دەتبەم بۆ لای ڕوزانا و دەگەڕێمەوە بۆ یارمەتیدانی تاج و تارا.

- ئاگادارە، بە سەلامەت بیانگەڕێنەوە.

- من ئەو کەسە نیم کە هاورێکانم لە دوای خۆمەوە جێ بهێڵم و ڕابکەم.

- دەزانم، بەڵام دەترسم بچیتە ئەو جەنگەوە.

هێشتا لە باوەشیدا بوو، دای گرت و گوتی:

- ترسەکەت هەڵبگرە بۆ ئەو کاتە کە ڕووبەڕووی نابفیل دەبینەوە.

- ئایا لەگەڵیاندا دەبیت؟

- پێت وابوو دڵخۆش دەبم بەوەی ئەوانی تر لە جیاتی من بجەنگن؟

کەمێک بێدەنگ بوو، دواتر بە دوودڵیی و بڕوابەخۆبوونەوە گوتی:

- دەربارەی تاج شتێکت پێ دەڵێم، بەڵام کە گەڕایتەوە بۆ ماڵەوە.

- دەزانم چیم پێ دەڵێیت؟

- بەڕاست دەیزانیت؟

- دەتەوێت دەربارەی ئەوە قسەم لەگەڵدا بکەیت کە کەمێک پێش ئیستا دەربارەی تۆ گوتی؟

- شتێکی ترە.

کەمێک دوودڵ بوو، دواتر گوتی:

- هەست دەکەم ئەوە ئەو ژنە بوو کە...

وێستی بڵێت ئەو ژنە بوو کە تیرەکەی هاوێشت و بەر باوکی کەوت، بەڵام دواتر شتێک بەهێز دای بە سەری عاصفدا لە دواوە، ڕاستەوخۆ هۆشی لەدەست دا و کەوتە سەر زەوییەکە. تەماشای نەکرد هۆکاری لێدانەکە بزانێت، بەڵکوو ڕاستەوخۆ بەرەو لای سرابی چوو هەرچەندە هێندەی نەمابوو لە هۆش خۆی بچێت:

- ئازارت پێ گەیشت؟

سەری بەرز کردەوە تاکوو بڵێت باشم، بەڵام ڕاستەوخۆ هاواری کرد:

- ئاگاداری دواوە بە!

عاصف نەیتوانی خۆی ڕابگرێت دووبارە بەر سەری کەوت بۆیە لە هۆش خۆی چوو... سرابی بەرەو لای چاودێرەکە چوو ڕاستەوخۆ گرتی و بەرزی کردەوە بە هەوادا، ئەویش پەلەقاژێی بوو لەنێو دەستەکانی چاودێرەکەدا، نەیدەزانی ئەوە کۆتا هەناسەکانییەتی...

**

لە هەوادا بوو هەوڵی دا لە دەستی دەربێت، بەڵام بێسوود بوو...

دەستی درێژ کرد و تەماشای لای عاصفی کرد تاکوو بۆ کۆتا جار دەستی لێ بدات، بەڵام دەستی لەوە کورتتر بوو بتوانێت پێی بگات.

چاوی داخست و ئامادە بوو بۆ ڕۆیشتن، دایکی بینی کە تەماشای دەکرد و پێی گوت:

- بیرم کردبوویت کچەکەم.

- منیش بیرم کردبوویت دایکە.

- وەرە لەگەڵمدا.

پاشان دەستی گرت و بردییە نێو گەردوونێکی ناکۆتاوە کە پڕ بوو لە ڕووناکیی سپیی بچووک لەنێو تونێلێکدا کە ئەوسەری بە حاڵ دیاربوو.

- بۆ کوێ؟

- ئەو شوێنەی کە...

بەڵام بەر لەوەی دوور بکەونەوە سرابی وەستا و بیری شتێکی گرنگی کەوتەوە بۆیە دەستی دایکی بەرەڵا کرد و گوتی:

- بوەستە دەمەوێت شتێک بە عاصف بڵێم بەر لەوەی لەگەڵتدا بێم.

بە سەختی چاوی کردەوە، بەڵام هێشتا بە هەوادا وەستابوو... جەستەی بە تەواوی لە پەلوپۆ کەوتبوو بەهۆی کەمیی ئۆکسجینەوە، چیتر نەیدەتوانی بەرگە بگرێت، تەنیا توانی چاوی بجووڵێنێت و پێی بڵێت:

- خۆشم دەوێیت... خۆشم دەوێیت عاصف.

لەو کاتەدا چاوی کردەوە کە گوێی لە دەنگی بوو...

ڕاستەوخۆ هەستایەوە لە جێی خۆی و کەڵبەکانی چەقاند لە ملی بۆیە سرابی لە دەستی کەوتە خوارەوە... هەدووکیان کەوتنە گیانی یەک.

عاصف زۆر بە هێزەوە لێی دەدا کە پێشتر وەها نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی بە تەواوی مراقیب ڕابگرێت، شەڕەکە بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی تاج هات:

- وازی لێ بێنە بۆ من عاصف، لە جیاتی ئەو لە دژی جەنگا.

عاصف چووە ئەولاوە و ئاگاداری سرابی بوو کە لەسەر زەویدا کەوتبوو، نەیدەتوانی بجووڵێتەوە، شانەکانی ڕاتەکاند، بەڵام بێسوود بوو، چپاندی بە گوێیدا وەک ئەوەی بیەوێ باوەڕی پێ بهێنێت بە شتێک:

- سرابی مەمرە.

بەڵام وەڵامی نەدایەوە، سەری گرت بە هەردوو دەستی و گوتی:

- تکایە مەڕۆ سرابی، شتێک بڵێ! سرابی.... سرابی.....

تارا لێی نزیک بۆیەوە و گوتی:

- ماچێکی ژیانی بکە.

- چی؟

- دەبێت هەوا بگات بە ئەندامەکانی ناوەوەی، ئەگەر نا لەدەستی دەدەیت.

عاصف هەستی بە خراپی دەکرد کە گوێی لەو قسانە بوو:

تارا ئاگاداری کردەوە:

- ئافرەتەکە دەمرێت خێرا فوو بکە بە دەمیدا.

لیوی خستە سەر لێوی سرابی و چاوی داخست چونکە شەرمی دەکرد، پاشان هەوای کرد بە دەمیدا، جارێک... دووان... سیان... تاکوو سنگی کەوتە کار و بەرز و نزمی کرد.

تارا:

- بەسە ئەوەندە!

بەڵام عاصف لێوی جودا نەکردەوە... تارا دووبارەی کردەوە:

- عاصف بەسە... بەڵام نەوەستا، تاج هاواری کرد دوای ئەوەی لە ماردی مراقیب تەواو بوو:

- بەسە ئێتر گەمژە، ئێستا کچەکە باشە.

سرابی چاوی کردەوە و هۆشی هاتەوە:

- چی ڕوویداوە؟

باوەشی کرد گوتی:

- پێم وابوو لەدەستم داویت.

وەڵامی دایەوە و لە باوەشی کرد:

- هەرگیز لەدەستم نادەیت.

تاج وەک ئەوەی بە بارودۆخەکە ڕازی نەبێت، گوتی:

- پێتان چۆنە ئێمە بڕۆین تاکوو کاتی زیاتر وەربگرن پێکەوە؟

سرابی هەستی بە شەرم کرد، بۆیە ڕاستەوخۆ دەستی لە ملی عاصف بەردا و تارا گوتی:

- دەبێت زوو هێزی ئیمپراتۆر بگەنە ئێرە لەبەر ئەوەی ئێستا هەرچی زووە خەبەر گەیشتووە بە طاغین، ئەو کاتە هێزەکەی لە دژمان دەخاتە کار.

عاصف گوتی:

- پێت وایە جەنگەکە لە کوێ دەبێت تارا؟

- پێم وابێت هەر لە لادێی جەساسە دەبێت.

پاشان گوتی:

- ئایا هۆزەکانی ئەشاوسیش لەگەڵماندا دەبن؟

- نازانم هیشتا حەکیم و ئیکلیل نەهاتوونەتەوە.

تاج گوتی:

- کەواتە پێویستت بە پەرجوویەکی ڕاستەقینە دەبێت تاکوو یارمەتی لە هۆزەکانی ئەشاوس وەربگرین.

دوای ئەوە عاصف هەستی بە نیگەرانی کرد، لەبەر ئەوەی کاتی شەڕەکە بە ڕاستی نزیک بووبۆیەوە، هێشتا حەکیم و ئیکلیل نەهاتبوونەوە، چی دەگوزەرا ئەگەر هێز و توانایان کەمتر بووایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە؟ سرابی کراسەکەی گرت و گوتی:

- خەمت نەبێت هەموو شت باش دەبێت.

بێدەنگی باڵی بەسەر ماڵەکانی جەساسەدا کێشابوو. پرسی:

- بۆ کوێ؟

- بۆ چۆڵکردنی گوندەکە لە خەڵک، ئەگەرنا زیانمان زۆرتر دەبێت وەک لە قازانج، سرابی هەستایەوە:

- منیش دێم لەگەڵتدا.

تارا بە سۆزەوە گوتی:

- زۆری خۆش دەوێت تاج، ئەی وانییە؟

- بەڵێنت پێ دەدەم ئەم خۆشەویستییە زۆر نەخایەنێت.

تارا بەرەو لای چوو بە نیگەرانییەوە پرسی:

- بیر لەچی دەکەیتەوە ئەم جارە؟

- هیچ شتێک، تاج بێدەنگ بوو.

٣٥

جەبار سوپاکەی بردە دەرەوە لە ڕێگەی دەرگاکەوە کە شەیتانە ڕوزانا بۆی کردبوونەوە، سەربازەکان لەژێر زەوی جەساسەوە هەڵدەقوواڵان، بەشێکی زۆریان ئەسپی باڵداریان پێبوو، بۆیە کاتێکی زۆری ویست تاکوو تەواوی سوپاسەکە بێتە دەرەوە ئەگەر لە دوورەوە تەماشای دێیەکەت کردبا، وەکوو کونی مێروولە وابوو...

خەیزەران سوپاکەی کرد بە پێنج بەشی سەرەکییەوە: سەر، لای ڕاست، لای چەپ، دڵ و پشت. بە دەنگی بەرز دابەشی دەکردن بەسەر ماڵەکاندا: مەوەستن لە کوشتن هەتاکوو دەکەون بە زەویدا و دەکوژرێن، سەربازەکانیش لە دوایەوە دەیانگوتەوە: ناوەستین لە کوشتن هەتاکوو دەکەوین بە زەویدا و دەمرین.

تەنیا جەبار نەبێت هەوڵی دەدا خۆی لە ژنەکەی بدزێتەوە، ئەگەر لە ڕێگەیەک دیبای ئەوا ڕێگەی لە خۆی هەڵە دەکرد و لە جێیەکی ترەوە دەڕۆیشت بەر لەوەی لە ڕێی بڕوات گوتی:

- کەی دان بەوەدا دەنێیت کە هەڵە بوویت لە بڕیاردان لەسەرم جەبار؟

وەک ئەوەی بیەوێت داوای لێبوردنی لێ بکات:

- طاغین زۆر ئازاری داوم تاج!

- بۆچی بە تاوانی کەسێکی تر ئازارم دەدەیت؟

- ئەی تۆ نەبوویت بە منت گوت کە ئەو لە دژی من هەڵناگەڕێتەوە؟

- منیش وەک تۆ قوربانی بووم و طاغینی بەرام درۆی لەگەڵ منیشدا کرد ، وەک ئەوەی درۆی لەگەڵ تۆدا کرد.

پاشـــان ســـەری ڕێـــز و نەوازشـــی بـــۆ داخســـت بە تـــۆنێکی ڕاســتگۆیانەوە، بەڵام تەماشـای ئەمـڕۆ بـکە گەورەم، مـن لە ڕیـزی سوپاکەتم، ئامادەم خۆم بکەم بە قوربانی تاکوو دووبارە بگەڕێیتەوە سەر دەسەڵات و تەخت.

سەری ڕازیبوونی لەقاند و گوتی:

- دوای ئەوەی تەختـــی پاشـــایەتی دەگەڕێنیـــنەوە لە دوورگەی ئەرباب، دەچینەوە کۆشکی پادشایەتی وەکوو جاران.

دەستی لە قژیدا بوو، بە گاڵتەوە گوتی:

- ڕەنگە دووبـارە خـودا منداڵێکی کوڕمـان پـێ بـدات و لە جیـاتی باوکی بچێتە سەر تەختی پادشایەتی.

هەسـتی بە دڵخۆشـی زۆر کـرد دوای بیسـتنی ئەو قسـانە وەکـوو منداڵێک کە دایکی بەڵێنی کڕینـی شیرینی پـێ داوە دوای تەواوبـوونی ئەرکەکەی، بە هیواوە گوتی:

- پێـــت وایە دووبـــارە ئەفســـانەکان بگەڕێـــنەوە دوای ئەوەی دەگەیتەوە سەر دەسەڵات؟

جەبار گوتی:

- ئەو کوڕە کەللەڕەقە.

پاشان بە تووڕەییەوە گوتی:

- چ ئیشم پێیەتی ئەگەر لە تەنگەتاویدا نەبم؟

عاصـف سـرابی بـردە ژوورە کـۆنەکەی کە لەگەڵ دایکیـدا لێـی دەخەوتن.

- لێرەدا بمێنەرەوە تاکوو جەنگەکە تەواو دەبێت.

- بەڵام هەمووان لەگەڵتدا هاوبەشی دەکەن لە جەنگەکەدا، بۆچی منیش نەیەم یارمەتیت نەدەم؟

- مانەوەت بە سەڵامەتی گەورەترین یارمەتیدانی منە، بۆیە تکایە سەڵامەت بە.

- تۆش هەروەها تکایە، ئایا بەڵێنم پێ دەدەیت سەڵامەت بیت؟

- ناتوانم بەڵێنت پێ بدەم؟
- بۆچی وا دەڵێیت؟
- لەبەر ئەوەی جەنگەکە زۆر گەورەیە، کەس ناتوانێت گرەنتی ژیانی خۆی بکات.
- بە درۆشەوە بێت لانی کەم بەڵێنم پێ بدە کە دەگەڕێیتەوە بە سەلامەتی وەک لەوە بەم جۆرە قسەی پڕوپووچ بکەیت.
- ڕانەهاتووم لەوە بەڵێنی درۆ بدەم بە کەس.
پاشان گوتی:
- ئایا داواکارییەکەم جێبەجێ دەکەیت؟
سەرەتا قایل نەبوو، بەڵام دواتر سەری لەقاند پێی گوت کە قایلە بەو بڕیارە، بەر لەوەی شەڕەکە دەست پێ بکات، تەماشای چاوەکانی دەکرد دەدرەوشایەوە، ڕووخساری هێندە جوان بوو، بە تەواوی تەماشای دەکرد تاکوو وردەکارییەکانی لە میشکیدا بمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر لە جەنگەکەشدا بمرێت... ماچی ڕوومەتی کرد و گوتی:
- خۆشم دەوێیت.
بێدەنگ بوو پێی وابوو ئەویش هەمان شتی پێ دەڵێتەوە، بەڵام هەڵە بوو. بە تکاوە گوتی:
- چاوەڕێت دەکەم تاکوو بە سەلامەت دەگەڕێیتەوە.
- بەڵێنت پێ دەدەم هەموو هەوڵی خۆم دەدەم تاکوو بگەڕێمەوە بۆ لات.
بە خۆشەویستییەوە گوتی.
ڕۆژی دواتر خۆر هەڵنەهاتبوو کە سەربازەکانی ئیمپراتۆر لەوسەری گوندەکەوە دەرکەوتن، هەواڵیان پێ گەیشت کە سوپای دژمن نزیک بۆتەوە:
گەورەم جەبار، طاغین سوپاکە بەڕێوە دەبات، زۆر لەوە زیاترن کە پێشبینیمان دەکرد، هەرگیز هێزێکی لەوە گەورەترمان نەدیوە.
جەبار ڕووی کردە عاصف گوتی:

- بۆچی هۆزی ئەشاوس هێندە دواکەوتن؟

بە نیگەرانییەوە گوتی:

- نازانم، هێشتا وەڵامی ئەوانمان پێنەگەیشتووە.

- چیت پێ نەگەیشتووە؟

بە سەرسامییەوە گوتی:

- واتە چی هێشتا دڵنیانیت لەگەڵماندا دەبن یاخود نا؟

وەڵامی نەدایەوە، باپیری هاواری کرد بەسەریدا:

- وەڵامم بدەرەوە بەر نەفرەتی خودا بکەویت.

- داوای هاوکاریم لێ کردوون، بەڵام هێشتا وەڵامیانم پێ نەگەیشتووە.

- ئەی بۆچی گوتت کە پشتگیری ئەوانم پێ گەیشتووە، درۆت کرد؟

- پێم وابوو بەدەستم دەگات.

- پێت وابوو؟ ئایا پێت وایە جەنگ یاریی منداڵانە هەی گەمژە، پێت وابوو؟

وات لێ کردم تەواوی ئەندامانی خێزانەکە بەشداری بکەن و ئێستاش دەڵێیت پێم وابوو، تۆ چ سەرکردەیەکی گەمژەیت؟ هەمووانم ڕاسپاردووە بۆ جەنگەکە تەنانەت ئافرەتانیشم هێناوە.. ئەوان بەسەرماندا سەردەکەون گەمژە.

وەزیر خەیزەران هاتە نێو بابەتەکە:

- با بکشێینەوە خاوەنشکۆ هێشتا کاتمان لە بەردەستە.

- ناتوانین خەیزەران، کاتێکی زۆرمان دەوێت تاکوو بە تەواوی بکشێینەوە، طاغینیش لە هەر ساتێکدا بێت دەگات، بۆیە ئاسان دەبێت کوشتنی ئەوانەی درەنگ دەگەنەوە.

- باشترە هەندێکمان ڕزگاری ببێت وەک لەوەی هەمووان بمرن گەورەم.

- بەدوامدا هاتوون لەبەر ئەوەی متمانەیان پێم بووە.

دواتر گوتی:

- ڕاناکەم بە تەنیا و لە دوای خۆمەوە یەک کەسیش بەجێ ناهێڵم، ناهێڵم هیچ کام لە تاکی خێزانەکە بمرێت.

- دەی کەواتە چی دەکەیت؟

جەبار گوتی:

- چی بکەین هیچ هەڵبژاردنێکمان لە بەردەستدا نییە جگە لە جەنگ.

پاشان کێشای بە پشتی ئەسپەکەیدا، فڕی و بەرز بۆیەوە، دواتر یەکێک لە دەستە گەورەکانی بەرز کردەوە و گوتی:

- سەرکەوتن بۆ ئیمپراتۆر...

تاک بە تاکی سوپاکە دەیانگوتەوە:

- سەرکەوتن بۆ ئیمپراتۆر.

کاتێکی زۆر تێنەپەڕی تاکوو هەموویان گوێبیستی دەنگی باڵەکان بوون لە هەوادا کە لە دوورەوە دەهات، زەوی لەژێر پێیاندا دەلەرزی، کە تەماشای سەرەوەیان کرد بینییان بەس تەنیا ڕیزی یەکەمی دەتوانێت ڕووی خۆر بگرێت: مردن گەیشت.

٣٦

هەردوو سوپاکە بەرانبەر یەکتر وەستان, سوپای طاغین و لە پاڵیدا پادشا هاوپەیمانەکان کە چەند هێندەی سوپای ئیمپراتۆر دەبوون، کاتژمێری دەستپێکردن نزیک بۆیەوە.

طاغین نامەیەکی نهێنی لەسەر پێستەیەک نووسی و پاشان مۆری کرد بە مۆری مەملەکەتی ئەبابیل و بە پەیامنێرێکدا ناردی. پەیامبەرەکە لە نزیک سوپای ئیمپراتۆردا وەستا و دواتر نامەکەی بەرز کردەوە:

- هاتوم ئەم نامەیەم بۆ هێناویت لە خاوەنشکۆوە بۆ داواکراو جەباری ئیمپراتۆر.

ئەوە بۆ پادشا جەبار وەکوو سوکایەتییەک وابوو کە پێی بڵێن جەباری ئیمپراتۆر بە ناوی خۆیەوە بانگی بکەن، واتە سەرەتای بانگکردنی بوو بۆ جەنگ... هەنگاوێک لێی چووە پێشەوە، دابەزی لە ئەسپە باڵدارەکەی:

- چیت پێیە؟

پەیامبەرەکە پارچە پێستەکەی بەرز کردەوە:

- هاتووم هەندێک هەواڵ بۆ خۆت و ژیانی خێزانەکەت بهێنم.

پێستەکەی بەرز کردەوە نوسرابوو:

- عاصفمان ڕادەست بکە و جەنگەکە کۆتایی دێت.

ڕێکەوتنەکە سادە بوو، لە کاتی خۆیدا هاتبوو، بەڵام بۆ کەسێکی هەڵە، ڕاستییەکە ئەوەبوو کە جەبار بە تەمەندا چوو بوو، زیاتر ئارەزووی ئاشتی و ئارامی دەکرد، دەیویست قوربانی بدات لە بەرانبەر ئارامی خۆی و خێزانەکەی، بەڵام هێشتا نەگەیشتبووە ئەوەی کە خۆی ژێردەستە بکات...

پێستەکەی لووڵ کرد و بە ڕقەوە تەماشای طاغینی دەکرد لە پشتی سەربازەکانییەوە...

پێکەنی، دڵنیابوو لەوەی کە تەماشای پەیامبەرەکەی کرد، گوتی:

- هاتوویت تاکوو شەڕم و شوورەییمان بۆ بهێنیت.

پاشان بە دەستە گەورەکانی دەستی بەرز کردەوە و گوتی:

- سەرکەوتن بۆ ئیمپراتۆرە، دواتر سەری پەیامبەرەکەی لە لاشەی کردەوە، ئەوەش واتای ڕاگەیاندنی شەڕ بوو.

**

هەردوو سوپاکە زۆر بە تووندی بە یەکدا چوون، لە دوورەوە دەردەکەوت هەردووکیان بۆ ئەوە هاتوون: یان بردنەوە، یان مردن. بەڵام طاغین بەشداریی شەڕەکەی نەکرد، بەڵکوو لە دواوە وەستابوو، جادووگەرەکانیش پارێزگارییەکی تووندیان لێ دەکرد، لە کاتێکدا جەباریش وەکوو سەربازەکانی بە هەموو هێزێکییەوە دەجەنگا... تاج و تارا ئەمجارە وەکوو دووانەیەکی لە یەک دانەبڕاوە شەڕیان دەکرد، بەڵام عاصف بە تەنیا بوو، بەرەو پێشەوە دەچوو لە سوپاکە.

شەڕەکە لە سەرەتاوە دوایی نەهاتبوو ئەوەندەی پێ چوو، لە قازانجی طاغین و شوێنکەوتەکانی بوو، بە هەمان شێوە سوپاکەی دە بە یەک سەربازی هێزی ئیمپراتۆر بوو.

لەگەڵ ئەوەی پێدەچوو بەو نزیکانە عاصف و هاوڕێکانی بدۆڕێن، بەڵام هێشتا دەستیان نەدەکشاندەوە لە جەنگەکە و بە هەموو ئازایەتییەکەوە پێشڕەویان دەکرد... جەبار سەرنجی نەوەکەی دا کە چۆن چاونەترسانە دەجەنگێت و بەرەو دڵی دژمنەکەی دەڕوات، دەیزانی پلانەکە چییە... بۆیە لێی نزیک بۆیەوە و گوتی:

- پێت وایە بۆ کوێ دەچیت ئەی هەڵەشە؟

عاصف بەردەوام بوو لە کوشتن گوتی:

- بۆ کۆتاییهێنان بەم جەنگە.
- چۆن کۆتایی پێ دێنیت؟
- بە کوشتنی طاغین.
- پێت وایە کوشتنەکەی هێندە ئاسانە؟
- نـــازانم، بەڵام دوای ئەوەی هەوڵیکـــی لەگەڵـــدا دەدەم پێـــت دەڵێمەوە.
- ئەو جـــادووگەرانە دەبینیـــت کە دەورەیـــان داوە؟ لاوازتـــرین جادووگەریان دەتوانێت بە ئاسانی بتبەزێنێت.
- دەبێت کەسێکمان بیکوژین ئەگەر نا سەرناکەوین هەموومان.
خەیزەران لێی نزیک بۆیەوە و گفتوگۆیەکەیانی بڕی، گوتی:
- سوپای طاغین باڵی ڕاستی سوپاکەمانی گەمارۆ داوە.
جەبار گوتی:
- کارەساتە، ئەگەر تـوانیبێتی لایەکمـان گەمـارۆ بـدات، کەواتە بە ئاسانی هەموومان لەناو دەبات.
عاصف لەبەر ئەوەی هیچ ئەزموونی لە جەنگدا نەبوو، پرسی:
- کەواتە بڕیاری دەدەیت چی بکەین خەیزەران؟
- دەبێت ڕێگەیەک بدۆزینەوە تاکوو ئەو لایەی پێ بشکێنین بەر لەوەی بەسەر تەواوی سوپاکەماندا زاڵ بن.
ڕاست بوو جەبار بە چاونەترسییەوە دەجەنگا هەر لە سەرەتاوە، بە هەمان شێوە خۆی دابووە دەست ئەو چارەنووسەی کە خوا بۆی داناوە و بە هەمـان شێوە چاوەڕێی پەرجوویەک بوون ڕوو بدات و سەرکەوتوو بن... بەڵام ئێستا تێگەیشت کە دۆڕان تووشیان دەبێتەوە ئەگەر خێرا بڕیار نەدات لەم بارودۆخەدا و گوتی:
- بەرگری بکە.
- چی دەکەیت؟
- هێرش دەکەمە سەر گەمارۆدەرەکان.
- ئەوە بیرۆکەیەکی باش نییە گەورەم.

- ئەگەر نەیکەم ئەوا هەموومان دەمرین و کەسمان ڕزگارمان نابێت.

- لە هەر بارودۆخێکدا بێت هەموومان دەمرین. با تۆ بۆ کۆتایی جەنگەکە بمێنیتەوە.

- بۆ ئەوەی دوو جار بمرم؟ جارێک بە خەفەتی مردنی هەمووان و جارێکیش بە دەستی طاغین؟

خەیزەران وێستی شتێک بڵێت و جەبار بێدەنگی کرد:

- ئەوە کۆتا شتە کە لێت داوا دەکەم بەرگریم لێ بکە.

وای گوت پاشان چووە سەر پشتی ئەسپەکەی و بە قاچی پێیدا کێشا و ڕاستەوخۆ بەرەو باڵی ڕاست ڕۆیشت بۆ نێو گەمارۆکە بەرانبەر سوپای دوژمن... بەبێ ئەوەی چاوی بتروکێنێت بێبەزەییانە سەرباز لە دوای سەربازی دەکوشت، لەو کاتەدا تاج بینی و گوتی:

- جەبار چی دەکات لەوێ؟

خەیزەران گوتی:

- هەوڵم دا ڕێگری لێ بکەم.

لە بەرخۆیەوە قسەی دەکرد، ڕووی کردە تارا و گوتی:

- دەبێت دەربپەڕێنین.

- ئامادە بە دەچم بۆ یارمەتی جەبار.

تارا گوتی:

-نەخێر، دەبێت جێگەکانمان بەجێ نەهێڵین بەو جۆرە شڵەژان دروست ناکەین، ئێمە لە دڵی جەنگەکەداین.

- سوپاکەمان بەنەفرەت بێت گرنگ ئەوەیە جەبار هیچی لێ نەیەت.

خەیزەران هەڵیدایە:

- پابەندی شوێنەکەت بە تاج!

- تۆ چ گەمژەیەکیت تاکوو فەرمان بە من بکەیت، لەبیرت چووە من کێم؟

- له بیرم نەکردووە، بەڵام هیوادارم کە لەبیرت نەچێت تۆ کێی، سەلامەتیی سوپاکە و تاکەکانی هی منە.

- کەواتە بۆ ڕێگریت لە جەبار نەکرد؟

- بێفەرمانی کردم.

- کەواتە منیش فەرمانت لێ وەرناگرم.

تاج ویستی بڕوات، بەڵام تارا ڕێگری لێکرد:

- جەبار دڵخۆش نابێت گەر ببینێت لە پاڵیدایت.

- بەڵام دەمرێت ئەگەر یارمەتی نەدەین.

- چارەنووسی خۆی دیاری کردووە.

عاصف گوتی:

- کەواتە من دەڕۆم.

خەیزەران ڕێگری لێ کرد:

- نەخێر.

- کەوتنی تۆ و گەورەم جەبار لە هەمان کاتدا واتە شکانی تەواوی سوپاکە.

کەس نەیتوانی بچێت بۆ یارمەتیدانی جەبار بۆیە بە تەنیا مایەوە، بە هەموو هێزی دەجەنگا و دەجەنگا، تەنانەت وەزیری جەنگی طاغینیش نەیتوانی لە بەرانبەریدا بمێنێتەوە... دوای ئەوەی چاریان نەما و بینییان جەبار بە ڕاستی بەربەستێکی گەورەیە لە بەردەمیاندا، بۆیە طاغین بانگی لێپرسراوی گوندی جادووگەرەکان شەواهیری بانگ کرد و گوتی:

- جەبار نامرێت بە زۆر نەبێت.

سەری لەقاند و ڕۆیشت...

٣٧

هەموان سەرقاڵی جەنگ بوون دوای ئەوەی گوێبیستی دەنگی سوورەکە بوون فووی پێدا کرا، بینییان لە سەرچاوەکەوە کە جەبار پشتی سووتاوە بە ڕمێکی گەورەی ئاگرینی ڕەش کە سەرەکەی دووکەڵی مۆر دەردەکات، لە لایەکەی تری جەستەی هاتبووە دەرەوە...

لەگەڵ ئەوەی ئەو لێدانە زۆر بەهێزبوو بەڵام نەکەوت، بەڵکوو هێشتا بەردەوام بوو لە شەڕکردن، بەڵام بوێریی تاکەکانی زۆر دابەزیبوون، هەموان چاوەڕێ بوون دوای کەمێک بکەوێت و تەواو ببێ.

لەو کاتەدا خۆیان پێویستیان بەوە بوو کە بوێرییان بەرز بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی کە بینییان بەو جۆرە گەورەکەیان جەبار ڕمێکی ئاگرینی مۆری لە سنگدا چەقیوە، بە تەواوی ساردبوونەوە و ترس لە دڵیاندا دروست بوو، تەنانەت تاجیش. تا خۆیشی هیچی نەکرد بەڵکوو لەسەر ئەژنۆ کەوت لەو کاتەدا تەنیا بە دەنگی نزم گوتی:

- جەبار؟

تاکە کەس کە دەستوپێ سپی نەبوو عاصف بوو، ڕاستەوخۆ بە خێرایی بەرەو لای باپیری چوو، بەبێ ئەوەی گوێ بە بەربەستەکانی ڕێگەکەی بدات، تووڕەییە زۆرەکەی بەکارهێنا لەو کاتەدا.

بە دەنگێکی پڕ ماندووبوونەوە گوتی:

- چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە گەمژە؟

- تاکوو لێرە دەرت بهێنم.

- وازم لێ بهێنە و برۆ، دەتوانم بۆ کەمێک بتپارێزم لێرەدا.

عاصف به کەللەڕەقییەوە گوتی:
- هەرگیز ناهێڵم لێرەدا بتکوژن.
خەیزەران گوتی:
- ئەو کوڕە!

بینی کە عاصف خۆی خستۆتە چ بارودۆخێکەوە، ڕاستەوخۆ بە چوواردەوری خۆیدا خوولایەوە و بەدوای ڕێگەیەکدا دەگەڕا تاکوو دەریان بهێنێت، ڕاستەوخۆ بانگی کرد: - هێی ڕوزانا.

ڕاستەوخۆ ڕوزانای شەیتان هات بۆ لای و گوتی:
- بەڵێ خانمەکەم.
- بڕۆ و بە سەلامەتی عاصف و جەباری گەورەت دەر بکە.
- فەرمانتە.

ڕاستەوخۆ شەیتانەکە بازی هەڵدا بۆ نێوجەرگەی مەرگ تاکوو بتوانیت بە سەلامەتیی دەریان بکات، بەڵێ سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بە جۆرێک توانی دژمن سەرقاڵ بکات بۆ ماوەیەک، عاصفیش باپیری لەو ناوچەیە دەرهێنا، بەڵام بەر لەوەی بە تەواوی پلانی دەرچوونەکە جێبەجێ ببێت، شواهری جادووگەر ڕمێکی تری ئاگر بنەوشەیی گرت بە دەستییەوە تاکوو دووبارە بیهاوێتەوە لە ئامانجی دووەمی.

خەیزەرانی وەزیر ئاگاداری بوو بەڵام نەیدەتوانی هیچ شتێک بکات لەبەر ئەوەی ئاگاداربوو، هەموو ئەوەی دەیتوانی لەو ساتەدا ئەوە بوو هیوای ئەوە بخوازێت لە هەموو دڵییەوە تاکوو شتێک ڕوو بدات، هەر شتێک تەنیا ڕمەکە بەر عاصف نەکەوێت.

جادووگەرەکە دەستی بردە دواوە هێندەی توانی، پاشان چاوێکی داخست و بە چاوەکەی تری نیشانەی گرتەوە، زمانی دەرهێنابوو لە دەمە بێ ددانەکەی، هەناسەیەکی قوونی هەڵمژی لە لووتە زلەکەیەوە، بەرەو لەوەی ڕمەکە بهاوێت بە ئاراستەی عاصف، ڕاستەوخۆ لە ئاسمانەوە شتێک ڕوویدا کە کەس چاوەڕێی نەدەکرد...

لە ئاسمانەوە ئاگر دەباری بە یەکجار بەسەر شواهیردا... هەمووان تەماشای ئاراستەی سەرچاوەکەیان کرد بالندەیەی پەنگسووری گەورەیان بەدی کرد کە دوو باڵی گەورە و کلکێکی درێژی هەبوو لە کلکی تاوس دەچوو، لەسەر پشتی مشکێکی بچووک هەبوو کە پیشێکی درێژی هەبوو:

حەکیمەکە گوتی:

- ماشاالله بۆنی گۆشتی برژاو دێت، بۆنی ئاگری جەستەی شەواهیری دەکرد کە سوتابوو و کەوتبوو بە زەویدا، پاشان تەماشای ئەو جەستە زۆرانەی کرد کە لەسەر زەوییەکە کوتبوون، وتی:

- پێدەچێت دواکەوتبین لە ئاهەنگەکە.

**

ڕاستبوو عاصف خەمبار بوو لەبەر ئەو بریندارەبوونەی کە تووشی باپیری بووبوو، بەڵام هێشتا پێدەکەنی لەبەر ئەوەی لە کۆتاییدا هاوڕێکانی ئیکلیل و حەکیمەکەی بینییەوە بە سەلامەتی، تەماشای دوورتری کرد لە ئاسمانی ڕۆژئاوادا، بینی کە هۆزەکانی قنطورەکان بەدوایانەوە و لە دوایانەوە شازادەکەیان ئاشاسە کە سوپاکە بەڕێوە دەبات.

یەکێک لە قنطورەکان دابەزییە خوارەوە بۆ ئەو جێیەی کە عاصف لێی وەستابوو، دوای کەمێک بینی کە لە دوایەوە مرۆڤێکی ئەسمەر دانیشتووە، لەگەڵ ئەوەی بالای بەرز بوو، کەتە بوو، بەڵام ڕووخساری مرۆڤی پێوە دەردەکەوت. پێکەنی کە ڕاستەوخۆ عاصفی بینی لەنێو ددانە سپییەکانیدا ددانێکی ئاڵتوونی هەبوو، وەک ئەوەی بەرانبەر منداڵێکی بچووک وەستابێت:

- هێشتا هەر گەمژەیت مێروو بچووکە بێزارکەرەکە.

عاصف فرمێسکی خۆشی لە چاوانی هاتنە خوارەوە، دەنگی لەرزەی تێکەوت:

- ترسام نەیەیت.

ئەیوب گوتی:

- پیاوە ڕەشەکە هەرگیز واز لە هاوڕێکەی ناهێنێت.

پاشان چووە جێگەکەی خۆی.

ئەم گفتوگۆیانە بووە هۆی ئەوەی هاوسەنگیی جەنگەکە تێک بچێت و هێزەکەی طاغین بەرەو دواوە بکشێنەوە، دوای ئەوەی کەس نەیتوانی بیوەستێنێت، عاصف ڕووی کردە حەکیم و گوتی:

- دەمەوێت بچیت ئاگاداری سرابی بیت.

- ناچم بۆ هیچ جێیەک، لەگەڵ تۆدا دەمێنمەوە و دەجەنگم.

- بەڵام تۆ ناتوانیت هیچ بکەیت چونکە تۆ...

بێدەنگ بوو، حەکیمەکە بازێکی دا لەسەر پشتی ئیکلیل و چوویە پشتی عاصف:

- دواتر پیت دەڵێم ئەم مشکە دەچێتە کوێی جەستەتەوە، ئەم مشکە گەمژەیە.

بە لێبوردنەوە گوتی:

- مەبەستم ئەوە نەبوو، لێم تووڕە مەبە.

- ئێستا کاتی تووڕە بوون نییە، لێرەدا لەگەڵت دەمێنمەوە و دەجەنگم.

- بەڵام بەو جەستەیەتەوە ناتوانیت هیچ بکەیت.

- لانی کەم دەتوانم ببم بە چاوەکانی پشتەوەت.

**

بەرە بەرە سوپای طاغین دەستیان کرد بە کشانەوە لە جەنگەکە، دوای ئەوەی درکیان بەوە کرد کە دۆڕانیان مسۆگەرە، هۆکارەکەش

هۆزەکانی ئەشاوس بوون کە ڕووبەڕووی هێزی دژمن بوونەوە و لە هەمان کاتدا لە هەموو لایەکەوە هێرشیان دەکردە سەریان.

کاتی زۆر تێپەڕ نەبوو دوای ئەوەی بە تەواوی سوپای طاغین لەناو بچێت، بە تایبەت دوای ئەوەی دوا هێزیان کشانەوە و زیاتر لە نیوەی سوپاکە مردن، بەو هۆیەشەوە ورەی نیوەکەی تر دابەزی... دواتر کە دۆڕاندنەکەیان بوو بە شتێکی بێگومان، ڕاستەوخۆ فەرمانی دا بە جادووگەرەکان کە بیبەن دووری بخەنەوە لە شوێنی شەڕەکە...

دوای ئەوەی بردنەوە بۆ عاصف و هاوپەیمانەکانی مسۆگەر بوو، تاج سەرنجی دا جێهێشتنی شوێنەکەی زۆر کار ناکاتە سەر جەنگەکە، بۆیە بە نەرمیی کشایەوە و لەوێ دەڕۆیشت، بەڵام بە ئاگادارییەوە لەبەر ئەوەی نەیدەویست سەرنجی کەس بە لای خۆیدا ڕابکێشێت.

بەڵێ توانی ئەنجامی بدات، واتە خۆی وای هەست دەکرد. لە مێشکی خۆیدا دایناببوو پلانەکەی جێبەجێ بکات، تارا ڕاستەوخۆ بەرەو ئەو جێیە ڕۆیشت کە عاصفی لی وەستابوو و گوتی:

- دەمەوێت قسەت لەگەڵدا بکەم.

- قسە بکە.

- لێرە نا.

پاشان وتی:

- با بچینە جێیەکی تر قسە بکەین.

عاصف و ئیکلیل و حەکیمەکە بەیەکەوە ڕۆیشتن و جێگەکەی خۆیان چۆڵ کرد.

عاصف پرسی:

- چی بووە؟

- بۆچی لەگەڵتدا هاتن؟

تەماشای ئیکلیل و حەکیمی کرد پاشان گوتی:

- دەمەوێت بە تەنیا قسەت لەگەڵدا بکەم.

عاصف گوتی:

- قسه بکه کەس لەمان بێگانه نین تاکوو لێیان بشارمەوه.

تارا به تۆنێکی پڕمەترسییەوه گوتی:

- تاج.

- چییەتی؟

کەمێک بێدەنگ بوو، بەڵام له کاتی ئاسایی خۆی زیاتر بوو، واته به جۆرێک نەیدەزانی ئایا گونجاوه لەم کاتەدا ئەو نهێنییه باس بکات که دەربارەی جومانایه یاخود نا.

- عاصف ئارامی لێ برا و گوتی:

- گوێم گرتووه! تاج چییەتی؟

تارا له کۆتاییدا گوتی:

- ماوەیەکی کۆن... بەر له ئێستا زۆر کۆن. منداڵێک و دایکێک هەبوون، که دایکەکه زۆر منداڵەکەیی خۆش دەویست، له کوخێکی دوور دووردا دەژیان، ڕۆژێک دایکەکه ڕۆیشت و منداڵه بچووکەکەی جێ هێشت لای هاوڕێیەکی، نهێنییەکی مەترسیدار زۆر مەترسیداری جێهێشت.

پاشان گوتی:

- ئەمه بۆ تۆ مانای هیچ شتێک ناگەیەنێت؟

عاصف ئەو وشانەی بیر هاتەوه که دایکی ئەو شەوەی که مرد پێی گوتبوو.

- بیرمه، بەڵام چۆن گەیشت به تۆ و چۆن دەیزانیت؟

- من ئەو هاوڕێیەی دایکتم که ئەو نهێنییه ترسناکەی لا بەجێ هێشتووه.

- مەبەستت چییه؟

- ئێستا کاتی ئەوەیه هەموو شتێک بزانیت عاصف.

٣٨

تاج بەرەو ئەو ماڵە ڕۆیشت کە سرابی خۆی لێ شاردبۆیەوە، ڕاستەوخۆ بەرەو ئەو ژوورە چوو کە جومانای لێ دەخەوت لەگەڵ منداڵەکەیدا، ئەوە تاکە شوین بوو کە عاصف شتە گرانبەهاکانی لێ بشارێتەوە، هێشتا بەتانییەکە لە سەر زەویەکەدا بوو دۆزیەوە، خۆی لە بەتانییەکەوە پێچابوو بە ترسەوە تەماشای دەکرد.

- ئایا جەنگەکە کۆتایی هات؟

سرابی پرسی:

- ئایا عاصف باشە؟

- باش نابێت هەتاکوو لە دەست تۆ ڕزگارمان نەبێت.

- مەبەستت چییە؟

- دەبێت عاصف هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێک لە کچانی ئیمپراتۆر بکات تاکوو ئەو هەڵەیە چاک بکاتەوە کە دایکی پێش چەندان ساڵ کردی، بەڵام بوونی تۆ لەسەر ئەم زەویە ڕێگری لەوە دەکات.

- ئەو منی خۆش دەوێت.

- لەبەر ئەوەش دەمەوێت لە ژیانی بڕۆیتە دەرەوە.

- بەڵام ئەوە هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت، عاصف هەر خۆشی دەوێم تەنانەت دوای مردنیشم.

- دوای ماوەیەک بە تەواوی لە بیری دەچیتەوە، باوەڕم پێ بکە.

-نەخێر، باوەڕی نەدەکرد.

- تۆ عاصف ناناسیت.

تاج بە چاوی بەزەییەوە تەماشای کرد وەک ئەوەی بەزەیی پێیدا بێتەوە:

- پێـدەچێت تـۆ پیـاوان نەناسـیت ئـازیزەکەم، بـا زانیـارییەکی بچووکت دەربارەی ئەوان پێ بدەم.

تاج گوتی:

- ئەوان بوونەوەرێکی خۆپەرستن، جگە لە خۆیان کەسی تریان خـۆش ناوێت، دوای ئەوەی دەمریت عاصـف بـۆ هەتاهەتـایە دڵتەنـگ نامێنیتەوە، بەڵکوو دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی یەکەمین ئافرەت کە دڵی بۆ دەکاتەوە، پیاوان بەم جۆرەن، ئەو ئافرەتەیان بیر ناچێتەوە کە خۆشـیان ویسـتووە تەنیـا بە ئـافرەتێکی تـر نەبێـت، دوای ئەوەی دەکەونە داوی خۆشەویستییەوە.

- درۆیە.

لێی نزیک بۆیەوە بە چەند هەنگاوێ و گوتی:

- بەداخەوە زۆر ناژیت تاکوو خۆت ئەوە دڵنیا بکەیتەوە.

سرابی بەتانییەکەی دایەوە بەسـەر دەموچاویدا بـۆ خۆپاراسـتن و چاوەکانی داخست و چاوەڕێی پەرجوویەک بوو ڕوو بدات... تـاج لێی نزیک بۆیەوە و خەنجەرێکی تیژی دەرهێنا کە لە یەکێک لە گیرفانی ئەسپسوارەکانی ڕێکخراوەکە هێنابووی ئەو کاتەی لە مەیدانی جەنگ بـــوو، لەبەر ئەوەی دەیویســـت مـــردنەکەی ســـرابی وەکـــوو ئەوە دەربکەوێت کە ئەسپسوارێکی جاسوم کوشتوویەتی...

خەنـجەرەکەی بەرز کـردەوە و بەر لەوەی بیکـات بە جەسـتەیدا پەرجووەک ڕوویدا، تارا دەرگای ژوورەکەی شکاند و ڕاستەوخۆ لە ڕووی تاجدا وەستایەوە، تارا هاواری کرد:

- بوەستە!

تاج بە دوو چاوە ڕەشەکەی گوتی:

- چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟

- هاتووم ڕێگریت لێ بکەم لەوەی چیتر خەڵکی هەڵە نەکوژیت.

خەنجەرەکەی ئاراستە کرد و گوتی:

- دەتکوژم ئەگەر ڕێگری لەوە بکەیت پلانەکەم سەربگرێت.

- دەزانم کە هەموو شتێک دەکەیت تاکوو پلانەکەت سەرکەوتوو ببێت.

پاشان گوتی:

- هەر لەبەر ئەوە نەبوو بەحرت کوشت و کچەکەت جومانات کوشت.

- من کچەکەمم نەکوشت!

تاج هەوڵی دەدا تاوانەکەی پەردەپۆش بکات. تارا سوورىوو لەسەر قسەکەی:

- بەڵێ کردت، دەتزانی کە هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ ئەوەی کوڕەکەی ببەیت تەنیا بەوە نەبێت کە دایکی بکوژیت، دەشتزانی ئەو منداڵە تاکە کەسە دەتوانێت ئاواتەکەت بەدی بهێنێت و بەسەر برا ستەمکارەکەتدا زاڵ بێت، بێتاوانیی خۆتی بۆ بسەلمێنێت کە تۆ لە دژی ئیمپراتۆر نیت و دواتر پێگە و شوێنی خۆت لە دڵی هاوسەرەکەتدا بەدەست بهێنیتەوە.

- نەخێر، ئەوە ڕاست نییە.

تارا گوتی:

- تۆ دەزانیت ئەوەی دەیڵێم ڕاستییە، هێزی جنۆکە و میشکی مرۆڤ ئەوە ئەو شتەیە کە تۆ دەتەوێت، ئەوە تاکە شت بوو کە تۆ دەتویست بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەت، بۆیە جەستەیت بە خۆڵەمێش ڕووپۆش کرد بە ڕەژووی عینقاکە و هێشتا بێهۆش بوو، باش دەزانیت کە ڕەنگە بمردایە بەڵام بە لاتەوە گرنگ نەبوو، تاج لەبەر ئەوەی تۆ جگە لە خۆت گرنگیت بە کەسی تر نەدا.

- ئەوەی دەیڵێیت هەموو قسەی پڕوپووچە و هیچی تر.

تارا سوورىوو لەسەر قسەکانی:

- تەواوی کاتەکە عاصفت بەوە هەڵدەخەڵەتاند کە نابفیل دایکی کوشتووە، هەموو کاتەکە هەوڵت دەدا ڕای بگریت لە خۆشەویستی،

بەڵام هەموو ئەوەی کردت لە سەرەتاوە بەرگریکردنت بوو لە خۆشەویستیت بۆ جەبار.

- مافی خۆم نییە بۆ جەباری بسەلمێنم کە من یارمەتی پلانگێڕەکانم نەداوە، ئایا مافی خۆم نییە بیتاوانیم بسەلمێنم؟

- بەڵێ، مافی خۆتە بیگومان، بەڵام سنوورت تێپەڕاند.

- تۆ سنوور دانانێت بۆ من تارا.

- بۆچی دەتەوێت ئەو کچە بکوژیت و عاصف تووشی بارودۆخێک بکەیت تەواوی تەمەنی لە بیری نەکات؟

- ئەو گەمژەیە باش و خراپی خۆی نازانێت.

- وازی لێ بێنە ئەوەی پێی گونجاوە هەڵی بژێرێت.

- دەبێت هەڵەکەی دایکی چاک بکاتەوە.

سرابی هاتە نێو قسەکانەوە:

- بۆچی دەبێت هەڵەیەک چاک بکاتەوە کە ئەو نەیکردووە؟

تاج قسەکەی بە تارا بڕی:

- ئەوە تاکە هۆکار نییە کە من بمەوێت تۆ بکوژم.

- ئەی چییە؟

- لەبەر ئەوەی تۆ تاکە کەسیت بینیت کە بەحری کوشت!

پاشان گوتی:

لە ڕاستیدا ویستی لەنێو مەیدانی مااڵەکەدا بتکوژێت، بەڵام زانی ئەو کاتە عاصف بە جۆرێک دەڕووخێت کە ناتوانێت ئەوەی پێویستە لەسەری بیکات، بۆیە بڕیاری دا دوای بخات بۆ کاتێکی تر.

سرابی بە تووڕەییەوە هاواری بەسەردا کرد:

- تۆ بکوژیت تاج، تۆ بکوژیت.

- دەمت داخە.

تاج بێدەنگی کرد بە تووڕەییەوە، پاشان گوتی:

- نـۆرەی تـۆش دێـت بتکـوژم ئەی مرۆڤـی قێـزەون، بەڵام دوای ئەوەی لەم مارە ڕزگارم بوو کە خۆی دەخاتە نێو کارێکەوە کە هـی ئەو نییە.

تارا گوتی:

- من بە فەرمانی جومانا لێرەم.

- مەبەستت چییە بە فەرمانی جومانا؟

تارا کەمێک بێدەنگ بـوو، هەستی بە گەرمیـی ئاگرێکی لەسـەرخۆ دەکرد:

- ناتەوێت بزانیت بۆ چووم بۆ بینینی جومانا بەر لە مردنی؟

تاج بێدەنگ بوو، بەڵام چاوەکانی هاواریان دەکرد بیڵێ.

- ڕۆیشتم تاکوو لەبارەی ژەهری نێو قاپەکە ئاگاداری بکەمەوە... پێم وت گوتی کە لێی دەخۆمەوە.

- تۆ چی دەڵێیت؟

بە سەرسامییەوە پرسی، تارا نیوەی ڕاستییەکەی گوت:

- جومانا مرد و دەیزانی کە تۆ ژەهرت بۆ کردۆتە نێو ئاوکەیەوە.

- درۆ دەکەیت.

- تەماشای چاوم بکە تاج، تۆ دەزانی کە من ڕاستییەکە دەڵێم.

- بۆچی لەو پەرداخەی خواردەوە کە دەیزانی دەمرێت؟

تارا گوتی:

- تـاکوو کـوڕەکەی بپارێزیـت، دەیزانـی کە تـۆ واز لە ژیانیـان ناهێنیت، بۆیە وای کرد تاکوو بگەیتە کۆتایی و لێی بگەڕێیت.

- درۆ دەکەیت!

تاج گوتی:

- تۆ درۆ دەکەیت.

دواتـر تـارا نیـوەکەی تـری ڕاسـتییەکەی ئاشـکرا کـرد. جومانـا کـورتەچیرۆکێکی بـۆ کـوڕەکەی گێـڕایەوە، پێـی گـوت کە ڕۆژێـک لە

ڕۆژان خۆی ئەو بەشە تەواونەکراوەی تەواو دەکات و کۆتاییەکەی بە دەستی خۆی تەواو دەکات.

- دەتەوێت بزانیت جومانا وەسییەتی چی بۆ کردم بەر لەوەی بمرێت.

- چی؟

- پێی گوتم کە چاوم لە کوڕەکەی بێت تاکوو گەورە دەبێت و بەهێز دەبێت، ئەو کاتە پێی بڵێم کە تۆڵە بکاتەوە، بەڵام ئەم جارە ئەو کەسەی کە تۆڵەی لێ دەکرێتەوە تۆیت.

تاج هاواری کرد و هێرشی کردە سەری:

- دەتکوژم بەر لەوەی پێی بڵێیت.

- هەموو شتێکم بۆ باس کرد و تەواو بوو.

- ئەمڕۆ من کۆتاییەکە دروست دەکەم، بە دەستی خۆم.

عاصف لە دواوە وای گوت و پاشان بە چنگ تێی بەر بوو، تاراش ژەهری پێدا ڕشت و گوتی ئەمە لەبەر تۆیە جومانا، پاشان بە چنگەکەی تری لێی دا، گازێکی تری لێگرت و گوتی ئەمەش لەبەر تۆیە بەحر.

تاج کەوتە سەر ئەژنۆ و بەبێ مەبەست بەسەر نەوەکەیدا کەوت، عاصف گرتییەوە و چپاندی بە گوێیدا:

- جارێکیان پێم گوتیت کە هەرگیز ناتوانیت بموەستێنیت، بەڵکوو دەبێت بمکوژیت یاخود خۆم دەتکوژم ڕۆژێک لە ڕۆژان.

تاج تەماشای دەکرد بەڵام هەناسەی هەزار ماندووبوونی پێوەبوو.

بە دەنگی کز دەیگوت:

- ئای نەنە ئای، هەموو شتێکت فێر کردم هەموو شتێک، تەنیا یەک شت نەبێت ئەویش....

- هەرگیز زیانت پێناگات لە کەسی نزیکەوە نەبێت.

تەواوی کاتەکە من بەدوای کەسێکی هەڵەوە بووم، نەمدەزانی کە خوێنی تۆ لەڕاستیدا دەبێت بڕێژم، فەرموو بڕۆ بۆ دۆزەخ و لەبیرت

نەچێت جێیەکی باش بۆ برا ستەمکارەکەشت بگرە، لەبەر ئەوەی دوای ئەوەی لە شەڕەکە ڕزگارم بوو، ئەویش دەنێرم بۆ لات.

- نەکەی نزیکی جەبار ببیتەوە، هەناسەکانی کۆتایی دەدا.

- خەمت نەبێت، خۆی فەرمانی کوشتنی تۆی پێ کردووم.

دوای ئەوەی تاج مرد بە چەند خولەکێک حەکیمەکە بە دەنگی بەرز هاواری لێ بەرز بۆیەوە، وەک ئەوەی کە لەشی پارچە پارچە بکەن. کەوت بە زەویدا لەبەر ئەو ئازارە زۆرەی هەستی پێ دەکرد، کەس نەیدەزانی بۆچی وا دەکات گوتی:

- مرد بەر لەوەی جادووەکەم لەسەر بەتاڵ بکاتەوە.

تارا بە نیگەرانییەوە گوتی:

- دەبوو جادووەکەی سەرت بەتاڵ بکەینەوە بەر لەوەی تاج بکوژین.

- مەمرە!

عاصف هەستی بە تاوانباری دەکرد و هاواری کرد:

- نەکەی بمریت!

حەکیمەکە گوتی:

- بمبووڕە لە هەموو جارێک پێم وابوو هەڵت دەخەڵەتێنم.

عاصف لێوی خۆی گەست، فرمێسکی خۆی دەخواردەوە:

- بێگومان لێت خۆش دەبم.

حەکیم تەماشای ئیکلیلی کرد و گوتی:

- تۆش بمبووڕە بەرانبەر هەر وشەیەک کە ئازارم داویت بە زمانەکەم گەمژە.

ئیکلیل لەو کاتەدا هەستی بە خۆشەویستیی خۆی دەکرد بۆ حەکیمەکە گوتی:

- دەتبوورم.

پاشان ڕووی کردە سرابی و گوتی:

– تۆش بە هەمان شێوە بمبووڕە لەبەر ئەوەی تەواوی کاتەکە بە ڕووتی خەیاڵم دەکردیتەوە کە سەمات بۆ دەکردم، پێت دەگوتم ڕات چییە سەمات بۆ بکەم ئەی حەکیم.

دوای ئەوەی بینی کە قایل نییە بەو بارودۆخە گوتی:

– بمبووڕە تۆ نازانیت هەندێک جار میشکی پیاوان تا چ سنووڕێک دەگات.

– گوتی دەتبووڕم.

– بمبوورن مەگەر ئاسمان بە هاوارمەوە بێت.

وای گوت پاشان چاوەکانی داخست و سنگی لە جووڵە کەوت... هەموان بە دڵتەنگییەوە تەماشایان دەکرد، هاوڕێیەکی دڵسۆزیان لەدەست دا، لەبەر ئەوەی دڵێکی باشی هەبوو هەرچەندە زمانی دڕێژ بوو، هەموویان گوتیان (مالئاوا حەکیم). پاشان دوای چەند چرکەیەک هەورێکی سپی وەکوو ڕەنگی شیر وەهابوو باری بەسەر جەستەی مشکەکەدا و جەستەی بەرە بەرە گەورە بوو بە جۆرێک نیوەی ژوورەکەی گرتەوە دواتر کە هەورەکە بووە هۆی ئەوەی ئەو پیاوە گەورەیەی لێ دەربچێت، قاچەکانی باریک و پیس، ڕیشێکی درێژ و تەنک وەکوو ڕیشی بزن بوو، لووتی دیار بوو لەبەر ئەوەی سمێڵی دەرکەوتبوو.

تارا بە جۆشوخرۆشەوە گوتی:

– جادووەکەی لەسەر بەتاڵ بۆیەوە.

عاصف گوتی:

– ئەی حەکیم گوێت لێمە؟

چەند جارێک چاوی تروکاند بەر لەوەی بە تەواوی بیکاتەوە، باوەڕی بەوە نەدەکرد کە هێشتا زیندووە و بووەتەوە بە مرۆڤەکەی جاران، دەستی لە جەستەی خۆی دەدا وەک ئەوەی بیەوێت دڵنیا بێتەوە ئایا بە تەواوی جادووەکەی لەسەر لاچووە، خەون نابینێت:

– جەستەم بۆ گەڕایەوە.

حەکیم گوێی بە لەش و لارە ڕووتەکەی نەدا، جەستەی وەکوو کیسەڵێکی پیر وەهابوو کە تازە لەنێو قاڵبەکەی دەرهاتبوو، لە خۆشیاندا سەمای دەکرد لەبەر ئەوەی جادووەکەی لەسەر لاچووە، بە هەمان شێوە سرابی و عاصف و ئیکلیلیش لە دڵخۆشیاندا سەمایان لەگەڵدا دەکرد.

٣٩

له کۆتاییـدا جەنـگەکە تەواو بـوو بە سـەرکەوتنی عاصـف و هاوڕێکانی، هیچ نەمابۆیەوە جگە لە گرتنەوەی کۆشکی پادشایەتی، پادشا لە ژوورەوە بوو لە ڕێگەی جادووگەرەکانەوە دەورە درابوو لە ژوورەوە. لەگەڵ ئەوەی جەبـار نزیـک بـۆیەوە لە مـردن، شـێوەی ترسناک بـوو، لەبەر ئەوەی ڕەمەکە بە تەواوی چەقیبووە جەستەی و سـەرە ئـاگرینەکەی هێشـتا ئیشـی دەکـرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا سـووربوو لەسـەر ئەوەی لەسـەر پێی خـۆی بوەستێت تـاکوو کۆتـا سـات کە دەسـت دەگـرنەوە بەسـەر قەڵاکەدا لەگەڵ سـەربازەکاندا. عاصف قایل نەبوو گوتی:

- دەبێت پشوو بدەیت باپیرە.

جەبار بە گاڵتەجاڕییەوە گوتی:

- پێت وایە من سرابیم تاکوو فەرمانت لێ وەربگرم؟

پاشان بە دەنگێکی جددییاتەوە گوتی:

- لەگەڵتدا لە سەرەتاوە بەشداری ئەم جەنگەم کردووە، بێگومـان بەشداری کۆتاییەکەشی دەکەم.

بە ئەسپە باڵداڕە جەنگییەکانەوە عاصـف لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەرەو دوورگەی ئەربـاب دەچـوون بـۆ کۆشـکەکە. لە هەمـوو لایەکەوە کۆشـکەکەیان گەمـارۆ دا، بەڵام لەسـەر دیـواری کۆشـکەکە جادووگەرەکـان بـڵاو بووبـونەوە، هەر کەسـێک یەک هەنگـاو لە کۆشکەکە نزیک بووایەتەوە دەیانکوشت...

عاصف ڕووی کردە سوپاکەی و گوتی:

- طاغینم بە زیندوویی دەوێت.

لە دوایەوە شازادە ئەشاوس بە شوێنکەوتەکانی گوت کە جگە لە ئەو فەرمانیان لە کەس وەرنەدەگرت:

- کۆڕی هاوڕێکەمان طاغینی بە زیندوویی دەوێت.

دوای ئەوەی کە ڕێنماییەکانی گەیشت بە هەموو تاکەکانی سوپاکە، دەستی بەرز کردەوە بە ئاراستەی کۆشکەکە تاکوو دەست بکەن بە گەمارۆدانی... شوێنکەوتەکانی توانیان بە زوویی بچنە نێو کۆشکەکە بێ ئەوەی کەسیان لێ بکوژرێت، لەگەڵ ئەوەی زۆر بە تووندی لە لایەن جادووگەرەکانەوە ڕێگریان لێ دەکرا. دواتر لە ماوەیەکی کەمدا قنطورەکان توانیان طاغین بگرن و بە زیندوویی بیهێنن.

**

لە مەیدانەکەی دەرەوە لە بەردەم کۆشکی ئەبابیلدا ئەو جێیەی کە طاغین نێردراوەکای دێی جەساسەی لە سێدارە دا بە سەرکردایەتیی شێخەکەیان کە هیمام بوو. پادشا طاغین لە بەردەم عاصفدا بە زەلیلی کەوتە سەر ئەژنۆ وەک کۆتایی هەموو ستەمکارییەکەی بێت... هەمووان ڕوویان کردە عاصف و چاوەڕێی کوشتنی بوون چونکە هیمای کۆتاییهاتنی جەنگ بوو، بەڵام طاغین گوتی:

- ئەگەر وا بکەیت ئەوا شوێنی شیمالی هاوڕێت نازانیت.

عاصف بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

- ئایا شیمالی هێشتا زیندووە؟

- پێت وابوو هەر وا بە ئاسانی کۆتا کاغەزم دەسووتێنم؟

- پێم بڵێ لە کوێیە؟

- تۆ سەرەتا پێم بڵێ لە بەرانبەردا چیم پێ دەدەیت؟

- هەر شتێک.

پاشان بە دوودڵییەوە گوتی:

- بەڵام نەکەیت بیر لە ژیان بکەیتەوە.

- کەواتە بمکوژە و ڕزگارم ببێت، شوێنەکەی نازانیت ئەگەر بەڵێنی ژیانم پێ نەدەیت.

هاواری کرد بەسەریدا:

- داوای نرخێکی زۆرت کردووە!

پاشان بە ساردییەوە گوتی:

- شیمالی هاوڕێت شایەنی ئەوەیە.

- پێت چۆنە کوڕەکەی جومانا، بەو جۆرە ژیان بە ژیان یەکسان نابین؟

عاصف بیرۆکەکەی بەدڵ بوو، بەڵام جەباری باپیری بە تووڕەییەوە گوتی:

- بیکوژە!

دەستی بەرز کردەوە بۆ هاوڕێکانی (ئیکلیل و حەکیم و سرابی) پاشان گوتی:

- باپیرە ئەگەر بیکوژم ئەوا ناتوانم هەرگیز سەرم بەرانبەر ئەم هاوڕێیانەم بەرز بکەمەوە.

- ئایا بە زیندوویی دەیهێڵیتەوە؟

شێت بوو گوتی:

- دەزانم کارێکی شێتانەیە، بەڵام لەم جەنگەدا زۆر شتمان لەدەست دا هەتاکوو هاوڕێکەم دەدۆزمەوە ناچارم کە وا بکەم، هیچ چارەیەکی ترم نییە.

خەیزەرانی وەزیر گوتی:

- بۆچی خۆمان بەدوای هاوڕێکەتدا نەگەڕێین؟

طاغین گوتی:

- نایدۆزنەوە، تەنانەت ئەگەر بەخت یاوەریشتان بێت دوای سالانێکی زۆر دەیدۆزنەوە، ئەو کاتەش تەنیا ئێسکەپەیکەرەکەی ماوەتەوە.

عاصف تەماشای باپیری کرد و گوتی:

- هیچ هەڵبژاردەیەکی ترمان لە بەردەستدا نییە.

جەبار ناڕازی بوو، گوتی:

- ناهێڵم بە زیندوویی لەم شوێنە بچێتە دەرەوە!

پاشان ڕووی کردە طاغین بۆ ئەوەی بیکوژێت، بەڵام عاصف لە ڕوویدا وەستایەوە:

- ئەگەر هەوڵی کوشتنی بدەیت ئەوا هەوڵ دەدەیت شیمالی بکوژیت، منیش ڕێگە بەوە نادەم.

تەواوی سوپاکەی ئیمپراتۆر لە پشت جەبارەوە وەستان، ڕوون بوو ئەوە ڕاگەیاندنی جەنگێکی تازەیە، دوای ئەوەی ئەیوب و شازادە ئاشاس لە پشتەوە وەستابوون لەگەڵ تەواوی هۆزەکانی ئاشاوسەدا لە پشتی عاصفەوە مانای ئەوە بوو تەواوی سوپاکە لە پشتی دەوەستنەوە، جەبار ڕووی کردە شازادەی قنطورەکان و گوتی:

- ئایا لە دژمان دەوەستیتەوە ئاشاس؟

شازادە گوتی:

- ئێمە بە هیچ شتێک قەرزداری ئێوە نین.

پاشان گوتی:

- بەڵام ئێمە زۆر قەرزاری بەحرین، بۆیە هەرگیز ڕێگە بە کەس نادەین کە ئازاری کوڕەکەی بدات.

تارا هاتە نێوان هەردوو سوپاکەوە:

- ئایا قایل دەبن ببم بە دادوەرتان؟

جەبار گوتی:

- من کێشەیەکم نییە.

تەماشای عاصفی کرد و پرسی:

- ئەی تۆ؟

سەری ڕازیبوونی لەقاند.

تەماشای جەباری کرد و گوتی:

- تۆ دەست پێ بکە.

لەگەڵ ئەوەی ئازاری هەبوو بەڵام بەرانبەر هەموان وەستا:

- طاغین بە ناپاکیکردن تەختەکەی لێ بردین و بەوەشەوە نەوەستا سووکایەتی پێ کردین و زۆرێک لە ئەندامەکانی خێزانەکەمانی بە ناهەق کوشت و ماوەی ئەو هەموو ساڵە ئەمن و ئاسایشی لێ سەندینەوە. بەوەوە نەوەستا کە لەنێو دارستاندا لەگەڵ ئاژەڵە ترسناکەکاندا دەژیاین، هەموو ڕۆژێک لەوە دەترساین ڕاو بکرێین، بەوەشەوە نەوەستا، وای لێ کردین وەکوو مێروو خۆمان لەژێر زەوی بشارینەوە لە ترسی پەلاماردان، بۆیە شایەنی مردنە بەبێ بەزەیی.

پاشان تەواوی گەورەکانی خێزانەکە لە دوایەوە گوتیان:

- ئەو شایەنی مردنە بەبێ بەزەیی.

تارا ڕووی کردە عاصف و گوتی:

- قسە بکە.

عاصف گوتی:

- برای تاجە بۆ من ئەوەندە بەسە تاکوو بیکوژم.

تارا گوتی:

- کەواتە تۆ دەتەوێت بیکوژیت.

- بێگومان دەمەوێت لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەبێ باوک و دایکم ژیام، دایکم بەهۆی ئەوەوە ماوەیەکی زۆر بەبێ مێردەکەی ژیا، بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان ئەو شتانەی کە دەمانەوێت و ئەو شتانەی کە دەتوانین و ناتوانین ئەنجامی بدەین.

پاشان ڕوونی کردەوە و تەماشای هەموانی دەکرد:

- بەڵێ، من دەمەوێت بیکوژم بەڵام ناتوانم، ئەگەر وابکەم ئەوە مانای ئەوەیە کە هاوڕێکەم شیمالی دەکوژم.

تەماشای باپیری کرد و قسەکەی تەواو کرد:

- له سەرەتاوە رێکەوتنەکەمان ڕوون بووە باپیرە، من تەختی پادشایەتیت پێ دەدەم لە بەرانبەر بەشداریکردنی ئەمڕۆت لە جەنگەکەدا، ئێستاش ئەمڕۆ وەکوو بەڵێنەکەم پێدابوویت جێبەجێم کرد، بۆ طاغین ئەوەیان من بڕیار دەدەم چی لێ بکەم.

تارا کەمێک بێدەنگ بوو بیری لە هەردوو بەرەکە دەکردەوە، هەردووکیان لەسەر هەق بوون و ڕاستیان دەکرد، بەڵام جەبار ڕاستتر بوو، دەبوو طاغین بمردایە نەک لەبەر ئەو تاوانانەی کە کردوویەتی لە ڕابردوودا، بەڵکوو لەبەر ئەو کێشانەی کە ڕەنگە لە داهاتوودا دروستی بکات تاکوو دووبارە دەسەڵات بگرێتەوە دەست، بەڵام بە هەمان شێوە دەبوو ئاگاداری کوڕەکەی جومانا بێت:

- جەبار تەختەکە دەبات و عاصفیش طاغین دەبات و ئەوەی دەیەوێت لێی دەکات.

بە ڕووخساری جەباردا دەردەکەوت کە بە بابەتەکە قایل نییە، بەڵام شازادە ئاشاس پێشی کەوت و گوتی:

- دەی جەبار سەرەتا بە دادوەری تارا ڕازی بوویت، کەواتە نابێت لە فەرمانەکەشی دەربچیت!

جەبار لە قسەکانی نەوەکەیەوە گوتی:

- جیاوازیی هەیە لەنێوان ئەو شتانەی کە دەمانەوێت و ئەو شتانەی کە دەتوانین و ئەوانەی کە ناتوانین ئەنجامی بدەین.

بۆیە بەر لەوەی ڕووی وەربگێڕێت و بڕوات:

- من دەمەوێت سەرپێچیی فەرمانەکە بکەم بەڵام ناتوانم. نەک لەبەر لاوازی، بەڵکوو لەبەر ئەوەی لە قسەی خۆم پاشگەز نابمەوە...

عاصف تەماشای طاغینی کرد و گوتی:

- من بەڵێنی ژیانت پێ دەدەم لە بەرانبەر ژیانی شیمالی هاوڕێم.

طاغین پێکەنی و چاوە پیسەکانی دەدرەوشانەوە:

- ئەوە دادپەروەرییە.

طاغین به کۆمەڵێک تونێل و ڕێگای نهێنی و ژێرزەمینیدا بردنی کە لە لایەن جادووگەرەکانەوە هەڵکەنرابوو، لە ڕابردوودا بەهۆی چەندان جادووی مەترسیدارەوە کە بە دڵنیاییەوە هەر کەسێکی دەکوشت ویستبای لێوەی تێپەڕ ببێت بەبێ بەکارهێنانی دەمامک و کەلوپەلی تایبەت...

طاغین لە کۆتاییدا گەیشتە زیندانێک کە جگە لە یەک کەس کەسی تری تێدا نەبوو، کوڕێکی گەنج، جلێکی سپیی فراوانی پیسی لە بەردا بوو کە هەر بە تەماشاکردنیدا هەستت پێ دەکرد (ماندوو، تینوو، برسی و ئەشکەنجە دراوە) لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لەسەرخۆ و ئارام بوو، چاوی داخست و پێکەنی وەکوو گوڵێک چۆن دەپشکوێت...

هاوڕێکانی بانگیان کرد:

- هێی شیمالی!

ئەویش هێشتا چاوەکانی داخستبوو زەردەخەنەیەکی کرد، پاشان شتێکی سەیری گوت:

- خودام دۆزییەوە.

٤٠

ماوەی حووکمڕانیی پادشا جەبار زۆری نەخایاند بارودۆخی تەندروستی بەرەو خراپی دەچوو، هەر لەبەر ئەوەش کۆمەڵەی پزیشکانی جنۆکە کۆبوونەوە، بڕیاریاندا نەشتەرگەری لەناکاوی بۆ بکەن و ئەو ڕمە جادوویە ڕەشە کە سەرەکەی گڕی بنەوشەییە لە جەستەیدا دەربهێنن.

لە سەرەتادا حەکیمەکە بە بڕیارەکەیان قایل نەبوو، لەبەر ئەوەی لە یەکێک لە پەرتووکە کۆنەکاندا ئەوەی خوێندبۆیەوە کە ڕمی جادوویی نابێت دەربهێنرێت لەبەر ئەوەی دوای دەرهێنانی ئینجا کاریگەری دەردەکەوێت. بەڵام سەرۆکی جنەکان لەبەر ئەوەی پیاوێکی بەسالاچوو بوو ناوی "نوار" بوو بە حەکیمەکەدا هەڵشاخا:

- ئێوەی مرۆڤ حەز دەکەن لووتتان لەو شتانەدا وەربدەن کە لێی تێناگەن.

کاتێکی گونجاو نەبوو بۆ وەڵامدانەوە، بۆیە حەکیمەکە ڕووی کردە جەبار و گوتی:

- ڕێگەیان مەدە ڕمەکە دەربهێن لە جەستەت!

پاشان بە شێوازێکی پارانەوەوە گوتی:

- تکایە!

سەرۆکی جنەکان خۆی هەڵقورتاند:

- ئەم بابەتە پەیوەندی بە تۆوە نییە.

وەڵامی دایەوە:

- سەلامەتیی پادشا کێشەی هەمووانە.

- گوێ بگرە ئەی مرۆڤی فزوولی، هەرچەندی بابەتەکە پەیوەندیی بە سەلامەتیی پادشاوە هەبێت، هیچ کێشەی تۆ نییە چونکە ئێمە لە

یەک ڕەگەزین و تۆ هیچ هەقت بەسەرییەوە نەبێت، چونکە بابەتەکە پەیوەندیی بە بەرژەوەندییەوە هەیە.

پاشان بە تۆنی دڵنیاییەوە گوتی:

- تەنیا بەرژەوەندی.

ڕاستەوخۆ گوتی:

- قسەکانت تەواو کرد؟

- ئەوەیە.

- کەواتە گوێ بگرە جنۆکەی گەمژە، ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو لە جەنگێکی مەحاڵدا بووین، هەموومان هێندەی نەمابوو ڕۆحمان لەدەست بدەین... لە پاڵ یەکدا جەنگاین بە هەموو هێزێکمان، لەو کاتەدا ئێوەی گەمژە سەرقاڵی قنپانکردنەوە بوون لە مااڵوە بە سەلامەتی، بۆیە پێم مەڵێ کە تۆ لە من زیاتر گرنگیی بە بارودۆخی جەبار دەدەیت.

دوای ئەوەی گفتوگۆکە لەنێوانیاندا توند بوو، پادشا هاتە نێوان:

- وازیان لێ بهێنە حەکیم.

پاشان بە دەنگێکی پر ماندووبوون گوتی:

- تەواوی تەمەنم بەم جۆرە ئەم ڕمە هەڵناگرم لە جەستەمدا.

- چارەسەرێکت بۆ دەدۆزینەوە، بەاڵم با کەمێک چاوەڕێ بکەین.

نوار بە گاڵتەجاڕییەوە گوتی:

- لەنێو پەرتووکە کۆنەکانتاندا چارەسەری بۆ دەدۆزیتەوە کە چارەسەری هیچ شتێک ناکەن؟

- بەڵکوو لای هۆزی ئەشاوس، چونکە ئەوان لە قۆناغێکی نوێی پێشکەوتنی زانست... جەبار قسەکەی پێ بڕی:

- ئەوان خۆیان لە دەرەوەی دەسەاڵتی من لە قەڵەم دەدەن، بۆیە منیش داوای هیچیان لێ ناکەم.

هاواری کرد:

- ئێستا کاتی خۆبەزلزانی نییە!

سەرۆکی جنەکان گوتی:

- چۆن بوێری ئەوە دەکەیت بەم جۆرە دەنگ بەسەر پادشادا بەرز بکەیتەوە؟

حەکیمەکە ڕووی کردە پادشا بە ئومێدی ئەوەی قایلی بکات:

- هیچ زەرەر ناکەین ئەگەر داوای هاوکارییان لێ بکەین.

پزیشکەکان و سەرۆکەکەیان هەستیان بە سووکایەتی دەکرد، گوتیان:

- داوا لە خاوەنشکۆ دەکەین لەنێوان ئێمە و ئەم مرۆڤە نەزانەدا هەڵبژاردە بکات.

جەبار بە ئەسپایی بە حەکیمەکەی گوت:

- سوپاس بۆ گرنگیپێدانەکەت، بەڵام ڕێگەیان بدە ئەوەی بە گونجاوی دەزانن ئەنجامی بدەن.

حەکیمەکە بەداخەوە دیسان دەنگی بەرز کردەوە:

- ئەوانە مانگان هیچ شتێک تێناگەن جەبار.

پادشا بە جددییاتەوە قسەکەی پێ بڕی:

- هێی حەکیم لە بیرت نەچێت کێیت.

- بمبوورە.

سەری لێبوورینی نزم کردەوە.

- کێشە نییە، ئێستاش بڕۆ، لێیانگەڕێ کارەکەیان تەواو بکەن.

ڕووی کردە نوار بەر لەوەی بڕوات و گوتی:

- بە پێڵاوەکەم دەتکوژم ئەگەر پادشا شتێکی لێ بەسەر بێت.

**

گەورە پیاوانی ئیمپراتۆر کۆبووبوونەوە لە دیواخانی بڕیاردان، دوای ئەوەی سەکۆی پزیشکە جنەکان نوار ئەوەی ڕاگەیاند کە لەگەڵ یاریدەدەرەکانیدا نەشتەرگەری دەرهێنانی ڕمەکە بۆ پادشا دەکەن...

داوای له خەیزەرانی وەزیر کرد ئەویش لەگەڵیاندا ئامادە بێت، بەڵام نوار گوتی کە بووني ئەو لە دانیشتنەکەدا گرنگ نییە لەبەر ئەوەی دواتر زۆر شت دەبینێت کە ئاوات دەخوازێت نەیبینیایە.

خەیزەران گوتی:

- ڕەنگە تۆ ڕاست بکەیت.

پاشان بە داخەوە گوتی:

- من بەرگەی ئەوە ناگرم ببینم گەورەم لەنێوانی ژیان و مردندایە.

بە ڕەوشتەوە وتی:

- منیش مەبەستم ئەوەیە.

یەکێک لە گەورە پیاوەکان ناوی 'بورکام' بوو، گوتی:

- ئایا هیچ شتێک هەیە ئێمە پێویست بکات ئەنجامی بدەین تاکوو سەلامەتیی پادشا مسۆگەر بکات؟

- بێدەنگیی بەڕێز بورکام.

بە ڕووخساریکی پڕ تکاوە:

- داواتان لێ دەکەم تۆش و ئەوانەی لە کۆشکەکەدان پابەند بن بە بێدەنگییەوە تاکوو کارەکەمان تەواو دەکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە پێویستمان بە سەرنجێکی زۆر دەبێت و نامانەوێت هیچ شتێک ببێتە هۆی ئەوەی سەرنجمان تێک بدات.

وەزیرە خەیزەران بەر لەوەی بڕوات گوتی:

من گرنگی بەوە دەدەم.

نوار وەستاندی بەر لەوەی بڕوات:

- هێی وەزیرە.

پرسی:

- چییە؟

بە تۆنێکی ڕاستگۆیانەوە:

- هیوای بەختێکی باشمان بۆ بخوازە.

خەیزەران بە دڵتەنگییەوە سەری لەقاند و گوتی:
- ئەوەی لە تواناتاندایە ئەنجامی بدەن.

**

لە یەکێک لە هۆڵە گەورەکانی کۆشکی پادشایەتیدا دوور لە هەر ڕووداوێک کە دەکرێت ڕوو بدات، جەباری پادشا پاڵکەوتبوو لەسەر جێگایەکی ئاسوودە، هەناسەی مەملەکەتی ئەبابیلی هەڵدەمژی و بە هەمان شێوە لە پەنجەرە گەورە دریژەکانەوە تیشکی ڕۆژ دەهاتە ژوورەوە.

پزیشکە جنۆکەکە شەڵەژان بە تەواوی بە ڕووخساریەوە دەردەکەوت، لەبەر ئەوەی پێشتر بەم جۆرە نەشتەرگەری ترسناکی ئەنجام نەدابوو.

نوار لێی نزیک بۆیەوە و بە ئەدەبەوە مۆڵەتی لێ وەرگرت:
- خاوەنشکۆ؟
جەبار سەری لەقاند تاکوو قسە بکات.
ئێستا دەرزییەکت لێ دەدەین کە لە هۆش خۆت دەچێت بۆ ماوەیەکی کاتی.
- پێویست بەوە ناکات من دەتوانم بەرگەی ئازارەکە بگرم.
هەنگاوێکی تر هاتە پێشەوە و گوتی:
- بێهۆشیت یارمەتیمان دەدات کە کارەکە بە شێوەیەکی باشتر ئەنجام بدەین، پزیشکەکان ناتوانن کارەکەیان ئەنجام بدەن لە کاتێکدا تۆ چاوت لەسەریان بێت...
پادشا کەمێک بیری کردەوە و گوتی:
- ئایا ماوەیەکی زۆر بێهۆش دەبم؟
- تەنیا ئەوەندەی سەرکەوتوو ببین لە دەرهێنانی ڕمەکە لە جەستەت...

- کیشه نییه پێیان بڵێ با دەست به کارەکانیان بکەن.

دوای ئەوەی دەرمانی بێهۆشکەریان لێدا، کەمێک چاوەڕێ بوون تاکوو دڵنیا ببنەوە لەوەی هۆشی بە تەواوی لەدەست داوە و هەست بە شتەکانی دەوروبەری ناکات، پاشان پەنجەرە و دەرگاکانیان داخست و قایمیان کردن تاکوو کەس نەیەتە ژوورەوە، لە ناوەڕاستی کارەکایاندا کۆمەڵە مۆمێکی زۆریان هەڵکرد لەنێو هۆڵەکاندا تاکوو ڕووناکیی تەواو بێتە ژوورەوە، دوای ئەوەی دڵنیابوونەوە کەشەکە لەبارە سەرۆکی جنە پزیشەکەکان گوتی:

- ژێرزەمینەکە بکەنەوە.

یەکێک لە جنۆکەکان بە نیشانەیەکی نهێنییەوە حەوت جار لە زەوییەکەیدا دواتر دیوارەکە لەت بوو، پاشان دابەش بوون بۆ دوو کۆمەڵە، یەکێک لەژێرزەمینەکە هاتە ژوورەوە کە دەموچاوی داپۆشی بوو، شتێوەی بە هیچ جۆرێک دەرنەکەوتبوو، تەنیا دوو چاوە شینەکەی نەبێت. هاتە پێشەوە بەرەو ڕووی پادشا لەهۆشچووەکە و گوتی:

- کاروبارەکان چۆن دەچنە پێشەوە؟

نوار گوتی:

- هێندەی نەمابوو حەکیم کارەکەمان تێک بدات بە تێکەڵکردنی هۆزەکانی ئەشاوس.

- گرنگی بەو گەمژەیە مەدە!

پاشان کەسەکە گوتی:

- سەرەتا کار لەسەر ئەوە بکەن جەبار تەواو بکەن، ئەو تاکە کەسە کە پلانی داهاتوومان تێک دەدات.

سەرۆکی جنەکان پرسی:

- بیکوژین؟

وەڵامیدایەوە.:

- نا، چونکە ئەو کاتە وا دەردەکەوێت کە پلان بۆ داڕێژراو بووە.

- کەواتە چی بکەین؟

- با لەسەرخۆ بمرێت چونکە پەلەمان نییە.

پاشان بە گاڵتەجارییەوە گوتی:

- چونکە من بە پەرۆشم دواتر جەبار کێ هەڵدەبژێریت بۆ بەرێوەبردنی عەرشی ئەبابیل دوای خۆی، ئەگەر بیکوژین ئەوا ئەو هەلە لەدەست دەدەین.

سەرۆکی پزیشکە جنۆکەکان سەری دانەواند و گوتی:

- فەرمانتە.

کەسەکە ڕووی وەرگێڕا و لەو شوێنە وەستا کە لێوەی هاتبوو.

- ڕەنگە ئێمە سوپامان نەبێت کە ڕووبەروی ئیمپراتۆری ببینەوە، بەڵام کوشتن تاکە هۆکاری سەرکەوتن نییە.

- کەی ئەوەمان بۆ دەکەیت کە فەرمانت پێداوین گەورەم؟

- دوای ئەوەی پادشا ئامادە دەبێت نوار، دوای ئەوەی پادشا ئامادە دەبێت.

- چۆن دەیگەڕێنیتەوە لە کاتێکدا سوپات نییە؟

- بە خۆشەویستی...

طاغین بە پێکەنینێکی پیسەوە وای گوت بەبێ ئەوەی قسەکانی ڕوون بکاتەوە، پاشان لە دەروازە نهێنییە جادوویییەکەوە ڕۆیشت بەنێو ڕاڕەوە نهێنییەکاندا کە کەس بە بوونیانی نەدەزانی کە چۆن دروست کراون، تەنیا ئەو جادووگەرانە دەیانزانی کە لە کۆشکدا بوون ئەو کاتەی پادشاکە هەبوو، بەڵام بەهۆی بارودۆخەکەی جەبارەوە هەمووان لە بیریان چووبۆیەوە..

**

دوای چەند کاتژمێرێکی زۆر، پزیشکەکان ئەوەیان ڕاگەیاند کە توانیویانە بە سەرکەوتووانە ڕمەکە لە جەستەی پادشا دەربهێنن،

بەڵام بەداخەوە جادووەکە بە جەستەیدا بڵاو بۆتەوە و ئەمانیش نەیانتوانیوە ڕێگری لێ بکەن، وەک ئەوەی نوار هەست بە تاوانبارییەکی زۆر بکات کە گوێی لە قسەکانی حەکیم نەگرت ئەو کاتەی پێی گوتن پەلە نەکەن، پێی گوتن کە بە داخەوە جەبار لە سێ ڕۆژ زیاتر ناتوانێت بژیت...

دواتر کە جەبار لە بێهۆشییەکەی هاتەوە پێی گوتن بارودۆخەکەی بە لاوە گرنگ نییە، بەڵکوو هەموو ئەوەی کردی ئەوەبوو داوای کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی کرد لە ڕۆژی دواییدا بۆ گەورەپیاوانی خیزانی ئیمپراتۆر و بە تایبەت داوای بینینی عاصف و هاوڕێکانی کرد لە کۆبوونەوەکەدا...

٤١

لە بەیانی ڕۆژی دواتردا گەورەپیاوانی ئیمپراتۆر لەگەڵ (وەزیرە خەیزەران، عاصف، سرابی، ئیکلیل، حەکیم، شیمالی)دا هەموویان بە شێوەیەکی بازنەیی دانیشتبوون، کە ماوەی نێوانیان پێنج مەتر بوو، لە دەوری جێگەکەی پادشادا کۆبوونەوە کە هەناسەکانی کۆتایی دەدا:

- ئەوەی کە دڵخۆشم دەکات ئەوەیە کە من بەم زووانە دەمرم و دڵنیام لەوەی کە مەملەکەکەتەکەم و خەڵکەکەم و خێزانەکەم باشن.

پاشان ڕووی کردە عاصف و بە ماندوویییەوە گوتی:

- بەڵام زیاتر ئاسوودە دەبووم ئەگەر طاغینت بکوشتایە...

عاصف لێی نزیک بۆیەوە و لە نزیک سەری دانیشت و بە دەنگیکی پر داخەوە:

- مردنی ئەو واتای مردنی شیمالی بوو باپیرە.

پاشان بە دڵنیاییەوە گوتی:

- خۆت دەزانیت چیتر طاغین سوپای نییە تاکوو لە دژمان بوەستێتەوە، چیتر ئەو جێی مەترسی نییە بۆ سەر ژیانمان.

جەبار گوتی:

- تۆ ئەو ستەمکارە ناناسیت.

پاشان گوتی:

- دەبێت بیکوژیت.

چیتر نەوەکەی قسەی نەکرد، بەڵکوو دەستی باپیری گرتبوو وەک ئەوەی نەیەوێت بمرێت و ڕێگری لێ بکات، جەبار تەماشای گەورە پیاوانی خێزانەکەی دەکرد دانە بە دانە، پاشان تەماشای حەکیم و ئیکلیل و شیمالی کرد، کە تەماشای سرابی کرد و پێکەنی. لە کۆتاییدا تەماشای خەیزەرانی کرد و گوتی:

- دەزانم قسەت هەیە بیکەیت.
- زۆر بیرت دەکەم گەورەم.
- ئای گیانەکەم خەیزەران، بێگومان منیش بیرتان دەکەم.
جەبار گوتی:
- بەڵام ئەوە ئەوە بوو کە دەتویست بیڵێت وایە؟
خەیزەران شەرم دایگرت و دوایی گوتی:
- پێم باش بوو پادشا جێنشینێک دیاری بکات.
پاشان بێدەنگ بوو هەستی بە ناپاکی دەکرد بەو قسانەی جەبار قسەکەی بۆ تەواو کرد:
- تەنانەت دوای مردنی پادشا دەبێت جێنشینێک دابنێت، دەتویست ئەوە بڵێیت؟
خەیزەران سەری لەقاند.
- هەر لەبەر ئەوەش کۆبونەوەم پێ کردوون.
پاشان دووبارە تەماشای هەموو گەورەپیاوانی خێزانەکەی کردەوە و لەو کاتەدا ئەو کەسەی دەستنیشان دەکرد کە دوای خۆی دەبێت بە پادشا، دەیزانی کە هەر کامێکیان دەستنیشان بکات، بێگومان ئەبابیلی خۆشەویستی سەلامەت دەبێت. بە تۆنێکی جددیاتەوە گوتی:
- کەستان پێشتر لە دژم نەوەستاونەتەوە، هیوادارم ئێستاش لە دژم نەوەستنەوە دوای ئەوەی کۆتا شتتان لێ داوا دەکەم.
کەسیان قسەیان نەدەکرد، بەڵکوو هەموویان بەپەرۆش بوون کۆتا داواکاری پادشا بزانن؛ دواتر هەر وەکوو ئەوەی کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی دەکرێت لە کاتێ بڕیاردان و حووکمدانێکی چاوەڕوان نەکراودا، جەبار ڕووی کردە عاصف و گوتی:
- تۆ.
پاشان گوتی:
- تۆ دەبیت بە پادشا.

هەموویان سەرسام بوون دوای ئەوەی بڕیاری ئەوەی دا کە عاصف دەبێت بە پادشای داهاتووی ئەبابیل. چونکە مرۆڤێکی دووڕەگە، ئەوەش مانای وابوو ئەو کەسە بە تەواوی لە خێزانی ئیمپراتۆری پادشایەتی نییە.

- بەڵام ئەو زۆر هەڵەشە و بەپەلەیە.

بەڵام جەبار شتێکی تری تێدا دەبینییەوە:

- هەر کارەساتێک ڕووبەڕووت ببێتەوە لە داهاتوودا وەک ئەوەی لە ڕابردوودا ڕووبەڕووت بۆتەوە و ئیکلیل و حەکیمیت پاراست لە جەنگەکەدا، وەکوو چۆن خۆت کردە نێو مردنەوە لەبەر من، وەک چۆن وازت لە کوشتنی طاغین هێنا لەبەر سەلامەتی شیمالی هاورێکەت، وەک ئەوەی سرابیت خۆشدەوێت، دەمەوێت بە هەمان شیوە ئەبابیل و خەڵکەکەیت خۆش بوێت.

- بەڵام باپیرە من نابێت ببمە پادشا.

- ئەوەی بتوانێت ببێتە هاورێیەکی باش، بێگومان دەتوانێت ببێتە پادشایەکی باش.

عاصف بە قسەکانی جەبار قایل نەبوو:

- ئەوە کۆتا شتە کە لێت داوا دەکات ئەم باپیرە پیرەت کوڕە.

عاصف بێدەنگ بوو، ئەوەش واتای ئەوە بوو کە قایل بووە، جەبار قسەکەی تەواو کرد وەکوو وەسیەتێک:

- دەمەوێت بەڵێنم پێ بدەیت کە ئەم زەوییە بپارێزیت و سەلامەتی و ئاسایش و گەشەسەندنی بۆ دابین بکەیت.

دەستی خستە سەر دڵی وەک ئەوەی فەیرووز ئەنجامی دا و داوای لێ کرد کە کچەکەی بپارێزێت:

- بەڵێنت پێ دەدەم کە ئەم زەوییە بپارێزم، بەڵێنت پێ دەدەم کە ئاشتی و ئارامی بۆ دابین بکەم.

تەماشای گەورەپیاوانی خێزانەکەی کرد و گوتی:

دەمەوێت لە زاری ئێوەشەوە گوێبیست ببم کە بە پادشا قبوولّتان کردووە بەر لەوەی برۆم بۆ ئەوەی دڵنیا ببەمەوە...

لەگەڵ ئەوەی لەنێو ناخیاندا هەبوو، بەڵام نەدەبوو کۆتا داواکاری گەورەکەیان بشکێنن، بەڵام لەبەر ئەوەی سوێندەکەی عاصفیان گوێ لێبوو کە ئاشتی و ئارامی بۆ ئەبابیل دابین دەکات و دادپەروەر دەبێت و بەوەش دەبێت لەنێو ژیان و مردندا.

**

دوای ئەوەی مەراسیمی جێنشینی پادشای نوێ کۆتایی هات، جەبار داوای لە نەوەکەی کرد کە لێی نزیک ببێتەوە لەبەر ئەوەی دەیویست لە نهێنییەکی مەترسیدار ئاگاداری بکاتەوە:

- ئەگەر تەمەن بگەڕێتەوە دواوە عاصف ئەوا کچەکەم دەپاراست لە هەموو مەترسییەکان بە هەموو هێزێکمەوە.

پاشان گوتی:

- دەزانیت؟ ترسناکترین شت دانپێدانانە دوای ئەوەی ناخت پارچە پارچە دەبێت، زۆر گریام دوای ئەوەی خەبەری مردنیم پێگەیشت، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێزم لە یاساکانی خێزانەکەمان گرتووە وەها خۆم پیشان داوە کە هیچ پێی کاریگەر نەبووم.

کەمێک بێدەنگ بوو، بە ڕادەیەک عاصف هەستی دەکرد کە باپیری قسەکانی تەواو بووە، بەڵام جەبار تەواو نەبووبوو، قسەکەی بەردەوامی پێدا و شتێکی تریشی پێگوت:

- سوێندم خواردبوو ئەگەر خیانەتکارەکە بدۆزمەوە ڕاستەوخۆ بکوژرێت دوای ئەوەی لە مەیدانی جەنگەکە تارا پێی گوتم دەربارەی ڕاستییەکان، فەرمانم پێ کرد کە تاج بکوژێت...

- هێشتا جومانات خۆشدەویت باپیرە؟

بە شێوازی موبالەغە پرسی.

به سەراحەت وەلامی دایەوە لە کۆتا ساتەکانیدا:

- دوای ئەوەی پرسیارت لێ کردم پێشتر لە بەردەم گەورە پیاوەکاندا ئایا جومانام خۆشدەوێت یاخود نا، بەلام لە ناخی دڵمەوە هەزار هەزار جار مەبەستم بەڵێ بوو.

دڵی عاصف ئارام بۆیەوە دوای ئەوەی گوێبیستی ئەو وەلامە بوو، لەبەر ئەوەی ئەو قسەیە هەمان قسەی جومانای دایکی بوو بەر لە مردنی کردی کاتێک کە منداڵ بوو، بەلام ڕەتی دەکردەوە کە دایکی بڕوات و بە تەنیا بەجێی بهێڵێت، بۆیە ڕای کرد بۆ لای حەکیمەکە و تەواوی پارەکانی دا کە ئەو کاتە هەیانبوو تاکوو دایکی چاک بکاتەوە، ئەو ڕۆژە ئەو منداڵە تێکشکاوە هەڵبژێردرابوو تاکوو بێیتە پادشای ئەبابیل...

بەلام بابەتەکە لەوە ترسناکتر بوو، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو ڕووداوانە ڕوویان دا وشە بە وشە، دێڕ بە دێڕ، ڕووداو بە ڕووداو. بەلام دایکی هەر لە سەرەتاوە لە چاوە قاوەییە بندوقییەکانیدا سەرەتا و کۆتای خوێندبۆوە.

- تۆش بە هەمان شێوە نزیک بەبەوە، ڕووی کردە سرابی و ئەویش نزیک بۆیەوە وەک ئەوەی داوای لێ کردبوو.

- ڕەنگە ڕاستت کردبێت کاتێک ئەو جارە گوتت. زۆر ناحەقیمان کرد بەرانبەر جومانا لەبەر ئەوەی وازمان لێ هێنا... خۆشەویستی شتێکە دەسەلاتمان بەسەریدا نییە، لە هەر کاتێکدا بێت ڕوو دەدات، وەکوو باران وایە ئایا کەس دەتوانێت باران ڕابگرێت؟

پێکەنی کە گوێی لەو قسەیە بوو، جەبار قسەکەی تەواو کرد و گوتی:

- نازانم ئەوەی دەیکەم پاش کەمێکی تر ڕاست بێت یاخود نا، بەلام دڵنیام کە زۆرێک لە گەورەپیاوانی خێزانی ئیمپراتۆر تووڕە دەکات، جگە لەوەی دەبێت ئێمە هەڵەکانمان ڕاست بکەینەوە دوای ئەوەی قەدەری چاککردنەوەمان دێتە پێش، ئەی وانییە سرابی؟

سەری لەقاند و دەستی بە دەمیەوە گرتبوو لە شەرم و دڵتەنگیاندا، لەبەر ئەوەی ئەو قسانەی کە جەبار پێی گوتبوو نەک کاریگەری لە ئەو کردبوو، بەڵکوو لە هەر کەسێک دەکات کە گوێبیستی ببێت.

جەبار ڕووی کردە عاصف و گوتی:

- دەستت بخە نێو دەستی..

عاصف لە سرابی نزیک بۆیەوە و دەستی گرت..

جەبار هەوڵیدا دابنیشێت و ڕێز لە هەموو ئەو شتانە بگرێت کە ئەنجامی دەدات، هەناسەیەکی قوونڵی هەڵمژی و کەمێک بێدەنگ بوو تاکوو خۆی ئاسوودە بکات. بە تەواوی وشەکانی نەدەزانی کە دەبێت لەم جۆرە وشانە بوترێت بۆیە ڕاستەوخۆ بە شێوەیەکی کورتکراوە گوتی:

- بە ژن و مێرد ڕاتاندەگەیەنم.

ئەو بابەتە گەورەپیاوانی خیزانەکەی تووڕە کرد، لەبەر ئەوەی دەیانویست پادشاکەیان یەکێک لە کچەکانی خێزانی خۆیان بهێنێت تاکوو پارێزگاری لە زنجیرەی پادشایەتی خێزانی ئیمپراتۆر بکەن، بەڵام جەبار یاساکەی شکاند بە جۆرێک تازە چاک ناکرێتەوە دوای ئەوەی هاوسەرگیری نەوەکەی ڕاگەیاند، پادشای داهاتوو لە مرۆڤێکی ئاسایی، بەڵام پێشتر بە شکاندی یاساکە ڕازی نەبوو بەڵکوو وازی لە کچەکەی جومانا هێنا کە بڕیاری دا هاوسەرگیری لەگەڵ بەحردا بکات، بەڵام لێرەدا هیچ ڕووخساری ناڕازیبوونی پێوە دیار نەبوو:

- هیچ یاسایەک لە بەردەم خۆشەویستیدا نییە.

جەبار زۆر شتی ئەنجام داوە لە ژیانیدا کە جێی شانازی بوو جگە لە پیرۆزکردنی هاوسەرگیری سرابی و تاج کە هەردووکیان دوو بوونەوەری جیاواز بوون، بەڵام هەردووکیان یەکیان خۆش دەویست، ئەمەش یەکێک بوو لەو شتانەی کە جەبار شانازی پێوە دەکرد بەر لەوەی ژیان بەجێ بهێڵێت.

له کۆتاییدا تەماشای نەوەکەی کرد و بە ڕێزەوە و گوتی:
- ئێستاش ڕێگەم بدە بڕۆم خاوەنشکۆ عاصف، چاوەکانی داخست بۆ هەمیشە...

دوای یەک ساڵ

له کۆتاییدا تەماشای نەوەکەی کرد و بە ڕێزەوە و گوتی:

- ئێستاش ڕێگەم بدە بڕۆم خاوەنشکۆ عاصف، چاوەکانی داخست بۆ هەمیشە...

دوای یەک ساڵ

٤٢

هەرگیز منداڵێکی ئاسایی نەبوو، کە لە منداڵدانی دایکی کەوتە خوارەوە وەکوو هەموو منداڵەکانی تر نەگریا، بەڵکوو بە بێدەنگیی لەدایک بوو، تەماشای شتەکانی دەوروبەری دەکرد، وەک ئەوەی سەرسام بووبێت بە بینینی هەسارەیەکی نوێ، جیاواز لەو هەسارە تاریکەی کە لێوەی هاتبوو..

عاصف بە هێواشی کردیە باوەش، تێبینی ئەو جیاوازییەی دەکرد بەڵام دوای ئەوەی گوێ لە دەنگی دڵی گرت سەرسام بوو...

منداڵەکە بۆنی یاسەمینی لێ دەهات، هەرچەندە بە خۆێن دەورەدرابوو، دوای ئەوەی لە دەموچاوی نزیک بۆیەوە خۆرەکە لێی دەدا، چاوە قاوەییە بندوقییەکانی دەتروکاند.

پرسی:

- چیتە سرابی؟ لە ناوەکەی دڵنیا بەرەوە.

- هیچ، هیچ نییە.

دوای ئەوەی گوتی تەماشای وردەکاریی دەموچاوی منداڵەکەی دەکرد هەر وەکوو زێڕینگەرێک کە تەماشای زێڕەکەی دەکات... لەگەڵ خۆیدا دەدوا:

- ئەوە ڕێکەوت نییە؟

سرابی بە نیگەرانییەوە پرسی:

- ئایا کچەکەمان کێشەیەکی هەیە؟

گوتی:

- خودای گەورە وەڵامی نزاکانمی دایەوە، دووبارە دایکمی بۆ گەڕاندمەوە.

دوای ئەوەی بۆنی کچەکەی کرد کە بۆنی یاسەمینی لێ دەهات و چاوە بندوقییەکانی بینی، هەستی دەکرد جومانا لەنێوان دەستەکانیدایە، لە کۆتاییدا لە وانەکە تێگەیشت کە خودای گەورە وەلامی نزاکانمان دەداتەوە وەک دایکی گوتی، بەلام لە کاتە ڕاستەکەدا:

- ئەوە ڕاستییەکەیە بۆ هەموو شتێک.

ئێستا بە تەواوی بڕوای هێنا کە خودای گەورە لە سەرەتاوە بوونی هەبووە و تەواوی ئەو سەرکێشیانەی بەسەریدا هات پاراستوویەتی لە مەترسی و ژیانی بۆ نووسیوە لە هەموو ساتێکی مردن و مەترسیدا، لەبەر ئەوەی لە کۆتاییدا ڕاستترین چیرۆکی میژووی پێ بڵێت.

لە دێر زەمانەوە خودا بوونی هەبووە، هێشتاش هەیە و هەمیشە وەلامی نزاکان دەداتەوە.

**

هێشتا منداڵەکە لەنێوان دەستەکانی باوکیدا بوو چاوی لە سەر دایکی داهاتووی بوو کە لەسەر سیسەمی شاهانە پاڵکەوتبوو، لە کۆتا عەرەقاکانیدا نووقم بووبوو، وەکوو ماسییەکی بچووکی زینە کە لەنێو مەلەوانگەکەیدا دەریان هێنابێت، بە بەتانییەک سنگی داپۆشرابوو.

کە پڕبوون لە شیر دەستی بەرز کردەوە و گوتی:

- با بیبینم.

پاشان پرسی:

- ئایا تەندروستی باشە عاصف؟

- باشە، پاشان خستە نێو باوەشییەوە.

دوای ئەوەی لەنێو دەستەکانی دایکیدا بوو، قژە قاوەییە نەرمەکەی دایکی گرت، کە هێزێکی زۆر بوو بۆ منداڵێکی لەو تەمەنە، دواتر بە

بیدەنگییەوە تەماشای دایکی دەکرد وەک ئەوەی سەرەتا و کۆتایی بخوینێتەوە...

**

دوای ئەوەی ئاسمان دەنکە تریکانی بە ئاسمانی ئەبابیلدا بڵاوکردەوە و مانگ ون بوو لە پشتی هەورە ڕەساسییەکانی شەوەوە بەبێ ئەوەی کەس بیزار بکات... پادشاکە دەرگای ژوورەکەی داخست و مۆمەکانی کوژاندەوە لەگەڵ چراکاندا دواتر لە هاوسەرەکەی و منداڵە بچووکەکەی جومانا، نزیک بۆیەوە...

لە پاڵیاندا پاڵکەوت تاکوو چیرۆکێکیان لەو چیرۆکانەی کە دایکی پێشتر بۆی دەگێڕایەوە، بگێڕێتەوە... دواتر کە تەواوبوو لە کچەکەی نزیک بووەوە و چپانی بە گوێیدا: لە سااڵنی داهاتوودا بەوە دەزانێت کە چیرۆکەکانی خەوتن تەواو بوون و ئێستا کاتی خەوتنە، تەواوی تەمەنت لە بیرت بێت کچەکەم کە خودای گەورە وەاڵمی نزاکان دەداتەوە هەر کاتێک بیکەیت، پاشان کەمێک بیدەنگ بوو، لەبەر ئەوەی ئەوەی بیر دەهاتەوە کە لێی دەپرسی هەر نزایەک بێت باوکە؟ وەاڵمی دایەوە لەگەڵ سرابیدا بەبێ ئەوەی پێشتر پاڵنیان بۆ دانابێت:

-بەڵێ، هەر نزایەک بێت.

له بەڕێوەبەرایەتیی
گشتیی کتێبخانە گشتییەکان،
ژمارەی سپاردنی (١١٨٠) ساڵی
(٢٠٢١) پێ دراوە، ئەم کتێبە لە
بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبانە،
مافی لەچاپدان و کۆپیکردن و بڵاوکردنەوەی
بە هەموو شێوەیەک، پارێزراوە بۆ ناوەندی
ڕۆشنبیریی ئەدیبان.